# گەڕانەوە

## بۆ هەسارەی زەوی

# گەڕانەوە
## بۆ هەسارەی زەوی

نووسەر: جەبار عوسمان

بابەت : ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە :  ئومێد محەمەد

پێداچوونەوەی زمانەوانی : نەورۆز حاجی سەید گوڵ

ژمارەی لاپەرە: ( ٣٥٨ )

تـــــــــیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی دووەم: ٢٠١٨

نرخ: ( ٥٠٠٠ ) دینار

چاپخانە :

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٤٣٨ )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

رۆمانی ئەندێشەی زانستی

# گەڕانەوە
## بۆ هەسارەی زەوی

جەبار عوسمان

پێشکەشە بە:

ڕۆحی پاکی هەموو قوربانیانی کیمیابارانی
شاری هەڵەبجەی شەهید

# 1

دەنگێکی نامۆ لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە، واهەستدەکەم لەناو تاریکایی بیابانەوە بێ دێتە گوێکانمەوە، هەست بە هیچ شتێک ناکەم، چاوەکانم هێندە تاریکن، هەست بە کوێربوونی خۆم دەکەم، بەردەوام ئەو دەنگە دووبارە دەبێتەوە، ترس هەموو جەستەمی تەنیوە ،ئەو دەنگە زۆر سامناک دیارە، لەناو وشەکانیدا هەست بە بوونی هێزێکی نادیار دەکەم. ئەو دەنگە لە دەنگی هێزێکی تۆقێنەر دەچێت، وشەکانی هێندە کاریگەرن، وەک ئەوەی لە زاری کەسێکی باڵادەستەوە بێتە دەرەوە، توانای بەرهەڵستیم لە بەرامبەریدا نییە، ئەو فەرمان دەکا، منیش وەک کۆیلەیەکی تەواو لاواز لە بەردەمیدا چۆک دائەدەم، ئەو چی بوێت، دەبێت بە خواستی ئەو بکەم و بجووڵێم و بیر بکەمەوە ،توانای ڕاڤەکردنی دۆخەکەم نیە بۆخۆیشم نازانم چی دەگوزەرێت.

ئەو بەردەوام دەدوێ، وەک تەلیسمبازێک دەمخاتە نێو دنیایەکی جیاوازەوە، ئەو دنیایەی کە تەنیا لە خەونەکاندا دەبینرێ. ئێستا بەتەواوی هەست بە قورسایی جەستەم دەکەم ، واهەستدەکەم زەوی بۆخۆیم لوش ئەدا ،ئەو بەردەوامە ومنیش هێدی هێدی لەگەڵ ئەو دەنگەدا ئاشنا دەبم. ئەو هێزێکی گەورەی پێیە، تەنانەت ئەگەر فەرمان بە هەر شوێنێکی جەستەم بکا، توانای بەرهەڵستیم نییە، هەست دەکەم بەتەواوی هەموو بیر و هۆشم لەژێر ڕکێفی ئەودایە، ئەو دەنگە هیچ جەستەو شێوەیەکی نییە، لە دەنگێک زیاتر هیچی تر نییە، تەنیا دەنگێکی نامۆیە، لەناو قوڵایی مێشکمدا دەزرنگێتەوە. لەگەڵ بەردەوامی ئەو دەنگەدا، هەست بە بوونی دەست و قاچەکانم دەکەم، جەستە و پێڵوی چاوەکانم، کەمێک سووکتر دەبن، ئەو وا دەڵێت، منیش وا هەست بە خۆم دەکەم. لە نێوان خەون و ئاگاییدا تێڕاماوم، هەست بە ونبوونی خۆم دەکەم و پرسیاری ئەوە دەکەم: ئاخۆ بوونم لە چ قوژبنێکی ئەم گەردوونەدایە!

– سەعات دەی بەیانییە، تکایە هەستە، هەستە بڕۆ سەر کارەکەت.

ئەم وتەیە لە گوێکانما بەردەوام دەزرنگێتەوە. وەک ئەوەی دەنگێکی دوور بێت وایە،بەئاستەم گوێ بیستی دەبم ، کاتێک چاوەکانم دەکەمەوە،ئەوکاتە بیرم دێتەوە کە دەنگی ئەو ئامێرە کۆمپیوتەرەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنمەوە بۆ سەر هەسارەی مانگ، کریستینا لەناو گوێکانمدا چاندبووی. بە مەبەستی وەرگرتنی هەموو پەیوەندییە دەنگییەکانی هەموو ئەندامان و ڕۆبۆتەکانی ناو گومەزەکە. ئامێرەکە هێندەی دەنکە نۆکێک

بچوکە. لە توانایدایە هەموو شەپۆلە کارۆموگناتیسەکانی سەر مانگ وەربگرێت و بەشێوەی دەنگ، پەیوەندیەکانم ببیستم. جگە لەوەی وەک ئامێرێکی کۆمپیوتەر کار دەکات، هەمانکات شەپۆلە ئاخافتنەکانمی دەگواستەوە بۆ کۆمپیوتەرە سەرەکییەکەی خۆم کە لە ژوورەکەمدا بۆیان جێگیر کردبووم. کاری ئەو کۆمپیویتەرە جێگیرە، زۆرترە. هەر زانیارییەکم بویَ، لە ڕێگەی ئامێرەکەی گوێکانمەوە، دەیگەیشتیَ و ئەویش زانیاریەکانی لە کۆمپیوتەری دایکەوە بۆ بەدەست دەهێنام. گرنگی ئەم ئامێرە لەوەدایە هاوکاری زۆرم دەکات لە بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر لێکۆڵینەوەکانم و لەسەر شەپۆلەکانی مێشک. هەربۆیە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیم زۆر لە تاقیکردنەوەکانم ئەنجام بدەم.

ئەوەندە جەستەم قورس بووە زۆر بەئاستەم لەسەر پێخەفەکەم بڵنددەبم. شەو ئەو ئامێرە نەعلەتییە ئەوەندەی ماندوو کردبووم، ئێستاش هەست بە قورسیی سەرم و جەستەم دەکەم. واهەستدەکەم پارچە ئاسنێکی گەورە بەسەرمەوە بەستراوە. زۆرجار بەهۆی کارەکەمەوە بەو جۆرە ماندوو بووم، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازە، زۆریش جیاواز، جیاواز لەهەموو ئەو ڕۆژانەی بەبێئومێدی و شەکەتی ئەگەڕامەوە ماڵەوە.

دوێشەو، شەوی هاتنەدیی خەونەکانم بوو ،خەونێک کەبەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی بیری لێدەکاتەوەو کۆششی بۆدەکا. سەرکەوتنم لە دۆزینەوەی شەپۆلی پەیوەندییەکانی مێشک، بێ هاوتایە. لەوەتەی پڕۆژەی سەر مانگ دروست بووە تاکو ئێستا هیچ لەو توێژینەوانەی لەسەر شەپۆلەکانی مێشک ئەنجام درابوون. نەیانتوانیوە بەو شێوەیەی من، درک بە دۆزینەوەی ئەو شەپۆلانە

بکەن ، دڵنیام ئەوە ڕاستسەکی حاشاهەڵنەگرە ،من زۆر جودا لەهەموو زاناکانی ئەم بوارە بیرم لەشەپۆلەکانی مێشک دەکردەوە. بەردەوام چاودێری ڕەفتارو بیرکردنەوەکانی خۆم دەکرد ، بیرم لەوە دەکردەوە ،شەپۆلەکان چۆن دروستدەبن و بڕیار بەجەستەو بیرکردنەوەکانم ئەدەن ،پرسیاری ئەوەم لەخۆم دەکرد..ئەبێت هەموو ئەو بیرانە چۆن دروستدەبن ، لە چ قوژبنێکی مێشکمدا خۆیان مەڵاس داوە و لەکاتە پێویستیەکانی بیرکردنەوەدا خۆیان قوت دەکەنەوەو دێنە یادمەوە. ئەوە ندە بیرم لەخۆم کردبوویەوە ،واهەستم بەخۆم ئەکرد مێشکی خۆم ئەخۆمەوە ،لەناخی خۆمدا بەناو هەموو کون و قوژبنێکی مێشکمدا ئەگەڕام و ئەمدۆزی ،پەیم بەهەموو شوێنە تاریکەکانی ناوەوەی خۆم ئەبرد. بەتەنێ هەرخۆم نا بەڵکو بەهەمان شێوە لە هەموو مرۆڤەکانی دەوروپشتی خۆشم دەڕوانـی لەیەک بەیەکیان تەنانەت لەهەموو ئەو گەشتیارانەی لەقاوەخانەکاندا بەدەم خواردن و خواردنەوەکانەوە دەپەیڤین ،. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت چ مەبەستێک لە پشت وتەکانیانەوە هەبێت دەبێت دواتر چی بڵێن و چ ڕەفتارێکی نوێ ئەنجام بدەن ، وەک پێشبینی زانێک بەو شێوەیە بیرم لێیان دەکردەوە. دڵنیام هەرئەو هەستە لەبیرکردنەوەم بەئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان گەیاندم.

بەئاستەم لە پێخەفەکەم بڵند دەبم. بەرەو دەستشۆرەکە دەڕۆم و کەمێک ئاو بە دەموچاوە ڕەقەڵەکەمدا دەکەم و لە ئاوێنەکەی بەرامبەرم ڕادەمێنم. کەمێک لە چاوە شینەکانی خۆم دەڕوانم و بە دەستێک مووە ڕەش و ئاڵۆزکاوەکانی سەرم بۆ سەرەوە هەڵئەدەمەوە. گومان لە ڕوخساری خۆم ئەکەم دەمەوێت زیاترو

زیاتر لەبوونی خۆم دڵنیابم ، خۆم وەک کەسێکی جیاواز و نامۆ دێتە پێش چاو بە شێوەیەک لەخۆم دەڕوانم ، وەک ئەوەی لە جەنگێکی مەزندا گەڕابێتمەوە و سەرکەوتنێکی گەورەم بەدەست هێنابێت. ئەو سەرکەوتنەی کە ئەلینا چاوەڕوانی دەکات.

ئەو، بە تەواوی هەموو بیرو هۆشمی داگیر کردووە. ڕۆژانە لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکەی گوێکانمەوە دەمدوێنێ. هەواڵی تاقیکردنەوەکانم دەپرسێ، منیش بە خۆشحاڵیەوە سەرکەوتنەکانمی پێ ڕادەگەیەنم. خۆشەویستی ئەو بۆ من، کاریگەریی زۆری لە سەرکەوتنەکانمدا هەبووە. لە چاوەکانیدا هەست بەبوونی تەلیسمێک دەکەم کە پێشتر لە نیگای هیچ کەسێکی تردا بەدیم نەکردووە، کاتێک لە نیگاکانی دەڕوانم، وا هەست دەکەم هێدی هێدی ڕۆحم ڕۆئەچێتە ناخییەوە، بەجۆرێک سەرمەست ئەبووم کە خۆم لەنێو دنیایەکی پڕلە هیواو خەونەکانم ئەبینیەوە، هەموو ئەوشتانەی لەئەندێشەمدا بیرم لێیان دەکردەوە بەتەواوی بەرجەستە ئەبوون، کاتێک بە هۆش دەهاتمەوە، بەدڵێکی پڕ لە هیواو هەستێکی چێژبەخشەوە لە بیری تاقیکردنەوەکانم دەڕوانی و لە خۆمدا هەستم بە گوڕێکی تەلیسم ئامێز دەکرد.

ئێستا نازانم چۆن هەواڵی سەرکەوتنەکەمی پێ ڕابگەیەنم. بە چ شێوەیەکی شکۆمەندانە پەیامەکەمی ئاراستە بکەم. دەبێت ئەو بە بیستنی چەند خۆشحاڵ بێت. ئاخۆ هەڵوێستی ڕایمۆنی باوکی چۆن بێت،؟ بە چ شێوەیەک پێشوازیی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەم لێ بکا! ئایا ڕایمۆن جێگەی متمانەیە! ؟ئەو گومانەی ناخم و دڵم دەگوشێت، لە بەرامبەریدا توانای یەکلاکردنەوەیم نییە. وەک مۆتەکەیەک هەرلەمنداڵییەوە لەناخمدا گەورە بووە و

لەگەڵما دەژی، تێکەڵ بەهەموو هەست و بیرو ڕەفتارەکانم بووە، بەشێوەیەک خۆی ئەنوێنێ کە هەموو کەسێک لە ڕوخسارمدا هەست بەبوونی دەکا، بەردەوام لەگەڵیدا ئەجەنگم و ئاسەواری بەڕوونی لە سیما پڕ لە ترس و گوماناویەکانمدا دیارە، بەردەوام چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەم بە هێزێکی ئەفسوناوییەوە بەرەنگاری ببمەوە و بۆ دواجار کۆتایی بەو جەنگە بەردەوامەی ناخم بێنم کە بۆتە ئاستەمێک لە بەردەم هێنانەدی خەونەکانم.

ئایا دەبێت چی بکەم؟ ئایا پێکهاتەکە حەشار بدەم و نکوڵی لە سەرکەوتنەکەم بکەم؟ یان بچمە بەردەمی و ساویلکانە ئەو پێکهاتە گرنگەی کە دۆزیومەتەوە و هەموو مرۆڤایەتی چاوەڕوانی دەکات، ڕادەستی ئەوی بکەم؟! ئەمە و چەندین بیرگەلێک لە ئەندێشەمدا دێن و دەچن. لە هیکرا قسەیەکی کلارکی ڕەحمەتیم دێتەوە یاد:

-»تا لە داهێنانەکانت دڵنیا نەبیت، مەیدرکێنە، نەوەک کەسانی تر سوودمەند بن لە ناکاملیی کارەکانت».

ئەو قسەیەی کلارک هەموو بیرو بۆچوونەکانمی گۆڕی. هەر بۆیە بڕیارم دا بەرەو تاقیگە بەڕێ بکەوم، بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکەی ناخم ، دڵنیابوونم لەوەی تاچەند ئامێرەکە دەتوانێت پەیوەندی بە مێشکەوە بکات و شەپۆلەکان لە نێوان ئامێرەکە و مێشکدا ئاڵوگۆڕ بکا. ئەو بەرگە فەرمیە دەپۆشم کە پێویست بوو هەموو ئەندامێکی ناو گومەزەکە لە کاتی کارکردنیاندا لەبەری بکەن.

جێنیفەر، ئەو ڕۆبۆتەی بە وێنەی خانمێکی دڵبەر دروست کراوە، نانی بەیانی لەسەر مێزی چێشخانەکە بۆ ئامادە کردبووم، ڕۆبۆتێکی گوێڕایەڵە، داواکانم بە باشی جێبەجێ دەکات. هەست

دەکەم وەک مرۆڤێک خۆشم دەوێت، سۆزێکی تایبەتیم بۆی هەیە. بەپەلە پارچەیەک پەنیر دەخەمە دەممەوە و چەند قومێک چای بەسەردا دەکەم.

فەرمان دەکەم. «با ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکە لەبەردەرگای ئەپارتمانەکەم ئامادە بێت». دوو خوولەک ناخایەنێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکەوە ئاگادار دەکرێمەوە:

-»بەڕێز ئاریا، ئۆتۆمبێلەکە چاوەڕوانتە».

لە دەرکەی سەرەکیی ئەپارتمانەکەم دێمە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبم. بیری سەرکەوتنەکەم تەواو مێشکی داگیر کردووم. ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن هەواڵی کارەکەم بە سەرۆک ڕایمۆن بگەیەنم. قسەکانی ئارۆن تووشی چەندین گومانیان کردووم. ئەو هەموو جارێک لە قسەکانیدا دەڵێت:

-»ڕایمۆن پیاوێکی لادەرە و دەیەوێت پڕۆژەی مانگ بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنێ. ئەو بەرپرسیارە لە کوشتنی بڕۆفیسۆر کلارک و شێتبوونی ژنەکەشم. ئەو تاوانبارێکی گەورەیە».

هەموو ئەمانە وایان لێ کردووم کە لە ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی پڕۆژەکەم پڕگومان بم.

ئاگادار کرامەوە کە دابەزم.بەگومانەوە بەرەو تاقیگە دەڕۆم و دەرگای ژوورەکە لە خۆم کڵۆم ئەدەم. لەسەر کورسییەکە دائەنیشم و کڵاوە ئەلەکترۆنیەکە لەسەر دەکەم و کیبۆردی ئامێرەکە کەمێک لە خۆم نزیکتر دەکەمەوە. کڵاوە ئەلەکترۆنییەکە لە ماددەیەکی پلاستیکی نەرم دروست کراوە بە لەسەرکردنی بێزار نابم. لە ناوەوە، لە چەندین بەش پێک هاتووە کە هەر بەشەیان

تایبەتە بە بەشە جیاوازەکانی مێشک. هەر یەکەیان بەهۆی ئەو پێکهاتە کانزاییانەی ناویانەوە شەپۆلە تایبەتەکانی مێشک دەگەیەنن و کاری ‹پل›ەکانی مێشک ئەنجام ئەدەن. ئەو کڵاوە بەهۆی چەند گەیەنەرێکی زۆر باریکەوە بەستراوە بە ئامێرێکی تایبەتەوە کە لە ناویدا ئەو پێکهاتەیەی تیادایە کە دۆزیومەتەوە، دەتوانێت گۆڕانگاری لە نێوان شەپۆلەکانی مێشک و شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکاندا بکا. کاری کیبۆردەکەش، تۆمارکردنی کات و ئەو زانیاریانە ئەنجام ئەدات کە مەبەستمە لە مێشکمدا جێگیریان بکەم وهەروەها هێنانەوەی هەموو زانیارییەکانی مێشک لە ڕێگەیەوە، ئەو پێکاتە کیمیاوییە کە توانای 13.7 بیتا ی هەیە، لە توانایدایە لە دووریی 13.7 سانتیمترەوە شەپۆلەکان بگەیەنێتە مێشک و پاشان وەریان بگرێتەوە و لە ڕێگەی شاشەیەکی بچوکەوە کە قەبارەکەی 53*35 سانیمتر دەبێت، هەموو ئەو زانیاری و وێنانەی مێشک نیشان ئەدا.

کەمێک ڕادەمێنم، بیر لەوە دەکەمەوە لە چ مێژوویەکەوە دەست پێبکەم! دواجار، لەسەر کیبۆردەکە، ڕۆژی ٩-٤-٢٠٤٧ تۆمار دەکەم و کرتە دەکەم لەسەر بەکارخستن. پێڵووی چاوەکانم لێک دەنێم، بۆئەوەی وێنەکان بە ڕوونی ببینم، هەست بە خاوبوونەوەی جەستەم دەکەم، خۆم لەو جیهانەدا دەبینمەوە کە ڕۆژانە خەونی پێوە دەبینم. هەست بە تێکەڵیی ڕووداوەکان دەکەم، بۆچی؟!... بیرم کەوتەوە، پێویستە لە هەستەکانی خۆمەوە لە ڕووداوەکان بڕوانم.. ئێ هەر وا دەکەم، هەموو بیرم لە خاڵێکی ڕووداوەکاندا کۆ دەکەمەوە.. ئێستا وێناکان بە ڕوونی هەست پێدەکەم.

وێنای دایکم دەکەم لە بەردەم دەرگای چاوەڕوانییەکەدا ڕاوەستاوە. چاوە قاوەییەکانی ڕەنگیان گۆڕراوە. بەدەم هەنسکەوە، تێکەڵ بە خۆشبەختیەک. سەرنجەکانی خۆی ئاراستە کردووم. بەجۆرێک لێم دەڕوانێ، دەڵێی پەیکەرێکە و بەو مەبەستە دروست کراوە. چاکەتێکی سوور و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردایە. بەئاستەم دەستی ماڵئاواییم بۆ بڵند دەکاتەوە. وەک ئەوەی بۆ دواجار بێت، ئیتر نەمبینێتەوە.

ئای ئەم ساتە چەند دڵتەزێنە! ڕۆژی مردنی باوکم بیر دەهێنێتەوە. کاتێک باوکمیان بەمردوویی لە نەخۆشخانە هێنایەوە و بەرەو گۆڕستان بەڕێیان کرد. دایکم بەهەمان ئەو شێوەیەی ئێستا، بۆ دواجار ماڵئاوایی لە باوکم کرد. یەکترناسینیان ڕێکەوتێکی ناوازە بوو،وەک هەموو ئەو ڕوداوانەی بۆهەتاهەتایە ناتوانیت لەیادەوەریتدا فەرامۆشیان بکەیت. کاتێک باوکم مامۆستا بوو لە زانکۆی ‹تبوک› لە واشنتن و بە هۆی کاری توێژینەوەیەکی زانستییەوە، دایکم دەناسێت. ئەو کاتە دایکم لە کوردستانەوە بە مەبەستی خوێندن هاتبووە ئەمەریکا. ئیتر ئەو کارە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی هەردووکیان و پاش دوو ساڵ لە خۆشەویستی، بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن. خۆشەویستیی باوکم بۆ دایکم خۆشەویستیەکی ئەفسووناوی بوو. هەر ئەوەش وای لە دایکم کردبوو بڕیاری مانەوە لە ئەمەریکا بدا. بەدرێژایی تەمەنی هاوسەرگیرییان هیچکات باوکم بەبێ ڕەزامەندی دایکم، تەنانەت سەردانی قاوەخانەکانیشی نەکردبوو، چەندیشی پێی بکرایە، لە بۆنە تایبەتییەکان و کارەکانی خۆیدا، دایکمی لەگەڵ خۆی دەبرد. تا ئەو کاتەی نەخۆشییەکەی، ڕۆحی لە جەستەی جیاکردەوە، وەک دوو عاشقی هەرزەکار ڕەفتاریان دەکرد.

وێنای ئەوە دەکەم ئەو ڕۆژەی باوکم بە بۆنەی ٣٦ ساڵەی لەدایکبوونی دایکمەوە، ئەو چاکەت و پانتۆڵەی لەبەری کردبوو بۆ ماڵئاوایی کردنم، لەناو پاکەتێکی نابوو. لەدوای کوژاندنەوەی مۆمەکانی تەمەنی، بەدەم زەردەیەکی پڕ لەخۆشەویستییەوە، لێی هاتە پێشەوە و وەک بەیانیانی هەموو ڕۆژەکانی ژیانیان، ماچێکی پێشکەش کرد. ئیتر ئەوە بۆ چوار ساڵ یان زیاتر دەچێت. واتا لەوەتەی باوکم مردووە، لە هەموو بۆنەکاندا لەو چاکەت و پانتۆڵە زیاتر، هیچ جلێکی تری لەبەر نەکردووە.

بەو جلانەوە، دایکم، هەستێکی جیاواز لە سیمایدا دەبینرێ، وەک ئەوەی بەردەوام لەگەڵ ڕۆحی ئەودا بژی، بەو دیمەنە خەمگینەیەوە لەگەڵ خۆیدا ئەدوێت، ئەو بەردەوام لە خەونێکی درێژدا، ژیانی خۆی بەڕێ دەکات. بێئاگایانە لە دەوروبەری، هەمیشە لە ئەندێشەی گەڕانەوەیە بۆ شاری هەڵەبجە، ئەو شارەی دوا خەونەکانی باوکم بوو لە سەرەمەرگیدا. بڵندگۆی هۆڵی پێشوازییەکە، گەشتیارەکان ئاگادر دەکاتەوە:

«تکایە بەرەو دەروازەی کەشتییە ئاسمانییەکە بەڕێ بکەون».

هۆڵەکە لە گەشتیاری بیانی و هاوڵاتیانی شارەکانی ئەمەریکا، جمەی دێت. هەموو ئەوانەی لە هۆڵەکەدان، بۆ گەشتکردن بەرەو مانگ لەوێن. زۆربەیان کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن پلە و پایەکانن. کە تەنیا بۆ گەشتیاری سەردانی مانگ دەکەن و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر مانگ دەمێننەوە. لەناو هۆڵەکەدا چەندین بووک و زاوا لە چاوەڕوانی ئەوەدان مانگە هەنگوینییەکانیان لەسەر مانگ بەسەر بەرن.

گیزەگیزی کەشتییە موگناتیسییەکە تا دێت زیاتر دەبێت. من زۆر پێی جارس دەبم. ئەو دەنگە نامۆ و تۆقێنەرە، هەموو گەشتیارەکانی تووشی گومان کردووە و ترس لە دەموچاویاندا دەبینرێ، هەندێکیان دەستەکانیان بە گوێکانیانەوە گرتووە و هەست بە نائارامی دەکەن.

بۆ دواجار بە دڵێکی پڕ لە گریانەوەماڵئاواییم لە دایکم کرد و بەرەو دەروازەکە ڕێ دەکەم. لەگەڵ نزیکبوونەوەم بۆ ناو کەشتییەکە، کەمتر دەنگی گیزەگیزە مووگناتیسییە پاڵنەرەکان دەبیستم، بەشێوەیەک کە وا هەست دەکەم کە لەناو فڕۆکە ئاساییەکاندام.

دۆزینەوەی پاڵنەرە موگناتیسیەکان شۆڕشێکی گەورەی بەدی هێنا لە گەشتەکانی بۆشایی ئاسماندا، هەر ئەو هۆکارەش بوو وای لە زاناکانی ئەمەریکا کرد. بیر لە دروستکردنی ئەم پرۆژەیەی سەر مانگ بەم شێوەیەی ئێستای، بکەنەوە. پاڵنەرە موگناتیسییەکان کارکردنێکی زۆر ئاڵۆزیان هەیە. پێکهاتووە لە چەندین ڕووتەختی بازنەیی فراوان کە هەموو ڕووی کەشتییەکەی داپۆشیوە. ئەگەر لە دوورەوە لە کەشتیەکە بڕوانیت  بە وێنەی ئەختەبووتێک دەچێت. هۆکاری ئەم دابەشبوونی ڕووتەختە بازنەییانە، بەمەبەستی هاوسەنگی ڕاگرتن و پاڵنانی کەشتیەکەیە بۆ بڵندکردنەوە و جێگیرکردنی بە ئاراستەیەکی ڕاست بەرەو هەر خاڵێکی بۆشایی ئاسمان.

هەموو ئەو ڕووتەختانە، شەپۆلێکی موگناتیسیی تایبەت دروست دەکەن، کە هاوشێوەی شەپۆلە موگناتیسییەکان و هێزی کێشکردنی زەوییە، بەڵام بە هۆی کۆمپیوتەرێکی زیرەکەوە،

کۆنترۆڵ دەکرێ و لە کاتی بەرزبوونەوەیدا ئاڕاستەی شەپۆلە موگناتیسییە بەرهەمهاتووەکان، پێچەوانەی ئاڕاستەی شەپۆلەکانی زەوی دەکرێتەوە. بەمەش کەشتییەکەو ڕووی زەوی، وەک دوو موگناتیسی هاوجەمسەر لە یەکتری دوور دەکەونەوە و کەشتییەکە بەرەو ئاسمان بڵند دەبێتەوە. جا بەهۆی چڕیی شەپۆلە مووگناتیسیەکانی زەوییەوە، کەشتییەکە تاودانێکی بەهێزتر وەردەگرێ کە لە ماوەیەکی کەمدا خێراییەکەی دەگاتە 29858 میل لە سەعاتێکدا. بەمەش دەتوانێت لە ماوەی 8 سەعاتدا بگاتە سەر ڕووی مانگ. هەموو ڕووتەختە مووگناتیسییەکانیش کە بە دیوی دەرەوەی کەشتییەکەوەن، بەهۆی وزەی ئەتۆمییەوە کار دەکەن، کە کوورەکانی ناو کەشتییەکە خۆیدا بەرهەم دێت.

وا بە ئەسپایی، بەناو ڕاڕەوی کەشتییەکەدا ڕێ دەکەم و نزیک دەبمەوە لە جێگەی سەرنشینەکان. کچە ڕۆبۆتێک لەوسەری نزیک کورسیەکانی پێشەوە، بە ناوی خۆم گازم دەکات. پێدەچێت پێشتر منیان پێ ناساندبێت، ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی ئەو ڕێ دەکەم و ئەویش بە دەستێکی ئاماژەی کورسییەکەم ئەکات. لەسەر کورسییەکە دائەنیشم. بێئەوەی گوێ بە ڕۆبۆتەکە بدەم، لەوە تێدەگەم ئەو شوێن و بەشەی کەشتییەکە، تایبەتە بە کەسایەتییە تایبەتییەکانی پرۆژەی مانگ.

ڕێنمایی چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ گەشتەکە، لە ڕێگەی شاشەیەکی گەورەوە کە ڕووی لە هەموو گەشتیارەکانە، شێوازی بەستنی پشتێنی سەلامەتی ڕوون دەکاتەوە کە وەک چاکەتێک بە پشتی کورسیەکەوە چەسپکراوە و لەبەر ئەکرێ. لە شاشەکەدا نووسینێک بە ڕەنگێکی سوور، سەرنجم ڕادەکێشێت:

«بۆ ئاگاداریتان تکایە، بەهۆی ڕێکخەری مووگناتیسیی تایبەتەوە، لەکاتی فڕیندا، هەموو کار و کاردانەوەیەکی جوولە لەناو کەشتییەکەدا، دەوەستێنرێ».

لەوە تێدەگەم کە مەبەستی کاردانەوەی خێرایی کەشتییەکەیە لەسەر جەستەی سەرنشینەکان. خۆ ئەگەر ئەو ڕێکخەرە نەبوایە. بەهۆی زۆریی تاودانی فڕینی کەشتییەکەوە، جەستەی گەشتیارەکان و هەموو کەرەستەکانی ناو کەشتییەکە، لەبەر یەک هەڵدەوەشان. ئەو گەشتیارانەی کە یەکەم جاریانە گەشت بۆ سەر مانگ دەکەن، هەریەکەیان لە لای خۆیانەوە مقۆمقۆیانە. هەندێکیان پرسیاری ئەوە لە کارمەندەکان دەکەن: «بەڕێز.. بۆچی کورسییەکان دەلەقن؟». دواجار یەکێک لە ڕۆبۆتەکان، بە جاڕسییەکەوە:

«تکایە بێدەنگ بن، کورسییەکان بەو شێوەیە دروست کراون، بۆ ئەوەی لە کاتی گۆڕینی ئاراستەی کەشتیەکەدا، یان گۆڕینی تاوداندا، کورسییەکان بە شێوەیەکی میکانیکی، باری ئاسایی خۆیان وەربگرنەوە».

دوای قسەکانی ڕۆبۆتەکە، گەشتیارەکان بێدەنگ بوون، هەندێکیان بەردەوام خۆیان بە جوڵەی کورسییەکانەوە سەرقاڵ کردبوو.

هەستێکی نامۆ دڵم دەگوشێت. بیر لە دایکم دەکەمەوە. بە درێژایی تەمەنم، هەرگیز بەو شێوەیە لێی دانەبڕاوم. ئێستا هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکەم لە ناخمدا. ئاااای دایک چەند گەورەیە!!! تا لێی دوور نەبین هەست بە مەزنییەکەی ناکەین. دڵم قوڵپ ئەدات، ئارەزووی گریان ئەکەم، هەست بە تەڕبوونی

چاوەکانم ئەکەم و بە دەستەکانم دەیانسڕم. ئەو گەشتیارە ژنەی کە بەرامبەرم دانیشتووە، بە نیگایەکی نامۆوە لێم دەڕوانێت، لە نیگاکانیدا خەمی خۆی تیا دەبینم.

«تکایە،، ئامادە بن بۆ گەشت بەرەو هەسارەی مانگ،، بەهیوای کاتێکی خۆش». ئەم دەنگە لە ڕێگەی بڵندگۆکانی ناو کەشتیەکە دەبیستم.

بێدەنگی ناو کەشتییەکە داگیر دەکات. زۆرێک لە سەرنشینەکان ترس و دڵەڕاوکێ بە سیمایانەوە دیارە. لەناکاودا، جووڵەیەک شەپۆل بە جەستەمان ئەدات، پاش کەمێک بە تەواوی هەست دەکەم. هێدی هێدی، کێشی جەستەم کەم دەبێتەوە. وا هەست دەکەم لەناو قوڵایی دەریادا مەلە دەکەم. هەستێکی خۆش هەموو جەستەم ئەتەنێ. ئارامی باڵی بەسەر کەشتییەکەدا کێشاوە. کەس ورتە لە دەمیەوە نایەت. هەموو لە پەنجەرەکانەوە لە دەرەوە دەڕوانن. وەک ئەوەی یەکەم جاریان بێت سواری فڕۆکە بووبن. کەشتییەکە دەلەنگی، بەوێنەی پارچە تەختەیەک لەناو ئاودا چۆن بڵند دەبێتەوە، بەو شێوەیە کەشتییەکە بەخێرایی، خۆی لەو هێزی کێشکردنەی زەوی قوتار دەکات و بەرەو قوڵایی ئاسمان دەکشێت.

بەجێهێشتنی دایکم، تەواو نائارامی کردووم. لەو بڕوایەدام، ئەم گەشتە، کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێت، ئیتر بۆ جارێکی نایبینمەوە. ئەویش وەک باوکە بەدبەختەکەم لە وڵاتی بێکەسیدا سەر دەنێتەوە. وێنای دەکەم و ئەیدوێنم:

–نا دایکەگیان، بەجێت ناهێڵم، دڵنیا بە، بەردەوام تۆ لەناو هەموو هەستەکانمدایت. دڵنیا بە دێمەوە. چاوەڕێم کە، هەر دێمەوە.

دایکم، زۆرجار باسی ژیانی چەرمەسەریی باوکمی بۆ کردووم. کاتێ باوکم تەمەنی شەش ساڵان دەبێ بەهۆی کیمابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە لە لایەن ڕژێمی ئەو کاتەوە، دایک و باوک و سێ خوشک و برایەکی شەهید دەبن. ئیتر باوکم و برا گەورەکەی کە تەمەنی نۆ ساڵ دەبێت، بەبێکەسی، دەمێننەوە، پورێکی، خوشکی باوکم، دەیانگرێتە خۆی، ئەویش بە هۆی بێکەسی و لەناوچوونی مێرد و منداڵەکانی، ئەمان بەخێو دەکات. بەناچاری ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی و بە کاری نانکردن و خزمەتکرنی مالآن و بەناچاری ژیان دەگوزەرێنن. برا گەورەکەی بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیاوییەوە، دوای سێ ساڵ، گیان لەدەست ئەدات و هەموو هیواو ئاواتێکی پوری باوکم تەنیا باوکم دەبێت کە لەم گەردوونەدا بۆی مابێتەوە. کاتێک باوکم تەمەنی دەگاتە بیست، ئیتر پوری تەواو پەکی دەکەوێت و بەهۆی نەخۆشییەوە گیان لەدەست ئەدا. باوکم بە هۆی بێکەسییەوە، پەنای نامێنێت، بە ناچاری، بە ڕێگەی نایاسایی، ڕوو لە هەندەران دەکات و یەکەم جار ڕوو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکات، لە شاری بەرلین دەمێنێتەوە و مافی پەنابەری وەردەگرێ. دواتر دەست بە خوێندن دەکات و لە خوێندن بەردەوام دەبێت تا بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری میکانیک بەدەست دێنێت. بەهۆی لێهاتووییشی لە بوارەکەی خۆیدا، هەر بە مەبەستی زیاتر خوێندن، ئەڵمانیا جێدەهێڵێت و بەرەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەچێت و لە واشنتن دی سی جێگیر دەبێت. دایکم بەردەوام لەناو ئازارەکانی ناخی باوکمدا دەژیا، هەر ئەوەش وای کردبوو هەستێکی جیاوازی بۆ خەمی تەنیایی باوکم هەبێت.

«بۆ ئاگاداریتان. کەشتییەکە لەسەر ڕووی مانگ دەنیشێتەوە، تکایە ئامادە بن».

کاتێک ئەم دەنگە بیسترا، هەموو سەرنشینەکان بە سەرسوڕمانەوە لە یەکتر دەڕوانن. وەک ئەوەی خەون ببینن، هەموویان لە پەنجەرەکەی لای خۆیانەوە لە ڕووی مانگ دەڕوانن. ئەو ڕەفتارەی گەشتیارەکان وایان لێ کردم منیش لەلای خۆمەوە، سەرێک بۆ پەنجەرەکە ی لای خۆم با بدەم. وێنەی بازنەیەکی گەورە دەبینم لە تنۆکێک ئاو دەچێت کە دەکەوێتە ناو ئاوێکی مەنگەوە و شەپۆل ئەدا. سێ شەپۆلی بازنەیی یەک لە دوای یەک دەوری گومەزەکەی ناوەڕاستیان داوە. دیارە گومەزەکە لە ماددەیەکی شووشەیی دروست کراوە، هەر لە دوورەوە دەبریسکێتەوە. سەرنشینەکان تەواو سەراسیمە ببوون. بەگومانەوە لە جووڵەی کەشتییەکە دەڕوانن هەستێکی نامۆ بیری هەموومانی داگیر کردووە.

کەشتییەکە دەلەنگێ، زیاترو زیاتر دەلەنگێ، وەک ئەوەی بە پەتێکەوە هەڵواسرابێت و بجووڵێت. پاش کەمێک، هەست بە سوڕانەوەی کەشتییەکە دەکەم کە سەرەو خوار دەبێتەوە، بەڵام کورسییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە باری ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە. لەدوای چەند چرکەیەک، قورساییەک هەموو جەستەمی تەنی، وەک ئەوەی هێزێک بۆ خۆیم کێش بکا، گیزەگیزی کەشتیەکە، لەگەڵ نیشتنەوەی، زیاتر دەبێت، بەشێوەیەک، لەناوەوە هەستی پێدەکەم. ئەوەندەی پێناچێت، کەشتییە کە لەسەر ڕووتەختی پنتێکی فراوان، خۆی جێگیر دەکات و لە چەند لایەکەوە ڕێڕەوە بزوێنەرەکان بە دەرگاکانی کەشتییەکەوە چەسپ دەبن

و ئەو دەرگایەی سەرەتا لێیانەوە هاتینە ناوەوە، دەکرێنەوە و لە دەرگای کەشتییەکە دەرباز دەبین و خۆمان لەناو ڕاڕەوێکی درێژدا دەبینینەوە.

بۆن و بەرامەیەکی خۆشی گوڵ و گوڵزار، لووتمان پڕ دەکەن. گوێبستی دەنگێک دەبم:

ئای خوایە ئەو بۆنە خۆشانە لە کوێوە دێنە لوتمانەوە؟!

منیش وا هەست دەکەم و هەمان پرسیار دەکەم.

لە ڕاڕەوەکان دەڕوانین، دیارە لە ماددەیەکی تێکەڵەی پلاستیک و ئەلەمنیۆم دروستکرابوون، بۆیە هەست بە دەنگی پێکانمان ناکەین، فراوانیی ڕاڕەوەکان، هێندەیە کە چوار کەس دەتوانێت بە یەک ڕیزدا ڕێ بکات. پاش کەمێک ڕۆیشتن، خۆمان لە بەردەم دەرگایەکی گەورەدا بینییەوە، هەموو گەشتیارەکان پێکەوە بەیەک ڕیز لەدوای یەکتری وەستان. منیش وەک ئەوان لەچاوەڕوانیدا بێ ئارامم. پاش کەمێک چاوەڕوانی، دەرگاگە دەکرێتەوە و دەچینە ناو هۆڵێکی گەورەوە، دوو دەرگای تیایە. یەکێکیان کەوتووەتە لای ڕاست و ژمارە 1ی لەسەر نووسراوە، ئەوی تریان لە لای چەپەو ژمارە 2ی لەسەرە. لەبەردەم هەر دەرگایەکدا ڕۆبۆتێک دەبینم کە بەتەواوی بەشێوەی مرۆڤ دەچن.

«تکایە گەشتیارەکان، لە دەرگای ژمارە یەکەوە، بە یەک ڕیز، بچنە ژوورەوە. ئەندامانی پرۆژەی مانگیش لە دەرگای ژمارە دووەوە».

لەناو ڕیزی گەشتیارەکان هاتمە دەرەوە و بە هێمنی بەرەو لای دەرگای ژمارە 2 ڕێ دەکەم. هەموو گەشتیارەکان وەک کەسێکی نامۆ لێم دەڕوانن.

دەرگاکە دەکرێتەوە و ڕۆبۆتەکە بەدەست ئاماژەم بۆ دەکات کە لە دەرگاکە بچمە ژوورەوە. منیش وا دەکەم. پاش کەمێک ڕۆیشتن، خۆم لەناو ژوورێکی بچوکدا بینییەوە کە ژمارەیەک کورسیی تیایە کە جێگەی دە کەس دەبێت. لەسەر کورسییەک دانیشتم و چاوەڕێ دەکەم. هەست بە جووڵەی ژوورەکە دەکەم دەبزوێت. ترسێک جەستەم ئەتەنێت، دەبێت چی ڕوو بدات! بۆ هاتوومەتە ئێرە! پاش کەمێک لەوە تێدەگەم ئەو ژوورە گالیسکەیەکە و بەناو شەپۆلەکانی دەوری گومەزکەدا تێپەڕ دەبێت و ڕاستەوخۆ دەمگەیەنێتە ناو گومەزەکە.

دیمەنی ناو گالیسکەکە زۆر دڵگیر دەبینرێت لە گەیەنەرەکانی سەر زەوی ناچێت. هەموو دیوارەکانی، بە چەرمێکی ڕەنگ قاوەیی کاڵ داپۆشراوە. هەر لە خۆی، بەچەندین نیگاری جوان و سەرنجڕاکێش ڕازێنراوەتەوە. لەو دەلاقانەی کە کەوتوونەتە ڕیزی کورسییەکانەوە، لە دیمەنی ناو شەپۆلەکان دەڕوانم. ژمارەیەکی زۆر ڕۆبۆت دەبینم سەرقاڵی پشکنین وگواستنەوەی جانتای گەشتیارەکانن. پاشان بە لای کێڵگەیەکی دەستکرددا تێدەپەڕم، چەندین مێوەی وەک کاڵەک و خەیارو شووتی بە پەلەکانیەوەیە بە قەبارە گەورەکانیان سەرسامم، هەرگیز ئەو میوانەم بەو شێوەیە نەبینیوە. ئارەزوودەکەم پرسیاری ئەوە بکەم ئاخۆ بۆچی میوەکان بەو هێندەیە گەورەو جوانن! گالیسکەکە لە ڕۆیشتن بەردەوامە و منیش سەرقاڵی نیگای دیمەنە نامۆکانی ناو شەپۆلەکانم.

دەرگای گەیەنەرەکە دەکرێتەوە و لێی دەرباز دەبم. خۆم لەناو دیمەنی ئەفسووناوی گومەزەکەدا دەبینمەوە، کە بە چەندین داری بەرداو گوڵ ڕازێنراوەتەوە، لە کەنارو ناوەڕاستی شەقامەکاندا

باڵای درەختە بەردارەکان و پەلەکانیان هێندەی ئەپارتمانە سێ نهۆمیەکان بڵندبوون و بەبڵاوی شۆڕبوونەتەوە ، هەندێ جۆری ئەو دارانەی کە لەناو گومەزەکەدایە، پرتەقاڵ و سێو و هەنار و هەنجیر و قۆخ و هەڵوژەن. قەبارەی بەرەکانیان هێندە گەورەن لە قورسیاندا پەلەکانیان تا نزیکی زەوی شۆڕ بووەتەوە.دڵنیام ئەگەر لەسەر زەوی بوونایە بەهۆی هێزی کێشکردنی زیاترەوە بەزەویەکەوە جەسپ ئەبوون. لەنێوان دارەکاندا چەندین گوڵی وەک هەموو جۆرەکانی گوڵەباخ و مێخەک و جۆری تر و میناو نازناز و پاتۆنیا و گەزانیا و دالیا ڕوێنراوە. بۆن و بەرامەی ئەو گوڵانە بە هێندەیەک تێکەڵ بە هەوای ناو گومەزەکە بووە، تەنانەت لەناو ئەپارتمانەکانیشدا، لووتی بنیادەم پڕدەکەن.

لە بەردەممدا ئۆتۆمبێلێکی ڕۆبۆت وێستە دەکات و ڕۆبۆتێک لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێت و بە دەستێکی پێشوازی سواربوونم لێ دەکات. ئۆتۆمبێلەکە شێوەیەکی جوانی هەیە، لێی دەڕوانم دەمەوێت لەگەڵ ئەوانەی زەوی بەراوردی بکەم، ناو ئۆتۆمبێلەکە بە هەمانشێوەی ئۆتۆمبێلەکانی زەوییە، تەنیا جێگەی چوار کەسی تیادا دەبێتەوە، بەڵام شێوەی بەنیوە گۆیەکی دەچێت و قەبارەکەی کەمێک بچوکتریشە. دەنگێکی هێمن کە بە دەنگی کیژۆڵەیەکی ناسک دەچێت لە بڵندگۆی ناو ئۆتۆمبێلەکەوە دەبیستم.

«بەخێر بێیت بۆ سەر مانگ. ئەندامی نوێ. پڕۆژی داهێنانە دەگمەنەکان». ناو : ئاریا، لەدایکبووی 2022 واشنتن دی سی، بە ڕەگەز کورد، کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی ‹تبوک› تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری لە بواری ‹بایۆئەلەکترۆنیک› بەدەستهێناوە، لەلایەن دەستەی راوێژکاری پڕۆژەی مانگەوە هەڵبژێردراوە بە

مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری، شەپۆلەکانی مێشک. هیوادارین سەرکەوتوو بیت. دووبارە بەخێر بێیت».

وەڵامی ئۆتۆمبێلەکە نادەمەوە. چەند ڕۆژێک پێش گەشتەکەم، لەلایەن لیژنەی پڕۆژەی مانگ لەسەر زەوی، زانیاریی گشتیم دەربارەی گومەزەکە و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەندامان و ڕۆبۆتەکان وەرگرتووە. بەرامبەر بە ڕۆبۆتەکان پێویستە فەرمان بکەم و لەبەرامبەر ئەندامەکانی ناو گومەزەکە، دەبێت بە ڕێزەوە ڕەفتار بکەم، لە هەموو شتێک گرنگتر پاراستنی نهێنیەکانی ناو گومەزەکەیە. ئایا شوێنێکی گەشتیاریی نهێنی هەیە! ئایا منی خوێندکار، پێویستە چ نهێنیەک بپارێزم! ئەو نهێنیانە چین کە پێویستە لە زانیارییە گشتییەکان جودایان بکەمەوەو بە ئاگاییەوە ڕەچاویان بکەم. بابەتی ‹نهێنیەکان› بووەتە خولیایەک لە مێشکمدا، ئارەزوویان دەکەم، ئایا دەتوانم هەست بە بەبوونی نهێنیەکان بکەم.

ئۆتۆمبێلەکە ملی ئەو شاڕێگە فراوانە دەگرێ کە دەچێتەوە بەرەو ناوەڕاستی گومەزەکە. بە درێژایی شەقامەکە، تا چاو بڕبکا دارو درەختی سەوز و بەردارە، پەلەکانیان هێندە بڵاون، خۆیان بەناو پەنجەرەی ئەپارتمانەکانیشدا کردووە، لەنێوان دارەکانی کەنار و نێوانی شەقامەکاندا، چەندین گوڵەباخی هەمەجۆر دیمەنی ئەو شەقامەیان هێندەی تر جوانتر کردووە. گوڵەکانیان بە هێندەی دوولەپی دەستێک بە هەموو لایەکی خۆیاندا بڵاو کردووەتەوە. لەنێوان شەقامەکاندا، چەندین یانە و قاوەخانە دەبینم کە کورسیەکانیان لەسەر شۆستەی شەقامەکانیش ڕیزکردووە. شەقامەکان پڕن لەو گەشتیارە نوێیانەی کە لەناو کەشتیەکەدا

بوون و بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان هاتوونەتە ناو گومەزەکە.

ئەوەندەی دوانزە خولەکێک بە ئۆتۆمبێلەکە ڕێمان کردبوو، لەو ڕاستە شەقامەی کە لێوەی هاتووین، خۆمان لە ناوەڕاستی گومەزەکەدا بینییەوە، مۆنۆمێنتی ‹ئارمسترۆنگ› دەبینم، ئەو پیاوەی یەکەمین کەس بوو پێکانی نابووە سەر مانگ، لەسەر سەکۆیەکی بازنەیی گەورە دروست کراوە، ئەو چوار شەقامە سەرەکییەی کە گومەزەکە دەکات چوار بەشی یەکسانەوە، هەر یەکەیان لە کەناری گومەزەکەوە دەهاتنەوە بۆ سەر ئەو سەکۆیەی کە لە ناوەڕاستدا بوو. ئۆتۆمبێلەکە بەرەو ئەو شەقامە سەرەکییە لائەدا کە دەکەوتە لای ڕاستی شەقامەکەی کە لێوەی هاتبووین. بەناو ئەپارتمانی سێ نهۆمی و باخچەیەکی گەورەی دلڕفێندا تێدەپەڕین کە بە چەندین گوڵ و داری بەرز ئەو ناوەی سەراپا سەوزپۆش کردووە.

چاوەکانم لەو دیمەنەکانی تێرنابێت، بەردەوام بۆنێکی تێکەڵ لە لووتەکانما دێن و دەچن، زیاتر هەستەوەرتر دەبم و لە هەموو شتە بچووکەکانیش ورد دەبمەوە و هەستێکی بەراوردکاریم لا دروست دەبێت بەرامبەر بە دارە بەرزەکان و بەرهەمە زۆرەکانیان، بە بۆنی بڵاوی گوڵەکان و قەبارەکانیان بە شێوەی ئەپارتمانەکان و چۆنیەتی دورستکردنیان. تەنانەت ئارەزووی جیاوازیی هەستی گەشتیارەکانیش دەکەم ،،ئایا ئەوانیش وەک من هەستی پێ دەکەن!

بیر لەو هێزە لەڕادەبەدەرەی مێشکی مرۆڤ دەکەمەوە کە چۆن ئەم هەسارە مردووەی بە شارستانییەتەکانی ئاشنا کردووە، دەبێت ئەو هێزە نادیارەی مێشک چی بێت کەوا لە مرۆڤ دەکات

باڵادەستی خۆی بگەیەنێتە قوڵایی گەردوونەوە و زیاتر درێژە بە ژیانی مرۆڤایەتی بدا، هەستدەکەم گەورەیی ئەو هێزە لە خودی چونیەتی بیری مرۆڤاکانەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو بیرەی کە لە مێشکماندا وەک هیوایەک دروست دەبێت و بەقەبارەی گەورەیی خۆی کۆنترۆڵی هەموو بیرو کردارەکانمان دەکاو بەرەو خۆی پەلکێشمان دەکات، لەناو خۆیدا ئاوێتەمان دەکاو وامان لێدەکات لە پێناویدا بجەنگین و کۆششی بۆبکەین، تائەو کاتەی هەموو بیرو هەست و کردارمان بەتەنها دەبێتە ئەو ئەو هیوایەی کەبە ویستی خۆمان تۆوەکەی ئەچێنین و گەشەی پێئەدەین. کەمێکی تر ڕێ دەکەین تا ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم یەکێک لەو ئەپارتمانە گەورانەدا وێستە دەکات، کە ڕووکاری دیوارەکانی دەرەوەی، بە میتاڵێکی ئەلەمنیۆمی ڕەنگ زیوی ڕووپۆش کراوە. لەسەر دەرگای ئەپارتمانەکە نووسراوە: (نەخۆشخانەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە پزیشکیەکان). لە بەردەم دەرگاکەیدا دوو ڕۆبۆتی باڵا بەرز وەستاون، کە شێوەیان تەواو بەو پاسەوانانە دەچێت، کە لە بەردەم کۆشکی پیاوە گەورەکاندان. لە ئۆتۆمبێلەکە دائەبەزم. ڕۆبۆتی ناو ئۆتۆمۆبیلەکەم، دائەبەزێت و بە دەستێکی بۆ ناو نەخۆشخانەکە ڕێنمایم دەکا.

ڕۆبۆتەکان زۆر کەم ئەدوێن، بە پێی ئەو پرسیارانە وەڵام ئەدەنەوە کە ئاراستەیان ئەکرێت، ئەگەر پرسیارێکت لێ نەکردبان ئەستەم بوو، تەنانەت وشەیەکیش لە دەمیانەوە هاتبایەتە دەرەوە. بەردەوام ئەو کارانە دەکەن کە پێیان سپێرراوە. لەنێو خۆیاندا تەواو بە مرۆڤی ئاسایی دەچن. بە هۆی ئەو پێکهاتە ئەلەکترۆنییەی مێشکیانەوە، زانیاریەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و یەکتری لە کارەکان

ئاگادار دەکەنەوە. ڕەفتارەکانیان ئەو پرسیارەم لا دروست دەکەن ئایا ڕۆبۆتەکانیش وەک مرۆڤەکان هەمان هەستیان هەیە لە بیرکردنەوە و بڕیاردان! ئایا ئەوانیش وەک مرۆڤەکان هەست بە کۆیلەیەتیی خۆیان دەکەن!

لە دەرگاکە دەچمە ژوورەوە، خۆم لەناو هۆڵێکی گەورەدا دەبینمەوە، سێ دەرگای گەورە لە هۆڵەکەدایە، نێوانی دەرگاکان بەچەند ئینجانەیەکی گوڵ ڕازێنراوەتەوە، ڕۆبۆتەکە بەرەو دەرگای ئەو ژوورە پێشم دەکەوێت، کە لە سەری نووسراوە (تاقیگەی پشکنینی نەخۆشیەکان). دەرگاکە کراوەتەوە. کریستینا دەبینم. ژنێکی بالآبەرزە، پرچە زەردو خاوەکانی بە لای چاوە گەورە و شینەکانیدا هێناوەتە خوارەوە، چاکەتە سپیەکەی بەری، پانتۆڵە ڕەشەکەی تا سەر ئەژنۆی داپۆشیوە. دەچمە ژوورەوە و سلآوی لێ دەکەم، ئەویش وەلآمم ئەداتەوە. بە ڕەفتارە پێشوەختەکانیدا تێدەگەم لە چاوەڕوانیی مندایە. بەدەنگێکی نزم دەپەیڤێت:

«فەرموون.. لەسەر ئەم جێگەیە پاڵ کەوە، پشکنینێکت بۆ دەکەم».

کریستینا بێئەوەی هیچ شتێکی تر بڵێت، خۆی بەو ئامێرەوە سەر قاڵ دەکات کە دەستێکی ڕۆبۆتیی پێوەیە، لە سەری دەستەکەدا، ئامێرێکی قەبارە گەورەی پێوە لکێنراوە، ڕووبەرەکەی هێندەی پانیی شانی بنیادەمێک دەبێت. خۆم لەسەر ئەو سیسەمە درێژدەکەم کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانراوە. کریستینا لە ڕێگەی ئەو کیبۆردەی کاری لەسەر دەکات، دەستە ڕبۆتییەکە بەسەر هەموو جەستەمدا دەجوولێنێ، کە ئامێرەکەی پێوەیە. لە ڕێگەی ئەو شەپۆلە جیاوازانەی لە ئامێرەکەوە دەردەچن، وێنەی

هەموو بەشەکانی ناوەوەی جەستەم لەسەر شاشەکەی بەردەمی کریستینا، بە ڕوونی نیشان ئەدرێ. بە ویستی خۆم نییە، ترسێک هەموو جەستەمی تەنیوە، چەندین بیری نامۆ بەناو مێشکمدا دێن و دەچن. دەروونم کەمێک ئارام دەکەمەوە و لەگەڵ خۆم دەپەیڤم

«تەنیا پشکنینێکی ئاساییە و بەس، خۆ نەشتەرگەریم بۆ ناکەن، نازانم بۆ هێندە هەست بە ترس دەکەم».

دوای خولەکێک لە ئامێرەکەی بەردەمی کریستینا، پارچە کاغەزێک بە هێمنی دێتە دەرەوە، وێنەی هەموو ئەندامەکانی ناو جەستەمی تیادا دەبینم، کریستینا کاغەزەکەی بە پەنجە باریکەکانی لە ئامێرەکە دەرئەهێنێت، ماوەیەک بە چاوەشینەکانی لە وێنەکان دەڕوانێ، پاشان بە پێکەنینێکی ترسناکەوە ڕووم تێدەکا:

«تەندورستیت زۆر جێگیرە».

بە شەرمێکەوە لێی دەڕوانم و بە دەنگێکی شەرمنانەوە سوپاسی دەکەم. ئەویش بە ساردیەکەوە دەخەنێ. ڕەفتارەکانی کریستینا، نامۆ دێنە پێش چاوم، ئەو بەمرۆڤ ناچێت. زۆر بە ساردی ڕەفتار دەکات. تەواو بە ڕۆبۆتێک دەچێت. نیگا تۆقێنەرەکانی، ترسێکی گەورەی لە ناخمدا هەژاندووە. ڕەنگی نینۆکە درێژەکانی بە کەڵبەی دڕندەیەک دەچن کە تازە لە ناو هەناوی نێچیرەکەیەوە دەری هێنابێتەوە.

ئامێرەکە لەسەر سەرم دوور دەخاتەوە، ئەو کاغەزەی وێنەی هەموو جەستەمی لەسەر تۆمارکراوە، لەنێو بەرگێکی نایلۆنی سپی دەنێت. ئەو ڕۆژە دوای تەواوبوونی پشکنینەکانم لای کریستینا، ڕۆبۆتەکە تا ئەو ئەپارتمانەی گەیاندم کە بۆیان ئامادەکردبووم، پاشان بەو ڕۆبۆتە گارگوزارەکەی ناساندم، کە لە ژوورەکەمدا چاوەڕوانم بوو.

# 2

ڕۆژی  18-5-2047

ڕۆشنایی گڵۆپی شارەکان، زەویی تەواو ڕۆشن کردووەتەوە، دیمەنی گڵۆپەکانی سەر زەوی، وەک گڕکانێک جۆگەلەی بەستووە، وا هەست دەکەم زەوی لە سووتاندایە. بە جۆرێکە، لەڕووی مانگەوە هەست بەو ژیانە ئاڵۆزو پڕئازارەی مرۆڤایەتی دەکەم ،بیرلەوە دەکەمەوە ، مرۆڤایەتی چۆن توانیویەتی لەڕێگەی بیرە زانستیە کانیەوە زەوی و بیری مرۆڤایەتی بەوجۆرە ڕۆشنکردۆتەوە. لە دەرونمدا هەست بە لاوازی و ترسێکی گەورە ئەکەم ، ترس لە نشوستی تاقیکردنەوە کانم ترس لە دورکەوتنەوەم لە زەوی و مرۆڤایەتی ،ترس لەهەموو شتێک تەنانەت لەو شتە سادەو ساکارانەی کە لای هەموو کەسێکی ئەم گومەزە لایان ئاساییە.

ئەمشەو هێمنی باڵی بەسەر مانگدا کێشاوە، ئەوە نزیکەی بیستوپێنج ڕۆژ دەبێت، هاتوومەتە سەر مانگ، تا ئێستاش هەست بە نامۆبوون دەکەم. تێکەڵ بە کەس نابم و بەردەوام خۆمیان لێ دەپارێزم. بەدەست خۆم نییە شتێک لە ناخمدایە تەواو بە وێنەی دیواریکی ئەستوور دەچێت ، ناتوانم خۆمی لێ دەرباز بکەم. دەبێت تا ئەو کاتەی هەست ودڵ و دەروونم ئاشنای ئەو دیمەنە نامۆیانەی ناو گومەزەکە دەبێت، ئارام بم. هەست ئەکەم ئەوە قەدەرێکە منی هێناوەتە ئێرە. نازانم بەرە و کام لە ئاراستەکانی ژیان پەلکێشم دەکات.

ئەوەی زیاتر دڵی تەنگ کردووم دووریی دایکە بێکەسەکەمە. ئەوەندەی بیرم بێت، بۆ تەنیا شەوێکیش بەبێ دایکم شەوەکانم بەڕێ نەکردووە، تا ئەو کاتەی تەمەنم گەیشتووەتە سەروو بیستوپێنج ساڵیش، ئێستاشی لەسەر بێت، تەنانەت ڕێگەی ئەوەی پێ نەداوم بۆ تەنیا ساتێکیش لێی دوور بکەومەوە، لەوانەیە هەر ئەوەش هۆکاری ئەو گۆشەگیری و شەرمە نەعلەتیەم بێت کە وەک هێزێکی گەورە ناخمی داگیر کردووە. بەردەوام لەگەڵ دەروونی خۆمدا لە جەنگدام، هەست دەکەم بەتەواوی کۆیلەی دەستی بووم.

جێنیفەر بە لەنجەیەکەوە، وەک ئەو سۆزانیانەی لە باڕەکاندا بە پێکە شەرابەکانیانەوە دێن و دەچن، قاوەیەک لەبەردەم مێزەکەی ناو بالکۆنەکەم دائەنێ، بە هێمنی لە گۆشەیەکی دیواری بالکۆنەکە ڕادەوەستێت و وەک پیشەی هەموو جارێکی، چاوەڕوانی فەرمانێکی نوێم دەکا. کەشی بەردەم بالکۆنەکە زۆر ئارامە، کزە بایەکی سارد لەناو گومەزەکەدا، هەستێکی جیاواز لە دەروونمدا دروست دەکات. لە ئەپارتمانەکەی ئەوبەرمەوە گوێم لە قاقاو پێکەنینی ئەو

کیژانە دەبێت کە لە بارەکانەوە بە مەستی گەڕاونەتەوە، ئەمشەو لە شەوەکانی تر ناچێت، خۆئەگەر سەرۆک ڕایمۆن بڕیاری ئەو ئاهەنگەی نەدابا، کە بەهۆی چوارساڵەی دامەزراندنی گومەزەکەوە سازی دابوو، گەشتیارەکان تا بەرەبەیان بەناو هەموو کوچەو کۆڵانێکی ناو گومەزەکەدا ئەسووڕانەوە. ئەوەندەیان ئەخواردەوە تا بەبێئاگایی بەرەو کۆتایی شەقامە سەرەکیەکان دەڕۆیشتن، خۆیان دەکرد بەناو ئەوشەپۆلە قەدەغەکراوەی لە دوای کەناری گومەزەکەوە دەست پێدەکات. ڕۆبۆتەکانیش لە دەروازەی شەپۆلەکاندا بەردەوام بەو ڕیتمەی کە تیایاندا تۆمار کرابوو دەیانگوت

«تکایە بەڕێزان.. ئێرە شوێنێکی قەدەغەکراوە.. تکایە دوورکەونەوە.

ڕۆبۆتەکان کاری زۆرگرنگیان دەکرد، خۆئەگەر ئەوان نەبوونایە، زۆر ئاستەم بوو پاککردنەوەو بەڕێوەبردنی فراوانی ئەو گومەزەی کە تیرەکەی 2000مەتر دەبێت بە مرۆڤەکان کرابا. ڕۆبۆتەکان ڕۆژانە لەناو گومەزە گەورەکەی ناوەڕاستی سێ شەپۆلەکەدا، بەردەوام سەرقاڵی ڕێکخستنی کاری گەشتیارەکانن، هەموو یانەکانی شەوانە و بازاڕەکان و ئەو چێشتخانانەی خواردنە دەگمەنەکان دروستدەکەن، ئەوان بەڕێوەی دەبەن. بەردەوام لە هاموشۆدان بەبێئەوەی بۆتەنیا ساتێکیش هەست بە ماندووبوون یان بێزاری بکەن لە کارەکانیاندا.

ڕۆبۆتەکان بە وزەی تایبەتە کار دەکەن، کە ڕاستەوخۆ لە هەموو دیوارو کوچەو کۆڵانی ناو گومەزەکەدا شوێنی تایبەتییان بۆدیاری کرابوو، لەڕێگەی گەیەنەری تایبەتەوە، خۆیان بارگ

دەکردەوە. ئەمە تەنیا بۆ ڕۆبۆتەکان نەبوو، بەڵکو ئۆتۆمبێلەکانیش، کە خۆیان بۆ خۆیان ئەوانیش ڕۆبۆتی تایبەت بوون، بەهەمان شێوە خۆیان بارگ دەکەنەوە.

ئاسمانی گومەزەکە بە ماددەیەکی پلاستیکی هاوشێوەی شوشە دروست کرابوو. بەرزاییەکەی لە ناوەڕاستی گومەزەکەدا، 750م دەبوو. بەهۆی چەمانەوەی بازنەیی گومەزەکەوە لە کەنارەکانیا ئەو بەرزاییە کەمتر دەبوویەوە. ئەو فڕۆکە بچووکانەی لەسەر شێوەی باڵندەی گەورە دروست کرابوون، دەیانتوانی چوار گەشتیار پێکەوە سوار بکەن و بە ئاسمانی ناو گومەزەکەدا بیان سوڕێننەوە. دیمەنی زەمینی گومەزەکە لە ئاسمانەکەیەوە، هەستێکی دڵڕفێنی هەیە. لەگۆڕەپانێکی کەناری گومەزەکەوە، فڕۆکەی تایبەت دروست کرابوون کە تەنیا لە دوو باڵ پێکهاتبوون و هیچی تر. گەشتیارەکان ئەم باڵانەیان لە خۆیان دەبەست و وەک باڵندەی گەورە بە ئاسماندا دەفڕین. فڕین بەم باڵانە پێویستی بە وزەی زۆر کەم هەبوو، چونکە زیاتر بە هۆی کەمیی کێشکردنی مانگەوە بوو. پاشان دەبوو لەگەڵیدا کەسەکە وەک باڵندەیەک، باڵەفڕێ بکا تا هەستێکی تەواوی وەک باڵندەی لەلا دروست بوایە. ئەگەر بەو باڵانە فڕیبایت، وات هەست دەکرد کە خواوەند دوو باڵی بۆ دروست کردوویت و بە هێزی خۆت دەفڕیت.

زەوی لە کاتی ڕۆژدا لە ئاسمانی گومەزەکەزەکەوە، دیمەنێکی سەر سوڕهێنەری هەیە، کە سەرنجی هەموو گەشتیارەکانی کێش کردبوو. ڕۆژانە لە بالکۆنی ئەپارتماکانیانەوە بەساڵاچووەکان لەسەر کورسیەک دادەنیشتن و بەدیار دیمەنی شینی زەوییەوە. داڵخەیان بۆ ئەو ڕۆژانەیان ئەچوو کە لەسەر زەوی بە دیار تریفەی مانگەوە دەستلەملانی عاشقەکەنیان بوون.

گومەزەکە، تەواو بەشێوەی شارێکی گەورە دەچوو، چەندین باڵەخانەی گـەورەو ڤێلای جیاجیا و شەقام و کۆڵانی نێوان ئەپارتماکان و سۆپەرمارکێت و دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی هەمەجۆر لە بـازاڕەکـانـدا، کەشێکی دڵڕفێنی خولقاندبوو، لە دوکانەکاندا هەموو کاڵایەک دەسـت دەکـەوت. بەتایبەت ئەو ئامێرە ئەلەکترۆنیانەی وەک ڕۆبـۆت بـوون، کە بە چەندین شێوە دروستکرابوون، لەسەر شێوەی منداڵ و یاری میکانیکی و بووکەشوشە. هەموو ئەمانە لەسەر مانگ دروست دەکران و گەشتیارەکان، وەک دیارییەک، لەگەڵ خۆیاندا بۆ زەوی دەیان بردنەوە.

گومەزەکە تەواو بەشێوەی شارەگەورەکانی وەک لاس فیگاس نیویۆرک، لەزۆر شوێنی ژێر ئەپارتماکاندا قومارخانە هەبوو. زۆر لە سەرمایەدارە گەورەکانی جیهان بۆ کەیفی خۆیان ساڵانە دەهاتن و پارەیەکی زۆریان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. زۆریـان کە تەواو گیرفانەکانیان بەتاڵ دەبـووەوە، لە ڕێگەی ئەو بانکانەوە گیرفانەکانیان پڕ دەکـردەوە کە پەیوەست کرابوون بە حسابە بانکییەکانیانەوە لەسەر زەوی. هەموو داهاتی قومارخانەکان و بـازاڕەکـانـیـش، بۆ مەبەستی تێچووی تاقیکردنەوەکان و فراوانکردنی پڕۆژەکە تەرخان دەکرا. ئەو دەوڵەمەندانە کە لە ڤێلاکاندا دەمانەوە، زیاتر لەگەڵ یەکێک لە ئافرەتە سۆزانییەکانی یانەکانی شەواندا بەرامبەر بە پارە ڕێک دەکەوتن، و تا کاتی گەڕانەوەیان لەگەڵیان دەمانەوە. هەندێکیشیان وەک گۆڕینی ژەمە خواردنەکان، سۆزانیەکانیان دەگۆڕی.

ئاااا.... لەبیرم چوو، قاوەکەم کەمێک سارد بووەتەوە، قومێکی لێ ئەدەم و چاوێک بە دیمەنی ناو گومەزەکەدا ئەگێڕم، سەرنجم لەسەر ئەپارتمانەکەی ‹پرۆفیسۆر ئارۆن› ویستە دەکا. ئێستا بەڕوونی ئەو ڕۆژەم دێتەوە بیر کە ئارۆنم تیا ناسی. بەڕاستی یەکترناسینێکی ناکاو بوو، دڵنیام ئەگەر تۆش لە جێگەی من بووبای هەمان هەڵوێستت ئەبوو، با نەڵێم بەهۆی ئەو گۆشەگیرکردنەی دایکمەوە وای لێ کردبووم بەردەوام ترسێکم لە تێکەڵبوونی کەسەکان هەبێت. ترس بۆ خۆی شتێکی غەریزییە، تەنانەت لەناخی هەموو کەسە ئازاو بەجەرگەکانیشدا هەر هەستی پێ دەکرێ، بەڵام نکووڵی لەوە ناکەم، ئەزانم ئەو ترسەی لە ناخی مندایە ئاسایی نییە، وەکو وتم، لەوانەیە هۆکاری ئەو پەروەردە جیاوازەی دایکم بێت.

پرۆفیسۆر ئارۆن زۆرشتی تایبەتی و نهێنی لە بارەی گومەزەکە و بەشەکانی تری شەپۆلەکانەوە باس کردبوو. ئەو لە سەرەتای دروستکردنی پڕۆژەی گومەزەکەوە، بەشداری کردبوو. کاتێک ئەنجوومەنی پڕۆژەی مانگ لەلایەن کۆنگرێسەوە دادەمەزرێ، بە یەکێک لە ئەندامانی سەرەکی دانرابوو، بەهۆی شارەزاییە تەواوەکەی لە بواری پرۆگرامی کۆمپیوتەر و ئەندازەی ئەلەکترۆنیدا، بەو شێوەیە بەشدار دەبێت لە پڕۆژەکەدا. ئەو بە تەنێ نەخشەی هەموو ڕۆبۆت و پێکهاتە ئەلەکترۆنیەکانی ناو پڕۆژەکە دەکێشێ، کاتێ بڕیاری گەشتەکەی دەدا بۆ سەر مانگ، ناتوانێت بەهۆی خۆشەویستی زۆری بۆ ‹درۆسیا›ی خێزانی، بە تەنیا بڕوا. هەر بەو هۆیەوە داوا لە ئەنجومەنەکە دەکا کە ڕەزامەندی بدەن بە هێنانی درۆسیا لەگەڵ خۆیان، ئەوانیش بەهۆی پێویستییە زۆرەکەیان بە ئارۆن، پەسەندی دەکەن.

دڕۆسیا عەشقێکی ئەفسووناوی بۆ ئارۆن هەبوو. وەک ئارۆن دەیگوت بەبێ ئەو، ئەستەم بوو لەسەر زەوی ژیان بەسەر ببا، ئەوان هەر لە تەمەنی منداڵیەوە یەکتریان ناسیبوو. ئەوان تەمەنێکی پڕلە عەشقێکی ئەفسوناویان بەڕێ کردبوو بەدرێژایی شەوە درێژەکان بەدەم تریفەی مانگەوە ژوانەکانیان بەڕێدەکردوو چەندین پەیڤی عەشق ئامێزیان بەگوێی یەکتریدا ئەچپاند ،ئەوان تەنها دووعاشق نەبوون ،بەڵکوو دوومرۆڤی جیاوازبوون لەنێو بەرگێکی سپیدا دەبینران بەشێوەیەک ئاوێتەی یەکدی بوون ئاستەم بوو بەئاسانی بتتوانیبا لە هەڵسو کەوت و بیرکردنەوە و بڕیارەکانیاندا لێکت جودا بکردبایانەوە ، ئەوان بەهێندەیەک لێک نزیک بوون ، لەهەموو شوێنێکی ئەوشارەدا بەردەوام پێکەوە دەبینران ، تەنانەت لە نێو قوتابخانەو پۆلەکانی خوێندندا بەشێوەیەک دائەنیشتن ، بەئاستەم هەستت بە بۆشایی نێوانیان دەکرد. کاتێ ئارۆن زانکۆ تەواو دەکا دڕۆسیا دەبێتە مامۆستای وانەی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەیەکی شاری واشنتن دی سی، ساڵێک بەسەر تەمەنی مامۆستایی دڕۆسیادا تێپەڕ نابێت، ئارۆن داوای هاوسەرگیری لێ دەکاو پێکەوە لە خانوویەکی بچووکی نزیک ئەو قوتابخانەیەی دڕۆسیا وانەی تیا دەوتەوە، جێگیر دەبن. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا دڕۆسیا هیچ منداڵیکی لە ئارۆن نابێت، ئیتر دڕۆسیا بەهۆی حەزی زۆری بۆ منداڵ، کارەکەی دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانەی منداڵە بێ سەرپەرشتەکان. ماوەی چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە. بەهۆی خۆشەویستی بۆ منداڵ، هەستێکی وەها لە ناخی منداڵەکاندا دروست دەکات، هەموو منداڵەکان وەک دایکێکی نمونەیی لێی دەڕوانن. کاتێ بڕیاری گەشتەکەی ئەدا

لەگەڵ ‹ئارۆن›ی هاوسەری، هەموو منداڵەکان نارەزایی خۆیان ئاراستەی بەڕێوەبەری قەتابخانەکە دەکەن و بە گریانەوە دێنە بەردەمی ماڵی درۆسیا، درۆسیا کە دیمەنی گریان و پاڕانەوەی ئەو منداڵانە دەبینێ، کە دڵی هەموو مرۆڤێکیان دەهەژاند، زۆر کاری تێدەکا و ناچار دەبێت بۆ ماوەیەک، گەشتەکەی لەگەڵ ئارۆن دوا دەخا، بەڵام خۆشەویستی زۆری درۆسیا و منداڵەکان ناتوانێت ڕێگە لە گەشتەکەی لەگەڵ ئارۆن بگرێ، هەربۆیە دواجار بەناچاری و بە دڵێکی پڕ خەم و گریانەوە، بەرەو هەسارەی مانگ بەڕێ دەکەوێ.

ئارۆن پیاوێکی باڵابەرزی باریکەلەی ئێسک باریک بوو، ئەوەندە لاواز بوو ئێسکەکانی دەموچاوی دەرپەڕیبوون، تەواو لە مردوویەک دەچوو کە تازە لە گۆڕەوە دەرهێنرابێ. ئێستاش بە تەواوی بیرم ماوە، بۆ یەکەم جار لە قاوەخانە گەورەکەی ناو گومەزەکە تووشم هات، ئەوەندەی هەفتەیەک دەبوو هاتبوومە گومەزەکەوە. ئەو ڕۆژە بەتەواوی هەستم بەبێکەسیی خۆم دەکرد، بۆئەوەی ئەو خەمۆکییەی ناخم کەمێک بڕەوێنمەوە، سەردانێکی ئەو قاوەخانەیەم کرد کە دەکەوتە نهۆمی دووەمی ئەپارتمانێکەوە، ئارۆن لە مێزەکەی بەرامبەرم دانیشتبوو، بە چاوە بچکۆلە و زیتەکانی لێمی دەڕوانی، زۆر نامۆ دەبینرا. لە مەردومی ڕاستی نەدەچوو، وام دەزانی بوونەوەرێکە و تازە دۆزراوەتەوە. لێم مەگرە وا دەڵێم لە هەسارەیەکی نامۆدا، زۆر ئاسایی بوو بە لامەوە کە بوونەوەرێکی جیاواز هەبێت. تەنیا من وام نەئەبینی، بەڵکو زۆرێک لەو گەشتیارانەی یەکەمجار ئەو دیمەنەی ئارۆنیان دەبینی، هەمان بۆچوونی منیان لەلا دروست دەبوو. من لەوە

سەرم سوڕمابوو درۆسیا بەو ناسکی و جوانییەوە چۆن دڵی چووەتە سەری. ئەمە پرسیارێکی تایبەتە، ڕەنگە درۆسیا بۆ خۆی وەڵامەکی بزانێت.

ئارۆن سەری تەواو ڕووتابووەوە و چرچ ببوون. لاجانگەکانی چەند تاڵێک مووی زەردیان پێوە مابوو. ناوچەوانی چرچی دای پۆشیبوو، لووتێکی درێژو باریک، جووتێک چاوی شینی بچووکی زیت، وەک کوژەکە دەبریسکانەوە، ژێر پێڵووی چاوەکانی شۆڕببوونەوە، جەستەیەکی ڕەقوتەق لەناو بەرگێکی ڕەگ ڕەساسی چرچ و لۆچ. سەرنجەکانی هێندە تۆقێنەر بوون ترسێکی گەورەیان لە ناخمدا دروست کربوو، وام هەست دەکرد، ئێستا نا تاوێکی تر هێرش دەکاتە سەرم. سەرنجەکانی ئارامیان لێ بڕیبووم.

ئەو ڕۆژە قاوەخانەکە چۆڵ بوو، لە ڕۆبۆتەکان زیاتر کەسی ترم بەدی نەکرد. چەند جارێک ویستم لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانەوە، بارێکی نائاسایی بەخۆم ڕابگەیەنم و ڕۆبۆتی ئاسایشی ناو قاوەخانەکە ئاگادار بکەمەوە، بەڵام ئەوەم بەگونجاو نەزانی. ئاگادارکردنەوەی ئەوان بۆکاری تێکدەرانە و ڕوودانی نائارامی دەبوو. چەند جارێک بەخۆم ئەوت:

«ئێ خۆ ئەم کابرایە نەهاتووە یەخەم بگرێ، یان پەلامارم بدا. ئەو تەنیا سەرنج ئەدا و هیچی تر، ئەگەر هاتو شتێک ڕووی دا، ئەوەندە بەسە بڵێم هاوکاری، هەموو ڕۆبۆتەکان بەهۆی ئەو ئامێرەی لە گوێکانمایە دەگەنە سەرم»..

ئێستاش بەتەواوی وێنای ئەوساتە ترسناکە دەکەم واهەستدەکەم ئێستا ڕووئەدا. ئارۆن سەرنج ئەدا بە شێوەیەک وەک ئەوەی

بییەوێت بەرەو ڕووم بێت. قاچەکانم دەلەرزن، وەک ئەوەی کەسێک پێم بڵێ «بڕۆ خۆت لەو دۆخە قوتارکە»، چاوەکانی ئەوەندە زیت و ترسناک بوون، ئاستەم بوو بۆم، توانییام خۆمیان لەبەر ڕاگرم. ناچار بیرێکم بۆ هات، لەسەر کورسییەکە هەڵسام، بە ترسێکەوە خۆم گەیاندە ناو ئەو ئەسانسۆرەی پێداویستییەکانی قاوەخانەکەی پێ دەگوازرایەوە،کاتێک بەرەو دەرگای ئەسانسۆرەکە دەچووم ، واهەستم دەکرد ئێستا لە دواوە هێرش دەکاتە سەرم، کاتێ گەیشتمە ناو ئەسانسۆرەکە، بێئەوەی ئاوڕ بۆ دواوە بدەمەوە، پەنجەم بە دووگمەی نهۆمی دوودا نا، بۆئەوەی بچم بە یارییە ئەلەکترۆنییەکانەوە خۆم سەرقاڵ بکەم. لەگەڵ ئاوڕدانەوەم بۆ دەرگاکە، ئارۆن بە سەرسامییەوە لەناو دەرگاکەدا، لەبەر دەممدا وەک مرۆڤێکی مۆمیاکراو وەستابوو. پارچە کاخەزێکی قەدکراوی بەدەستەوە بوو، کاغەزەکە ئەوەندە چرچ بوو لەوە دەچوو چەند ڕۆژێک بێت لە گیرفانیدا هەڵی گرتبێت. لەگەڵ بینینی ئەودا، خوێن لە جەستەمدا نەما. لەجێگەی خۆمدا ڕەق ڕاوەستام. بێئەوەی هیچ بڵێت، چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورەم ئەکرد. ئارۆن بە دەستە لەرزۆکەکانییەوە، کاغەزەکەی بۆ درێژ کردم و بە چاوێکی بەزەییەوە لێمی دەڕوانی، وەک ئەوەی پێم بڵێت:

«تکایە لێم وەرگرە».

بەبێئەوەی بە ویستی خۆم بێت، نەستیانە دەستم بۆ درێژ کرد و کاغەزەکەم لێ وەرگرت. هەمانکات بێئەوەی پرسیاری ئەوەی لێبکەم،

«ئەمە چییە؟ چی تێدا نووسراوە؟ بۆچی ئەیدەیتە دەستم؟ تۆ کێیت؟ من ناتناسم».

کاغەزەکەم لە گیرفانم نا. هێزی ئەوەم نەبوو بیکەمەوە، بە گەیشتنم بە نهۆمی دووەم، خۆم لەناو عەشاماتی گەشتیارەکاندا بینییەوە. بە پڕتاو خۆم گەیاندە سووچێکی هۆڵەکە، پرسیارگەلێک مێشکمیان ورووژاندبوو:

«دەبێت ئەو کاغەزە چیی تیادا نووسرابێت! تۆ بڵێی کێشەیەک ڕووی نەدابێ، ئەبێ ئەم کابرایە چیی لە من بوێت! بۆچی لەناو ئەو هەموو کەسەدا یەخەی بە من گرتووە! تۆبڵێی داوای پارەم لێ بکا! بەڵێ.. لەوانەیە وا بێت».

دیمەنی بە قومارچییەکی دۆڕراو دەچوو، ئێ باشە خۆ ئەگەر دوای پارەش بکا. هیچ فلسێک شک نابەم. بۆ هەر پێداویستییەک، ئێمە لە ڕێگەی ئامێری گوێکانمەوە کەسایەتیمان دەناسێنرێ، ئەویش بۆ ئەوەی هەرچییەکم بوێت، بە بڕی دیاریکراو داوای بکەم. جگە لە یاری قومار نەبێت، کە بۆ ئێمە قەدەغە کراوە. ئیتر چۆن بتوانم ئەگەر پارە بۆ خۆم قەدەغە بێت، بۆ ئەوی بخوازم! ئەگەر داوای ئەوەی کردبێت، ئەوە ڕاستەوخۆ ئاگاداری دەکەمەوە و پێی دەڵێم: «من ئەندامی پرۆژەکەم و پارە بەکار ناهێنم». ئەگەریش سوور بوو لەسەر داواکەی، ڕۆبۆتەکانی لێ ئاگادار دەکەمەوە. گوڕێکم بە خۆم داو کاغەزەکەم کردەوە، نووسرابوو:

«من پرۆفیسۆر ‹ئارۆن›م. دەمەوێت لە پرۆژەکەتدا هاوکاریت بکەم. زۆر کاری گرنگ هەیە کە دەمەوێت بە تایبەت پێتی بڵێم. تکایە ئەمشەو بەتەنێ سەردانی ماڵەکەم بکە لە ئەپارتمانی ژمارە ‹31› نهۆمی یەکەم، دەرگای ژمارە ٢. سوپاس.. چاوەڕوانتم.. تکایە با کەس نەزانێت».

ئەم نووسراوە، هەموو بۆچوونەکانمی بەتەواوی گۆڕی. لەنێوان دوو بڕیاری جیادا مام، بۆخۆشم نازانم کامیان هەڵبژێرم، نازانم، تووشی چ کارەساتێک هاتووم. بەردەوام ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد: «بۆچی کەس نەزانێت؟» تێناگەم.. دەبێت مەبەستی چی بێت! ئاخۆ ئەم پیاوە کاری بە من چی بێت! بۆچی هاوکاریم دەکا! تۆبڵێی پلانێکی خراپی نەبێت؟! یان ئەوەتا بۆ خۆی دەڵێت من پڕۆفیسۆرم. ئێ باشە بۆچی بەرگی فەرمیی لەبەردا نەبوو؟! بۆچی بەو شێوەیە خۆی نیشان ئەدا؟!

ئەمانە و چەندین بۆچوونی سەیر و سەمەرە مێشکیان تەواو سەرقاڵ کردبووم، بۆخۆشم نەمدەزانی چ بڕیارێک بدەم، سەردانی بکەم یان فەرامۆشی کەم، زۆرجار بەخۆم دەگوت «نا.. لەوە ناچێت ئەو پیاوە درۆ بکا.. بۆچی نابێت ئەوە پیاوێکی گەورەبێت؟! بۆچی نابێت! خۆ ئەو کەسە گەورانە زۆرجار لە بەرگی بەو شێوەیەدا خۆیان نیشان ئەدەن. من دڵنیام لەوەی زۆر لە زاناکان تەواو بە شێت دەچوون، خاوەنی ڕەفتاری سەیر و سەمەرە بوون، زۆریان لەلای خەڵک جێگەی گومانیش بوون. منیش ئەو ڕەفتارە گوماناویانە لە خۆمدا دەبینم، بۆ نمونە هەست بە ترسێکی نائاسایی دەکەم، تۆ بڵێی ئەوە وام لێ بکات ببمە زانا؟! دوور نییە. ئەو وتەیەی پڕفیسۆر ‹کلارک›م بەبیر دێتەوە کە دەیگوت: «زاناکان ئەوەندەی بایەخ بە بیرکردنەوە لە کارەکانیان دەدەن ئەوەندە بایەخ بە خۆیان نادەن».

دڵنیام ئەو قسەیەی کلارک ڕاستە. لەبیرم دێت، ئەوەندەی بایەخم بە خوێندن و دۆزینەوە داوە، قەت ئەوەندە بیرم لەو شتانە نەکردووەتەوە کە هاوڕێکانم بیریان لێ دەکردەوە. بۆ

نمونە سێکس لەگەڵ کچەکانی زانکۆ.. یان ئەو گەشتانەی هەموو کۆتایی هەفتەیەک لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیاندا دەچوونە دەرەوەی شاری نیویۆرک و شەویش لەوێ دەمانەوە. دڵنیام ئەو شەوانە تا سپێدە لە ئامێزی یەکتریدا خۆشترین چێژیان بە یەکدی بەخشیوە. من هەست بەوە دەکەم.. لەوانەیە هەر ئەو دوورە پەرێزییەم کە دایکم بە شیاوی دەزانی ڕەنگدانەوەی لەسەر ترسەکانم هەبێت. بەناچاری و گومانێکی زۆرەوە بڕیارم دا، بەڵام ئەوەی تووشی گومانی کردووم، ئەوەیە: بۆچی دەبێت بە تەنێ و بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێک، سەردانی بکەم! دەبێت ئەم پیاوە چی بێت! چی لێم دەوێت؟ بۆچی هاوکاری پڕۆژەکەم دەکا؟ باشە ئەو چۆن دەزانێت من پڕۆژەم هەیە؟ یان سەرقاڵی چیم و چ کارەم؟

زۆر لەو پرسیارگەلانە تەواو تووشی گومانی سەیریان کردبووم. ئەی ئەگەر نەڕۆم چی ڕوو ئەدا؟ یان بە پێچەوانەوە؟ تۆ بڵێی ئەم پیاوە بیەوێت بمکوژێت! یان تووشی کارێکی خراپم بکا؟ لەوانەیە.. بەڵام بۆ چی؟ من چیم کردووە تاکو بم کوژێت؟ ها؟ دەڕۆم و سەردانی دەکەم، بەڵام دەتوانم بە وردی و لەسەرخۆ و زرنگانە لێی بکۆڵمەوە، تاکو بزانم ئەم کابرایە کێیە. باشە خۆ ئەگەر لە گەشتیارەکان بپرسم، کەس نایناسێت، ئەویش مەبەستی بوو کەس نەزانێت. دەڕۆم، چی دەبێت با ببێت، کێ ناڵێت ڕاست ناکا و هاوکارییەکی باشم ناکات. لەوانەیە ئەو زۆر شت بزانێت. لەوانەیە شارەزاییەکی باشی لە بوارەکەی مندا هەبێت. دوور نییە ئەویش سەرقاڵی هەمان پڕۆژەی من نەبێ. بۆچی نابێت! دەڕۆم، سەردانی دەکەم.

ئەو ئێوارەیە گیزەگیزی فڕۆکەکانی ناو گومەزەکە مەردومیان هەراسان دەکرد، گەشتیارەکان ئەوەندە زۆر بوون وەک مێروو بە هەموو شوێنێکی ناو گومەزەکەدا بڵاو ببوونەوە، ئەو کامێرایانەیان بە دەستەوە بوو کە لەناو دوکانەکاندا ڕۆبۆتەکان دەیانفرۆشتن. بە هەموو لایەکی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکەدا دەگەڕان و لە نێوان ئەو دار و گوڵە جۆراوجۆرانەی لە ڕێگەی گۆڕینی جیناتیانەوە بەرهەم هاتبوون، وێنەیان دەگرت. بە سەرنجەوە لێیان دەڕوانین. زۆرێک لەگەشتیارە دەوڵەمەندەکان، ڕۆبۆتی تایبەتیان بەکرێ گرتبوو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەو هاوکاریکردنیان لە گەڕان و پێدانی زانیاری لەسەر شتە جیاوازەکانی سەر مانگ. بەشێکی زۆری گەشتیارەکانیش بە ئۆتۆمۆبیلە وزە خۆرییەکانەوە بە خۆشحاڵی و پێکەنینەوە بە شەقامەکاندا دەگەڕان وێنەی دیمەنی ئەپارتمانە سێ نهۆمیەکان و ڤێلاکانیان دەگرت، لەگەڵ ئەو ڕۆبۆتانە وێنەیان دەگرت کە لەناو گومەزەکەدا بە خاوێنکردنەوەی باخچەکانەوە خەریک بوون.

ئەو ئێوارەی بڕیارمدا سەردانی ئارۆن بکەم، سواری یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکان بووم. پێم ڕاگەیاند بمگەیەنێتە ئەو ناونیشانەی کە ئارۆن بۆی نووسیبووم. ئوتۆمۆبیلەکان شۆفێریان نەبوو، هەموویان، وەک ڕۆبۆتێکی تایبەت کاریان دەکرد، یادەکانیان بەسرابوو بە یادی کۆمپیوتەری سەرەکی ناو گومەزەکەوە. هەموویان بە جۆرێک ڕێکخرا بوون کە شارەزای هەموو جێگەو شوێنێکی ناو گومەزەکە بوون و نەخشەی هەموو بەشەکان، لەسەر شاشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ پەخش دەکرا. بەدەر لەوەش، دەیانتوانی وەک ڕۆبۆتە ئاساییەکان لەگەڵ سەرنشینەکان قسەیان کردایە و وەڵامیان بدایەوە.

نزیک ئەپارتمانەکە بوومەوە، لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم. بۆ دڵنیایی لە ژمارەی ئەپارتمانەکەم ڕوانی، بەرەو نهۆمی یەکەم ڕۆیشتم، بەردەم دەرگای ماڵی ئارۆن بە چەندین گوڵی هەمەجۆر ڕازێنرابووەوە پەلی دارگوڵەکان ئەوەندە بڵند بوون پەلەکانیان بەشی سەرەوەی دەرگاکەیان داپۆشیبوو. بۆن و بەرامەی گوڵەکان مرۆڤ سەرسام دەکەن، ئەوەی بە تەواوی دەروونی ئارام کردمەوە ئەو نووسینە بوو کە لەسەر دەرگاکە بە خەتێکی گەورە نووسرابوو ‹پرۆفیسۆر ئارۆن›.

بەهێمنی پەنجەیەکم نا بە دوگمەی ئاگادارکردنەوەکەدا، هێندەی نەخایاند، ئارۆن دەرگاکەی کردەوە و بە بینینی من، خۆشحاڵییەکی تەواو، سیمای ئارۆنی داگیرکرد. بەڕوویەکی گەشەوە فەرمووی لێکردم. هەر نهۆمێکی ئەپارتمانەکان لە سێ ژوور پێکهاتبوو، وەک هۆڵێکی گەورەی دانیشتن و ژوورێکی نووستن و چێشتخانەیەکی بچووک لەگەڵ حەمام و دەستشۆرێک، دیوارەکانی لە میتاڵی ئەلەمنیۆم دروست کرابوون و بە ماددەی سلیلۆزیی هەمەڕەنگ داپۆشرابوون، کە پلەی گەرمی ژوورەکانی ڕێک دەخست.

دیواری هۆڵەکە بە چەندین وێنەی لە چوارچێوەنراو ڕازێنرابوونەوە. بەشێکی زۆری وێنەکان، وێنەی ئەو منداڵانە بوون، کە درۆسیا وانەی پێیان وتبوو. لە وێنەیەکیاندا درۆسیا لە ناوەڕاستی هەموویاندا وەستابوو، منداڵەکانیش وەک دایکێکی بەسۆز و میهرەبان، باوەشیان پیادا کردبوو. لە وێنەکاندا وێنای هەستی ئەو منداڵە بێسەرپەرشتەکانم ئەکرد کە بۆ درۆسیا هەیانبوو. زۆری وێنەکان لە یەک دەچوون، چونکە هەمان ئەو منداڵانە بوون. تەنیا لەوەدا جیاواز بوون کە لە هەر وێنەیەکدا هەر

یەکەیان لە شێوەی دانیشتن و وەستانیاندا جیاواز بوون.

لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا، وێنەیەکی گەورەکراوی ئارۆن و درۆسیا هەڵواسرابوو. دیاربوو وێنەی سەرەتای هاوسەرگیرییان بوو. هەردووکیان لەناو بەلەمێکی بچووکدا وەستابوون و باوەشیان بە یەکتریدا کردبوو. لە چاوی هەردووکیاندا، عەشقێکی بەهێز دەبینرا. لەوە دەچوو لەو ساتەدا لە مانگی هەنگوینیدا ئەو وێنەیان گرتبێت. درۆسیا پرچە درێژو خاوەکەی بەسەر شان و ملیدا بڵاو کردبووەوە و ئارۆن چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودا بوو، لەو کاتەشدا هەر لاواز بوو.

لەناو هۆڵەکەدا، تاقمێکی ڕەنگ سەوز دانرابوو، کە لایەکی بە دیواری هۆڵەکەوە نووسابوو، دوو لاکەی تری هۆڵەکەیان کردبوو بە سێ بەشەوە، لە ناوەڕاستی تاقمەکەدا، مێزێکی شێوە هێلکەیی شووشە دانرابوو، کە لە ناوەڕاستی سەر مێزەکەدا دوو چەپکە گووڵی سوور لەناو گوڵدانێکدا بوو. شێوەی هۆڵەکە سادە دیار بوو، دەرگای ژوورەکان ڕوویان لە هۆڵەکە بوو.

ئارۆن لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستابوو، وەک ئەوەی پێشوازی لە میوانێکی گەورە بکا. بە زەردەخەنەیەکی خۆشحاڵییەوە، بەخێرهاتنی کردم. لەو ساتەدا، درۆسیا لە ژووری نووستنەکە دێتە دەرەوە بە بینینم، زەردەخەنەیەک دەکا و بە هێمنی دێتە لامەوە وەک ئەوەی بمناسێت. دەستە لاواز و چرچەکانی بەسەر سەرمدا دەهێنێ. بە چاوە کزەکانی لێم دەڕوانێ، بە دەنگە لەرزۆکەکەی پێی ووتم.

«تۆ قوتابی من نەبوویت؟»

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکەیدا ئارۆن هەڵیدایە:

«با ئەوە یەکێکە لە قوتابییەکانت، ئەوەتا گەورە بووە و هاتووەتە ئێرە، بەتەمای تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە».

بە نیگایەکی گوماناوییەوە لێم دەڕوانێ.

«وا نییە ئاریا؟!».

لە نێوان هەردووکیانا دۆش دامابووم، بۆئەوەی ئارۆن بەدرۆ نەخەمەوە. بەسەر وەڵامێکی بەڵێم بۆ دایەوە. ڕەفتارەکانی درۆسیا ئاسایی نەبوون، لە قسەکانیدا وێنای خەمێکی قووڵ ئەبینم، خەمێک کە بە درێژایی تەمەنی لەناو دڵیدا وەک منداڵێک گەورە بووە، بە تەواوی هەموو بیرو هەستێکی داگیر کردووە. بە شێوەیەک کە لە هەموو ڕەفتارێکیدا خۆی دەنوێنێ، بێئەوەی درۆسیا خۆی هەستی پێبکا. دڵنیام بۆ خۆشی نازانێت، بەڵام کاتێک دەپەیڤێت، لەناو هەموو وشەیەکیدا ئەو خەمە، خۆی حەشارداوە. درۆسیا بە بینینم هەستێکی جیاوازی لا دروست بووە، لێوەکانی بەردەوام دەخەنێن، بە چاوە هەنگوینیەکانی بەردەوام لێم دەڕوانێ، وەک ئەوەی بە کەسێکم وێنا بکا.

لەو کاتەوەی درۆسیا هاتبووە سەر مانگ، هێندەی ئێستا بەختەوەر نەبووە، تاوناتاوێک بە دەستەکانی، پرچە سپییەکانی شانە دەکات، لەگەڵ پێکەنینەکەیدا چرچی ڕومەتەکانی زیاتر دەبێت، دەمارەکانی لەپێستە سپیەکەیەوە دەبینرێن. هەستێکی جیاواز لە دەروونمدا دەبزوێت، نازانم بۆچی بەو شێوەیە بیر دەکەمەوە، لە سیمای درۆسیادا وێنەی دایکم دەبینم، بۆ خۆشم نازانم بۆچی هەموو شتەکان بەو شێوەیە وێنا دەکەم. هەستێک پڕ لە سۆزو خۆشەویستی دایکمی پێ دەبەخشیم. بەدەست خۆم نییە، ئەو هەستە لە ناخمدا وەک گڕکانێک دەوروژێت و دەڕژێتە

ناو مێشکمەوە، تۆ بڵێی هۆکاری ئەو دەنگە نەبێت لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە، وام لێ دەکا هەموو شتەکانی ناخم بدرکێنم.

من بۆ خۆشم توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەنگەم نییە، وا هەست دەکەم ئەو دەنگە هێزێک بێت لە سووچێکی مێشکمدا خۆی حەشار داوە، بەتەواوی هەست بە گۆڕرانی ناخم دەکەم، لەوانەیە هەموو ئەوانە هۆکاری دووریی دایکم بێت، ئێستا هەست بە مەزنیی ئەو دەکەم، خۆشەویستی ئەو لە درۆسیادا دەبینیمەوە، پێم خۆشە پڕ بە دڵم لە ئامێزمی بگرم. دڵنیام هەمان بۆنی دایکمی لێ دێت. تاو نا تاوێک پرسیاری لێ دەکردم، هەر جارەو ناوێکی دەگوت:

«تۆ لە ‹کارڵ› دەچێت، زۆر لەو دەچیت، نا.. ئێستا بیرم هاتەوە تۆ ‹ماک›یت. دەزانم لە وانەی کیمیادا زۆر زیرەک بوویت..».

بەردەوام ئەم قسانەی دەوتەوە، هەر جارە و پرسیارێکی سەیری دەکرد و بابەتەکەی دەگۆڕی، ناچار ئارۆن، بە دەنگێکی هێمن بە گوێکانی درۆسیادا چپاندی:

«درۆسیا گیان.. ئێمە هەندێ قسەمان هەیە، دەتوانیت کەمێک بەجێمان بێڵیت؟».

درۆسیا بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، بە هێمنی لە جێگەکەی خۆی هەڵساو بە دەم ئاوڕدانەوەوە بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت.

ئارۆن، بەرامبەرم دانیشت. نەرمە کۆکەیەکی بۆ کردو دەستی بەقسەکانی کرد:

«دەزانیت بۆ چی بانگم کردیت بۆ ئێرە؟ بە دڵنیاییەوە نازانیت، ئێرەم سنووردار کردووە لە چوونەدەرەوەی هەموو شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی، دڵنیا بە کەس ناتوانێت قسەکانمان ببیستێ. من

خۆم دەزانم چۆن ئەم کارەم کردووە.. شارەزام.. بەڵێ، زۆریش.. ئەوان نازانن کە من ئەم کارەم کردووە.. خۆ ئەگەر بزانن، ئەوا سزایەکی توندم ئەدەن.. بۆ خۆت باش دەزانیت کە سزای ئێرە چۆنە! ئیرە زۆر ترسناکە، ئەوەی شتێکی زیاتر لە بارەی ئێرەوە بزانێت، باوەڕت هەبێت، وەک منی بەسەر دێت دەستبەسەری ئەکەن.. ئەزانیت، ئێرە زۆر نهێنیی تیایە، من دەیانزانم، باوەڕم پێ بکە».

ئەوەندە قسەکانی دووبارە دەکردەوە جارسی کردبووم، وەک شێتێکی تەواوە ڕەفتاری دەکرد. هەموو جارێک بەدەم قسەکردنەوە، جێگەی خۆ چاک دەکرد و سەری دەهێنایە پێشەوە، تا ئەوەندەی نەمێنێ لووتی بنێت بە لووتمەوە، بێئەوەی بوەستێ دەستی بە قسەکردن کردەوە:

«بەڵێ.. تەنانەت باش دەزانم کە تۆ بۆچی هاتوویتە ئێرە! دەزانم تۆ ئەتەوێت، تاقیکردنەوە لەسەر دۆزینەوەی شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ بکەی وانییە؟».

بە سەرسوڕمانەوە سەرێکم بۆ لەقاند، ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە بە گوڕێکی ترەوە دەستی بە قسەکانی کردەوە:

من دەتوانم هاوکارییەکی باشت بکەم.. دەزانیت؟ ئەو ‹دایڤید›ە گێژ و دەبەنگە، نەیتوانی سەرکەوتوو بێ، ئەو دەیویست لە ڕێگەی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکانەوە پەیوەندی بە مێشکەوە بکا. بەڕاستی لاوێکی زۆر دەبەنگە. من نازانم ئەو گێلەپیاوە چۆن دکتۆرای بەدەست هێناوە! بەڕاستی دەبەنگە! یەک ساڵی ڕێک، خەریکی تاقیکردنەوە بوو. دواجار تاقیکردنەوەکەی لەسەر درۆسیا کرد، ئاگادار نەبووم، ئەگینا ڕێگەم بە کاری وا نەئەدا.

ئەو لەگەڵ دکتۆر کریستینا ڕێک کەوتبوون، کە چۆن کارەکەیان بکەن. پێشتر پلانیان بۆ ئەوە دارشتبوو. ئەزانی چۆن؟ ئەو ڕۆژە درۆسیا تەندروستی باش نەبوو. تووشی ژانەسەرێکی گران هاتبوو، منیش بەپەلە پەیوەندم بە فریاکەوتنەوە کرد. ڕۆبۆتەکان بە پەلە هاتن و درۆسیایان برد بۆ نەخۆشخانەکەی کریستینا. نەخۆشییەکەی ئەوە نەبوو کە تووشی ئەمەی بکا، ئێستا درۆسیا توشی لەبیرچوونەوەو خەوزڕان و سەرئێشەی توند هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەبەر خۆیەوە وڕێنە دەکا و هەندێک کات وەک منداڵ بێتەوە، ناوی هاوڕێکانی منداڵیی خۆی دێنێت و لەبەر خۆیەوە قسەیان لەگەڵدا ئەکا.

ئارۆن هەر قسەی دەکرد، بواری ئەوەی پێ نەئەدام ئەو پرسیارەی کە ببووە خولیای مێشکم، بیدرکێنم. هەرچۆنێک بێت، دەرفەتێکم لەنێو قسەکانیدا قۆستەوە، پێم وت:

«بەڕێز ئارۆن.. ئەتوانی پێم بڵێی چۆن زانیت من بۆتاقیکردنەوەی شەپۆلی مێشک هاتووم؟ پاشان بەڕێزتان چ کارێکی تایبەتتان بە من هەیە؟».

بەو چاوە زیتانەی کە لێمی دەڕوانی، هەستم بە ترسێکی تۆقێنەر دەکرد، لە ڕەفتارەکانیا شتێکی نامۆم دەبینی، گومانم لەوە هەبوو، پرۆفیسۆرێکی وەها مەزن بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتار دەکا! ئەوە نازانم، بەڵام دیسانەوە بیرم بۆ ئەوە دەچێت، زاناکان خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەتین، ئەو کەسایەتییەی کە هەموو کەسێک ناتوانێت بە ئاسانی لێی تێ بگا و خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بکا، ئەوەش ڕەفتارێکی تەواو قێزەونە بۆ خۆی. ئارۆن بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە وتی:

«بە دڵنیاییەوە، ئەگەر بەڕێزتان ڕێگە بدەن، دەتوانم زانیاری زۆرتان بدەمێ».

بەپەلە قسەی دەکرد، دەیویست لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەموو شتێ بڵێت، هەندێکجار ئەوەی باسی دەکرد لە بیری دەچوویەوە و دەچووە سەر باسێکی تر. نەخۆشییەکەی درۆسیا و دەست بەسەربوونی لەسەر مانگ، کاریگەریی زۆری لەسەر ئارۆن دروست کردبوو. هەستم بەو ئازارەی ناخی ئارۆن دەکرد. بەتایبەت ڕەفتارە نامۆکانی درۆسیا، ئەوەندەی تر هەستی بزواندبووم، هەرچەندە بە قسە دووبارە و سێ بارەکانی ئارۆن جاڕس ببووم، بەڵام بەناچاری گوێکانم بۆ شل کردبوو، چی دەڵێت با بیڵێت، چاوەڕوانی ئەو خاڵەم دەکرد کە هەردووکمان تێیدا دەوەستین.

«دکتۆرام لە بواری ئەندازەی ئەلەکترۆن و شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکاندا هەیە.. دەتوانم بەشێکی زۆری زانیاری کۆمپیتەرەکان لە ڕێگەی هاردی ڕۆبۆتەکانەوە وەرگرم بۆ لای خۆم، مەبەستم مێشکی ڕۆیۆتەکانە، ئەوان هاردەکانیان بەستراوە بە کۆمپیوتەری سەرەکیی گومەزەکەوە. ئەوان لە هەموو ڕووداوێکی ناو گومەزەکە ئاگادار دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی کەسەکان و گەشتیارەکان بناسنەوە و زانیاری لەسەر هەڵسوکەوتیان کۆ بکەنەوە. کاتێک بەڕێزتان هاتن، لە ڕێگەی ئەوانەوە، توانیم زانیاری لەسەر بەڕێزتان پەیدا بکەم و ئیشوکارتان لێرە بزانم. ئەمە کارێکی نایاساییە، خۆ ئەگەر ڕایمۆن بەمە بزانێ، دڵنیام لەوەی کە سزایەکی توندترم ئەدا. هەربۆیە داوام لە بەڕێزتان کرد بۆ قسەکردن بێنە ئێرە. بەڕاستی ئەگەر سەرکەوتوو بیت لە کارەکەتدا

تکام وایە، هاوکاریم بکەیت لە چارەسەری درۆسیادا، ئەوە هەموو مەبەستێکی منە. ئەوان ڕێگەیان نەدام بگەڕێمەوە بۆ زەوی. دڵنیام لەوێش چارەسەر ناکرێ. ڕایمۆن لەوە دەترسێت کارەکانیان لەسەر زەوی ئاشکرا بێت. دەزانم. هەربۆیە دەستبەسەریان کردووم. من زۆر تکام لە ڕایمۆن کرد، بەڵام ڕازی نەبوو. ئەو دڵی وەک بەرد وایە. تکات لێ دەکەم بەڕێز ئاریا، تکات لێ دەکەم و هیوادارم هاوکاریم بکەی. ئەوە بۆ من زۆرگرنگە، دواتر ڕێگایەک بۆ هەڵهاتنم ئەدۆزمەوە، ئیتر با ئەو ڕایمۆنە دڕندەیە ڕێگەم پێ نەدا، تەنانەت ڕێگەی تاقیکردنەوەکانیشمی لێ گرتووم. تەنانەت سەردانم بۆ شەپۆلەکان لێ قەدەغەکراوە. ئەو دەزانێت من زۆر زیرەکم، دەتوانم هەر ڕۆژێک بێت ئەو دیوارە بشکێنم و خۆم بگەیەنمە ناو کەشتییەک و بەرەو زەوی هەڵبێم.

ئەو شەوە ئارۆن زۆر قسەی بۆ کردم تا ئەوەندە درەنگی کرد، بە دەم قسەکانییەوە باوێشکم ئەدا. لەو ماوە زۆرەی من و ئارۆن قسەمان دەکرد، درۆسیا لە ژوورەکەی خۆی نەهاتە دەرەوە. وەک ئەوەی مردبێت هیچ ورتەی لێوە نەئەهات. ئەو شەوە قسەکانی ئارۆن و دیداری  زۆر ناخۆش بوون، بەتایبەت بینینی دیمەنی درۆسیا، خەمی دووری دایکمی لە ناخمدا وروژاندەوە، لە هاتنەوەم لە ماڵی ئارۆن، ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە لە دیمەنی هەسارەی زەویم دەڕوانی، زەوی وەک دیمەنە خەمبارییەکانی دایکم دەهاتە پێش چاو. ئەو شەوە زەوی بۆ من بووبووە دایک و بە دەم یادگارەکانی منداڵیمەوە لە تەکیا ڕۆژم کردەوە، تا سپێدە وا هەستم دەکرد لە ئامێزی ئەودا هەموو هەست و دەرونم ئارام دەگرێ.

# 3

2047-6-27

کەشی ناو گومەزەکە جێگیر و خاوێنە، بادەرکێشەکان بە جۆرێک کار ئەکەن، کە زۆر بەئاستەم، هەست بە جووڵەی با لەناو شەپۆلەکاندا ئەکرێ، بەردەوام ئاڵوگۆڕی با بەشێوەیەکی هێمن کار دەکات. جیاوازە لە جووڵەی هەوای ناو گوومەزەکە، کە بەهۆی زۆریی گەشتیارەکانەوە وا پێویست دەکا، بەردەوام هەوا بەشێوەیەکی خێرا بجووڵێت. هەربۆیە ئەو بادەرکێشانەی ناو گومەزەکە، ئەوەندە بەهێزن زۆرجار لەکاتی پێویستدا جووڵە بایەکی خێرا لەناو گومەزەکەدا دروست دەکەن، پەلوپۆی هەموو دارو درەخت و گوڵەکانی دەبزواند، ئەو شەماڵەی لەناو گومەزەکەوە هەڵ دەکات هەستێکی دڵڕفێنی لە ناخی گەشتیارەکاندا دەبزوێنێ.

ئەمڕۆ لەناو تاقیگەکەدا هەست بە هەوایەکی خاوێن و مامناوەند دەکەم. حەزێکی زۆر لە ناخمدا بۆ کارکردن قوڵپ ئەدا. هەموو پێداویستییەکی تاقیکردنەوەکان لەناو هۆڵێکی گەورەدا ئامادەیە، شێوازی کارکردن لێرە وەک زانکۆکانی سەر زەوی نییە، هەموو تاقیگەکان لەناو شەپۆلی دوودایە، هەر کەسێک بە مەبەستی خوێندن و تاقیکردنەوە بێتە سەر مانگ، لەناو ئەم شەپۆلەدا ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێ، کۆدێکی تایبەت بە دەرگاکانی پێ ئەدرێ بۆ ئەوەی تایبەمەندیی خۆی هەبێت و دڵنیا بێت لە تاقیکردنەوەکانی، تا هیچ کەسێکی تر نەتوانێت بێتە ناو کارەکانیەوە، مەگەر خۆی مەبەستی بێت. تاکەکەس کە بۆی هەبوو بێتە ناو ئەو تاقیگانەوە سەرۆک ‹ڕایمۆن› بوو. هەر جێگەیەکی ناو پڕۆژەکەی بوێ، سەردانی دەکا، لە ڕێگەی ئەو ڕۆبۆتانەی وەک پاسەوان لەناو شەپۆلەکەدا بوون کۆدی دەرگاکانی بۆ دەکرایەوە.

ئەوا ماوەیەکە بەردەوام لە گەڕان و پشکنینی ماددە جیاوازەکاندام، لە ڕێگەی ئامێرەکەی دەستمەوە کە هێندەی کاتژمێرێک دەبێت و دەتوانم وەک کۆمپیوتەرێکی ئاسایی بەکاری بهێنم، لە ڕێگەیەوە وێنەو نووسین و زانیاری بەرفراوانم دەست دەکەوێت، ئەم ئامێرە ئەوەند فراوانە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو ڕووناکییەوە کە لێی دەردەچێت بە شێوەی وێنەیەکی قەبارە گەورەی 30سم بە55سم زانیارییەکان لەسەر ڕوویەکی بەردەمم نیشان دەدات. دەرهێنان و کۆکردنەوە و داواکردنی هەموو زانیارییەکان لە ڕێگەی گوفتارەوەیە کە ئامێرەکەی ناو گوێم، کارەکانی ڕادەپەڕێنێ. ئەوەندە بەسە تەنیا ناوێک یان ناونیشانی

بابەتێکی ئاراستە بکەم، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لە ڕێگەی ئەو شاشە ڕووناکییەوە کە لە ئامێرەکەی دەستمەوە دەردەچێ، دەیخستە پێش چاوم.

زانیاریەکی زۆرم لە ڕێگەی ئەم ئامێرە سەرسوڕهێنەرەوە بەدەست هێناوە، بەڵام تا ئێستا ئەنجامێکی دڵخۆشکەرم بەدەست نەهێناوە تا شەپۆلێکی وەها بدۆزمەوە بتوانێت پەیوەندی بە مێشکی مرۆڤەوە بکا. هەرچەندە باوەڕم بە قسەکانی پرۆفیسۆر ئارۆن نییە، بەردوام لەوە دڵنیای دەکردمەوە، ئاستەمە بتوانم لە ڕێگەی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانەوە پەیوەندی بە مێشکەوە بکەم. بۆچوونەکانی ئەو، گومانی زۆریان لا دروست کردبووم، زۆرجار وام هەست دەکرد، ئارۆن مەبەستی بێت بیرۆکەی پرۆژەکەم بۆ خۆی ببا، ئەو گومانێکی گەورەی لە ناخمدا دروست کردبوو، بەدەست خۆم نەبوو کاتێک ئەوم بینیبا، زمانم دەبووە پەلاس و هەستم بە ترسێکی نامۆ دەکرد لە بەرامبەری. زۆرجار پرسیاری کار و تاقیکردنەوەکانی لێ دەکرم، باسەکەم ئەگۆڕییە سەر هەواڵپرسینی درۆسیای خێزانی. ئەوەندە بە گومانەوە ڕەفتاری دەکرد، تەنانەت باوەڕیشم، بەوە نەبوو درۆسیا بەهۆی تاقیکردنەوەکەی ‹دایڤید›ەوە بیر و کەسایەتیی شێوابێت.

من تا ئێستا دایڤیدم نەبینیوە، تەنانەت ناشزام شێوەی چۆنە و چۆن بیر دەکاتەوە، تواناکانی تا چەندە لە بواری تاقیکردنەوەکانی سەر شەپۆلەکانی مێشک. تەنانەت تائێستاش سەرۆک ڕایمۆن بۆ تەنیا جارێکیش باسی ئەوی بۆ نەکردووم و ناویشی نەهێناوە. بەڵام ئارۆن بۆ خۆی ئەو گومانەی لام دروست کردووە. بڕوا ناکەم هێند نەخۆش بم تا بەو شێوەیە گومان لە هەموو

شتەکان بکەم، یان لێیان بترسم. دڵنیام قسەو ڕەفتارەکانی خۆی سەرچاوەی هەموو گومانەکانن. ئا... ئێستا بە بیرم هاتەوە، دوور نییە ئەو کینەیەی لە ناخی ئارۆندایە بەهۆی ئەو کێشە کۆنەوە نەبێت کە پێشتر لە زانکۆی ‹تبوک› ڕووی دابوو. کاتێ ئارۆن وەک سەرپەرشتیاری بڕوانامەی ماستەر لە بواری شەپۆلی کارۆموگناتیسیدا دیاری دەکرێ. داڤید یەکێک لە قوتابییەکانی دەبێت و لە ئەنجامی، هەڵەیەکی زۆری داڤیدەوە لە لێکۆڵینەکەیدا، ئارۆن ڕەخنەی توندی ئاراستە دەکا و پلەی ناپەسەندی پێ دەبەخشێت، ئیتر لەمەوە دەبێتە دەمەبۆڵەیان، داڤید دەیەوێت پەلاماری ئارۆن بدا، بەڵام دکتۆرەکان ڕێگری لێ دەکەن و بەو هۆیەشەوە داڤید لەو بڕوانامەیە بێبەش دەکرێ، ناچار بۆ جارێکی تر لەسەر هەمان بابەت دەست بە خوێندن دەکاتەوە.

ئارۆن، هەمیشە سەرۆک ‹ڕایمۆن›ی بە هاوکاری داڤید دەزانی، دەیگووت:

ئەگەر ڕایمۆن نەبوایە، هەرگیز دەبەنگێکی وا، شایەنی ئەوە نییە ببێتە خوێندکار، ئەو هەر بۆ ئەوە باشە وەکو گوێدرێژێک، باری زانکۆی پێ بگوێزرێتەوە.

ئارۆن سەرزەنشتکردنی ‹داڤید›ی کردبووە خوویەک، بەردەوام لە هەموو قسەکانیدا دەیهێنایەوە. هۆکاری دەستبەسەربوونیشی دەگەڕاندەوە بۆ هەموو ئەو کێشانەی لەگەڵ ئەودا هەیبوو.

دەبێت بیر لە شێوازێک بکەمەوە بۆ دۆزینەوەی شەپۆلەکانی مێشک، کارکردن لە بوارێک تا ئێستاش هیچ کەسێک نەیتوانیوە خۆی تێ هەڵقورتێنێت، کارێکی ئاسان نییە، گەڕان بە دوای دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز کارێکی تاقەت پڕووکێنە، ئەوەندە

بیرم لە پێکهاتەکانی مێشک کردووەتـەوە هەستێکی تایبەتیم بەرامبەر بە مرۆڤەکان لا دروستبووە، بەتایبەت ئەو کاتانەی دەپەیڤن. ئەوە بووەتە خوویەک، بـەردەوام بیر لە شەپۆلەکانی مێشکیان دەکـەمـەوە کە چۆن دروسـت دەبـن و بەناو هەموو هەستەوەرەکانی مێشکیاندا چۆن گوزەر دەکەن! دەبێت نهێنی ئەو شەپۆلانە لە کوێی مێشکدا بێت! شێوە و پێکهاتەیان چۆن بێت!

من ئەوە دەزانم لە ڕێگەی پێنج هەستەکەوە شەپۆلەکانی بینین و بیستن و بەرکەوتن و چەشتن و بۆنکردن، دروست دەبن و ئاراستەی مێشک دەکرێن. بـەڵام ئەو شـەپۆلانە زۆر جیاوازن لە شـەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان، ئەگەر نا دەبـوو لە ڕێگەی هەموو ئامێرە سادەکانی ناردن و گەیاندنی زانیاریەکانەوە وەک ڕیسیڤەری سەتەلایت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بەئاسانی هەستمان پێ کردبان، بەڵام شـەپۆلەکانی مێشک، نهێنیەکی تایبەتیان هەیە، لەوانەیە لە نهێنیی دروستبوونی گەردوون و هەسارەکان بچێت، یان ئەو نهێنییە بێت کە بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤایەتی بە دوویدا دەگەڕێت.

ئێستا دەبێت بیر لە پێکهاتەیەک بکەمەوە ئەو نهێنییەی لە خۆیدا حەشار دابێت، هەموو ڕۆژێک دێمە ناو ئەم تاقیگەیە و چەند ماددەیەک بە چەندین بڕی جیاواز تێکەڵ دەکەم، بە ئومێدی ئەوەی ئەو ئەندێشە مەحاڵەی لە مێشمکدایە، بیکەمە ڕاستی. بۆ ئەوە هەڵیان بژرادووم، کە لە ناخی خۆمدا بڕوایەکی بەهێزم بە خۆم هەیە وێنای ئەو دۆزینەوەیە ئەکەم.

«بەڕێز ئاریا.. تکایە ئێستا سـەردانی سـەرۆک ڕایمۆن بکە، کـاری پێویستی پێتـە».... «دووبــارەی دەکـەمــەوە»... «تکایە

ئێستا سەردانی سەرۆک ڕایمۆن بکە، کاری پێویستی پێتە»...
«سوپاس».

دانیشتن لەگەڵ سەرۆک ڕایمۆن، چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەو نهێنیەکی تایبەتی هەبوو لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان. ئەو بەشی ئەندازیاری تەواو کردبوو، بەڵام پێدەچوو لە دەرونزانیدا ئەزموونێکی باشی هەبێت، کاتێک سەردانیم دەکرد، وەک ئەوەی لە ناخمدا بێت، هەستی بەو دیوارە دەکرد کە لە منداڵیەوە لە ناخمدا گەورە بووە. بەردەوام چیرۆکی ئەو پەیوەندیانەی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا لەگەڵ کچەکانی زانکۆدا هەیبووە. لە چیرۆکەکانیدا سێکسی وەک دڕندەیەک دەچواند:

«ئەگەر ئەو ئارەزووە سێکسەی لە ناختدایە، ئازادی نەکەیت، دڵنیا بە وەک دڕندەیەک ناخت وێران دەکات، بۆ دەربازبوون، هەموو بیرو هۆشت داگیر دەکا. دەتوانێت بیئەوەی بە خۆت بزانیت، کۆنترۆڵی هەموو بیر و هەستەکانت بکا».

ئەو ڕاستی دەگوت، من هەست بە بوونی ئەو دڕندەیە لە ناخمدا دەکەم، وا هەست دەکەم ڕۆژبەڕۆژ لە ناوەوەی خۆمدا بەرەو داڕمان دەچم، بەڵام چی بکەم، ئەو دیوارە گەورەیەی لە ناخمدایە ڕێگە نادات دڕندەکەی ناخم ئازاد بکەم، ئەوە هێزێکی مەزنی دەوێت تا بتوانم هەرەس بەو بەربەرستەی ناو ناخم بهێنم، باشە چی بکەم! دڵنیام دەبێت کەسێکی وەک ڕایمۆن بتوانێت هاوکارم بێت، کاتێک ئەو دەبینم، هەست بە بوونی ئەو هێزە دەکەم، دەمەوێت بەردەوام گوێم لەو چیرۆکانە بێت کە بە دەنگێکی هێمن و نەرم، بۆم دەگێڕێتەوە.

ئەو پیاوە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی پڕۆژەی سەرمانگ بوو، بەڵام لە ڕواڵەتدا، ئەوەندە سادەبوو، کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا خۆی دەگونجاند. زۆرجار بەگاڵتەپێکردنەوە، بەخۆی دەگوت.

«منێکی باڵابچووک کە لەگەڵ زاناکانی هاوڕێم دەوەستم، پێکەنینم بە خۆم دێت، پێیان دەڵێم. من لە هەمووتان بچووکترم، بەڵام لە ئەزموندا لە هەمووتان گەورەترم».

ئەوانیش بەگاڵتەئامێزێکەوە وەڵامیان ئەدایەوە:

«بۆیە بوویتە سەرۆک چونکە لە هەموومان بچوکتریت».

ئەم ڕەفتارانەی ڕایمۆن، وای دەکرد زیاتر متمانەم بە وتەکانی ئارۆن نەبێت، ڕۆژبەڕۆژ ئارۆن لە لام وەک پیاوێکی نەخۆش و بێدەسەڵات دەهاتە پێش چاو.

بە یەکێک لە ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکان خۆم گەیاندە لای سەرۆک ڕایمۆن، ڤێلاکەی ڕایمۆن دەکەوێتە کەناری گومەزەکەوە، ئۆتۆمبێلەکان بەهۆی کارکردنیان بە وزەی کارەباوە، هێواش دەڕۆیشتن، ماوەی پانزە خولەکێکی دەوێت بگەمە ڤێلاکەی.

سەرۆک ڕایمۆن لەگەڵ پڕۆفیسۆر کلارک، بەرامبەر بە یەک دانیشتوون، بە شێوەیەک سەریان لێک نزیک بوو، دیار بوو باسی بابەتێکی تایبەتییان دەکرد، دەرگای ژوورەکەی کرابۆوە، دیاربوو لە چاوەڕوانی مندا بوو. بەهێمنی لەبەردەم دەرگاکە وێستەیەکم کرد بە مەبەستی ئەوەی ئامادەبوونی خۆم نیشان بدەم. ڕایمۆن بێئەوەی لێم بڕوانێت، بەدەست ئاماژەیەک دەکا کە بێمە ژوورەوە، بەچەند هەنگاوێک خۆم گەیاندە نزیکیان، ڕایمۆن داوام لێدەکا لەسەر ئەو کورسیەی لە تەنیشتی کلارک بوو دانیشم. هەردووکیان بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم، ڕایمۆن ڕوو دەکاتە کلارک، منی پێ دەناسێنێ.

«بەڕێز ئاریا، خوێندکاری دکتۆرایە».

کلارک بە زەردەیەکەوە دەستەکانیم بۆ درێژ دەکا و تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ دەکا، منیش بە هەمانشێوە بە ڕێزێکەوە دەستەکانی دەگوشم. دەڵێت

«خۆشحاڵم.. بەڕاستی کوڕێکی زیرەک دیاریت، هیوادارم سەرکەوتوو بیت».

پڕۆفیسۆر کلارک، پیاوێکی سەرزلی چوارشانەیە، باڵایەکی مامناوەندی هەیە، بە ڕواڵتدا تەمەنی نزیکی شەستوپێنج ساڵێک دەبێت، چاویلکەیەکی پزیشکیی لە چاودایە، خاڵی وردی قاوەیی دەموچاوە سوورەکەی شاردووەتەوە. بەشی زۆری مووەکانی سەری، ڕەنگە زەردەکەی لەدەست داوە و سپی هەڵگەڕاوە. هەرچەندە ڕایمۆن هاو تەمەنی بوو بەڵام ڕایمۆن کەم تەمەنتر دەردەکەوێت، تەنیا لاجانگەکانی سپی بووبوون، ئەوەتا ڕایمۆن ناوچەوانی لە هەردوو لاوە تەنک بووە، کەچی وەک پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵ دیار دەکەوێت. بەردەوام گرنگی بە ڕواڵەتی خۆی ئەدا.

ڕایمۆن لەسەرقسەکانی بەردەوام دەبێت:

«کلارک.. بۆخۆت باش دەزانیت، ڕێگەدان بە هەموو کەسێک ئاسایی نییە کە لێرە بخوێنێت. لەلایەن سەرۆکی زانکۆی ‹تبوک›ەوە ئاگاداریان کردمەوە سەبارەت بە لێهاتوویی و ژیری ‹ئاریا› کە ڕێژەی زیرەکییەکەی دەگاتە ،Iq 138 ، هەر بۆیە، بە زووترین کات، داواکاری بانگهێشتکردنیم بۆنارد، دڵنیام لە کارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت. دەتوانێت بەو کارەی، ناوی لە مێژووی ئێرەدا تۆمار بکا.

لەگەڵ ئەو ستایشەی ڕایمۆن، هەستم بە گوڕێکی زۆر کرد. ئەو هەمیشە بەو شێوەیە بیری دەکردەوە. هیوایەکی گەورەی پێم دەبەخشی. بۆ ئەوەی بتوانم ئەو ترسەی لە ناخمدایە تێکی بشکێنم، بەڵام چۆن! تۆبڵێی کلارک وەک من هەستی بەو ترسە کردبێت کاتێک بیری لەو گۆڕانکاریانە دەکردەوە کە لە بۆهێڵی ڕووەکەکاندا کردوویّتی! دڵنیام ئەویش هەستی پێ کردووە، بەڵام چۆن توانیویەتی تێکی بشکێنێ! ئەوە نازانم!

کلارک، بە وتەکانی ئەو، سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند. ڕایمۆن لەسەر قسەکانی بەردوام دەبێت.

«بەڕێز ئاریا.. پرۆفیسۆر کلارک، کارەکانی لێرە تەواو بووە. ئەو داهێنانێکی گەورەی ئەنجام داوە. سەرکەوتنێکی تری لە مێژووی ئێرەدا تۆمار کردووە، بەم نزیکانە ئەو کارەی ڕادەگەیەنرێ، بەڵام لەبەر کارەکەی تۆ، داوام لێ کردووە کە بۆ ماوەیەکی تر لێرە بمێنێتەوە و وەک سەرپەرشتیارێکی بڕوانامەکەت هاوکاریت بکا. ئەو دەتوانێت لە بواری زانستی خانەکانی مێشکدا. زانیاری تەواوت پێ بدا. ئەوەت پێ گونجاوە؟».

«لەوە دڵخۆشکەرتر نییە پێویستیت بە هاوکاری هەبێت و کەسێک بە هەموو توانایەکەوە، دەستەکانت بگرێ و ڕێگا تاریکەکانت بۆ ڕۆشن بکاتەوە، دڵنیام ئەو مرۆڤە خۆبەخشانە کەمن، وەک فریشتە ئاسادێنە ژیانتەوە، ئەوە هەلکەوتێکی زۆر دەگمەنە، لەوە دەچێت من یەکێک بم لەو ملیۆنان کەسەی تووشی هاتووم. هەست بە ئارامی و نزیکبوونەوە لە هیواکانم دەکەم. لەوە دەچێت، کلارک ئەو کلیلە بێت کە یەکەمین دەرگای خەونەکانم بۆ دەکاتەوە. من وای دەبینم. تۆبڵێی وابێت، نازانم!

«من شانازی بە بەڕێزتانەوە دەکەم. ئەوە بۆ من، هاندەرێکی گەورەیە. بەتایبەت کە زانایەکی وەک بەڕێز کلارک، هاوکار و چاودێرم بێت. هیوادارم بتوانم، ببمە جێگە شانازی بۆ ئێرە».

کلارک بە خەندەیەکەوە وتەکانی لە دەمم سەندەوە و ڕووی تێ کردم و بە دەستی ڕاستی چاویلکە قۆقزەکەی چاوی ڕێک دەخات.

«بۆئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویستە سەرەتا زانیاری لەسەر شەپۆلەکانی مێشک بەدەست بهێنی، کارەکە بەو شێوەیە دەبێت. پاشان لە ڕێگەی مادده هاوشێوەکانی پێکهاتەی مێشکەوە. تێکەڵەیەک بدۆزیتەوە تاکو بتوانیت ئەو شەپۆلانە بەدەست بهێنیت. دڵنیات دەکەمەوە لەوەی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن، ئەوە کارێکی زۆر ئەستەمە. سەرەتا کە باسی بیرۆکەکەی تۆی بۆ کردم ئەوەم بە ‹ڕایمۆن› وت، هەربۆیە پێم خۆش بوو هاوکاریت بکەم».

ڕایمۆن بە وردی گوێی بۆ قسەکانی کلارک ڕاگرتووە. بەشێوەیەک لێی دەڕوانی ئەوەندەی نەماوە بچێتە ناو چاوە بچکۆلەکانیەوە بەقسەکانی زۆر دڵخۆش دیارە، بە ڕوویەکی گەشەوە، دەستی کێشا بە شانیدا.

«دەبێت ئەمەریکا شانازی بە پیاوێکی وەک بەڕێزتانەوە بکا، کەسانی وەک ئێوە توانیتان، ناوبانگی نیشتمانەکەتان لە دنیادا بەرز بکەنەوە. هیوادارم، بەم کارانەتان گەورەترین، ڕاژە بە مرۆڤایەتی پێشکەش کەن».

هەستێکی شەرم بە ڕووی کڵارکەوە دەبینرێ، جیاواز لەو شەرمەی من کە لە ترسێکی نامۆوە دروست دەبێت. هەستێکی

خۆبەگەورەزانین لە ناخیدا، ئەو شەرمەی ڕەواندەوە. بە دەنگە گڕەکەی وەک ئەوەی وتارێک بخوێنێتەوە دەپەیڤی.

«بەدڵنیاییەوە، زانست و تەکنۆلۆجیا دەبێت هەمیشە لە ڕاژەی مرۆڤدا بێت. چونکە مرۆڤ خۆی دروستکەریێتی. دەمانەوێت، بیرو ژیانی مرۆڤایەتی بە زانست ڕۆشن بکەینەوە، وەک چۆن لە مێژەوە، بەو شێوەیە بیرمان لێ کردووەتەوە».

ڕایمۆن بە قسەکانی، خەندەیەکی کرد و سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

کلارک ڕوو دەکاتە ڕایمۆن و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکا، پاشان بە نیگایەکی ئارامەوە لێمی ڕوانی. دەستە قورس و ئەستوورەکانی خستە سەر شانم، بە هەستێکی باوکانەوە وتی:

پەیوەندیمان دەبێت، لەکاتێکا پێکەوە دادەنیشین و سەبارەت بە کارەکەت قسەدەکەین، باشە؟

بە چەند هەنگاوێکی هێمن لەنێو دەرگاکەوە خۆی ون کرد.

میهرەبانی، نەرم و نیانی، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەستەمەکان، هەموو ئەوانە سیفەتی پیاوە مەزنەکانن، ئەوانەی بەبێ ویستی خۆیان مێژوو دروست دەکەن. وەستان لەتەک ئەو جۆرە مرۆڤانەدا، وات لێ دەکەن هەست بە مەزنیی خۆت بکەیت. لە قسەکانیا بەتەواوی هەستم بە گەورەیی و بە بوونی خۆم دەکرد. بوونێک، دڵنیایی سەرکەوتنی لە ناخمدا دروست کرد.

مانەوەی کلارک بەتەنیا لەبەر هاوکاری من نەبوو. ئەو بۆ خۆی حەزی بە مانەوەی زیاتر دەکرد لەسەر مانگ. زۆری زاناکان و ئەو کەسانەی بۆ کاری پڕۆژەکان دەهاتن، هەستێکی جیاوازیان هەبوو بۆ ژیان. کەشی سەر مانگ وەک سەر زەوی نەبوو،

جیهانێکی سەیر لە داهێنان و ئاستێکی بەرزی تەکنۆلۆجیا، کە مەردوومی سەرسام دەکرد خەونی ئەوان بوو. ئەوان بۆ خۆیان ئەو ژیانەیان خولقاندبوو، تا زیاترو زیاتر ئاسۆی داهێنانەکان فراوانتر و گەورەتر بکەن.

ڕۆبۆتەکان بەبێ ماندووبوون کاریان دەکرد، هەموو پێداویستیی زاناکانیان دابین دەکرد. لە هەموو خۆشتر بە لای زاناکانەوە ئەوە بوو، دەیانتوانی لە کەشێکی ئارام و دوور لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کاریان کردبا و بیر و هۆشیان سافتر دەبوو، زۆریان وەک نەریتێکی خۆیان کە دەهاتنە سەر مانگ، بەتایبەت زانا بەتەمەنەکان، ڕاستەوخۆ سەردانی یانەکانی شەوانیان دەکرد، زۆری شەوەکانیان لەگەڵ کیژە سۆزانییە کەمتەمەنەکان بەسەر دەبرد. ئەم کارە زیاتر لە لایەن ‹ڕایمۆن›ەوە ڕێگە پێدراو بوو. ئەو وای بۆدەچوو، دوورکەوتنەوەی زانایان لە ژن و منداڵەکانیان، هاوکاری باش دەبێت تا بیریان ئارام بێت و بتوانن بەردەوام لە بیری داهێنان و دۆزینەوەکاندا بن. بەتایبەت، پەیوەندیە سێکسیەکان لەگەڵ سۆزانییەکاندا دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ ئارامی و دوورکەوتنەوە لە بارگرژییە دەرونییەکان. ئەو هەر لە سەرەتادا، ئەوەی بە منیش وتبوو. ڕێگەی پێ دابووم کە هەر کاتێک ئارەزووم لێ بێت دەتوانم ئەو کارە بکەم. بە مەرجێک لەلایەن ‹کریستینا›وە چاودێری دەروونی و جەستەیی بۆئەو سۆزانیانە کرابێت.

پڕ بە دڵم تامەزرۆی دەکەم، دەمەوێت گەر بۆ تەنیا جارێکیشە ئەو حەزەی ناخم دابمرکێنمەوە کە وەک مۆتەکەیەک لە ڕەفتارەکانمدا خۆی دەنوێنێ. تەنانەت هەموو بیرو هۆشی

دۆزینەوەکەشمی داگیر کردووە، لە بەرامبەریدا هەست بە لاوازی دەکەم.

لەیادمە وەک ئەوەی ئێستا شتەکان ڕوو بدا، تاقیکردنەوەکان ئاڵۆز و فراوانن، هێندە بیریان لێ دەکەمەوە مێشکی تەواو ئاڵۆز کردووم، هەست دەکەم ماندووم و پێویستیم بە کەسێکە کە بمدوێنێ، بۆ تەنیا ساتێکیش بێت دەروونم ئارام بکاتەوە. بە لای ئەو یانە شەوانەدا تێدەپەڕم کە کەوتووەتە بەرامبەر پەیکەرەکەی ئارمسترۆنگ، دەچمە ناو یانەکەوە لە بەردەم دەرگا ڕۆبۆتێک وەستاوە پێشوازی چوونە ژوورەوەم لێ دەکا، گوێم لە گۆرانییەکی هێمن دەبێت. لە دەرگای دووەمی یانەکە تێپەڕ دەبم و دەچمە ناو ئەو هۆڵەی لە گەشتیاران جمەی دێت. ڕۆبۆتێکی تر لەناو هۆڵی یانەکە بە دەستی ئاماژەم بۆ دەکات لەسەر ئەو کورسییە دابنیشم کە مێزێکی بازنەیی لە بەردەمدایە. ڕووناکی ناو هۆڵەکە بەهۆی ڕەنگی سووری گڵۆپەکانەوە کەمێک تاریکە، لە دوورەوە بە ئاستەم دەتوانم شێوەی کەسەکان هەست پێ بکەم، دوای دوو خولەکێک ڕۆبۆتێکی کچ بە سینییەکەوە دێت و هەندێک میوەی مۆز و پرتەقاڵ و سێو بە ئامادەکراوی لە بەردەمم دائەنێت، بە دەنگێکی هێمن دەڵێت:

«بەخێر بێیت، دەتوانم بزانم بەڕێزتان ئارەزووی چ خواردنەوەیەک دەکەن؟».

من هێشتا ئارەزووی هیچ خواردنەوەیەکی کحولی ناکەم، تا ئێستاش نازانم تامی چییە، بۆئەوەی گۆڕانێک لە خۆمدا بکەم، داوای پەرداخێک لەو شەرابە دەکەم کە ئارۆن بەردەوام دەیخواردەوە، ڕۆبۆتەکە پاش خولەکێک شەرابەکە دێنێ. هەست دەکەم چاوەکانم

لەگەڵ تاریکیی هۆڵەکە دەکرێنەوە، ئێستا ئەوانەی ناو هۆڵەکە ڕوونتر دەبینم. سۆزانیەکان بەشێوەیەکی بڵاو دانیشتوون، چاوە پڕ لە شەهوەتەکانیان لە سەرمە، لە ئەملاو ئەولامەوە چەند گەشتیارێکی لاو، بەتەنێ دانیشتوون. لەلای مێزەکەی تەنیشتمەوە پیاوێک بەتەمەنی نێزیکی شەست ساڵان، یەکێک لەسۆزانیەکان لە لایەوە دانیشتووە. بۆخۆیان بەنزمی قسە دەکەن. لە جێگەی خۆمەوە گوێبیستیان دەبم:

«بۆ یەک کاتژمێر، سێسەد دۆلارم دەوێت، دەتوانیت دوو جار، یان سێ جار بیکەی».

«ئەو پارەیە زۆرە بۆ ئەو ماوە کەمە، من تەنیا جارێک دەتوانم».

چاوێک بەناو هۆڵەکەدا ئەگێڕم، سۆزانییەکان جلێکی نیمچە ڕووتیان لەبەردایە، چاوە پڕ شەهوەتەکانیان لەسەرمە، بە شێوەیەک لێم دەڕوانن وەک ئەوەی بمناسن. هەستم بۆیان دەبزوێت، هەندێکیان بۆ ئەوەی سەرنجی گەشتیارەکان بۆ لای خۆیان کێش بکەن، بە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیانەوە چەندین جار بە بیانووی هێنانی شتێکەوە بەناو هۆڵەکەدا جەستەی خۆیان نمایش دەکەن. سمتە گۆشتنەکانیان دەسوڕێنن، بەڕاستی نمایشێکی هەست بزوێنە. تێبینی کچێک دەکەم لە سووچێکی هۆڵەکەدا دانیشتووە. بە نیگا پڕ لە شەهوەتەکەی سەرنجم بۆ لای خۆی کێش دەکا. خراپیش نییە. پرچە درێژ و لولەکەی بەسەر شان و ملیدا بڵاو بووەتەوە. ئێسک باریکە. وای دەبینم باڵایەکی مامناوەندی هەبێت. لێوەکانی ئەستورن، کوڵمەکانی وەک دوو گڵۆپی سوور لەبەر چاوم ئەدرەوشێنەوە.

ئەویش لە تیڕوانینم تێر نابێت. ئاسایی نایبینم، پێدەچێت بمناسێت، تۆبڵێی یەکێک نەبێت لە هاوڕێکانی زانکۆم! بڕواناکەم. لەوانەیە ناچارم بکا کە بانگهێشتی لای خۆمی بکەم، ماوەیەک چاوە پڕ حەزەکانمی لێ دوور دەخەمەوە. ئەو پیاوەی لە تەنیشتمەوە سەرقاڵی سەودا بوو لەگەڵ سۆزانییەک، دیارە پێک هاتن، بۆیە بە پێپلیکانەکاندا بەرەو ژوورەکانی سەرەوە دەڕۆن کە ئاگری ناخیان تیادا دادەمرکێتەوە. چاوەڕوان دەبم، بزانم چی ڕوودەدات! دەمەوێت ئەو ئەزموونە بە چاوەکانم ببینم. بەڵام چۆن زاتی ئەوە بکەم! بۆخۆیشم نازانم! گوێبیستی دەنگێکی هێمن دەبم ، کە بەچەند وشەیەک هەموو ژێکانی ناخم ئەبزوێنێ ، کاتێک ئاوڕ ئەدەمەوە ،دەبینم ئەو کیژەی لێمی دەڕوانی، وا لە تەنیشتمەوەیە:

«دەتوانم کەمێک لات بمێنمەوە؟».

ئەو زۆر لەوە جوانترە کە لە دوورەوە تێبینییم ئەکرد، بە هەستێکی خۆشبەختیەوە بۆی دەپەیقم:

«فەرموو.. تکایە.. فەرموو دانیشە».

کورسییەکەی تەنیشتمی کەمێک ڕاکێشا و دانیشت. بە خەندەیەکەوە لێم دەڕوانێت، بێشەرمانە ڕەفتار دەکا، بە دەستەکانی پرچە لولو ئاڵۆسکاوەکەی لەسەر ڕووی لا ئەدا:

«ناوم ئەنجێلایە».

بەگومانێکەوە لێی دەڕوانم.. دۆخەکە بە لامەوە ئاسایی نییە.. دڵم کەمێک خێرا لێ ئەدا، بە شەرمێکەوە پێی دەڵێم:

«منیش ناوم ئاریا-یە».

ڕەنگە ئەوە سەرەتای گەمەکە بێت، بەردەوام لە قووڵایی چاوەکانم دەڕوانێت. توانای قسەکردنم نییە. وا هەست دەکەم

مێشکم تەواو خاڵییە لە هەموو شتێک، ماوەیەک بێدەنگ دەبین، چاوەڕوانی دەکەم شتێک بڵێ پاش کەمێک ئەو دەستپێدەکاتەوە :

«لەوە دەچێت بەڕێزتان یەکەم ڕۆژتان بێت لێرە!».

«نەخێر زیاتر لە دوو مانگە لێرەم».

«واو... ئەی چۆنە تا ئێستا نەمناسیویت،..سەیرە..».

دڵنیام لەوەی بە گەشتیارم دەزانێت، تا بڵێی شۆخێکی هەست بزوێنە. لە چاوە قاوەییەکانیدا شتێکی جیاواز دەبینم. بە نیگایەکی عاشقانەوە لێم دەڕوانێت لەچاوەکانیەوە هەست بە بوونی عەشقێک ئەکەم کەوەک تاڤگەیەک دەڕژێتە ناخمەوە وکەفوکوڵی هەراسانم دەکا ،بەهەمان هەستی ئەو وەڵام ئەدەمەوە.

«من لێرە، بۆ بڕوانامەی زانکۆ دەخوێنم.. لەوانەیە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لێرە بمێنمەوە»

بە خەندەیەک لێوەکانی زیاتر کردەوە.. دیارە بە مانەوەم خۆشحاڵە:

«زۆر باشە.. کەواتە دکتۆر کریستینا-ش دەناسیت!».

«بەدڵنیاییەوە، بۆچی؟».

هەناسەیەکی پڕ لە ئازار هەڵدەکێشێ، بەدەنگێکی ناڕازییەوە:

«کەسێکی زۆر بێ بەزەییە، دڵنیام تۆش هەستی پێ دەکەیت، وا نییە!»

پێم وایە دەیەوێت شتێک بدرکێنێ، لە چاوەکانیا هەست بە بێزاری دەکەم، دەمەوێت ئەو شتە بزانم. هەست دەکەم دڵی قوڵپ ئەدا.

نا.. من هیچ لە بارەیەوە نازانم.. دەتوانیت بۆمی باس بکەیت؟!».

ڕۆبۆتێک پەرداخێک شەربەتی پرتەقاڵ لەسەر مێزەکە دائەنێت

و دەڕوا، ئەنجێلا بە تیلەی چاوە جوان و گەورەکانی لە ڕۆبۆتەکە دەڕوانێت تا بە تەواوی دوور دەکەوێتەوە. ڕووم تێ دەکاتەوە:

«هەمیشە و هەردەم، دوای سوڕی مانگانەمان، هێلکەکانی ناو منداڵدانمان زۆر بێبەزەییانە بە ئامێرێکی زۆر قێزەون و ئازاردەر، دەردەهێنێت. بێئەوەی ئەو شوێنەمان هیچ سڕ بکات ئەو کارە ئەکا. ئەمە زۆر بێزارکەرە،دڵنیام بەڕێز ئاریا ئێوەی پیاو هەست بەو جۆرە ئازارانە ناکەن ، تو وێنای ئەوە بکە کاتێک کەسێک کەخۆی هەمان هەست و هەمان ئازاری تۆی هەیە ، چۆن ویژدانی ڕێگەی پێئەدا بەو شێوازە ، مەبەستم شێوەی دەرهێنانی هێلکەیە لە ناو جەستەدا ،بەئازارو ژانێکی زۆرەوە بەشێک لەجەستەی ناوەوەت دەربهێنن ، تۆ لەو ئازارە بێئەندازەیەش گەڕێ کە هەموو کاتێک وەک ئەو هێلکەیە ڕۆحم لەجەستەما جیا دەبێتەوە ، لەوە ناخۆشتر ئەو ئازارە دەروونییە کە هێلکەی کۆرپەلەیەکت لێدەستێنن ، هەمیشە واهەستدەکەم منداڵێکی تازە لەدایکبووم لەنێو باوەشمدا بە تۆبزی دەبەن و ناشزانم بۆکوێی دەبەن ، بەبێئەوەی توانای ئەوەم هەبێت ، تەنانەت پرسیاری ئەوەش بکەم چیلێدەکەن و بۆکوێی دەبەن ، بەڕێز ئاریا من دەمەوێت سۆراغی کۆرپەکانم بزانم دەمەوێت لە سەلامەتی و بونیان دڵنیابم ، ئێستا لەوە تێدەگەیت بۆچی ئەوپرسیارەت لێدەکەم. بەڵام چی بکەین، بەهۆی ئەو بڕە پارە زۆرەی لێیەوە دەستمان دەکەوێت، ناچارین بەرگەی ئەو ئازارە زۆرە بگرین».

من بۆ خۆم، ئەوەندە ئارەزووی پرسیارە تایبەتییەکان ناکەم، بەڵام ئەو قسانە پرسیارگەلێکی لە مێشکمدا وروژاند. وتم:

«ئاخۆ کریستینا ئەوەی بۆ چی بوێت! دەبێت ئەو پرسیارەی لێ بکەم».

«منیش نازانم! لە تۆ دەپرسم بۆ چییەتی! چ کارێکی پێی هەیە! تکایە ئەگەر شتێکتان لەبارەیەوە زانی تکادەکەم ئاگادارم بکەرەوە .»

هەست بە تەڕایی چاوە گەشەکانی دەکەم، دڵم ئازار دەچێژێت، بۆچی دەبێت کچێکی جوانی وەک ئەنجێلا بەو شێوە دڕندانەیە مامەڵەی لەتەکدا بکرێ! کریستینا بۆچی وا دەکا! ژیان بۆچی ئەوەندە بێبەزییە و وا لە مرۆڤەکان دەکا لە پێناوی مانەوەیاندا یان بۆ کەمێک خۆشگوزەرانی، گەورەترین ئازار بە جەستەی خۆیان بدەن! مرۆڤایەتی بۆچی هێندە قیزەون بووە!.پاشکەمێک بێدەنگی ئەنجێلا قومێک لە گوشراوی پرتەقاڵەکە ئەدا، دەستێک بە چاوە تەڕەکانیدا ئەهێنێ. بە خەندەیەک گرژییەکەی ڕووخساری دائەپۆشێ:

«چی بکەین؟ بچینە سەرەوە؟».

دڵم دەگوشرێ، وێنای ئازارەکانی ناخی دەکەم.. دەمەوێت خۆم ئارام بکەمەوە بەڵام ناتوانم، دەبێت خۆم لەو دۆخە قوتار کەم، بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕێم، دڵنیام لەوەی ناتوانم هیچ شتێک بکەم، واهەستدەکەم بەتەواوی پیاوەتیم لەدەستدابێ ،ئەوقسانەی بەهێندەیەک کاریگەرییان لەهەستەکانم کرد وەکئەوەی لەناو تاوانێکی گەورەدا تێوە گلابێتم هەست بە پەژیوانی دەکەم ، نازانم بۆچی بەوهێندە یە هەستەکانم بەرامبەر بەو کارانە ئازارم ئەدەن ،گەروم قوڵپ ئەدا دەمەوێت ئەو هەستەم لە نیگا عەشق بازیەکی ئەنجیلا بشارمەوە ، بە ساردیەکەوە پێی دەڵێم .

«بمبووره.. ئێستا ئارەزووی هیچ ناکەم».

«بەڵام من دەتوانم وات لێ بکەم حەزت لێی بێت.. بەبێبەرامبەر ئەو کارە ئەکەم.. تاسپێدە لەگەڵت دەنووم.. چونکە خۆم پێم خۆشە.. دەمەوێت بۆ جارێک لەگەڵ پیاوێک بنووم کە دڵم دەیخوازێت.. داواکەم پەسەند دەکەیت؟!»

هەست دەکەم نێچیرێکی بریندارم، دەمەوێت لە دەستی هەڵبێم، بە خۆشحاڵییەکەوە داوای ئەوەی لێدەکەم شەوێکی تر یەکتری ببینینەوە، ئەویش داواکەم بە ناچاری پەسەند دەکا.

ڕایمۆن دەڵێت: «کلارک بە لای تۆوە پیاوێکی چۆنە؟».

پرسیارەکەی لەوە دەچێت بیەوێت، هەستم بەرامبەر هاوکارییەکەی بزانێت کە پێشنیازی کردبووم. بەبێئەوەی بیر بکەمەوە، وتم «کەسێکی باش و بەتوانا دیارە».

پەیوەندی ڕایمۆن لەگەڵ زاناکاندا زۆر بەهێزبوو، بەردەوام دەیدواندن و قسەو گاڵتەی لەگەڵ دەکردن. زۆرجار بەتایبەت دەینارد بە دوایاندا بۆ قاوە خواردنەوە، لەوێدا بەدەم قسە و یاری کاغەزەوە، باسی کار و پڕۆژەکانی لەگەڵ دەکردن. پرسیاری چۆنێتیی کارکردن و ئاستی تاقیکردنەوەکانی دەکرد. ئەوانیش بە شانازییەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێکی هاوشارەزای بوارەکەی خۆیاندا قسە بکەن، زانستییانە دەچوونە ناو باسەکانیانەوە و شێوازی کارەکان و دەرئەنجامەکانیان، بۆڕوون دەکردەوە.

لەو ماوە کەمەی کە هاتبووم، چەند جارێک ناردبووی بە دوای منیشدا. چەندین پرسیاری هاوشێوەی ئەوانی لێ کردبووم، تەنانەت، جارێک بە دەم پرسیارکردنەوە، دەرگای بەستەرەکەی کردەوە. شووشەیەکی ڤۆدگا، لەگەڵ دووپەرداخ لەسەر مێزەکەی

بەردەممان ئامادە کردوو، پەرداخەکانی نیوە کرد. داوای لێکردم بخۆمەوە. هەستم بە شەرم دەکرد. لەگەڵ پیاوێکی وەها گەورە و خاوەن پلەیەکی زانستیی مەزن بخۆمەوە.. بیانووی ئەوەم هێنایەوە کە ئارەزووی خواردنەوەم نییە، بەڵام ئەو لێم تێگەیشت، گاڵتەئامێزانە پەرداخەکەی هەڵگرت و وتی

«لەوە خۆشتر نییە کوڕ و باوک پێکەوە بخۆنەوە. بە تایبەت لەسەر مانگ».

بەو هەڵوێستەی، شەرمی شکاندم، ناچاری کردم بخۆمەوە. هەر بەو ڕفتارانەی، خۆی لای کەسایەتییە گەورەکانی کۆنگرێس-یش خۆشەویست کردبوو، بەردەوام سەرۆکی زانکۆکانی نیوریۆک و واشنتۆن، پەیوەندییان پێوە دەکرد و هەواڵی کار و چالاکییەکانی سەرمانگیان لێ دەپرسی. زۆرجار لەکاتی دانیشتنم لەگەڵیدا بێئەوەی گوێ بداتە ئەوەی لەگەڵ کێدا دانیشتووە. باسی ڕۆژانی ڕابردووی خۆیان دەکرد کە چۆن، شەوەکانیان لەگەڵ سۆزانییەکاندا بەسەر بردووە.

لەو ماوە کەمەی کە لەوێ بووم، زیاتر ڕایمۆن لێم نزیک دەبووەوە. بە شێوەیەک ڕفتاری لەگەڵ دەکردم، حەزم دەکرد زۆر شتی تایبەتی خۆمی بۆ باس بکەم، وەک شەرمکردن و بوونی ئەو ترسەی لە ناخمدایە. نازانم ئەو چۆن بیریان لێ دەکاتەوە، بە پێکەنینێکەوە وتی:

«پێویستیت بە هاوڕێ-کچێکی بەئەزموونە.. کە دەتوانێت زۆر لە شتەکانی ناخت بگۆڕێت».

ئەو وای بۆ دەچێت بەڵام چۆن ئەوە بکەم!!!

# 4

ڕۆژی 15-7-2047

شەقام و کۆڵانەکان، لە گەشتیاران، جمەی دێت. ئەو ماوەیە، بەردەوام کەشتییەکان ڕۆژانە گیزەگیزیان دەهات. ڕۆژ نەبوو بۆ چەندین جار لە نێوان هەسارەی زەوی و مانگدا هاتوچۆیان نەبووبا، لەگەڵ هەموو هاتنەوەیەکیاندا، بڕێکی زۆری خۆراک و گەشتیارانیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. ئەو ماوەیە، ئەوەندە گەشتیار سەردانیان کردبوو، بڕی ئەو خۆراکەی لەسەر مانگ بەرهەم دەهـات، پێداویستیی گەشتیارەکانی دابین نەئەکرد، هەر بۆیە لەگەڵ هەموو هاتنەوەیەکیاندا، بڕێکی زۆر لە خۆراکیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا.

پڕۆژەکە بـەردەوام لە فراوانبووندایە، ڕۆبۆتەکان سەرقاڵی دروستکردنی شەپۆلی چوارەم بوون، ئەو شەپۆلە تایبەت بوو

به بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە ڕووەکە خۆراکییەکان. لەبەر ئەو هۆیەش، ئاسمانی شەپۆلەکە، کە شێوەیەکی بازنەیی قۆقزی هەبوو، بە هەمانشێوەی ئاسمانی گومەزەکە دروست دەکرا لە پێکهاتەی پلاستیکی شێوە شووشەیی و ماددەکانی وەک سلیکۆن و جێرمانیۆم. کە دەیتوانی کاتەکانی ڕووناکی و تاریکی بە پێی پێویستیی ڕووەکەکان کۆنترۆڵ بکات. هەروەها دەیتوانی سوود لە ڕووناکی خۆریش وەرگرێ بۆ کردەی ڕۆشنەپێکاتنی ڕووەکەکان.

بیری ئەنجێلا دەکەم، بەدەست خۆم نییە، دڵم دەخوازێت وەک بیابانێکی وشک کە توونیی ئاو بێت، ئاوا تامەزرۆی نیگاکانیم. ئەمڕۆ هەموو کاتەکانم بەو دەبەخشم، دەمەوێت بۆ تەنیا جارێکیش بێت ئەزموونی ئەو شتە بکەم کە پێی دەڵێن عەشق، پرسیارگەلێک لام دروست بووە، زۆرجار هەست بە گێلێتیی خۆم دەکەم: چۆن دەکرێ عاشقی سۆزانییەک بم کە باکی بە جەستەی خۆیشی نییە و بەرامبەر بە بڕێک پارە، بە هەموو کەسێکی دەبەخشێت!

ئاخۆ ئەویش عاشقی من بووە! نازانم چۆن بیر لە من دەکاتەوە! تۆ بڵێی بە هەستێکی عاشقانەوە ئەویش لێم بڕوانێت! ئەوە نازانم.. بەڵام لە نیگاکانیدا شتێکم دەبینی کە ڕەنگە هەر ئەو شتە بێت کە پێی دەڵێن عەشق و خۆشەویستی. ئەو تەنانەت ئامادە بوو بەبێ بەرامبەر، پێکەوە بخەوین، بیرمە وتی: «خۆم پێم خۆشە تا سپێدە پێکەوە بین». ئەو هەستە بۆ کیژێکی سۆزانی، کەم نییە. ئەو بۆ کاژێرێک سەودای بڕێک پارە ئەکا، ئێستا هەست بەوە دەکەم عەشق تەلیسمێکە بەبێ ویستی خۆت، دێتە ناو دڵ و ڕۆحتەوە و کاری خۆی دەکات، هەموو بیرو هەستەکانت داگیر دەکاو بە ویستی خۆی گەمەت پێدەکا. بە کەناری شەقامە سەرەکییەکەدا

بـەرەو مۆنۆمێنتی ئارمسترۆنگ دەڕۆم، لەوانەیە پاش چەند خولەکێک بگەمە یانەکە.

ئەمڕۆ ئاسمانی گومەزەکە چەندین وێنەی جوڵاوی ڕەنگا و ڕەنگی جوانی نیشانی گەشتیاران ئەدا، وێنەی زاناکان لە کاتی تاقیکردنەوەکان و هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر و داهێنانەکانی پڕۆژەی سەر مانگ. زۆر جار وێنەی ڕایمۆن لە کاتی سەردانی بەشەکاندا بەدەر دەکەوێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جارناجارێک، وێنەی هەسارەی زەوی بە شێوەی بازنەیی دەر ئەکەوێت و پاشان وردە وردە گەورە دەبێت تا دەگاتە شارەکانی ئەمەریکا، واشنتن و لاس فیگاس، تەکساس و نیۆرک و کالیفۆرنیا. لەگەڵ نمایشکردنی وێنەکاندا، دیمەنەکان دەگۆڕڕێن و دیمەنی ژیانی ئاسایی مرۆڤایەتی، وەک فلمیک دەردەکەوێت کە چۆن مرۆڤە سەرەتاییەکان وەک ئاژەڵێکی مـاندوو بە دوای دابینکردنی خۆراکەوە بوون و لە ترسی سەرماو باران و بەفر خۆیان لە ئەشکەوتەکان دەخزاند. پاشان ئاسمان سپی و بێگەرد دەبێتەوە و وێنەی خۆر و هەور و ئەستێرەکان دەردەکەونەوە.

گەشتیارەکان بەوپەڕی تامەزرۆییەوە سەریان بۆ دیمەنەکانی ئاسمانی گومەزەکە بڵند کردبوو، دیمەنگەلێک بـوون، ئاستەمە کەسێک بتوانێت فـەرامـۆشـیـان بـکـا. لـەگـەڵ ئـەو نمایشانەدا گەشتیارەکان سـەرقاڵی گـەڕان وسـەرنجدانی دیمەنەکانن. لە ناکاودا، ئاسمانی گومەزەکە بە جارێک سپی دەبێت، تەمێکی زۆر لە سـەرەوەی گومەزەکەدا مۆڵ دەخـوات. ئەوەندەی پێناچێت، نمە نمە، باران دێتە خوارەوە. تا دەگاتە ئەوەی، باران بە لێزمە دەبـارێ. گەشتیارەکان، چێژ لەو دیمەنە وەردەگـرن. هەندێکیان

بە ڕاکردن خۆیان دەکەن بەناو دوکان و بازاڕەکاندا و لەودیو دەرگا و پەنجەرەکانەوە لەو دیمەنە نامۆیەی مانگ و لەو هاتنە خـوارەوەیـەی دەنکە دەنکـەی بارانەکەیان دەڕوانــن، کە زۆر هێواشتر لە بـارانـی سـەر زەوی دەنکەکان بـەرەوە خـوارەوە دەهاتن، وەک ئەوەی دیمەنی بارانێکی سەر زەوی بە کامێرای خێرا ڤیدیۆی گیرابێت دواتر لە ڕی-پلەیدا هێواش کرابێتەوە. بە ڕاستی دیمەنێکی ئەفسوناوییە.

بەژێر لێزمەی بارانەکەدا ڕێ دەکەم و لە پێشمەوە کۆمەڵێک گەشتیار مۆڵیان خـواردووە و لە شەقامەکە دەڕوانـن، بە هۆی لێزمەی بارانەکەوە، دەستم لەسەر نێو چەوانم دانـاوە، زیاتر نزیک دەبمەوە، تێبینی شتێکی نامۆ دەکەم، ئەو ژنە بۆ وادەکات، ئەو هەموو گەشتیارە بۆ لە دەوری گرمۆڵەیان داوە، لە نێوان ئاپوورەی گەشتیارەکاندا بە دەستەکانم ڕێچکەیەک ئەکەمەوە، ئای خوایە چی دەبینم.

درۆسـیا لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەسـتـاوە، هـەردوو دەستی بۆ ئاسمان بڵند کردووەتەوە، وەک ئەوەی لە خواوەند بپارێتەوە، لە بەردەم ئەو بارانەدا بە دەوری خۆیا دەسووڕێتەوە، وەک بووکەڵەیەک دەبینرێ، جار جارێک، بە ڕاکردن ئەمبەر و ئەوبەری شـەقامەکان دەکـات. پێکەنین وگریانی تێکەڵی یەکدی بووبوون، هاوار دەکات، دەڵێت:

«ئۆخەی بۆ جارێکی تر گەڕامەوە سەر زەوی، ئەی هاوار خوایە گیان، ئەو بارانە چەند خۆشە، دڵم وەک گوڵەکان دەژێتەوە سوپاس بۆخوا کە گەڕامەوە».

گەشتیارەکان بە شێوەیەک دەورەیـان داوە وەک ئـەوەی

سەیری نمایشێک بکەن ، دیمەنی درۆسیا بە لایانەوە وەک شتێکی ئاسایی دەیبینن، ژنێکی پیر تەمەن نزیکەی شەست ساڵ لە بەردەم ئەو بارانە بەلێزمەیە وەک شێت هەڵئەپەڕێت و سەمادەکا. ئایا ئەوە دیمەنێکی ئاساییە! ئەبێت ئەو نمایشە خۆشگوزەرانی بێت بۆئەوەی لە هەسارەی مانگ باران دەبارێ و با هەڵ دەکاو سەوزایی دەڕوێت و ژیان تێیدا دەگوزەرێ! یان بەئاگابوونەوەی هەستە مردووەکانی ناخی مرۆڤێکی بەندکراوە کە خەون بە ئازادییەوە دەبینێ؟!

ئەوەندە لە بەردەم بارانەکەدا سەمای کردبوو، جەستە جرچ و مەمکە پیرەکانی لەژێر کراسەکەیدا بەدەر کەوتبوون. وەک ئەوەی هیچی لەبەردا نەبێ. ئەوەندە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، تەواو شەکەت بووبوو، تا لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەک پاچە قوماشێکی تەڕ بە زەویەکەدا نووسا. ئەو دیمەنەی درۆسیا، بە شێوەیەک هەستی بزواندم، ئەنجێلام لەیاد نەما. بەکەوتنی درۆسیا، ئیتر خۆمم پێ ڕانەگیرا، بە ڕاکردن گەیشتمە سەری، دەستەکانم دەخەمە ژێر باڵە باریک و لاوازەکانی و سواری یەکیک لە ئۆتۆمۆبیلە ڕۆبۆتەکانی دەکەم و بەرەو ماڵەوەیان بەڕێی دەکەوین.

ئارۆن لە ماڵەوە سەرقاڵی کۆمپیوتەرەکەیەتی، دیارە بە دووی شتێکدا دەگەڕێت. کە درۆسیای بەو شێوەیە بینی، لەجێگەی خۆی بەپەلە بڵند دەبێت و بە پڕتاو بەرەو ڕووم دێت، بە سەرسوڕمانەوە لێم دەڕوانێت، وەک ئەوەی تووشی شۆک بووبێت، ورتە لە دەمی نایەتەتە دەر، هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ باوەش بە درۆسیادا دەکا و توند بە خۆیەوە چەسپی دەکا و بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە کەمێک لێم دەڕوانێت.

«ئاریا ئەوە چییە؟ درۆسیا بۆ وای بەسەر هاتووە ؟».

ئەو دیمەنەی درۆسیا هێندە کاری تێ کردبوم. بەئاستەم وەڵامی ئارۆنم دایەوە.

«لە بەردەم بارانە دەستکردەکەدا زۆر مایەوە».

هەردووکیان بەدەم هەنسکی گریانەوە وەک ئەوەی سەما بکەن بەناو ژوورەکەدا دێن و دەچن، ئارۆن بە دەم هەنسکەوە وەک ئەوەی وڕێنە بکا، لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت

«لەوە دەچێت خوا منی بۆ کارێک هێشتبێتەوە. ئەگەر نا، زۆر لەمێژ بوو خۆم دەکوشت. هەرچۆنێک بێت نامەوێت بمرم و نامەوێت وەک کەسێکی بوودەڵە و بێدەسەڵات هەر وا بەئاسانی خۆم ڕادەستی مەرگ بکەم.

درۆسیا گیان.. دڵنیا بە هەرچۆنێک بێت دەگەڕێینەوە بۆ زەوی. بە هەموو دیمەنە جوانەکانی زەوی شاد دەبینەوە.. دڵنیا بە دەبینەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی وەکو جاران.. دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەمان و باخچەکەمان جوانتر دەڕازێنینەوە و جوانتریشی دەکەین.. وەک مرۆڤ دەژین.. نەک لە ناو هەموو ئەم دیوارە ئاسنین و ئامێرە بێ هەستانەدا ژیان بەسەر بەرین..

ئێمە خۆمان بۆ خۆشبەختی و ئارامیی خۆمان دروستمان کردوون، کەچی ئەوان بوونەتە گەورەمان و کۆتو بەندیان کردووین. دڵنیا بە، چۆن دروستمان کردوون، هەر ئاواش لەناویان دەبەین و دەگەڕێینەوە.. درۆسیا.. بەڵێنت ئەدەمێ گیانەکەم».

ئارۆن ئەوەی دەوت و درۆسیا بەدەم هەنسکی گریانەوە لەبەر خۆیەوە، وەک ئەوەی وڕێنە بکات:

«ئارۆن گیان.. تۆ بڵێی بگەڕێینەوە و بچینەوە ماڵەکەی خۆمان! ئەگەر ڕۆیشتینەوە لە باخچەکەماندا گوڵی جوان و هەمەڕەنگ دەڕوێنین.. ها.. پێم بڵێ.. ئەزانیت زۆر بیری منداڵەکانم ئەکەم؟! تۆبڵێی ئێستا ئەوان کە گەورە بوون بمناسنەوە؟! ها.. ئارۆن.. ئەوە بۆچی دیسان وەڵام نادەیتەوە؟؟».

بێدەنگی ماوەیەک ژوورەکەی داگیر کردبوو. ئارۆن ئاسایی نییە، چاوە بچکۆلەکانی بە تەواوی، تەڕ بووبوون، پەلی درۆسیای گرت و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی. پاش کەمێک دەگەڕێتەوە بۆ لام. لە نزیک کۆمپیوتەرەکەوە دانیشت و بە دەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵی پڕ لە ئازارەوە ڕووی کۆمپیوتەرەکە بۆ لام وەر دەگێڕێت. لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە، وێنەیەکی ئەنجیلا دەبینم. ئەو کیژەی کە بە جوانی و نەرمو نیانییەکەی ئەو شەوەی ناو یانەکە، سەرسامی کردبووم. بەبینینی وێنەکە، هەستم بە نائارامییەک کرد. پرسیارگەلێک بە مێشکمدا دێن و دەچن، ئارۆن وەک جنۆکەیەک یان هەر دەعبایەکی ترسناک، دەهاتە پێش چاوم. بیر دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم:

«ئەو پیاوە ئاگاداری هەموو شتێکە. هەر لە سەرەتای هاتنم بۆ ئێرە تا هەموو بیر و کردار و پڕۆژەکانیشم دەزانێت».

بە گومانەوە لێی دەڕوانم. هەر لەبەر هەمان هۆیە چەندین جار هەوڵی ئەوەم داوە بە هێمنی لێی دوور بکەومەوە، بەڵام چار نییە. کارەکان وا ڕێکەوتوون. ئەم جارەیان ئەو دڵە گێل و ساویلکەیەم فریوی دام و بەزییم بە درۆسیادا هاتەوە و پەلیم گرت و هێنامەوە، وەک ئەوەی قەدەر ئەم جارەیان منی هینابێتەوە بۆ ماڵەکەی ئارۆنە شێت.

هەر من بە تەنیا بەو ناوە ناشرینە ناویم نەدەهێنا، بەڵکو هەموو زانا و کارمەند و تەنانەت ڕۆبۆتەکانیش، هەر بەو ناوە گازیان دەکرد. ئەوەندە شێتانە و بە هەڵەشەیی ڕەفتاری دەکرد. تەنانەت زۆرێک لە گەشتیارەکانیش بە تایبەت ئەوانەی کە بۆماوەیەکی زۆر دەمانەوە. لێی تێگەیشتبوون.

ئەنجیلا لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەدا نازدار و شۆخ و شەنگ دیارە. هەستی ئەو شەوەم لا دەبزوێنێ کە بە ڕەفتارە سێکسیەکانی هەموو هەست و هۆشمی بزواندبوو. بە تاسەوە لێی دەڕوانم و تەواو هەموو جەستەمی نغرۆی حەزێکی سەرشێتانە کردوە. بێئاگام لە ئارۆن، نازانم چەندێک دەبێت لە وێنەکە دەڕوانم. ئارۆن لە نزیکمەوە دانیشتووە:

«لەوە دەچێت ئەو کچە بناسیت؟ ڕاستم نەگووت؟!».

بەو پرسیارە، سەرنجەکانمی بۆلای خۆی کێش کرد. لە ژێر لێوەکانمەوە بەدەنگێکی نزم پێم وت:

«نا.. بۆچی؟!».

ئارۆن وەک ئەوەی گوتار بخوێنێتەوە نەرمە کۆکەیەکی بۆ دەکاو بە دەنگێکی گڕەوە دەپەیڤێت:

«دەزانیت ئەوە یەکێکە لە کچە سۆزانیەکانی ئێرە؟ بزانە چەند شۆخ و شەنگ و جوانە، ئەو نازدارە بە دەستی ئەو ڕایمۆنە تاوانبارە کوژراوە، دڵنیام لەو زیاتر کەسی تر ئەو کارەی نەکردووە. ئەو لەگەڵ، کریستینای خۆشەویستی، هەموو کارە خراپەکانی ناو ئەم گومەزە، ئەوان لێی بەرپرسیارن. لەوان زیاتر کەسی تر ناتوانێت ئەو کارانە بکا. من دەزانم.. ئاگام لە هەموو کارێکی ناو ئەم گومەزەیە.. ئاریا.. باوەڕم پێ بکە.. دڵنیام ئەم

شۆخە جوان و نازدارە بێکەسەیان، بە دەردی درۆسیای خێزانم بردووە.. دڵنیام ئەو داماوە لەژێر تاقیکردنەوە قیزەونەکانی ئەواندا گیانی سپاردووە.. خوا لە گوناهەکانی ببووریّ».

ئارۆن بەردوام هەر قسەی دەکرد و سەرزەنشتی ڕایمۆن و کریستینا دەکا بێئەوەی من ئاگام  لێی مابێت. قسەکانی ئارۆن، وەک بروسکەیەک لە جەستەی دام. تەواو بێئاگا لە جێگەی خۆمدا دۆش دامام. بۆ خۆشم نەمدەزانی چۆن باوەڕ بە ئارۆن بکەم. پرسیاری ئەوەم لەخۆم کرد. تۆ بڵێی ئارۆن ڕاست بکا؟ یان لەبەر هۆکارەکانی خۆی دەیەوێت بە دروستکردنی هەواڵێکی دیکەی ئاوها درۆ، ڕایمۆن و کریستینا تاوانبار بکا... تاوەکو بیکاتە دەرکەیەک بۆ ڕزگاربوون لەسەر مانگ.

وا ئێستا منیش ئەم ڕووداوە زۆر جیاواز دەبینم.. دڵم گۆڕرا.. وا خەریکە بە تەواوی متمانە بە قسەکانی دەکەم.. بەلام بیر لەوەش دەکەمەوە کە ئاخۆ ئارۆن چۆن لەناو هەموو ئەو کچە سۆزانیانەی ناو ئەم گومەزە بە تەنیا ئەنجیلای داماوی دیاری کردووە؟! ئا.. بیرم هاتەوە، ئارۆن بەهۆی ئەو کۆمپیوتەرەی باسی دەکرد توانیویەتی لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانەوە، لێم ئاگادار بووبێت و چاودێریمی کردبێت. وەک چۆن هەموو شتێکی لە بارەی منەوە دەزانی. هەموو شتێک دەبێت.. دوور نییە ئارۆن ئەنجیلای بۆ ئەوە دیاری نەکردبێت، تا هەستیم بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە پڕۆژەکانم نزیک بێتەوە.

بەڕاستی ئەمە دۆخێکی دژوارە کەوا مرۆڤ لەناو کۆمەڵێک گوماندا بژی. چۆن بتوانم لەو دۆخە دژوارە قوتارم بێت! بۆچی بەو شێوەیە لە ئارۆن دەڕوانم! بۆچی ناتوانم بەسەر ئەو گومان

و ترسەی ناخمدا سەرکەوم! بەردەوام گومان لە هەموو شتەکان دەکەم، بە هێندەیەک مێشکم ئاڵۆز دەبێت تا ئەو ئاستەی لە خۆشم بێزار دەبـم.. بەدەست خۆم نییە، تۆ بڵێی گەر کەسێکی تر لە جێگەی من بێت، ئا بەو شێوەیە بیر لە شتەکان بکاتەوە! دەمەوێت ڕاست و درۆکان لە یەکتر جیا بکەمەوە، تا بتوانم وەک کەسێکی ئاسایی خاوەن بڕیارێکی دروست بم و بتوانم هەستەکانی خۆم دەربڕم و خۆم لەو ئاڵۆزییەی ناخم قوتارکەم.

سەرەتا ئارۆن هەڵدەسەنگێنم. ئەو پیاوێکی وریاو زرنگە، لە گفتوگۆکردندا بەردوام لەنێو چاوەکانم دەڕوانێت، لە سەرنجەکانیدا هەستم پێدەکات کە من متمانەی پێ ناکەم. هەر بۆیە بەردوام لە قسەکانیدا دەیەوێت لە ڕووداوەکان دڵنیام بکاتەوە. بەڵام بۆچوونی من بۆ ئارۆن جێگەی گومانێکی زۆرە، بە هۆی بوونی هەموو ئەو کێشانەی کە لەگەڵ ڕایمۆن و کریستینا هەیەتی.

لە لایەکەوە قسەکانی ئارۆن ڕاستن، کە کاری ڕۆبۆتەکان زۆر ئاڵۆز و گرانە، ئەگەر بە وردی سەرنج لە یادو چۆنییەتی کارەکانیان بدرێ، ئەو کات هەست بەوە دەکرێ، کە دامەزراندنی یادێکی ئەلەکترونی و بەرنامەڕێژکردنی مێشکی ڕۆبۆتەکان بۆ ئەو کارانەی سەر مانگ، کارێکی ئەوەندە مەزنە، کە کەم لە زاناکان دەیانتوانی بەو شێوەیە و ئاوها بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەن. ئەو ڕۆبۆتانە بە جۆرێک کاریان دەکرد و وەڵامی گەشتیارەکانیان بە شێوەیەک ئەدایەوە، کەم کەس هەبوو بە ئاسانی درکی بەوە بکردایە کە ئەوانە ڕۆبۆتن. ئەو گەشتیارانەی کە شارەزایەکی تـەواویـان لـەسـەر داهێنانەکانی سەرمانگ نـەبوو، کاتێک کە پرسیاریان لە ڕۆبۆتەکان دەکـرد، بەجۆرێک وەڵام ئەدرانەوە

که هەستیان نەئەکرد ئەمانە ڕۆبۆتن و بەتایبەت بەرنامەڕێژ کراون بۆ ئەم هەموو کارە. زۆرجار پیاوە گەشتیارەکان، کچە ڕۆبۆتەکانیان وەک کیژە سۆزانی دەبینی و تەنانەت هەندێجار داوای کاری سێکسیشیان لێ دەکردن. بەڵام ڕۆبۆتە کانیش، بە زەردەیەکی ئاساییەوە، هەروەک کیژێکی نەرمو نیان، وەڵامیان ئەدانەوە و دەیانگوت:

«داوای لێبوردن دەکەم.. ئێمە ناتوانین کاری وا بکەین».

بەو شێوەیە بەردوام ڕۆبۆتەکان کار دەکەن لەناو گومەزو بەشەکانی تری شەپۆلەکانی تردا، هەر یەکەیان بۆ کارێکی تایبەت تەرخان کرابوون، بێئەوەی تەنیا بۆچرکەیەکیش پشوو بدەن.

ئەو کارە گرنگ و گەورە و مەزنە هی ئارۆنە شێتە کە هەموو زاناکانی سەرسام کردووە لە ئاست ئەو کارە دەگمەنەیدا. ئیستاش ئەو وەک کەسێکی بێبەهاو بێکار دەستبەسەر و فەرامۆش کراوە. ئەو بلیمەتەی کە توانی هەموو پێکهاتە ئەلەکترۆنییەکانی پڕۆژەکەی سەرمانگ ئەنجام بدا، ئیستا تەنیا خاوەنی کۆمپیوتەرێکی تەواو سادە و بێنرخە، کە تەنانەت لەسەر زەویش زۆر کەس بەکاری ناهێنێت. خۆ ئەگەر بواری هەبا، ئەوە بەدڵنیاییەوە، دەیتوانی هەموو کۆد و ژمارە نهێنییەکانی بەرنامەی یادی ڕۆبۆتەکان بە ئاسانی تێک بدایەو هەموو پڕۆژەکانی سەر مانگی بەتەواوی تەفروتونا ئەکرد.

بەڵام کاتێک کارەکانی پڕۆژەی سەر مانگی لەسەر زەوی تەواو کرد، لەڕێگەی کۆمەڵەی زانایانی پڕۆژەی سەر مانگەوە، بڕیاری ئەوە درا کە پێویستە ژمارە نهێنییەکانی ڕۆبۆتەکان، لە لایەن چەند کەسێکی باڵاوە بگۆڕرێ و پارێزراو بێت، هەر بۆیە

لەدوای تەواوبوونی کارەکەی، هەموو کۆدەکان گۆڕانگاریان بەسەردا هێنرا. ئەویش بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا ئەو کارە ئەنجام درا.

بەڵام ئارۆن زۆرکات ئەوەی دەگووت:

«ڕایمۆن، وەک شەیتان وایە، لەوانەیە ئەو هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەسەڵاتە دابێت و کۆنترۆڵی ئەو کارەی کردبێت و کۆدی هەموو ڕۆبۆتەکانی بە ویستی خۆی گۆڕیبێت».

ئێستاش خاوەنی ئەو کارە مەزنە. لە ڕێگەی کۆمپیوتەرێکی تەواو سادەوە، دەتوانێت بڕێکی زۆر زانیاری گرنگ لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانییەوە وەرگرێ. زۆرجار داوای لە من کردبوو کە ڕێگەی پێبدەم. کۆمپیوتەرەکەی گوێچکەکانم بەکار بێنێت و لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ڕۆبۆتەکان بکاتەوە. بەڵام ئەوە کارێکی ئەستەم بوو توانیبام ڕێگە بە کارێکی وەها بدەم، نەک لەبەر ترسی بەرپرسیارێتیم، بەڵکو گومانەکانم لە ئارۆن، ڕێگەیان پێ نەئەدام، بەدەر لەوەی دەرئەنجامێکی ترسناک چاوەڕوانم دەکات، لەوانە بوو لە ئارۆن و ژنەکەی خراپتریان بەسەر هێنابام.

ئارۆن وەک ئەوەی سەری ژان بکا، هەردوو دەستەکانی بەتوندی بە سەریەوە گرتووە، لە سیمایدا هەست بە ڕاڕایی دەکەم، بەردەوام چاوە زیتەکانی لە سەرمەو ئاگریان لێ دەبارێ. هەست بە ترسێکی تۆقێنەر دەکەم، پاش کەمێک سەرنجدانم، وەک بۆمبێک بە سەرما تەقییەوە، بەدەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە هاواردەکات:

«تۆ مێشکت هەیە؟ دەزانم باوەڕم پێناکەیت، بەهەرحاڵ گرنگ نییە، با وا بێت، دەزانم تۆش و زۆرێک لەوانەی وەک هەموو ئەو

ئامێرانەی کە لەم گوومەزەدان وەک یەکن، بە جۆرێک مێشکتان بەرنامەڕێژ کراوە لە قسەکانی ڕایمۆن زیاتر هیچی تر لە مێشکتاندا نییە. دەزانم باش.... باش دەزانم، ماوەیەکی تر نابات هەمووتان بە دەردی درۆسیاتان لێ دێت. نا.. بەڵکو لەوانەیە خراپتریشتان بەسەر بێت. ئێوەش وەک ئەم داماوە کەس نەزانێت بۆ کوێ دەبرێن و بە چ شێوەیەکی بێبەزەییانە تاقیکردنەوەتان لەسەر دەکرێ. ئێوە دەکرێنە خۆراکی هەموو ئەو ئامێرانە و خەونەکانی ڕایمۆن. من لەمە دڵنیام.. هەر وا دەبێت».

ئارۆن چاوەڕوانی هەڵوێستم دەکا. پێدەچێت گرکانەکەی ناخی دانەمرکابێتەوە. تەزوویەکی ترس، جەستەمی تەنیوە. دەمەوێت خوێندنەوەیەک بۆ هەڵچوونە شێتانەکەی بکەم، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەمێک هێوری بکەمەوە و لەو شتانە دڵنیا بم کە لەوپەڕی هەڵچوونیەوە درکاندی. تۆبڵێی ئەوەی باسی دەکرد ئەو چارەنووسە بێت کە چاوەڕوانی ناکەم و هەرگیز بیریشم لێ نەکردووەتەوە! پێدەچێت نهێنیەکی گەورە هەبێت، کە من لێی بێئاگا بم! باشە چۆن ئەمە بزانم! دەمەوێت لەو قسانە دڵنیابمەوە، بەڵام چۆن بتوانم لە زمانی نهێنیەکان تێبگەم! چۆن ڕەفتار لەگەڵ ڕووداوە نەخوازراوەکانی ناو ئەم گومەزەدا بکەم.

بڕوا ناکەم دۆخەکە بەو شێوەیە بێت، مرۆڤ کاتێک هەڵدەچێت زۆر شت ئەڵێت، کە یان درکاندنی ڕاستییەکانە یان دەربڕینی هەستێکی بێدەسەڵاتییە. دەمەوێت ئەو دوو بۆچوونە یەکلا بکەمەوە:

«بەڕێز ئارۆن.. بمبوورە.. من لەوانەیەگومانم لە قسەکانت نەبێت. بەڵام بۆخۆت دەزانیت ئێرە شوێنێکی تایبەتە. ئێمە ناتوانین

لە خۆمانەوە، بڕیار بدەین یان بچینە ناو هەندێک کارەوە کە پەیوەندیی بە خودی ئێمەوە نەبێت».

ئارۆن بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت، بەڵام نائارام دیارە. لە جێگەکەی خۆی دەبزوێت وەک ئەوەی لەسەر ئاگر بێت. کەمێک بیردەکاتەوە:

«دەزانــم.. باش دەزانــم.. بـەڵام دەبێت ئـەوە باش بزانن کە بێئەوەی هەست بە خۆتان بکەن. بوونەتە خۆراکی دڕندەیەک. من ئەوە باش دەزانم.. بەڵام ئێوە لەوە ناچێت کە بەئاسانی هەستی پێبکەن؟ با ئێوەش وەک من کەسێکی ئازیزتان وەک درۆسیا لەدەست بدەن، ئەوسا هەست دەکەن. گەر دەتەوێت دڵنیا بیت، بڕۆ باش بگەڕێ، بزانە ئەنجێلا چەند ڕۆژە دیار نییە! من لە ڕێگەی ئەم کۆمپیوتەرە بێنرخەوە دەتوانم زانیاری تەواو لە ڕۆبۆتەکان وەرگرم. دەزانم ئەنجێلای لەسەر چی لە گومەزەکە بردووەتە دەرەوە».

لەو ڕۆژەوە ئەنجێلام نەبینیوەتەوە، ئاگادار نیم چی ڕووی داوە! تۆ بڵێی ئارۆن بە هەموو شتەکان بزانێت. دەمەوێت دڵنیا بم، ئەو پرسیارە دەکەم وەک خۆی دەیەوێت وەڵامەکەی بداتەوە.

«لەسەر چی ؟»

کەمێک سـەری لێم نزیکتر دەکاتـەوە وەک ئـەوەی بیەوێت بەگوێکانمدا بچپێنێ.

«تۆ هیچ نازانیت! ئەو ئەگەر نهێنییەکی نەدرکاندبێت. بۆچی وای بەسەر دێنن؟ ها؟ ئەی ئـەوە نازانیت ئـەو کەسانەی بە مەبەستی لەشفرۆشی دێنە ئێرە، گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی مەحاڵە؟ دەزانیت بۆچی؟!».

«نازانم.. بۆ؟».

«بۆئەوەی نهێنییەکانی ئێرە لەسەر زەوەی نەدرکێنن، چونکە لەشفرۆشەکان ئاگاداری زۆر شت دەبن کە لێرە ڕوو ئەدا.. بەتایبەت تاقیکردنەوەکانی لەبەرگرتنەوە (کۆپیکردن) لەسەر مرۆڤ.. ئەوان سەرچاوەی هەموو ئەو کارانەن.. ئێستا زانیت؟!».

ئەو قسانەی کرد و وەک ئەوەی بارێکی سەر شانی سوک بووبێت. هەستی بە خاوبوونەوەیەکی تەواو کرد، بە ئەسپایی پاڵ ئەداتەوە و دەستەکانی لە پشت سەری دەنێت. هیچ قسەیەکی ئارۆن هێندەی ئەم قسانەی، کاری تێ نەکردم. ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی ناچارم بکات لە بوونی ئەنجێلا دڵنیا ببمەوە. تەواو هەست بە شەکەتیی دەروونم دەکەم. قسەکانی ئارۆن، ئەو شەوەیان بەبیر هێنامەوە. کە بۆیەکەم جار لە یانەکە لەگەڵ ئەنجیلا یەکتریمان ناسی. ئەو هەندێ باسی سەبارەت بە تاقیکردنەوەکان بۆ کردم، وەک دەرهێنانی هێلکەی کچە سۆزانییەکان و بردنی بۆ تاقیگەکان بە مەبەستی تاقیکردنەوە. هەموو مانگێک لە کاتی سووڕی مانگانەدا دەبوایە هەموو ئەو کچە سۆزانیانە سەردانی کریستینایان کردبا. لەوێ، بە ناوی پشکنینەوە، لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتەوە، کە دەخرایە ناو لەشیانەوە، هێلکەکانیان لەناو هێلکەدانیان دەردەهێنا و دەیانخستە ناو کەمووڵەی تایبەتەوە و ناوی سۆزانیەکەیان لەسەر دەنووسی. وەک ئەنجیلا باسی بۆ کردبووم، ئەو کردەیە ئەوەندەی دە خولەکێکی پێدەچوو.

ئەنجیلا کیژێکی زرنگ و وریا بوو. ئەو هەستی بەو کارانە کردبوو کە لەلایەن کریستیناوە دەکرا، وەک دەرهێنانی هێلکەکان لە کاتی دیاریکراودا، کە بووبووە جێگەی پرسیاری زۆرێک لە

کچە سۆزانییەکان. جارێک خۆی پرسیاری ئەوەی لە کریستینا کردبوو کە بۆچی هێلکە کانیان لێ دەردەهێنن و دەیانپارێزن! کریستینا، بەوە وەڵامی دابووەوە کە دەرهێنان و پاراستنی هێلکەکان بۆ مەبەستی پشکنینی نەخۆشییە سێکسیەکانە کە لە هێلکەکاندا بەدەر دەکەون. بەڵام ئەنجیلا متمانەی بەوە نەبوو، ئەو وای بۆ دەچوو کە ئەوان مەبەستیان لە پاراستنی هێلکەکانیانە بۆ مەبەستێکی دیکەی دیاریکراو، بەڵام نەیدەزانی چ کارێکیان بەو هەموو هێلکانە هەیە و بۆ چ کارێک بەکاریان دەهێنن؟.

خۆم لە نێوان دوو هێزی دژ بە یەکدا دەبینییەوە. بەتایبەت قسەکانی ئارۆن بۆ خۆی وەک بروسکەئاسایەک ڕای دەچڵەکاندم. هەرکاتێک ئارون لە هەر جێگەیەکدا بوایە، ئیتر ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو شەوە بەتەواوی، تووشی دڵەڕاوکێی کردبام، بەجۆرێک سەرقاڵی بیر کردنەوەی دەکردم تەنانەت توانای بیرکردنەوەشم لە پڕۆژەکە نەدەما. ئەوەندە بە کاریگەریەوە قسەی بۆ دەکردم، وام هەست دەکرد هەموو قسەکانی تەواو ڕاستن، دەبێت متمانەیان پێ بکەم. ئەوەشی جێگەی نائارامیە، هەڵوێستەکانی ڕایمۆن، ئەوەندە جودا بوو لەگەڵ قسەکانی ئارۆن، هێندەی دووری نێوان مانگ و زەوی، لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا، خۆم لە نێوان دوو هەسارەی گەورەدا دەبینییەوە، بۆ خۆیشم نەمدەزانی کامیان بە لای خۆیدا ڕام دەکێشێت. لەو نێوەندەدا دەبیت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەم. بەڵام چۆن؟! هەردووکیان وەک یەک هەردوو باڵیان گرتووم و بە هێزێکی یەکسان هەر یەکان بۆ لای خۆیم پەلکێش دەکا.

ئارۆن لە جێگەی خۆی هەڵدەستێت و بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت بیئەوەی بزانێت چی دەکا. هەردوو دەستەکانی لە

پشتییەوە داناوە، بەدەم پیادە کردنەوە هەر ورتە ورتی دێت، وەک ئەوەی بیەوێت خۆی بۆ شتێک ئامادە بکا. پاش کەمێک بە چاوە زیتەکانی لێم دەڕوانیت و لەبەر دەممدا وەک دارێک قوت دەبێتەوە. لێوەکانی دەلەرزن، وەک ئەوەی بیەوێت قسەیەک بکات، دڵی لە گریان قوڵپ ئەدا:

«دەزانیت بۆچی بەوشێوەیە لێت دەپاڕێمەوە؟؟!! ها؟؟!!».

مێشکم تەواو ئاڵۆز بووە، ئارۆن بەردەوام قسە دەکا و منیش هەموو هۆش و خەیاڵم لای ئەنجێلایە، ئارەزووی ئەوە ناکەم هیچ شتێک بڵێم.

«دەزانیت؟! دڵنیام باش دەزانیت.. لەو ڕۆژەوەی تۆ هاتوویتە ئێرە، پێم وتی من پێویستیم پێتە، ئەو کارەی تۆ دەیکەیت، خەونی منە. بە سەرکەوتنت لەو پڕۆژەیەت، درۆسیا ڕزگار دەکەیت.. تکات لێ دەکەم بەڕێز ئاریا.. ئەگەر سەرکەوتوو بوویت، تکایە پێش ئەوەی پڕۆژەکەت پێشکەش بە ڕایمۆن بکەیت، تکات لێ دەکەم یەکەمجار لەسەر درۆسیا تاقیکردنەوەیەک بکە.. تکا دەکەم.. بەڵکو درۆسیای خێزانم چاک کەیتەوە.. ئەوە هەموو خەونەکانی منە.. گرنگ نییە تا چەند لێرە دەمێنینەوە. خۆ ئەگەر تەنیا بۆ جارێکی تر زەوی نەبینینەوە. گرنگ ئەوەیە من و ئەو هەتا مردن پێکەوە لێرە بژین. تکا دەکەم بەڕیز ئاریا بەڵێنم بدەرێ».

لەوەتەی هاتوومەتە ئێرە، خەونی ئاڵۆز دەبینم. ئەو دۆزینەوەیە هەموو بیری داگیرکردووم. لە خەونەکانیشمدا ماددەکان دەبنە بنیادەم و دەیاندوێنم، پرسیاریان لێدەم و بە دوای نێهنیەکانیانەوەم، ئەوانیش وەک ئەوەی گەمەم لەگەڵدا بکەن ڕەنگ و شێوەی خۆیانم لێ دەگۆڕن، بەشێوەیەک کەناتوانم بیانناسمەوە. بەردەوام دەبم

لە گەڕان بە دوایاندا، ماندوو نابم، خۆئەگەر ماندووش بم، پاش پشوویەکی کورت بەدوویان دەکەومەوە و کۆڵ نادەم تا ئەوان هەست بە شەکەتیی خۆیان دەکەن و بە ویستی خۆیان یەکدەگرن و بەیەک دەنگ ئەو نهێنیەم پێ دەسپێرن.

«بەدڵنیاییەوە، مەبەستی من تەنیا کارێکی مرۆییە بۆ مێژوو، لەوە زیاتر هیچی تر نییە. هیوادارم سەرکەوتوو بم. گەر وا بوو، بەڵێن بێت ئەو کارە بکەم».

ئارۆن بە بیستنی ئەو بەڵێنە وەک ئەوەی لە خەونێکی قوڵ بەئاگا بێتەوە، بە پڕتاو بەرەو ڕووم هاتو بەتوندی باوەشی پێدا کردم، هەردوو لای ڕوومەتەکانی ماچ کردم و پاشان هەردوو دەستەکانمی توند گوشی. بە ڕوویەکی گەشئامێزەوە وتی:

بەقوربانت بم.. لێم گەڕێ با دەستەکانت ماچ کەم.. تۆ هیوایەکی گەورەت پێم دا.. دڵنیا بە تۆ سەرکەوتوو دەبیت.. من دەزانم.. پێم خۆشە هاوکارت بم.. ڕێنمایت بکەم.. بەڵام تکات لێ دەکەمەمەوە، ئەو کارەت باش بپارێزە لە دەستی ڕایمۆن.. ئەو وەک مار وایە لەناکاودا هاوارت لێ هەڵدەستێنێ.. دڵنیا بە، مەبەستمە بتپارێزم لە دەستی ئەو.. ئاگاداری خۆت بە. باشە بەڕێز ئاریا؟!».

هەواڵی دیارنەمانی ئەنجێلا، ئۆقرەی لەبەر بڕیبووم، تەمەننای ئەوەم دەکرد بە زووترین کات خۆم بگەیەنمە یانەی شەوانەکە و بە دوویدا بگەڕێم.

«سوپاس بەڕێز ئارۆن بۆ ئامۆژگارییەکانت.. بە یارمەتیت،، دەبێت بڕۆم. کاتێکی تر دەتبینمەوە».

ئارۆن لە خۆشحاڵیدا بێئاگا بوو لەوەی دەستەکانمی گرتووە، بە هەڵسانم لەسەر کورسیەکە هەست بە شەرمەزاری دەکات بە

خێرایی دەستەکانم بەر ئەدا و وەک ئەوەی ڕێگام بۆ چۆڵ بکا. کەمێک بەرەو دواوە دەکشێتەوە و سەرێکی ڕێزم بۆ دائەنەوێنێ. دەگەمە دەرگای ئەپارتمانەکە، ئارۆن لە دوامەوەیە:

«خوات لەگەڵ بەڕێزم.. بە هیوای سەرکەوتنت.. دەتبینمەوە».

گومان تەواو بیری تەنیبووم. بۆخۆیشم نەمدەزانی بە چ شێوەیەک بیری خۆم کۆبکەمەوە، تا دەهات بیرم زیاتر ئاڵۆزتر دەبوو، ئەوەندە بیرم کردووەتەوە، هەست بە ئازاری سەرم دەکەم، هەموو کارێکم بووە بیرکردنەوە لە ئارۆن و ڕایمۆن. لە مێشکمدا هەردووکیان وەک بۆمبێک وابوون کە لە ناکاودا یەکێکیان بتەقێتەوە و ئەوی تریان لەناو ببات. دواجار ئەوەم بەبیر هاتەوە، بۆ یەکلابوونەوەی گومانەکانم، بیر لە دۆزینەوەی ئەنجیلا بکەمەوە.

بەپەلە خۆم دەگەیەنمە یانەکە. لەناو هۆڵەکە بە ئومێدمێدێکەوە چاو بە هەموو کووچە و قوژبنێکی ناو یانەکەدا ئەگێڕم، بیر لەوە دەکەمەوە لە نهۆمی سەرەوە بێت، بیر لەوە دەکەمەوە پرسیار لە هاوڕێیەکی بکەم.. دڵنیام ئەوان هەواڵی دەزانن، لە یەکێک دەپرسم کە وەک موشتەریەک لێم دەڕوانێت، دەپرسم:

«ئەنجێلات نەبینیوە؟»

دەڵێت: «کام ئەنجێلا؟».

منیش باسی شێوەی بۆ دەکەم، دوای کەمێک بیرکردنەوە دەڵێت:

«ئا.. ئا.. بیرم کەوتەوە.. مەبەستت کچە بەڕازیلیەکەیە»

ئەو باسی ئەوەی نەکردبوو، کە خەڵکی کوێیە و منیش ئەو پرسیارەم لێ نەکردبوو:

«نازانم خەڵکی کوێیە.. بەڵام ئەو شێوەیەی هەیە کە بۆم باس کردیت».

کەمێک لە چاوەکانم دەڕوانێت، وەک ئەوەی بیەوێت شێوەم بکاتەوە، داوای ئەوەم لێ دەکات چاوەڕوان بم، بەرەو لای کچێکی تر دەچێت کە خەریکی سەودایە لەگەڵ موشتەریەکدا، کەمێک سەر بە یەکەوە دەنێن وەک ئەوەی نەیانەوێت موشتەرییەکە تێبگا. هەردووکیان پێکەوە بەرەو ڕووم دێن، کچەکەی یەکەم ئەوی ترم پێ دەناسێنێت کە سەرقاڵی سەودا بوو، ئەوە هاوڕێی نزیکی ئەنجێلایە. کیژەکەی هاوڕێی بە گومانێکەوە لێم دەڕوانێت:

«تۆ ئەو کوڕە نەبوویت کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بەڵێنی هاتنەوەت پێدا؟!».

هەستم کرد سەرە داوێکم بەدەست کەوتووە، بەخۆشحاڵیەکەوە ئەوەی پێدەڵێم

«ڕاستە.. بەڵێن بوو بێمەوە بۆ لای.. ئێستا ئەو لە کوێیە؟!».

دەستم دەگرێ و بەرەو لای گۆشەیەک دەمبات، تا کەس گوێی لێمان نەبێت:

«نازانم.. ئەو شەوە لە دوای تۆ چی بەسەر هات، تا بەیانی خەو نەچووە چاوی.. بۆ بەیانی وەک ئەوەی تەلیسمیان لێ کردبێت، بڕیاری ئەوەی دا، لە کارەکەی دوور کەوێتەوە.. نازانم بۆچی؟؟ ئەو چەند ڕۆژە بەردەوام لە ژوورەکەی خۆیدا بوو.. دوێنێ بەڕێز ڕایمۆن ڕۆبۆتێکی بەدوویدا نارد، لەوە ئەچێت میوانی تایبەتی هەبێت، دڵنیام لای ئەوان ماوەتەوە».

لە قسەکانی تەواو دڵنیانیم، دەمەوێت ڕاستی ڕووداوەکە بزانم:

«تۆ دڵنیایت ئێستا لای ڕایمۆنە؟!».

هەست بەوە دەكات متمانە بە قسەكانی ناكەم، بە گومانێكەوە دەپرسێت:

«بەڵێنی هاوسەرگیریت پێداوە؟!».

بە ڕەفتارێكی بێئاگاییەوە وتم:

«نا.. تەنیا كەمێك قسەمان كرد.. بۆچی هیچ بووە؟!».

لە پرسیارەكەم خۆی ئەدزێتەوە. لە چاوەكانیا هەست بە نهێنییەک دەكەم، دەمەوێت ئەوەم پێ بڵێ كەمێك دەخەنێت:

«وا بزانم ئەنجێلا عاشقت بووە، بەردەوام باسی تۆی بۆ دەكردم، چاوەڕێ كە تا میوانە تایبەتەكە دەڕوات».

هەست دەكەم قسەكانی ئارۆنە شێت خەریكە دەبنە ڕاست. لە یانەكە دێمە دەرەوە، دەكەومە ناو عەشاماتی گەشتیارەكانەوە، بیر لەوە دەكەمەوە بە چ شێوەیەک ئەو پرسیارە لە ڕایمۆن بكەم، دەبێت چاوەڕێ بكەم تا بەتەواوی دڵنیا دەبم لە ڕاستیەكان. نامەوێت بەهۆی قسەكانی ئارۆنە شێتەوە ببمە جێگەی گومانی بەڕێز ڕایمۆن. ئەی ئەگەر قسەكانی ئارۆن ڕاست بێت چی بكەم؟ دڵنیام ئەنجێلا لەناو دڵمدا ئەمێنێتەوە. ئەو تاكە كەسێک بوو توانی گوێ نەداتە ئەو دیوارەی ناخم، سنوورەكانی دوورەپەرێزیمی شكاند. ئەو تاكە مرۆڤێک بوو توانی لە تەنیاییم بگا. دڵنیام لەوەی دەیتوانی ئەو شەرمەم بشكێنێ كە لە منداڵیمەوە بوونی هەیە و بووەتە بەشێک لە كەسایەتیم.

دیارنەمانی ئەنجیلا ئۆقرەی لەبەر بڕیوم. بۆخۆیشم نازانم، خۆشەویستی ئەنجیلا چۆن بەو شێوەیە توانی دڵم داگیر بكا! ئەو بە خێرایی وەک گڕكانێكی گەورە و لە ناخمدا تەقییەوە. هەموو بیر و هۆشمی تەنییەوە، بە شێوەیەک كە توانای سەردانی تاقیگەكەشم

نەمابوو، هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی بیرم، بووەتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی ئەنجیلا. ئەوەی لە بیری مندا بوو، تەنیا خۆشەویستی ئەو نەبوو بەتەنیا، بەڵکو، پشتڕاسکردنەوەی قسەکانی ئارۆنیش بیری داگیر کردبووم.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی پرسیارگەلێک. گەورەیی خۆشەویستی و عەشق، ئەو هێزەی مەزنترە لە هەموو شتەکانی گەردوون، لە زانست و بیرو هێز و گەلێ شتی تر، ئەو ئەوەندە گەورەیە کە دەتوانێت بەسەر هەموو بیری کەسێکدا زاڵ بێت و لەیەک کاتدا دەتوانێت، توانا و گوڕێکی بەهێز بداتە مرۆڤ و بیکاتە بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ. زۆرکات هەر ئەو هەستەیە کە دەمانکاتە کۆیلەی جیهانێکی ئەفسووناوی، تیایدا بۆ خۆیشت نازانیت لە کوێوە و بۆکوی گوزەری تیادا دەکەیت!

ئەوە تەلیسمی عەشقە، کە بەردەوامی بە هەموو بوونەوەرێکی ئەم هەسارەیە داوە، هەر ئەو هێزە مەزنەیە کە توانیویەتی مرۆ بکاتە خاوەنی هەموو ئەم دۆزینەوانە. ئێستا یان لە داهاتوویەکی نزیدا هەمووومان دەبینە کۆیلەی داهێنان و دۆزینەوەکانمان. خۆشەویستیی ئەنجیلا، توانی لەناو دڵ و دەروونمدا، هەموو بەها مرۆییەکان بۆ جارێکی تر زیندوو بکاتەوە. لەوەتەی هاتوومەتە سەر ئەم هەسارە مردووە، وەک هەموو ڕۆبۆتەکانی ئێرە ڕفتار دەکەم.

زۆرجار وا هەست دەکەم، وەک ئەوان لەناو ئەم تاقیگە سارد و سڕانەدا لەدایک بووم. وەک ئەوان لە هەموو شتەکان دەڕوانم، وەک ئەوان دەخۆم و دەخوێنمەوە. هیچ جیاوازییەکی گەورە لەنێوماندا نابینرێ، ئەوە نەبێت ئەوان تەنیا ناتوانن. وەک مرۆڤ

نەوە بخەنەوە و هیچی تر. ئێستا ئەوان لەمن باشتر بیر دەکەنەوە و کارو بەرنامەکان باشتر ئەنجام ئەدەن. منی خاوەن بیر، هەموو هێز و ئەو توانایەی کە بە درێژایی چەند ساڵە بەدەستم هێناوە. ئێستا ئەوان، بە هێندەی تەنیا چرکەیەک بیری لێ دەکەنەوەو بەبێ کەموکووڕی دەیخەنە بەردەست.

منێکی خاوەن بیر و عەقڵ، ئێستا لە تاقیگەکەمدا، زۆرجار لە چاوەڕوانی ئەواندام، کە وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە، ئەوە منم ئیستا بوومەتە کۆیلەی ئەوان. بەبێ ئەوان ناتوانم، هەموو ئەو کارە ئاڵۆز و فراوانە لە کاتێکی زۆر کورتدا، ئەنجام بدەم. ئەوان زۆر کار دەکەن و لەوانەیە ڕۆژێک ئەوانیش، یاخی ببن و هەموو هەست و سۆزەکانیشمان داگیر بکەن! ئیتر چی ماوە، پەی پێ نەبەن! ئێستا هەموو دانایی و زانیاری مێژووی مرۆڤایەتی لە مێشکی ئەواندایە.

ئێستا، منیش لەگەڵ ئەواندا هیچ جیاوازییەکمان نییە، بەڵام ئەنجیلا، ئەو شۆخەی هەموو داهاتووی خۆی دەکردە قوربانی ساتی پڕ چێژ بۆ پیاوە بچوکەکان، ئەو سۆزانییەی کە لای هەموان بە بێنرخی وەک کاڵایەک سەیری دەکرا، ئەو مرۆڤە بێدەسەڵاتە، توانی لە ساتێکی زۆر کەمدا هەست و سۆزم ببزوێنێت! توانی بمکاتەوە بە مرۆڤ. وەک جاران هەست بە هەموو شتە جوانەکانی زەوی بکەمەوە. یادەکانمی وروژاند و خۆشەویستیی دایکمی هێنایەوە بیرم. ئێستا هەست بە بوونی خۆم دەکەم، بەڵام ئەفسوس دەبێت چارەنووسی ئەو شۆخە بەچی گەیشتبێ! دەبێت ئێستا، لە چ جێگەیەکی ئەم گەردوونەدا بێت؟.



# 5

ڕۆژی 3-8-2047

پڕۆژەکەم لە ناوەڕۆکدا گەورەیە، بەڵام هەموو ئەو کارانەی کە مەبەستم بوو ڕێکیان بخەم، دەمتوانی هەموویان لەناو سندوقێکی بچووکدا، هێندەی 50سم دووجا کۆبکەمەوە. ئامێرەکەم لە ڕێگەی ڕۆبۆتە تەکنیک-کارەکانەوە بۆ دروست کراوە. ئەوان لە هەموو بەشێکدا کاردەکەن. هەر بەشێک پێویستی بە ئامێرێکی تاقیکردنەوە هەبوایە، لە ڕێگەی نەخشەسازیی زاناکانەوە دەخرایە یادیانەوە. ئەوانیش وەک خۆی بەبێ هیچ کەموکورتی و زیادەیەک، وەک خۆی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، کارەکان جێبەجێ دەکەن. ئەوان زۆر کاری زاناکان ئاسان دەکەن. ئەوەندە بەوردی کار دەکەن کە هەموو پێکهاتە ئەلەکترۆنییەکانیان بە شێوەیەک دروست کردووە، لە ڕووی لەرەی کارەبای و دروسکردنی شەپۆلە

کارۆموگناتیسییەکانەوە بێ-وێنەیە. هەموو ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە کاری ڕۆبۆتە تەکنیکییەکان، لەناو زاکیرەیەکی تایبەتدا پارێزراون، ئەگەر ڕۆبۆتێکی ئاسایی، ئەو توانایانەی تیا نەبوایە، دەکرا لە ڕێگەی ئەو زاکیرەیەوە لە ماوەی پێنج خولەکدا، هەموو زانیارییەکان بگوازرێتەوە بۆ ناو یادی ڕۆبۆتە ئاساییەکە و بەمەش، ئەو ڕۆبۆتەش دەبێتە ڕۆبۆتێکی تەکنیکار و وەک ئەوانی تر کار دەکات.

بەپێی ویستی خۆم، ئامێرەکەم بۆ ئامادەکراوە. هەموو پێکهاتەکانی ڕێکخستنی شەپۆلەکانی تیا چێنراوە بە جۆرێک کە دەتوانێت شەپۆلە هاتووەکانی بیر لەسەر شێوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی بگوازێتەوە بۆ بەشی بینین و لە ڕێگەی شاشە بچوکەکەی سەرەوەی، ئەو شەپۆلانە وەک وێنەیەکی ڤیدیۆیی نیشان بدا. لەهەمانکاتدا، لە ڕێگەی هەمان سیستمی هاوشێوەی پێچەوانەوە، دەتوانێت هەموو شەپۆلێکی بینراوی کارۆموگناتیسی و جوڵاو، بگوازێتەوە بۆ سەر شەپۆلەکانی بیری مرۆڤ. لە ڕێگەیەوە لە مێشکی مرۆدا وەک شەپۆلێکی بیر، بە شێوەیەکی زۆر بەهێزو زاڵبوو، جێگیریان بکات.

ئەوەی کاری سەرەکی داهێنانەکەمە، دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی وزەیی وەهایە کە بتوانێت شەپۆلەکانی مێشک وەرگێڕێتە سەر شەپۆلی کارۆموگناتیسی و بە پێچەوانەوە. تەواو کارەکەم لێرەدا وەستاوە، ئەو ماوەیە کێشەی دۆزینەوەی ئەنجێلا و قسەکانی ئارۆن تەواو مێشکمیان ماندوو کردووە، تەنانەت وام لێ هاتبوو، لە پرۆژەکەم بکشێمەوە، لە دۆزینەوەی پێکهاتەکە بێ-هیوا بووم، جارێک بۆ ئەو مەبەستە، چوومە لای سەرۆک ڕایمۆن. داوام لێ

کرد بۆ ماوەیەک پشوویەک وەرگرم و بگەڕێیمەوە سەر زەوی. بەڵام ڕایمۆن وەک هەموو ڕەفتارەکانی جارانی، بە زەردەیەکەوە، دەستی خستە سەر شانم و بە ستایشێکەوە وتی:

«پاڵەوانەکەی سەرمانگ، ئەوەی دەیەوێت بە تەنیا دۆزینەوەیەک هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بگۆڕێت، خەریکە چۆک دائەدات؟! ئەوە مەحاڵە.. ئەمەریکا چاوەڕوانی تۆیە کە سەربەرزی بکەی.. ئەمە نابێت.. ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە».

ڕایمۆن لە قسەکردنا پیاوێکی زۆر بە سەلیقەیە، دەتوانێت بەو شێوەیە بەرامبەرەکەی بە ئاسانی ڕازی بکا. جارێک بۆ خۆشم نەمدەزانی چۆن لە دەمم دەرچوو ناوی ئەنجیلام لە بەردەمیدا هێنا، هەستم بەوە نەکرد لەبەردەم ڕایمۆن وەستاوم، هەر ئەوەندە بەس بوو گوێی لە ناوی ئەنجێلا بوو، بە پێکەنینێکی ساردەوە قسەکەی لە دەمم قۆستەوە

«ئا ئا.. ئێستا زانیم، دیارە عاشق بویت؟! ئەی بۆچی زووتر پێت نەوتم؟! زۆر بەداخەوە بەڕێز ئاریا.. ماوەیەک پێش ئێستا، بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشییەکی کوشندە، ناچار بووین، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ زەوی پێ بدەین. لەوانەیە ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکیدا بێت. تکات لێدەم بەڕێز ئاریا، بەبێ ڕێنمایی ئێرە لەو کەسانە نزیک مەبەرەوە، ئێمە پێویستمان پێتە. دەزانم ئێستا ئارەزووی سێکس دەکەیت، بۆیە لە کارەکەتدا ماندوو بویت، پێشتریش پێم وتبوویت، بە ویستی خۆت بگەڕێ. لەگەڵ کێدا پێت خۆشە سێکس بکە. دڵنیام پاش ئەوە بیرت باشتر دەبێت».

ڕایمۆن، کە دەهاتە سەر باسی ئافرەت و سێکس، وەک ئەوەی گەشکە بیگرێ، بە هەستێکی زۆر دڵخۆشکەرەوە باسی دەکرد. وەک ئەوەی لاوێکی تازەپێگەیشتوو بێت.

دۆزینـەوەی شـەپۆلەکانی بیر، کارێکی ئاسان نییە. دەبێت پێکهاتەیەکی تایبەتی دروست بکەم، کەبتوانێت چۆنییەتی ئەو شەپۆلانە بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم کارە بەتەنیا لە لای من گران نییە. زۆرێک لە زاناکانی پێش من، تاقیکردنەوەی زۆریان لەو بوارەدا ئەنجام داوە. هیچیان نەگەیشتوونە دەرئەنجامێکی دڵخۆشکەر و سەرکەوتوو نەبوون. وەک ئارۆن باسی بۆ کردبووم، پێش من، داڤید، دێتە سـەر مانگ و بە مەبەستی تاقیکردنەوە لەو بـوارەدا، ماوەیەکی زۆر لەسەر مانگ دەمێنێتەوە و بـەردەوام تاقیکردنەوە دەکات، ئەو لە پێش مندا زۆر ماددەی جیاوازی بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە بەکارهێناوە، زۆرێک لە زاناکان لەو بوارانەی کە نزیک بوون بەو کـارە، هاوکاریی تەواویان کـردووە. داڤید کە کوڕی کریستینا بوو، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەو هەموو یارمەتیدانەی.

پاش هەوڵێکی زۆر، داڤید دەتوانێت پێکهاتەکانی ئامێرەکەی لە ماددەیەکی شێوە زیندوو دروست بکا، کە تاڕادەیەک، لە ڕێگەی ئامێرەکانی نیشاندەرەی شەپۆلەوە، هەست بە بوونی شەپۆلەکانی بیری مـرۆڤ بکـات. بۆ یەکەمجار ئامێرەکەی لـەسـەر سەگ تاقیکردەوە. لەکاتی ناردنی شەپۆلێکی وێنەیدا، هەست بە نائارامی و گۆڕینی هەڵسوکەوتی سەگەکە دەکرا. ئیتر داڤید، بڕیاری دا تاقیکردنەوەی دووەم لەسەر مرۆڤێک بکا بۆ زیاتر دڵنیابوون لە کارەکەی، بۆ ئەو کارەش کریستینای دایکی لە مەبەستەکەی ئاگادار دەکـاتـەوە. ئەویش بەهۆی ئـەوەی ئـەو کاتە پـڕۆژەی سەرمانگ ئەوەندە فراوان نەبووبوو. کەسی وایان لا نەبوو کە گونجاو بێت بۆ تاقیکردنەوەکە. ناچار دەبێت لەگەڵ کریستینا،

پلانێک دابرێژن، بۆئەوەی بە نهێنی تاقیکردنەوەکە لەسەر درۆسیا بکرێ، ئەویش بێئەوەی ئارۆن لەم کارە ئاگادار بکرێتەوە.

ڕۆژێک درۆسیا لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە ئاگاداردەکرێتەوە، لەوەی سەردانی کریستینا بکا بۆ مەبەستی پشکنینی نەخۆشی. کاتێک دێتە ژوورەکەی کریستینا، ڕۆبۆتەکان لەسەر جێگەیەکی تایبەت بە پشتا پاڵی دەخەن و چوارپەلی بە بەستەرێکی پلاستیکی بەهێز دەبەستنەوە، کڵاوێکی پلاستیکی پەیوەست بە کۆمەڵێک گەیەنەر و جەمسەری کارەبایی دەکەنە سەری و دەیخەنە ناو ژوورێکی شووشەوە، کە پێشتر ئامێرەکەی داڤید لەناو ئەو ژوورەدا جێگیر کراوە. هەموو کەرەستەکانی تاقیکرنەوەکان ئامادەیە. د.ڕایمۆن لە ژوورەکەی تەنیشتییەوە، لە ڕێگەی دیوارێکی شوشەییەوە تێبینی کارەکەیان دەکات. کاتێک کریستینا، ئامێرەکە پێدەکا و کرتە لەسەر ئەو دوگمەیە دەکا، کە کاری ناردنی شەپۆلە دیاریکراوەکەیە بۆ مێشکی درۆسیا..

لەگەڵ ناردنی شەپۆلەکەدا، درۆسیا وەک دڕندەیەکی پەلبەستوو پڕ بە گەرووی هاوار دەکا، لە جێگەی خۆی وەک مار، خۆی لوول ئەدا بە هەموو لایەکدا سوڕ دەخوا و دەقریشکێنێ، کریستینا تێبینی ئەوە دەکا درۆسیا خەریکە بەتەواوی لە هۆش خۆی ئەچێت، بۆ چەندجارێک لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکەی گوێکانییەوە. داوا لە داڤید، دەکات تاقیکردنەوەکە ڕابگرێ، بەڵام داڤید بەبێئەوەی گوێبداتە تەندروستیی درۆسیا، ڕێگە بە وەستانی تاقیکردنەوەکەی نادات. کریستینا بەهۆی قیژەی درۆسیاوە، دەستەکانی بە گوێکانییەوە دەگرێ، لێدانی دڵی درۆسیا دەگاتە نزیکەی 110 جار لە خولەکێکدا. هەست دەکات، لەگەڵ بەرزبوونەوەی لێدانی

دڵی چاوە سەوزەکانی، بوون بە دوو گۆمی سووری پڕ لە خوێن و زیاتر دەپەیمن و گەورەتر دەبوون، هێندەی نەماوە وەک دوو تۆپی گەورە دەرپەڕێنە دەرەوە. ئیتر، کریستینا بێئەوەی چاوەڕوانی بڕیاری داڤید بکا، بە خێرایی ئامێرە کە دەکوژێنێتەوە.

کاتێک درۆسیا، لە ژوورە شووشەکە دێننە دەرەوە، تەواو لەهۆش خۆی دەچێت. کریستینا، هەوڵێکی زۆر ئەدا بۆ ئەوەی هۆشی بێنێتەوە، بەڵام بێهودە دەبێت. بۆ ماوەی چوار ڕۆژ درۆسیا بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، تەواو بێئاگا، بەهیچ شێوەیەک جووڵەش ناکا. هەموو چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەن بۆ جارێکی تر نەتوانێت، بێتەوە سەر پێی خۆی. ماوەی ئەو چوار ڕۆژە لەژێر چاودێری کریستینادا، دەمێنێتەوە.

ئارۆن کاتێک ئەو هەواڵە دەبیستێت، بەخێرایی بەرەو لای، ڕایمۆن دەچێت و لە ژوورەکەیدا پەلاماری ئەدا تا ڕۆبۆتەکان دەگەنە فریای ڕایمۆن، سەر و گوێلاکی ڕایمۆن، بە مستەکۆڵە پڕخوێن ئەکات. ڕۆبۆتەکانیش پەلاماری ئارۆن ئەدەن و دووری ئەخەنەوە. ئارۆن ماوەیەک لە ژوورێکی داخراودا بەند ئەکرێ، لەو ماوەیەدا تەواو بیری تێک ئەچێت، وەک شێت لەو ژوورەدا بەردەوام ئەکێشێت بە دیوارەکاندا و هاوار دەکا، بەردەوام جوێن بە ڕایمۆن ئەدا.

ڕۆژێک ئارۆن بە بەندکراوی بەرەو ژوورەکەی سەرۆک ڕایمۆن دەبەن، کاتێک ئارۆن دێتە ژوورەوە، درۆسیا لە ژوورەکەی ڕایمۆن دەبینێت. ڕایمۆن، بە گرژییەکەوە دەڵێت:

«تۆ کارێکی خراپت کرد.. ئێمە لە هەوڵی چارەسەری خێزانەکەتدا بووین.. بۆ ئەو مەبەستە، درۆسیامان دیاری کرد

بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام تۆ کارێکی نایاسایت کرد و سنووری دەسەڵاتی خۆت بەزاند، هێرشت کردە سەر من، ئەوە درۆسیای خێزانتە. دەیبینیت! زۆر سەلامەتە و لەوە دەچێت سوودی باشی لەو چارەسەرە بینیبێت، هیوادارم باشتریش بێت. ئیستا دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوە».

ئیتر ئارۆن لەسەر ئەو کارەی بەرامبەر بە ڕایمۆن کردی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرمانگ، بڕیاری دەستبەسەرکردنی ئارۆنیان دەرکرد لەگەڵ ئەوەشدا مافی هەموو پەیوەندییەکیان بە زەوییەوە لێ سەندەوە و ئامێرە چێنراوەکەی گوێکانیان دەرهێنا و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی سەرمانگ، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد.

...

پرۆفیسۆر کلارک، بڕیارەکەی خۆی دەباتە سەر، بەردەوام لە پەیوەندیکردندایە و هەواڵی تاقیکردنەوەکانم دەپرسێ. ئەو پیاوێکی ئیشکەر و لەسەرخۆیە، زۆر گرنگی بە کاتەکانی ئەدا. هەر کاتێک مەبەستی بایە بمبینێ، کاتی دانیشتنەکەی دیاری دەکرد. زۆرجار کارێکی گرنگی هەبوایە، لە نیوەدا باسەکەی دەبڕی و بەخێرایی چاویلکە و ئایپادە سلیکۆنییەکەی کۆ دەکردەوە و بە داوای لێبوردنەوە دەڕۆیشت.

کلارک لە بواری ئەندازەی بۆماوەیی و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤدا شارەزاییەکی زۆر فراوانی هەیە، یەکێکە لەو زانایانەی کە دەگمەنن لەو بوارەدا. دوا کاریشی دۆزینەوەی پێکاتەیەکی ئۆرگانییە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی چاندنی ئەو ماددە ئۆرگانییە لەناو بۆهێڵ ی زنجیرەیەکی کرۆمۆسۆمی خانەیەکی پیتێنراوی هەموو زیندەوەرێکدا. وەک هێزێکی کارا و لەڕادە بەدەر، چالاکیی

ئەو خانەیە لە ڕووی گەشەو لەبەرگرتنەوەی کرۆمۆسۆمیدا خێراتر و کاراتر بکا بە هێندەی دووسەد جار زیاتر لە توانای خۆی.

...

کارکردن لە بواری مادده زیندووەکانا کارێکی گران نییە، لە زانکۆ زانیاری زۆرم لەو بوارەدا کۆکردبۆوە. پرۆفیسۆر کلارک بۆ من سەرپەرشتیارێکی باشە لە پێکهێنانی پێکهاتە زیندووەکاندا. زۆرجار لە چاوپێکەوتنەکاندا پێشئەوەی دەست بە قسەکردن بکات، ناوی بابەتێکم بۆ دیاری دەکات و ئیتر تا کۆتایی لەسەر ئەو باسە دەڕوات بەبێئەوەی باسەکە بگۆڕێت بۆ بابەتێکی تر. هەرچەندە کلارک لە بواری شەپۆلەکاندا زانیارییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بەهۆی زرنگییەوە، درکی بەوە کردووە، بۆ بەدەستهێنانی شەپۆلێکی بیری مرۆڤ، پێویستە پێکهاتەیەکی زیندوویی و هاوشێوەی پێکهاتەکانی خانەی مێشک بێت و بەو شێوەیە کار بکات، تا بتوانم لەسەر هەمان شێوەی ئەو پێکهاتانە، شەپۆلەکان بەدەست بهێنم.

جارێک باسێکی تایبەتی لەسەر مادده پێکهاتووەکانی خانەی مێشک بۆ کردبووم، بۆئەوەی باسەکەم بە وردی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئایپادە سلیکۆنییەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی بەردەمی کردییەوە و دەستی کرد بە باسکردنی بابەتەکە. کلارک بە هۆی زانایی وردی لە بوارەکەی خۆیدا، پێویستییەکی زۆری بەو ئایپادە سلیکۆنییە هەیە، کە تایبەتە بە خۆی. هەموو کارەکان و زانیارییەکانی بواری ئەندازەی بۆماوەیی و زانستی لەبەرگرتنەوەی تیادا تۆمار دەکات.

ئەو ئایپادە کۆمپیوتەرێکی پێشکەوتووی خێرایە، لەسەر شێوەی پارچە کاغەزێکی تەنک دروستکراوە، ئەستورییەکەی هێندەی 2ملمتر دەبێت، قەبارەکەشی نزیکی، 50 *35سم-ە. ئەوەندە نەرم و شل دروست کراوە، دەتوانێت بە ئاسانی وەک پارچە لاستیکێکی نەرم قەدی بکا و بیخاتە ناو گیرفانیەوە. گرنگی ئەو ئایپادە سلیکۆنییە لەوەدایە، توانای کۆکردنەوەی دەگاتە نزیکەی یەک تیرابایت. شێوەی کارکردنی لە ڕێگەی بەرکەوتنەوەیە. دەتوانێت بە ئاسانی دەرئەنجامەکانی هەموو بۆچوونێکی تایبەت بە کارەکانی پڕۆفیسۆر کلارک بخاتە ڕوو بەبێئەوەی کاتێکی زۆری بوێت بۆ لێکداوەی لە ڕێگەی مێشکەوە.

هەموو زانیارییەکان بە شێوەی وێنەیی ڕوون نیشان ئەدا. بەتایبەت پێکهاتە کیمیاوییە ئاڵۆزەکان. وەک پێکاتە زیندووەکان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تایبەتمەندییەکی کارکردنی هەیە هەر لە سەرەتای داتاکردنییەوە بە شێوەیەک ڕێکخراوە، لە ڕێگەی بەرکەوتنی پەنجەکانی کلارک خۆیەوە نەبوایە بەهیچ شێوەیەک کاری نەدەکرد، بەدەر لەوەی کۆدێکی تایبەت بە خۆی هەیە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە بە هیچ شێوەیەک ئەم ئایپادە توانای وەرگرتن و ناردنی زانیاری تیا تۆمار نەکراوە. ئەویش بۆ ئەوەی نەتوانرێ زانیاریەکانی ناوی، لە ڕێگەی شەپۆلەکانی پەیوەندییەوە بدزرێ.

ئەو لێکۆلینەوانەی تایبەت بوون بە مێشک، لەناو فایلێکی تایبەتدا بەجیا دایناوە، هەر جارە و باسێک دیاری دەکات و لە ڕێگەی شیکارە وێنەییەکانەوە بۆم ڕوون دەکاتەوە. بەتایبەت شێوە و پێکاتەکانی خانەی مێشک و چۆنییەتی دەرپەڕاندنی وزەکانی ناوی.

کلارک چاوپێکەوتنەکانی لە قاوەخانە تایبەتەکانی ناو گومەزەکەدا ڕێک دەخست. ئەو قاوەخانەیە تایبەت بوو بەو کەسانەی ئەندامی پرۆژەی سەر مانگ بوون، کارگوزارەکانی قاوەخانەکە بەزۆری لەو کچە سۆزانیانە بوون کە بەتایبەت هەڵبژێررابوون. زۆرکەم ڕێک دەکەوت، ڕۆبۆتەکان بۆ کاری خزمەتگوزاری هاتبانایە ناو هۆڵی قاوەخانەکانەوە، ئەویش مەگەر کاتێک قاوەخانەکە جمەی هاتبایە و کچەکان توانای بەدەنگەوەهاتنی ئەندامەکانیان نەبوایە. بەزۆری ڕۆبۆتەکان لەناو ژووری ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەکان کاریان دەکرد. ئەم کارەش لەلایەن د.ڕایمۆنەوە ڕێکخرابوو.

ئەو دەیزانی کە زاناکان ئەوەیان پێ خۆشە پشووەکانیان لەگەڵ کچانی بەسۆزدا بەسەر ببەن. ئەندامەکان بەو کارانەی ئەوان، خۆشحاڵ دەبوون. هەر جارە و بەهۆی بانگکردنی خواردنێک یان خواردنەوەیەکەوە، داوایان لە کچەکان دەکرد لایان دانیشن و کەمێک بخۆنەوە، هەندێکیان لە کاتی دانیشتنەکاندا، داوای پەیوەندی سێکسییان لە کچەکان دەکرد. ئەوانیش بەبێ نیگەرانی، لەسەر کاتی سەردانیان بۆ ژوورە تایبەتەکانیان ریک دەکەوتن. زۆریان پێ خۆش بوو شەوان ئەو کارەیان بکردایە. بۆئەوەی کاتەکانی تەنیاییان لەگەڵ ئەو کچە نازدارانەدا بەسەر ببەن. ئەوانیش لەگەڵ گەمە و بەزمی یارییە سێکسیەکانیاندا، باسی ژیان و بەسەرهاتی سەیری خۆیان دەگێڕایەوە..

لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەوە، کلارک کاتێکی بۆدیاری کردووم. شوێنی یەکتربینینمان قاوەخانە تایبەتەکەیە، کلارک مێزی ژمارە 7ی دەستنیشان کردبوو. پێنج خولەکێک پێش ئەو هاتووم

و چاوەڕوانی کلارک دەکەم. دوو خولەکی تر تێپەڕ دەبێت، کلارک لە دەرگای قاوەخانەکەوە دێتە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ لەسەر کورسییەکەی دائەنیشێت، کچێک دوو قاوەمان بۆدەهێنێت. بەدەم قسەکردن و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانەوە، جارجارە قومێک لە کوپی قاوەکەی ئەدا و کەمێک دەوەستێت و پاشان بە دەستێکی، چاویلکە قۆقزەکەی ڕێک دەخاتەوە و دەست پێدەکاتەوە.

زانیارییەکانی کلارک بۆ من زۆر گرنگن. ئەمڕۆ باسی ئەو ماددانەم بۆ دەکات کە ئاوێتەن لە پێکهاتنی دەنکۆڵەکانی نیسڵ لەناو خانەکانی مێشکدا، ئەو وای بۆ دەچێت ئەو پێکاتە ئاڵۆزە، وا دەکات بەهۆی شێوەی جیاوازی ئاوێتەکەیەوە، ئەو شەپۆلانە دەر بکەن کە تایبەتن بە شەپۆلەکانی مێشک. بەتایبەت چۆنییەتی یەکگرتنیان لەسەر شێوەی شلی و ڕەقی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چۆنییەتی ناردن و وەرگرتنی شەپۆلەکاندا.. دەیگوت:

«ئەو شەپۆلانەی تۆ بە دوایدا دەگەڕێت، ئەو شەپۆلانەیە کە لە دیاردەکانی خوێندنەوەی بیردا کار دەکا. بۆ نموونە، کاتێک مرۆڤ دەخەوێت، دەرپەڕاندنی شەپۆلەکانی مێشکی، بەپێی ئاستی خەوتنەکەی دەگۆڕڕێ، کە ئەو شەپۆلانەش بریتین لە، ئەلفا و بێتا و گاماو سیتا».

زانیارییەکانی کلارک، بە شێوەیەک کاری تێکرم، بەردەوام بیرم لە مێشکی خۆم دەکردەوە، لە چۆنییەتی بیرکردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەم، لە خەوتن و خەو بینین و هەڵسوکەوتەکانم، لە پەیوەندیم بە کەسانی ترەوە، یان بیرم لە کەسانی تر دەکردەوە، کە چۆن دەتوانن، لە ڕێگەی مێشکیانەوە، بیر و ئەندێشەی کەسانی تر بخوێننەوە. ئەوەندە بیرم لە باسەکانی کلارک دەکردەوە، وام

لێهاتووە، زۆر لە شەوەکان خەون بە هەموو شتێکەوە دەبینم.. بە گەشتیارەکان و سەرۆک ڕایمۆن و ئارۆنەشێت و درۆسیاوە خەون دەبینم. زۆر لە شەوەکان ئەنجێلا دێتە خەونەکانمەوە لەگەڵم دەپەیڤێت و باسی ژیانە پڕ تاڵی و نەهامەتییەکەی خۆیم بۆ دەکات. بیر لەوە دەکەمەوە خەونەکان هیچ شتێکم پێ ناگەیەنن لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوە پڕ ئازارەکان زیاتر، هیچی تر نین.

چیتر بیر لە ئەنجێلا ناکەمەوە، هەموو تواناو خەونەکانم کۆ دەکەمەوە و بە دوای پڕۆژەکەمدا دەچم، کلارک بەرچاوڕوونیەکی باشم دەکات، دەمەوێت وەکو ئەو گۆشەگیر بم، جیهانێکی تایبەت بە خۆم دروست دەکەم و بە ویستی خۆم تێیدا گوزەر دەکەم. دەچمەوە ناو ئەو جیهانەی کە لە منداڵیەوە هۆگری بووبووم. ئەو جیهانەی هەموو خەونەکانمی تیادا دەبینمەوە، ئەو خەونەی تەواو بە خەونەکانی کلارک دەچێت، لەناو داهێنان دۆزینەوەکانیدا بە دووی عەشقی خۆیدا دەگەڕێت، دەیەوێت ئەو خەونەی لە دەستی چووە و ناگەڕێتەوە جارێکی تر بە داهێنانەکانی، ڕۆحی بە بەردا بکاتەوە.

دەمەوێت ئەوە بکەم، دڵنیام منیش ئەو عەشقە لەناو ئەو ماددانە ئەدۆزمەوە کە بێهەست و مردوون، دەیانکەمە ڕۆحێکی زیندوو کە بتوانن پەی بە هەموو هەست و نەستی مرۆڤەکان ببەن، بە ڕەفتارو بیرکردنەوەکانیان، بە ئەهریمەنە نووستووەکەی ناخیان، بە هەستە شارراوەکانی بەرامبەریان، بە ژیان و داهاتوویان.

لەدوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ پڕۆفیسۆر کلارک، بیرم تەواو لەسەر تاقیکردنەوەکان زیاتر چڕ بووەتەوە، بە شێوەیەک هۆگری تاقیکردنەوەکانم بووم. ئەوەندە ئارەزووی سەردانی قاوەخانەکە

ناکەم و تێکەڵی کەس نابم. تا دێت.. تاقیکردنەوەکانم ئاڵۆزتر و فراوانتر دەبن، جیاواز لە جاران، کارکردن لە بواری مادده ئۆرگانییەکاندا، کارێکی ئاسان نییە، وا پێویست دەکات هەر جارەو پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ئۆرگانیم، پێک بهێنایە و لە ڕێگەی چەند گەیەنەرێکی تایبەتەوە بە ئامێرەکەوە پەیوەستم بکردایە، تاکو لە سەرکەوتنی کارەکەم دڵنیا بم..

ئەو ماوەیە زۆرێک لە پێکهاتەی کیمیاویم دروست کرد. ئەوەندە ئاڵوگۆڕم لە نێوانیاندا کرد، نەگەیشتمە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر. تا ڕۆژێک وەک ئەوەی کەسێک لە نادیارەوە، شتێکم پێ بڵێ. لوولەکێکی شووشەییم دروست کرد، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ئەندامی شلم تێ کرد. جێگەیەکی تایبەتم، لەناو ئامێرەکەدا بۆدروستکرد بە مەبەستی پەیوەستکردنی کاتێک لە ڕێگەی ئامێرەکەوە، پەستانە کارەباییەتایبەتەکەم خستە سەر کە پێکهاتبوو لە چەندین شەپۆلی جیاواز هاوشێوەی شەپۆلەکانی گەردوون وەک شەبۆلەکانی گاما ، لەناو شوشەکەدا هەستم بە جوڵەیەکی نامۆ کرد. لە ئامێری خوێندنەوەی شەپۆلەکەم ڕوانی.. تێبینی شەپۆلێکی ئۆرگانیم کرد، جیاواز لە هەموو ئەو شەپۆلانەی کە ئاسایی لەو ئامێرەدا دەخوێنرایەوە.

ئەو تاقیکردنەوەیە دەرگایەکی فراوانی بۆ کردمەوە. بۆ ئەوەی بەردەوامی بەو شێوازی کارکردنەکەم بدەم، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی مادده ئۆرگانییەکان بە شێوەیەکی شلی دەبزوێن و لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێ، شەپۆلە جیاوازەکان لەسەر چۆنییەتیی جیاوازی پێکهاتەی ماددەکانیان بەدەست بهێنرێن. بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی بەئاسانی شەپۆلەکانی مێشک بەدەست بێنم. ئەو

شەپۆلەی بەدەستم هێناوە تەنیا شەپۆلێکی ئۆرگانییە، هاوشێوەی شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ نین.

ماوەی سێ هەفتەیەک بەسەر تاقیکردنەوەکانمدا تێپەڕ بووە، چەندین ماددەی ئۆرگانی جیاوازم تاقی کردووەتەوە و چەندین شەپۆلی جیاوازم بەدەست هێناوە. هەست دەکەم لەگەڵ شەپۆلگەلێکی نوێ ئاشنا بووم خۆشحاڵم و بەردەوام دەبم ئەو ئەنجامانە گوڕ و تینێکی بەهێزم پێ دەبەخشن. بەردەوام بە دوویاندا دەڕۆم تا دەگەنە ئەو سنورەی پێم دەڵێن:

«ئیتر بەسە.. ئەوە نهێنیی یەکگرتن و سیفاتی ئێمەیە کاتێک بە شێوە جیاوازەکان یەک دەگرین و دەتوانین هەموو ئەو پێکهاتانە بخولقێنین، کە ئێوەی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرانی لێ پێک هاتووە.. ئەوە نهێنی ژیانی ئێمەیە»

«منیش ئەوەم لێتان دەوێت.. تا ئەو سنوورە بە دواتانەوە دەبم.. گرنگ نییە کەی و چۆن پێی دەگەم، هەست بە شەکەتبوون ناکەم، بەردەوام دەبم».

ئەمشەو، وەک هەموو شەوەکانی تر، ئارەزووی تاقیکردنەوە دەکەم. کاری شەوانە بە لامەوە هەسێکی تایبەتیم لا دروست دەکا. ئارامی باڵی بەسەر گومەزەکەدا کێشاوە، وێنەی زەوی لە شەوانی تر جوانتر و ڕوونتر دەبینرێ. دیمەنی زەوی لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، بە وێنەی کیژێکی شۆخوشەنگ دەچێت وەک ئەوەی بییەوێت بە نیگاکانی، هەست و ناخم ببزوێنێ. ئەمشەو، هەست بە تەنیایی ناکەم زیاتر هەستێکی پڕ لە عەشقم هەیە بۆ کارەکەم، وەک ئەوەی دایکم لە وێنەی زەویدا هاتبێتە میوانیم... بیری دایکم دەکەم.

دەست بە تاقیکردنەوە دەکەم، شلەیەکی سایتۆپلازما ئامادە دەکەم و توخمە کیمیاییەکانی وەک فسفۆر و ئاسن و سۆدیۆم و کلۆر و کاربۆن، بە ڕێژەیەکی دیاریکراو تێکەڵ دەکەم و دەیانخەمە ناو شلەی سایتۆپلازماکەوە. ڕێژەکانیان لەناو ئایپادە سلیکۆنیەکەمدا تۆمار دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم دووبارە لە کاتی تردا دروستیان بکەمەوە. پێکاتەکە دەخەمە ناو لولە شووشەکەوە و پەیوەستی دەکەم بە ئامێرەکەوە. کاتێک شەپۆلە دەنگییە دیاریکراوەکە لە ڕێگەی گەیەنەرەکانەوە ئاراستەی دەکەم، جوڵەیەکی نائاسایی لەناو شلەکەدا بەدی دەکەم. بۆ دڵنیابوونم لە کارەکەم چەند گۆڕانکارییەکی کارەبایی لە شەپۆلەکەدا دەکەم، تێبینی ئەوە دەکەم لەرەی شەپۆلە دەنگییەکان، گۆڕانکاری بەسەر شلەی ناو شووشەکەدا دەهێنن و ڕەنگەکانی دەگۆڕن. لە دوای چەند چرکەیەک هەست بە شەپۆلێکی نامۆ دەکەم لە مێشکمدا. ئەو شەپۆلە هەڵگری هیچ زانیارییەکی بیر نییە، بەڵام دەزانم ئەو شەپۆلە هاوشێوەی شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤە. کاریگەری ئەو شەپۆلە بە جۆرێکە وەک زەنگێک لە مێشکمدا دەزرنگێتەوە هەست بە کەمێک گرانیی سەرم دەکەم و دڵم کەمێک خێرا دەبێت، وەک ئەوەی دڵەڕاوکێم پێ کەوتبێت، خۆشییەک، هەموو جەستەمی تەنیوە، بۆ خۆیشم نازانم چۆن شیکار بۆ ئەو گۆڕانکارییە بکەم! تۆبڵێی ماددەکان نهێنییەکانی خۆیان بە تەواوی درکاندبێت!! نازانم..

ئەمشەو پەیوەندی بە کلارکەوە دەکەم و لە ئەنجامەکان ئاگاداری دەکەمەوە. ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو خۆی گەیاندە لام، ئایپادە سلیکۆنییەکەی لەسەر مێزی تاقیگەکە دانا و دەستی

کرد بە تۆمارکردنی ئەو پێکهاتە شلەیەی کە تاقیکردنەوەکەم لەسەر کردووە. پاش کەمێک لەناو ئایپادەکەدا وێنەیەکی پێکهاتە ئاڵۆزەکە، بە شێوەی تۆپی بەیەکدا لکاو دەردەکەوێت. سەری بەسەر ئایپادەکەیدا شۆڕکردووەتەوە، چاوەکانی ئەوەندەی تر بچوکتر بوونەتەوە.. بە وردی لێیان دەڕوانێ. سەری بڵند دەکا و بە دەستێکی چاویلکە قۆقزەکەی ڕێک دەخاتەوە. بە زەردەیەکەوەلێم دەڕوانێ، بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت، وەک ئەوەی بییەوێت زیاتر دڵنیا بێت، جارێکی تر لە ئایپادەکە دەڕوانێتەوە. دواجار سەری بڵند دەکاتەوە، بەدەنگێکی نزم پێم دەڵێت

«تۆ.. لە ئامانجەکەت زۆر نزیک بوویتەتەوە، ئاگادار بە، تاکو تەواو لە دۆزینەوەکەت دڵنیا نەبیت، ئەم کارەت لای کەس مەدرکێنە. من ئەم شێوەی پێکهاتەیە لای خۆم دەپارێزم، لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر ئەکەم و بزانم کەم و کورتییەکانی چین! دواتر ئاگاداریشت دەکەمەوە.. تۆ بەردەوام بە، دەستخۆش.. کارێکی زۆر باشت کردووە».

بە ئەسپایی دەستێکی بەسەر شانمدا کێشا و بەرەو ئەپارتمانەکەی خۆی گەڕایەوە.

# 6

ڕۆژی 12-8-2047

ئەمڕۆ کەشی ناو گومەزەکە دڵگیرە. هەست بە کزەبایەکی سارد دەکەم.. گەشتیارە کان بەرگی ئەستووریان لەبەردایە. کات دەمە و ئێوارەیە و شەقامەکان جمەی دێت. لە بەردەم ئەو قاوە خانەیە دانیشتووم کە کلارک بەردەوام سەردانی دەکات. لەنێو قەرەباڵخیی گەشتیارەکاندا سەرۆک ڕایمۆن دەبینم لەگەڵ کریستینا، بە یەکەوە لە شەقامە سەرەکییەکەی تەنیشتی قاوەخانەکەوە دێن. دەستی یەکتریان گرتووە وەک دوو عاشقی لاو چاوەکانیان بەناو شەقام و کۆڵانەکانی گومەزەکەدا دەگێڕن. ئەوان زۆر لە مێژە پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە.

ئارۆن هەموو ئەندامەکانی باش دەناسێ. هەموو شتێکی لە بارەیانەوە دەزانێ.. بە ڕاستی پیاوێکە کە من پێی سەرسامم! چۆن

هەموو ئەو شتانە ئەزانێت؟! وێنای ئارۆن دەکەم کە باسی ئەوانم بۆ دەگێڕێتەوە کاتێک ڕایمۆن ژنی یەکەمی بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی دەکا. لەو ژنە تەنیا کچێکی دەبێت بە ناوی ئەلینا. لەبەر خۆشەویستیی ژنەکەی، بڕیاری ئەوە ئەدا ژن نەهێنێتەوە. بەڵام کاتێک لە زانکۆی شیکاگۆ وەک بەڕێوەبەر کار دەکات، لەوێ کریستینا دەبینێت. جوانیی کریستینا دڵی داگیر دەکا..

ئەوکات کریستینا لە هەموو تەمەنیدا ئارەزووی خۆشەویستی نەکردووە. زۆرجار هاوەڵەکانی لە زانکۆ بە کەسێکی نەخۆش و ئاڵۆز ناوزەدیان دەکرد. ئەو هەموو هیوایەکی خوێندن و لێکۆڵینەوە بووە، بەڵام قسە و قسەڵۆکی هاوەڵەکانی، لێی ناگەڕێن بەو شێوەیە بمێنێتەوە. بەناچاری بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی ئەدات لەو پیاوە تەنیا داڤیدی ئەبێت. بەهۆی ئەوەی کە ئامۆزاکەی ئالوودەی مادده بێهۆشکەرەکان دەبێت، کریستینا بڕیاری جیابوونەوە ئەدات و دوای خەونەکانی خۆی دەکەوێتەوە. کاتێک ڕایمۆن بۆیەکەم جار لە زانکۆ ناوبانگی کریستینا دەبیستێت، داوای لێ دەکا بەشداری لە پێکهێنانی لیژنەیەکی نوژداری بکا لەناو زانکۆ، بۆ لێکۆڵینەوەی نەخۆشییە دەگمەنەکان. ئیتر کریستینا، ئەو داوایەی ڕایمۆن پەسەند دەکاو بە هۆیەوە، نزیکییەکی تەواو لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

لە شەودا گومەزەکە دیمەنێکی سەرسوڕهێنەری هەیە، هەموو گڵۆپەکانی شەقام و ئەپارتمانەکان داگیرساوە. ڕۆشنایی گڵۆپەکان لەئاسمانی گومەزەکە ئەدا و ئەوەندەی تر ڕۆشنتری دەکاتەوە، بە جۆرێک ئەگەر لەسەر زەوی، لە مانگ بڕوانیت وەک تۆپێکی سپی دەردەکەوێت. گەشتیارەکان سەردانی قاوە خانە و یانەکان

دەکەن، بە درێژایی شەقامە سەرەکییەکانی ناو گومەزەکە، هەموو دوکانی فرۆشتنی خواردەمەنی و چێشتخانە و فرۆشتنی کاڵا ئەلەکترۆنییەکان، دوکانەکان لەژێر ئەپارتمانەکاندان. نهۆمەکانی سەرەوەی ئەپارتمانەکان پێکهاتوون لە میوانخانەی گەشتیارەکان، بە شێوەیەکی تایبەت ڕێکخراون، هەموو پەنجەرەکانیان دەڕوانێتە سەر شەقامەکان.

ئەپارتمانەکان لە سێ نهۆم پێک هاتبوون، هەموو ئەپارتمانەکان کەوتوونە ناوەڕاستی گومەزەکەوە، بەشی کەناری گومەزەکە خانووە تایبەتەکانی لێ دروست کراوە، کە تایبەتن بە شوێنی زاناکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پڕۆژەکە. هەمووخانووەکان لە دوو نهۆم پێکهاتبوون. ڤێلاکەی ڕایمۆن جیاوازە، پێکهاتووە لە سێ نهۆم. گومەزەکە بەرەو تاریکبوون دەچێت، گڵۆپی شەقامەکان داگیرساون لە نێو ئەو دیمەنە ئەفسووناوییەدا، ڕایمۆن و کریستینا پێکەوە لەنێو تاریکیدا ون دەبن. منیش بەدووی شوێن پێکانیانا ئەوپرسیارە لەخۆم دەکەم

«تۆ بڵێی ئەوان بەو شێوەیە بن کە ئارۆن سەرزەنشتیان دەکات! ئەوە بووەتە خولیای مێشکە ئاڵۆزەکەم، دەمەوێت ئەوە بزانم».

شەوانە بۆ من ئەو دیمەنە ئەفسووناویە، هەستێکی جیاواز لە دەروونمدا دروست دەکات، زۆر کات لە تاقیکردنەوەکاندا هەست بە ماندوبوون دەکەم. سەردانی ئەم قاوەخانەیە دەکەم کە کەوتبووە ناوەڕاستی گومەزەکەوە، بەرامبەر مۆنیمێنتەکەی ئارمسترۆنگە، لە بەردەم شۆستەی قاوەخانەکەدا، چەند مێز و کورسییەک دانراوە، گەشتیارەکان لە شەواندا لێرە ئارەزوی

دانیشتن دەکەن، بە دەم قاوە خواردنەوەوە، لە ڕوخساری زەوی دەڕوانـن! منیش وەک ئـەوان ئەو شـەوانەی ڕوخساری زەوی دیـارە، دێمە قاوەخانەکە و لەو جێگەیەدا دائەنیشم کە دیمەنی زەوی بە جوانترین شێوە دەبینم.

زەوی زۆر یادگاری شیرینی منداڵیم دەهێنێتەوە یاد. وێنای یەکەم ساڵی زانکۆم دەکەم. لە زانکۆوە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، گوێم لە دایکمە بە زمانی کوردی دەپەیڤێت، دەزانم بە تەلەفۆنەکەی لەگەڵ خزمەکانی خۆی قسە دەکـات، ئـەوە بووەتە خوویەکی بەردەوامی، بەو شێوەیە هەستی غەریبی خۆی ئەڕەوێنێتەوە، بەو کارانەی زۆر جاڕس دەبم، دەزانم هەر ڕۆژێک بێت بەوە قایلی دەکەن بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردوستان بدا.

دایکم کەسایەتییەکی جیاوازی هەیە، هەرگیز بە هاتنی بۆ ئەمەریکا دڵخۆش نەبووە، ئەو بەردەوام لە ڕێگەی تەلەفونەکەیەوە هەفتەی چەند جارێک، پەیوەندی بە کەسەکانی باوکمەوە دەکات، هەموو کەسە نزیک و هاوڕێکانی بەسەر دەکاتەوە و بەردەوام هەواڵی هەموان دەپرسێ. زۆرجار لەکاتی تەلەفونکردندا ئەوەندە قسە دەکات، ناچار دەچمە دەرەوە، تا ئەو کاتەی دایکم لە قسەکردن بێزار دەبێت، جارسیم لە تەلەفونەکانی دایکم لەبەر ئەوە نییە کە زۆر دەپەیڤێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بـەردەوام لەگەڵ کەسانێک تەلەفون دەکات ئاشنا نیم پێیان، تەنیا ئەوە جارسم دەکات.

ئەو کاتانەی دایکم لە ماڵ نەبێت، ئەگەر کوردستانەوە تەلەفون بکەن ، بە زمانی بێگانە وەڵام ئەدەمەوە، ئەوانیش بەناچاری لە کاتی تردا دووبارە پەیوەندییان ئەکردەوە. زۆرجار دایکم لەسەر ئەو کارە، لێم دڵگران دەبێت، بەردەوام دەڵێت:

«لەم وڵاتە غەریبییەدا، لەوان زیاتر کەسی تر شک نابەم! کێم هەیە لێرە سەردانی بکەم! ئەمانە مانای کەسایەتی نازانن. لە پارە زیاتر بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. خەڵکی ئەم وڵاتە، تەنانەت پەیوەندییە خزمایەتییەکانیشیان، بە پارەوە بەندە. ئەوەی پارەی نەبێت، لای ئەوان، بێنرخ و بێ بەهایە.تەنانەت ئەوزانست وپیشکەوتنانەی تۆ لیرە دەیبینیت هەموویان لەپێناوی پارە دا ئەنجام ئەدرێت ،ئەوان بۆخۆیان دەژین ،تەنها لەپێناوی خۆشبەختی خۆیاندا بیردەکەنەوە ،تەنانەت توانازانستیەکانی کەسانی وەک تۆش لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاردەهێنن. کوڕەکەم.. ئەوانە کەسی ڕاستی و پشتی ئێمەن.. تکایە کارێکی وا مەکە کە لێمان داببڕێن.. هەرچەندە زۆر زۆر دوورن لێمانەوە، بەڵام هەر ئەوان بەکەڵکمان دێن.. هاوزمان و هاوخوێنمانن.. بەڵام ئەمانەی ئێرە، ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بیت، باکیان نییە..

تۆ بزانە، لە بیرتە کاتێک باوکت کۆچی دوایی کرد، لە تاکە هاوڕێیەکی زیاتر، کێ ئێمەی بەسەر کردەوە، ها؟ بیرت ماوە؟! خۆ ئەگەر باوکت لە وڵات و نیشتمانەکەی خۆیدا بمردایە، پرسەکەی لەبەر کەس و خەڵکانی دەوروبەری بەر نەدەکەوت.. تەنانەت، ئەوەی ڕۆژێک بیناسیبایە، دەهاتە پرسەکەیەوە. ئەمانە بۆ خۆیان دەژین.. تەنیا لە نێو خۆیاندا ئەگونجێن.. ئێمە لەناو ئەماندا وەک بێگانەیەکین و هێچی تر».

دایکم لە ئەمەریکا لەدایک نەبووە، هەر ئەوەشە بووەتە هۆی ئەوەی هەست بە جیاوازیی خۆی بکا، بۆچوونەکانی بە شێوەیەک کاری تێکردووم کە بەردەوام لە ترسدا بژیم، ترس لە هاوڕێیەتی و تێکەڵاوبوون، ترس لە بیر و بۆچوون و ڕەفتارەکانیان..

غەریبیی دایکم دەکەم.. لەوەتەی هاتومەتە سەر ئەم هەسارە مردووە.. بەهۆی نەبوونی ئامێری پەیوەندی گشتی لە نێوان مانگ و زەویدا، تەنیا جارێک پەیوەندیم بە دایکمەوە کردووە. ئەوە ئێستا لە ڕێگەی ئامێرەکەی گوێکانمەوە داوای پەیوەندی دەکەم بە ژمارەکەی دایکمەوە. دەنگی ڕۆبۆتێک پێم دەڵێت:

«تکایە کەمێک چاوەڕێ بکە تا داواکەت دەگەیەنم بە زەوی».

چاوەڕێ دەکەم، پاش نیو خولەک گوێم لە دەنگی دایکم دەبێت. هەستێکی خۆش، دڵ و دەروونم ڕووناک دەکاتەوە.. لە تەلەفۆنەکەیدا ئەوەی بۆ تۆمار کردووم:

«ئاریا.. کوڕەکەم.. چۆنی؟! چاوەڕوانی تۆ بووم پەیوەندی بکەیتەوە.. بە ناچاری ئەم نامەیەم بۆ جێ هێشتیت.. ئێستا وا دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، بۆ شاری هەڵەبجە.. مەبەستم بوو لەوە ئاگادار بیت.. ئەگەر گەڕایتەوە، ژمارەکەی کوردستانم لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە».

دەمەوێت هەست بە بوونی دایکم بکەم. ئاخۆ ئێستا لە چ جێگەیەکی زەویدا ئارامی گرتبێت! تا نەگەڕێمەوە بۆ زەوی، ناتوانم پەیوەندی پێوە بکەم. بەرەو ماڵەوە دەگەڕێمەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەکەی دەستمەوە لە بەشی گەڕاندا دەنووسم ‹کوردستان› و کرتە لەسەر دوگمەی چوونە ژوورەوە دەکەم. ناونیشانگەلێک دێنە سەر ئەو شاشەیەی کە بە ڕووناکی لە ئامێرەکەی دەستمەوە دەردەچێت. کرتە لەسەر بەشی نەخشە دەکەم و نەخشەی کوردستان بە قەبارەی شاشەکە دەردەکەوێت. ناوی چەندین شاری کوردستان لەسەری نووسراوە بە دوای ناوی هەڵەبجەدا دەگەڕێم، ئا ئەوەتا.. دۆزیمەوە.. کەوتووەتە کیشوەری ئاسیاوە لە نزیک سنوری ئێرانە.

دەچمە ئەو بەشەی کە مێژووی ئەو شارەی تیادا نووسراوە. کرتەی لەسەر دەکەم و بابەتەکە بە کوردی نووسراوە، لە تەمەنی دوانزە ساڵیمەوە دایکم ڕێنووسی کوردیی فێر کردووم.. بە ئاستەم بابەتەکە دەخوێنمەوە:

«یەکێکە لە شارە ناودارە دڵگیرەکانی کوردستان.. چەندین شاعیری مەزنی تیا هەڵکەوتووە.. وەک ئەحمەد موختار بەگی جاف و تایەر بەگی جاف و گۆران و مەولەوی، لە سەردەمی داگیرکاریدا، چەندین جار بۆردومان کراوە، لە ساڵی 1918 و پاشان لە 1974دا دواجار لە ساڵی 1988 بە دەستی ڕژێمی بەعسی فاشیست بە چەکی کیمیاوی سەرتاپای ئەو شارە بۆردومان دەکرێ و زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی لێ دەکەوێتەوە کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون». چەند وێنەیەکی قوربانی کیمیابارانکردنەکە سەرنجم کێش دەکەن، کرتەیان لەسەر دەکەم، ئای... چی دەبینم، لە وێنەکاندا دیمەنی هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەو شارە دەبینم کە بە جستەی مردووی منداڵ و ژن و پیاو و مێردمنداڵ داپۆشراوە، لە وێنەکاندا هەست بە دوا هەناسەی زیندوو دەکەم کە بە تاسەوە بۆ هەڵمژینی هەوایەکی خاوێن و بێگەرد لە کیمیاوی هەڵیان کێشاوە. هەست بە گەرمی ئەو خوێنە دەکەم کە ئاوێتەی نزاو سکاڵایە و لە دەم و لوت و گوێکانیان هاتۆتە دەرەوە و هاڵاوی بۆ ئاسمان بڵند دەبێتەوە. لە دوا جوڵەی پەیکەری جەستەیاندا هەست بە دوا هەنگاوی هەڵهاتنی بێدەستەوسانی هەموویان دەکەم لە دەستی ئەو مەرگە ناوەختە، لە چاوی هەموویاندا ئەو دوانیگایە بە ڕوونی دەبینم کە بە تاسەوەن بۆ دیداری یەکدی. دەبێت لەو ساتە پڕ ئازارەی ڕۆح

کێشانەدا چۆن وێنای دوا دیداری یەکتریان کردبێت، دایکەکان چۆن تامەزرۆی دوا نیگای پڕلەگریانی منداڵەکانیان بوون، باوکەکان بە چ تاسێکەوە هیواخوازی گەڕانەوەی خێزانەکانیانن، عاشقەکان چ وێنەیەکی دوا ژوانی خۆیان بە بیریاندا هێنابێتەوە و تامەزرۆی دووبارەبوونەوەی بن.

لە لایەکی نەخشەکەدا، وێنەی چەند دیمەنێکی گەشتیاریی شاری هەڵەبجە دیارە. کرتەی لەسەر دەکەم و دەیان بینم لە ژێریدا نووسراوە سەیرانگای : ‹باوە کوچەک و چاوگ› دیمەنێکی دڵگیر و دڵڕفێن و بەهەشت ئاسا.. کرتە لەسەر وێنەی ‹ئەحمەدئاوا› دەکەم و دیمەنی تاڤگەی ئەو شوێنە تەواو بە تاڤگەکانی نیاگارا دەچێت،کە کەفوکوڵەکەی تێکەڵ بە هەناسەی ئارامی دەبێت. ئای لە دیمەنی جوانی و دڵڕفێنی ئەو شارە! ئای لە دارە چڕ و سەوزەکانی گەرماوی ‹باوە کوچەک و چاوگ›! کە پەلەکانیان لە بەرزی ئاسماندا تێکرژاوە و سێبەرێکی فێنکی پڕلە ئارامیان لە خوارەوە خولقاندووە.

لە بەشی خوارەوەی وێنەکان، چەند ناونیشانی هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان سەرنجم ڕادەکێشن بۆ خوێندنەوەیان:

«بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێدا، کچێک بە دەستی براکەی دەکوژرێ.. گروپێکی ئیسلامی توندڕەو، هەڕەشەی داخستنی یانەکانی خواردنەوەی مەی دەکەن.. ڕێژەی خۆکوشتن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەو هەڵکشان چووە.. ڕێژەی کۆچکردنی لاوەکان بۆ هەندەران ڕوو لە زیادبوون دەکات..»

هەست دەکەم دڵم دەگوشرێ، پرسیارگەلێکی نامۆ بە مێشکمدا گوزەردەکەن: ئایا لەنێو بەهەشتدا دۆزەخ هەیە؟! لەناو ئەو

بەهەشتەی هەڵەبجەدا، دۆزەخێکی شاراوە لە ناخی مرۆڤەکانیدا دەبینم. بۆ نموونە لە ناخی دایکمدا هەستم بەوە کردووە بۆچی دەبێت مرۆڤەکان بە دەستی خۆیان زانست بکەنە ئەو هێزە تۆقێنەرە و بێبەزەییانە مرۆڤایەتی پێ تەفر و توونا بکەن! تا چەند مرۆڤەکان ڕێگە بە ئەهریمەنەکەی ناخیان ئەدەن بەو شێوەیە هەموو هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتییان بسڕێتەوە! ئایا هەموو ئەوانە سەرچاوەی جیاوازی ڕەگەزەکانە! یان تەنیا خەونێکی ئەهریمەنانەی مرۆڤەکانە بۆ ژیان؟ بۆچی دایکم بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ئەوێ داوە؟ ئایا ئەویش وەک ئەوان بیر دەکاتەوە و چێژ لەو ئازارانە دەبینێ؟ یان دەیەوێت لە نزیکەوە هەست بە ئازاری کەسەکانی بکات؟ هەموو ئەوانەی لە ئینتەرنێتەکەوە بینیمن لەو قسانە دەچوون کە دایکم لە چەند وشەیەک کۆی دەکردنەوە:

«ئازادیی مرۆڤەکان، جیاوازی نەتەوەیی و سەربەخۆیی، مرۆڤگەلێک بە درێژایی مێژوو قوربانی بۆ ئەدەن».

وێنای ئەوە دەکەم کاتێک باسی داهێنانە زانستییەکان بۆ دایکم ئەکەم، دڵی دەگوشرێ. چاوەکانی پڕ لە ئاو دەبن و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت:

«ئەو زانستەی بە هۆیەوە چەکی کیمیاوی و تانک و تۆپی پێ دروست دەکرێ بۆ لەناوبردن و سڕینەوەمان!».

لۆمەی ناکەم.. ئێستا دەزانم ئەو خەمەی لە ناخی دایکمدا بوو لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، هەر ئەو هۆکارانەن بوونەتە هۆی ئەوەی وەک کەسێکی دوورەپەرێز ڕەفتار بکا و هەست بە نامۆبوونی خۆی بکات.. دڵنیام ئەو ڕەفتارەی دایکم، کاریگەریی

لەسەر کەسێتیی منیش بەجێ هێشتووە. پرسیار لە خۆم دەکەم و دڵم بۆ ئەو مەرگەساتانەی هەڵەبجە قوڵپ ئەدا.. ئایا زانست بۆ جوانترکردن و خۆشبەختیی مرۆڤەکانە، یان تەنیا خەونێکی ئەهریمەنانەی کۆمەڵگەلێکە بۆ باڵادەستییان بەسەر مرۆڤایەتیدا؟!

تۆ بڵێی هەمان ئەهریمەن لە ناخی ‹ڕایمۆن›دا خۆی مەڵاس دابێت؟! ئەوە نازانم.. لەوانەیە لە ساتێک لە ساتەکانی هەڵچوونیدا بەئاگا بێتەوە و هەست بەبوونی بکەم. کەی ئەوە ڕوو ئەدات؟! لەوە ئەچێ ئارۆن هەستی پێ کردبێت. بەڵام ئایا ئەوە ڕاستە؟!

****** ****** ******

وێنای قاوەخانەکە دەکەمەوە، ماوەیەکە بەهۆی تاقیکردنەوەکانەوە کەمتر لە جاران دەچم. پێویستم بەوەیە کەمێک پشوو بدەم، دیمەنی قاوەخانە تایبەتەکە هەستی نامۆییم ئەڕەوێنێتەوە. دەمەوێت خۆم لەو گۆشەگیرییە قوتار بکەم. گۆشەگیری بووەتە خوویەک لە ناخمدا. هەندێک لە زاناکان دەڵێن گۆشەگیری خوویەکی تایبەتی هەموو زانا و داهێنەرەکانە. ئایا گۆشەگیری هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان! یان تەنیا وەک نەخۆشیەکی دەروونییە! من وەک نەخۆشیەکی دەروونی پێناسەی دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ هەڵکشانی تاقیکردنەوەکاندا پێویستیم بەوەیە زیاتر گۆشەگیر بم بۆئەوەی بواری بیرکردنەوەم فراوانتر بکەم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیم بەوەیە کەمێک تێکەڵ بم و هەوایەک هەڵمژم بۆئەوەی ئاسوودەیی بە دەروونە شەکەتەکەم بدەم. دڵنیام هەموو زاناکان وا دەکەن بەتایبەت کلارک، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی تر بیری لێ دەکاتەوە.

بەردەوام لەو گۆشەیە دائەنیشم کە بەسەر دوو شەقامە سەرەکییەکەی بەرامبەرمدا دەڕوانێت. زۆر لە کەسە ناسراوەکانی ناو گومەزەکەی دەهێنایە ئەو قاوەخانەیە، بەهۆی ئەوەی کەوتبووە ناوەڕاستی گومەزەکەوە. ئەم شوێنە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، قاوەخانەکە تایبەتە بە کەسە ناودارەکان و نرخی خواردنەوەکانیشی گرانە. نرخی قاوە و نیسکافە و کاپوچینە بیست دۆلارە، هەر بەو هۆیەشەوە ئەو سۆزانیانەی کە زۆر جوان و سەرنجڕاکێشن سەردانی ئەم قاوەخانەیە دەکەن، لەبەر ئەوەی لێرە دەسکەوتێکی ماددیی زیاتریان دەست دەکەوێت و بەهۆی بوونی ئافرەتی جوانەوە ناوبانگێکی گەورەی لەناو گومەزەکەدا پەیدا کردووە.

کەسە ناسراو و دەوڵەمەندەکان دێنە ئێرە و پارەیەکی زۆر بە سۆزانییەکان ئەدەن بۆ مانەوەی شەوانە. زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پڕۆژەکە، سەردانی ئەکەن بە تایبەت سەرۆک ڕایمۆن لەگەڵ کریستینا هەفتەی جارێک لەگەڵ زاناکانی تردا شەوانە کاتێکی خۆش بە گۆرانی و یاری کاغەز و سەماکردنەوە بەسەر دەبەن.

پرۆفیسۆر کلارک یەکێکە لەوانەی بەردەوام دێتە قاوەخانەکە و لە سوچێکی ژوورە تایبەتەکەیدا، دائەنیشت و لەگەڵ کچەکاندا کاتێکی خۆش بەدەم خواردنەوەی ڤۆدگاوە بەسەر دەبات، تا ئەو کاتەی شەو درەنگ دەبێت. دواجار لەگەڵ یەکێک لە کچەکان بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە. ئەو شەوەی میوانێکی کچی هەبێت وەڵامی هیچ کەسێکی ناداتەوە جگە لە سەرۆک ڕایمۆن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەرەکەی گوێکانی ئاگادار دەکاتەوە کە هەر کارێکی کتوپڕ یان پێویست هەبێت، ئاگاداری بکەنەوە.

کلاڕک زۆر ئارەزووی تێکەڵاوبوونی سۆزانییەکان ئەکات، کەم شەو هەیە بەبێ کچێک بخەوێت. ئەو بۆچوونێکی تایبەتی هەیە:

«ژیان بریتییە لە ئافرەت، دنیا بەبێ ئافرەت هیچ مانایەکی تری نییە، ئەو شەوانەی لەنێو باوەشی کچێکدام،ئەوکاتە بیرلە ژیان دەکەمەوە و بیرم باشتر دەبێت هەموو ئەو دۆزینەوانەی کردوومە، ئەگەر ئافرەت بوونیان نەبوایە، بڕوام نەئەکرد توانیبام بەو جۆرە سەرکەوتوو بام.

ئەمڕۆ وەک هەموو ئێوارەکانی تر، لە بەردەم شۆستەی قاوەخانەکە دانیشتووم. بەردەم دەرگـای قاوەخانەکە بە هۆی سۆزانیەکانەوە جمەی دێت. پێدەچێت ئاهەنگی نمایشی شاجوانەکان بێت. بەدەم گەڕانەوە جەستە هەست بزوێنەکانیان بۆ کڕیارەکان نمایش دەکەن. بە چاوە دڵبەرەکانیان سەرنجی گەشتیارەکان بۆ لای خۆیان کێش دەکەن. بەهۆی ئەو نمایشە بێوێنەیەوە، گەشتیارێکی زۆر لە گەنج و پیر لە بەردەم شۆستەکەدا، مۆڵیان خواردووە و چاوە پڕ لە شەهوەتەکانیان لەسەر جەستەی سۆزانیەکانە. بەئاستەم شەقامەکە دەبینم. کوپی قاوەکە بە دەستمەوەیە و دیمەنی سۆزانییەکان بیریان داگیر کردووم.

ئەوەندە نابات وەک ئەوەی شتێک لەناکاوا لەبەر دەممدا دروست بێت پرۆفیسۆر کلا□رک دەبینم وەک تەلیسمێک لە بەردەممدا خۆی قوت ئەکاتەوە، خەندە لەسەر لێوەکانیەتی، ئایپادە سلیکۆنیەکەی بەدەستەوەیە، بەبێئەوەی داوای مۆڵەت بکا، لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرم دائەنیشێت. کەمێک لێم دەڕوانیت، بەدەم زەردەخەنەوە ئایپادەکەی لەسەر مێزەکەی بەردەمان ڕاخست و بە پەنجەیەک پێی دەکات. بەهێمنی بەسەری پەنجەکانی کرتەی لەسەر دۆسییە

کۆکراوەکانی سەر شاشەکە دەکات و کەمێک سەرقاڵ دیارە، بە ناویاندا دەگەڕێت دۆسییەکە ئەدۆزێتەوە. ناوی ‹ئاریا›ی لەسەر تۆمار کردووە. کرتەیەکی لەسەر دەکات لەنێو ئەو دۆسیەدا دەیان پێکهاتەی ئاڵۆزی ئاوێتەی کیمیاوی تۆمار کراوە. هەر یەکەیان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە چەندین ماددەی جیاوازی ئەندامی پێک هاتوون. ڕێژەی تێکەڵکردنی ماددەکانی لە خشتەیەکدا لە خوارەوەیاندا تۆمار کردووە، لەگەڵ شێوازی ئامادەکردنەکانی.

دەنگەدەنگ و قریوەی کچەکان ئەوەندە بەرزە بە ئاستەم گوێبیستی یەکتری دەبین. کلارک کەمێک سەری لێم نزیکتر دەکاتەوە، بە دەنگێکی نزم دەپەیڤێت:

«ئەمانە هەمووی لەو ماددانەن، کە خانەکانی مێشکی مرۆڤ پێک دەهێنن، دەبێت زۆر بە وردی کاریان تیادا بکەیت و ئامادەیان بکەیت. تکایە، ئەم کارە مەدەرە دەست ڕۆبۆتەکان، با لە ڕێگەیانەوە دزە نەکەن.. دڵنیام لەوەی لە ڕێگەی یەکێک لەم پێکهاتانەوە دەتوانیت باشترین شەپۆلی مێشک بەدەست بهێنیت.. ئەگەر ئەنجامێکی دڵخۆشکەرت بەدەست هێنا، تکایە ئاگادارم بکەرەوە. ئامێری پەیوەندییەکەم لەگەڵ تۆدا هەمیشە کراوە دەبێت، هەر کاتێک بێت، تەنانەت کاتی نووستنیش بێت، دەتوانیت ئاگادارم بکەیتەوە باشە؟».

ئەوەی وت و منیش بە جووڵەیەکی سەرم، دڵنیام کردەوە. بەخێرایی ئامێرێکی میمۆری بچووک لە گیرفانی دەردێنێت کە هێندەی نینۆکێک دەبێت، لە ئایپادەکەی پەیوەست دەکات و ئەو دۆسییەی کە نەخشەی کیمیاوی پێکهاتەکانی تیایە، بە کرتەیەک گواستییەوە بۆ ناوی و دایە دەستم.

ئەمڕۆ کلارک ئاسایی نییە، هیچ کاتێک بەو شێوەیە نەمبینیوە، ئەو ڕەفتارەی، دڵنیاییەکی تەواوی لا دروست کردووم، بەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەم لای کلارک پارێزراوە، کارەکەمان تەواو دەبێت، کلارک بە هەستێکی خۆشحاڵییەوە لێم دەڕوانێت. کلارک بۆچی بەو شێوەیە خۆشحاڵە! ئامانجی لە سەرکەوتنی من، دەبێت چیبێت! تۆبڵێی ئەم پێکهاتانەی بۆی ئامادە کردووم ئەنجامێکی ڕاستم پێ بدەن! داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنم لێ دەکاو بە خەندەیەکەوە خۆی بەناو قاوەخانەکەدا ئەکات.

هەست دەکەم لە خەونێکی خۆش بەئاگا دێمەوە، بۆخۆییشم نازانم چۆن هەستم بۆ کلارک دەربڕم، خواردنەوەکەم تەواو ناکەم، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئۆتۆمبیلە ڕۆبۆتەکانەوە خۆم دەگەیەنمە تاقیگەم. میمۆرییەکە لە ئایپادەکەم پەیوەست دەکەم و بە هەستێکی پڕ تامەزرۆییەوە پێکهاتەکان دەخوێنمەوە. وێنەی پێکهاتەکان ئاڵۆزن، ئاستەمە بە ئاسانی لێیان تێبگەم.

سەرەتا لە پێکهاتەیەکەوە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەم، بەبێئەوەی بیر لە چۆنییەتی ئامادەکردنی بکەمەوە. هەموو پێکهاتەکان لە ڕووی ماددەکانەوە تەواو لەیەک دەچن. بەزۆری لە توخمەکانی وەک ‹فۆسفۆر و ئاسن و کاربۆن و کلۆرو کالسیۆم و گۆگرد و هایدرۆجین و ترشەناوکییەکانی ناو خانەی زیندەوەران و پێکهاتەی سایتۆپلازما› بوون. هەر یەکەیان بە ڕێژەیەکی جیاواز تێکەڵ کراوە. ئەمە کارێکی زۆر ئەستەمە. چۆن بتوانم بۆ خۆم ئەم کارە بکەم! ئەمە کاری ڕۆبۆتەکانە. ئەوان دەتوانن بەو شێوە وردییە ڕێژەکان دیاری بکەن و تێکەڵکردنی ماددەکان و دروستکردنی پێکهاتەکان، لە ڕێگەی ئامێرەوە دەکرێ. بەتایبەت دیاریکردنی ڕێژەی ماددەکان.

ئەو ئامێرەی ئارۆن دروستی کردووە، تەنیا ئەو دەتوانی دەستکاری بەرنامەکانی بکا و گۆڕانکارییان تیادا بکا. کاتێک زاناکانی بواری بایۆلۆجی دروستبوونی پێکهاتە زیندووەکانی جەستەی بوونەوەرانیان دۆزییەوە، بۆ دروستکرنی خانەیەکی سەرەتایی، پێویستیان بە ئامێرێکی ئەلەکترۆنی ورد هەبوو کە بتوانێت بەپێی ئەو پێکهاتانەی کە دیارییان دەکەن، ڕێژەکانیان و بڕەکانیان لە مایکرۆگرام کەمتر دەبوو. بەڵام ئارۆن توانی ئامێرەکە دروست بکات کە پێکهاتووە لە چەند کەموڵەیەکی بچوک، هەریەکەیان ماددەیەکی تایبەتی تێ دەکرێ، کەموڵەکان لە ڕێگەی بۆریی بچووکی موولوولەیی کە هێندەی مووی سەر باریکن. هەموویان بە کەموڵەیەکی گەورەترەوە پەیوەست کراون، هەموو بۆرییەکان پەیوەستن بە چەندین ئامێری ئەلەکترۆنییەوە، کە لە ڕێگەیانەوە، ڕێژەی تێکەڵکردنی ماددەکان بەپێی پێکهاتەکە دیاری دەکەن.

ئارۆن لەسەر خواستی زاناکان، ئامێرەکەی دروست کردووە، کاری زۆری زاناکانی ئاسان و خێراتر کردووە. ئەو کارەی ئارۆن لە نێو زاناکاندا دەنگگۆیەکی گەورەی نایەوە، بەتایبەت زاناکانی بواری بایۆلۆجی و پزیشکی، کە پێیان وایە ئەو ئامێرە کارەکانیان هێندە خێرا دەکات، دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، زۆرترین تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن و بە زووترین کات بگەنە سەرکەوتنەکان.

پێویستم پێتە بەڕێز ئارۆن.. تۆ پیاوێکی چەند مەزنی؟! ئێستا هەست بەگەورەیت دەکەم..

پێویستە سەردانی بکەم و داوای ئەوەی لێ بکەم بەو ئامێرەم ئاشنا بکات چۆن کار دەکات و چۆن بتوانم ئەو پێکهاتانەی کلارک بۆی ئامادە کردووم تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەم! کەسێک ئارۆن نەناسێت هەرگیز متمانەی ئەوەی لا دروست نابێت کە ئارۆن خاوەنی هەموو ئەو کارە گرنگانە بێت. تەنانەت گەشتیارەکانیش وەک شێت سەیری دەکەن. ئێستا ئەو کەسەی بۆ یەکەمین جار خۆی پێناساندم و لێی دەترسام.. ئەوەی بەردەوام خۆم لێی بزر دەکرد و هەرگیز حەزم بە بینینی نەبوو.. ئێستا ئەو بۆ من گرنگترین کەسی ناو گومەزەکەیە.

ئەو پیاوە هەتا لێی نزیکتر بیتەوە، گەورەتر دەبێت. گەرچی لە ڕواڵەتدا، هیچ گەورەییەکی تیا بەدی ناکرێ، بەڵام کارە مەزنەکانی، بلیمەتیی ئەو پیاوە دەسەلمێنن. ئێستا تامەزرۆی بینینیم. ئەگەر پێشتر ئەوەم زانیبا، هەموو کاتەکانم لەگەڵ ئەودا بەسەر ئەبرد. تەنانەت شەوانیش لەماڵی ئەو سپێدەم دەکردەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە بێزاری بکەم. ئەو چەند قسەی بکردایە گرنگ نەبوو. ئەو بە هۆی درۆسیاوە بەو دەردە چوو. درۆسیا بۆ ئەو، هەموو شتێکە. ئەگەر ئەو نەبوایە لەوانەیە ئێستا مەزنترین پیاوی ناو گومەزەکە بوایە.

ئاخۆ کەسێکی وەها بلیمەت بۆچی بەو شێوەیە پەراوێز خراوە! ئارۆن بە باوکی پڕۆژەکەی سەر مانگ ناسرابوو، بۆچی دەبێت بەو شێوەیە ڕەفتاری لەتەکدا بکرێ! هەموو مافێکی خۆی لێ زەوت بکرێ! بەڕاستی مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی پڕ نهێنییە! کاتێک بە دوای خەونەکانی دەکەوێت سەرکەشانە ڕەفتار

دەکات. تا ئەو کاتەی باجی گێلێتیی خۆی ئەداتەوە. لێکدانەوەی کەسێتی ئارۆن بۆ من زۆر گرانە، هەتا بیری لێ بکەمەوە زیاتر لام ئاڵۆزتر دەبێت.

ئەوەی بۆ من گرنگە، نزیکبوونەوەمە لە ئارۆن. بەڵام چۆن ئەوە بکەم! ئاااای لەیادم نەبوو.. ئەویش پێویستی پێمە. بەڵێنێکم پێ داوە. بەڵام ئەو چۆن بتوانێت و هاوکارم بێت، ئێستا ئەو هیچ مافێکی یاسایی نییە بتوانێت بێتە ناو تاقیگەکانەوە. با زانا-ش بێت و خاوەنی داهێنانی ئامێرەکە بێت، ئەوە گرنگ نییە هێندەی ئەوەی کە بتوانێت کارەکەم بۆ ئاسان بکا.

بڕیارم دا بە نهێنی سەردانی ئارۆن بکەم و لە کێشەکەم ئاگاداری بکەمەوە. هەرچۆنێک بێت ئەم شەوەم بەبێ ئارۆن بەڕێ دەکەم. خەو لە چاوەکانم ناکەوێت، بەیانی لە چاوەڕوانی ئەودا دەبم تا سپێدە بیر لە کاتێکی گونجاو دەکەمەوە.

کات شەشی بەیانییە، هێشتا کەس بەئاگا نییە، گەشتیارەکان نغرۆی خەوێکی قووڵن، لە ئەپارتمانەکەم دێمە دەرەوە و دەچمە سەر ئەو ڕاستە شەقامەی بەرەو ماڵی ئارۆن دەچێت. بۆن و بەرامەی گوڵەکانی کلارک، مەستم دەکەن. پڕ بە سییەکانم هەوایەکی تێکەڵ بەو بۆنە هەڵئەمژم و بە پیادە بەڕێ دەکەوم.

ڕۆبۆتەکان بەناو شەقامەکاندا دێن و دەچن. بە ئامێرێکی تایبەت سەر قاڵی خاوێنکردنەوەی شەقام و شۆستەکانن، دیمەنی سەوزایی ناو گومەزەکە هەستێکی پڕ چێژم پێ دەبەخشێت. بەو هەستەوە بەردەوام دەبم. دەگەمە ئەو کۆڵانەی دەچێتەوە سەر ئەپارتمانەکەی ئارۆن. لە نزیک ماڵەکەی، چەند ڕۆبۆتێک

سەرقاڵی پاککردنەوەی شۆستەکانن، بەهێمنی بەرەو دەرگاکە ڕێ دەکەم. لە زەنگی دەرگاکە ئەدەم، ماوەیەک چاوەڕوان دەکەم، ئارۆن لە کامێرای زەنگەکەوە بە بینینم خۆشحاڵ دەبێت. خۆی دێت دەرگاکە دەکاتەوە، خەواڵو دیارە پێدەچێت بەئاگام هێنابێتەوە بەوکارەم هەست بە پەشیمانی دەکەم. بە ڕێزەوە فەرمووی چوونە ژوورەوەم لێ دەکات. وەک هەموو جارەکانی تر، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، پێشوازیم لێ دەکات. لەسەر دوو کورسی لە بەرامبەر یەکتر دائەنیشین. بێئەوەی پرسیارم لێ بکا، ڕاستەوخۆ بەرەو چێشتخانەکە دەچێت و پاش کەمێک دوو کوپ قاوە لەسەر مێزەکەی بەردەممان دائەنێت.

ئارۆن بەردەوام لێم دەڕوانێت و ورتەی لێوە نایەت. لەچاوەڕوانی ئەوەدایە، بە شتێک دەست پێبکەم. گوڕێک بە خۆم ئەدەم و بە دەست ئیشارەتێک بۆ کۆمپیوتەرەکەی دەکەم کە بیهێنێت. ئارۆن، بە خێرایی لە مەبەستەکەم تێدەگات و بە خێرایی لە ژووری نووستنەکەی کۆمپیوتەرەکەی دەهێنێت و چەند شتێک دەنووسێت نیشانم ئەدات، دەیخوێنمەوە:

«چاوەڕوان بە.. ئێستا ئامێرێک دەهێنم دەنگەکانمان دەشێوێنێت و کەس لێمان تێناگات، باشە؟».

ئەوەندەی سەرقاڵی خوێندنەوەی نووسینەکەی بووم، ئەو بەخێرایی دوو نیوە گۆی هێنا، کە بە تۆپێک دەچێت، کرابێت بە دوو کەرتەوە. هەردوکیانی لە گوێکانم پەیوەست کرد. کەمێک لە هەردوو لای گوێکانم دەڕوانێ.. پاشان:

«ئێستا دەتوانین بە ئازادی قسە بکەین، فەرموو بەڕێز ئاریا».

به گومانەوە لە ئارۆن دەپرسم:

تۆ دڵنیای لەوەی شەپۆلی دەنگەکانمان، دەرناچێت؟!

وەک ئەوەی گاڵتە بە قسەکەم بکات بە خەندەیەکەوە:

بەدڵنیاییەوە.. ئەوەم بۆ ئەو مەبەستە دروست کردووە.. لە هەندێ پارچە کۆمپیوتەرێکی کۆنی وازلێهێنراو کە کۆم کردوونەتەوە، ئەوەم لێ دروست کردووە.. دڵنیا بە.. گەر هەر شەپۆلێک دەر بچێت ئەوا کۆمپیوتەرەکەم دەیخوێنێتەوە.. دەتوانیت بە ئارەزوی خۆت قسە بکەیت».

ئارۆن پیاوێکی جیاوازە، لە هیچ کەس ناچێت. خاوەنی متمانەیەکی بەهێزە بە خۆی. هەر کارێک مەبەستی بێت، هەموو بیر و هێزی خۆی بۆ دەخاتە کار تا ئەنجامی بدا. ئەو متمانەیە وای لە ئارۆن کردبوو هیچ کارێکی لەدەست نەچێت. ئەو گوێ ناداتە کارە ئاستەمەکان. زۆرجار دەیگوت:

«مرۆڤ خاوەنی هێزێکی گەورەیە، ئەگەر باوەڕت بە گەورەیی خودا هەبێت، ئەوا دەبێت باوەڕت بەو هێزە گەورەیەش هەبێت کە خودا پێیی بەخشیویت».

بەردەوام هەموو هەفتەیەک سەردانی کەنیسەی ناو گومەزەکە دەکات و دوعا بۆ درۆسیای خێزانی دەکات، بە هیچ کلۆجێک دڵی درۆسیا ناشکێنێ، داوای هەرچییەک بکا، بەهەر نرخێک بێ، بۆی دابین ئەکات.

بەوردی کێشەکەم بۆ ئارۆن باس دەکەم ، داوای ئەوەم لێ کرد کە هاوکاریم بکا لە چۆنییەتیی بەکارهێنانی ئامێری ئامادەکردنی پێکهاتەکان. ئارۆن بەوە زۆرخۆشحاڵ بوو کە توانیومە بگەمە

ئەو دەرئەنجامەی لە ڕێگەی پێکهاتە کیمیاوییەکانەوە تاقیکردنەوە لەسەر شەپۆلەکانی مێشک بکەم. ئەو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی نیشان دا. بڕیاری ئەوەی دا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا فێرم بکات لە بەکارخستن و ڕێکخستنی ئامێرەکە.

ئەو ماوەیە بەردەوام سەردانی ئارۆنم ئەکرد، بەتایبەت لە شەوەکاندا. بە نهێنی کاتەکانی چاوپێکەوتنەکانمان دیاری دەکەم. هەموو شەوێک بەردەوام بۆ ماوەی دوو تا سێ کاژێر لەوێ دەمێنمەوە. هەر کاتێک لە دەرگای ئەپارتمانەکەدا بە ژوور بکەوم، ئارۆن ئامێری بڕینی شەپۆلەکەی لە گوێکانم پەیوەست دەکات، گوێبیستی وانەکانی دەبم. شەوانە درۆسیا قاوەمان بۆ ئامادە دەکات و جارناجارێک بۆ ماوەیەک لە لامان دەمێنێتەوە. ئەو لە ئێمە تێناگات ئێمە باسی چی دەکەین. ناچار جارس دەبێت و بە بێدەنگی بەرەو ژوورەکەی خۆی دەچێت. پاش کەمێک دێتەوە بۆ لامان و خۆی لە قسەکانمان هەڵدەقورتێنێتەوە.

ماوەی هەفتەیەک، بە نهێنی سەردانی ئارۆنم کرد. لەو ماوەیەدا بە تەواوی فێری بەکارهێنانی ئامێری تێکەڵکردنی ماددەکان بووم، ئارۆن لەناو ئاپیادە سلیکۆنییەکەمدا وێنەی ئامێرەکەی بۆ کێشابووم، لەگەڵ چۆنییەتی بەکارهێنانی. ئێستا پێویستیم بە ڕۆبۆتەکان نییە و نهێنی کارەکەم وەک پرۆفیسۆر کلارک داوای لێ کردم پارێزراوە. ئامۆژگاریەکەی کلارک گومانێکی گەورەی لا دروست کردم: بۆچی دەبێت بەو شێوەیە کارەکانم بە نهێنی بکەم! دیارە ئەو زۆر شت دەزانێت بەڵام نایەوێت بیان وروژێنێ. پێویستە بەڕوونی لەوە تێبگەم و بیری لێ بکەمەوە.

بە هەستێکی پڕ لە هیواوە دەست بە تاقیکردنەوەکان دەکەمەوە، شەوانە تا درەنگانێک بۆ ئەوەی هیچ کەسێک بە نهێنیی کارەکەم نەزانێت، ئەو نەخشانەی کلارک بۆی ئامادە کردووم، ئامادەیان دەکەم و تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکەم. نەخشەی پێکهاتەکان زۆرن، کاتێکی زۆرم پێویستە بۆئەوەی هەموویان تاقی بکەمەوە. ئارۆن کارێکی مەزنی بۆ کردم، ئێستا هەستێکی جیاوازم بەرامبەری هەیە، جیاواز لە جاران. بەڵام باشە بۆچی بەو شێوەیە گومانم لێ دەکرد و خۆم لێی دوورەپەرێز ئەگرت! دەبێت ئەو ترسە لە ناخی خۆمەوە وێنا کرابێت، یان ڕەفتارەکانی ئارۆن ئەوەیان لە ناخمدا دروست کردووە!

بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی دەبێت بەردەوام گومان لە هەموو شتەکان بکەم! ئایا گومان و ترس غەریزەیەکە و بەردەوام لە ناخماندا گەورە دەبێت.. یان تەنیا هەستێکی نووستووە و دەوروبەرەکانمان بەئاگای دێننەوە و بەردەوام چاودێریی ڕەفتارەکانمان دەکات.

هەرچۆنێک بێت، لەم هەسارە مردووەدا هەست بە بوونی مرۆڤی بەخشندە و زاناش دەکەم.. ئەو مرۆڤانەی لە پێناوی خۆشبەختیی کەسانی تردا وزەی خۆیان دەبەخشن، بێئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بن لە مرۆڤایەتی. دەمەوێ لە ناخی خۆمدا ئەو گومانەم بەرامبەریان بڕەوێنمەوە و لە جێگەیدا هەست بە کردارە جوانەکانیان بکەم و بە هەستێکی بێخەوشەوە لێیان بڕوانم. ئایا دەتوانم بەو شێوەیە بیربکەمەوە؟!



# 7

ڕۆژی 28-9-2047

هەموو ئەو شوێنانەی لە گومەزەکەدا تایبەت بوون بە ڕیکلامە بازرگانییەکان، بە وێنەو ناوی پرۆفیسۆر کلارک، ڕازێنراوەتەوە. لە ئاسمانی گومەزەکەدا وێنەی کلارک بە چەندین شێوەی جیاواز بە گەورەیی نمایش دەکرێ. هەندێک لەو وێنە ڤیدیۆیانە هی ئەو ساتانەن کە کلارک سەرقاڵی کار و تاقیکردنەوەکانە. وێنەکان بە شێوەی زنجیرە نمایش دەکرێن. لە وێنەی منداڵییەوە تا گەیشتووەتە تەمەنی ئێستای لەگەڵ وێنەکاندا. چەندین نووسراو دەبینم:

«کلارک، ئەو زانا مەزنەیە کە توانی نهێنیی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە».

ئەوە ڕاستە نهێنیی پێکهاتەی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرەکان لە کرۆمۆسۆمەکانیاندا هەر ئەو پێکهاتە بچوکەی توانای بینینیمان نییە بەچاوەکانمان. تەنانەت بە مایکرۆسکۆبی ئەلەکترۆنیی تایبەتیش نەبێت ناتوانین هەست بە وردەکارییەکانیان بکەین. هەموو نهێنیی ژیانی ئێمەی لە خۆیدا تۆمار کردووە. کلارک توانی درک بەونهێنیانەی ناو کرۆمۆسۆمەکان بکات و لە ڕێگەیانەوە چەندین گۆڕانکاریی لە شێوەی پێکهاتنیان بکات.. ئەوە کارێکی زۆر مەحاڵە کلارک چۆن توانی ئەو کارە بکات؟! لە شوێنی ڕیکلامەکان نووسراوە:

«پرۆفیسۆر کلارک مرۆڤایەتی خستە قۆناغێکی نوێوە».

زۆرێک لەم وشەگەلانە بۆ ستایشی ئەو لە هەموو جێگە و شوێنەکان بە خەتێکی گەورە دەنووسران.

ڕۆبۆتەکان بەناو هەموو کووچەو کۆلانەکانی ناو گومەزەکەدا، بە سواری ئۆتۆمۆبیلەکانەوە دەسووڕێنەوە. لە ڕێگەی بڵندگۆیەکەوە کە بە دەنگی سەرۆک ڕایمۆن تۆمارکراوە:

«سلاو گەشتیارە بەڕێزەکان، خۆشحاڵم بە ئامادەبوونتان بۆ ئاهەنگی ڕێزلێنانی پرۆفیسۆر کلارک. کات چوار ی ئەم ئێوارەیە. هیوادارم کاتێکی خۆش بەسەر بەرن. هەمووتان لەسەر حیسابی پرۆژەکە، بانگهێشت کراون. ئامادەبوونتان جێگەی ڕێزە بۆ پرۆفیسۆر کلارک».

ئەم وتانە بەردەوام لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە لە هەموو شوێنێکی ناو گومەزەکەدا دەنگی ئەدایەوە بۆ بانگهێشکردنی ئەندامانی ناو گومەزەکە و زاناکانیش لە ڕێگەی ئامێری گوێکانیانەوە ئاگادار دەکرانەوە.

بیستنی ئەم هەواڵە، بۆ گەشتیارەکان جێگەی خۆشحاڵییە، ئەوان بەردەوام کاتەکانیان بە ئاهەنگ و خۆشی بەسەر دەبەن. زۆر کات ڕایمۆن ئەو ئاهەنگانە بۆ گەشتیارەکان ڕێک دەخات، بەڵام ئەم جۆرە ئاهەنگانە دیارە زۆر دەگمەنە. لەبەرئەوەی هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی میوانەکان لەسەر حیسابی گومەزەکەیە. هەموو گەشتیارەکان بەشدار دەبن بە هۆیەوە قەرەباڵخییەکی زۆر لە شوێنەکەدا دروست دەبێت. جگە لەوەی هەموو کچە سۆزانییەکان لەو شوێنەدا کۆ دەبنەوە بە جل و بەرگە سەرنجڕاکێش و نیمچە ڕووتەکانیان گەشتیارەکان خۆشحاڵ دەکەن.

چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکە، کەشتییەکان بەردەوام گیزەگیزیان دەهات. بەردەوام میوانی زۆریان لە زەوییەوە دەهێنا. میوانەکان بە زۆری زاناکان و دکتۆر و کەسە ناودارەکانن کە لە لایەن ڕایمۆنەوە بانگهێشت کرابوون کە هەموو ئاهەنگێکی تایبەت بە کارو چالاکییەکانی گومەزەکە، ڕایمۆن وەک پیشەیەکی هەمیشەیی، زۆرێک لەو میوان و کەسایەتییانەی بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە کارو سەرکەوتنەکان و بزانن ڕایمۆن چۆن توانیویەتی پڕۆژەکەی سەرمانگ بەو شێوەیە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێ.

ئاهەنگەکە لەسەر سەکۆی مۆنیمێنتی ئارمسترۆنگە. بە دەوری سەکۆکەدا کورسیی تایبەت ڕیز کراون و تیرەی سەکۆکە نزیکەی 12 م دەبێت. بەرزییەکەشی نزیکی 1مەترە. لە سێ لای سەکۆکەوە پلیکانە دروست کراوە. بە دەوریدا چەند دارتەلێکی بڵند دانراوە لەسەر هەر یەکێکیانەوە چەند گڵۆپێکی گەورەی پێوەیە. ئەو سەکۆیە لە لایەن گەشتیارەکانەوە وەک چەقێکی گرنگی ناو

گومەزەکە سەیر دەکرێ. ڕۆژانە گەشتیارەکان بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، دێنە دەوروبـەری سەکۆکە و لەناو باخچە و گوڵە بۆنخۆش و ڕەنگاو ڕەنگەکانیدا وێنە دەگرن و کاتێکی پڕ خۆشی و ئارامی بەسەر دەبەن.

چەند خولەکێکی ماوە بۆ دەستپێکردنی ئاهەنگەکە. ڕۆبۆتەکان سەرقاڵی ڕێکخستنی کورسیی میوانە تایبەتەکانن. هەندێکیان بە دەوری سەکۆکەدا کۆبوونەتەوە بۆ ئـەوەی گەشتیارەکان ڕێک بخەن، هەندێکی تریان سەرقاڵی هێنان‌وبردنی پێداویستیی ئـاهـەنـگـەکـەن. ئۆتۆمبیلە ئەلەکترۆنییەکان خـواردەمـەنـی و خواردنەوەکان دەهێنن.

ئێستا گەشتیارەکان لە هەموو لایەکی گومەزەکەوە دێن و لە دەوری سەکۆکە کۆ دەبنەوە، هەندێکیان ئارەزووی دانیشتنیان نییە و پێیان خۆشە بە پێوە بوەستن. دەنگەدەنگ و مقۆمقۆی گەشتیارەکان ئەو ناوەیان تەواو قەرەباڵخ کردووە. زۆر بە ئاستەم لێیان حاڵی دەبم، هەندێکیان باسی پرۆفیسۆر کلا□رک دەکەن و هەندێکیان قسە لەسەر شێوەی ڕێکخستنی سەکۆکە دەکەن و بە دەست ئیشارەت بۆ کاری ڕۆبۆتەکان ئەکەن. دیارە لە کارەکانیان زۆر ڕازین.

زۆر لە ڕۆژەکان ڕایمۆن بڕیاری ئەوە ئەدات وەک ناکاوێک بـاران ببارێ بۆ ئـەوەی کەشێکی سروشتی بۆ گەشتیارەکان بخولقێنێ، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئاهەنگەکەوە ئاسمانی گومەزەکە تـەواو سـامـاڵ دیـارە هەست بـە شـەماڵێک دەکـەم. لـە ڕێگەی بڵندگۆکانی دەوری سەکۆکەوە، دەنگی کچێک دەبیستم. ئەو دەنگە ئاشنایە بە گوێکانم.. وا هەستدەکەم دەیناسم:

«داوا لە گەشتیارەکان دەکەین لە شوێنەکانی خۆیان جێگیر بن.. تکایە هێمنیی سەکۆکە بپارێزن».

هێمنی باڵ بەسەر ئەو ناوەدا دەکێشێت، ماوەیەک گەشتیارەکان بێدەنگ دەبن. تەنیا دەنگی ئەو کەرەستانە دێت کە ڕۆبۆتەکان ڕێکیان دەخەن. ڕۆبۆتەکان لەگەڵ یەکدی بە دەنگ ناپەیڤن، تەنیا لە ڕێگەی ئامێری بێ تەلەوە کە لە مێشکە ئەلەکترۆنییەکانیاندا جێگیر کراوە، پەیوەندی دەکەن. ئەم ئامێرە بە شێوەیەک دروست کراوە کە دەکرێ لەگەڵ ئەندامەکانی ناو گومەزەکەش ئەوانەی ئامێری کۆمپیوتەری گوێیان لی بەستراوە، لەگەڵ ڕۆبۆتەکاندا قسە بکەن. ئەوەتا من بەردەوام لە ڕێگەی ئامێرەکەی گوێمەوە لەگەڵ جینیفەر قسە دەکەم و داوای لێ دەکەم ئەو خواردنانەی ئارەزووی دەکەم، بۆم ئامادە بکا.

ئەو، کاری زۆرم بۆ دەکا، وەک شوشتنی جلەکان و ئوتوکردنیان و خاوێنکردنەوەی ئەپارتمانەکە. تەنانەت هەواڵی ناو گومەزەکەشم بۆ باس دەکات. ئەو هاوەڵێکی باشە، زۆرجار وەک هاوڕێیەک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەم، پێکەوە بەناو گومەزەکەدا دەسووڕێینەوە. گەشتیارەکان وا هەست دەکەن مرۆڤێکی ئاساییە، لاوەکان ئیرەییم پێ دەبەن. بەڕاستی جینیفەر بە شێوەیەکی زۆر جوان دروست کراوە. هەموو ڕۆبۆتێک ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبری ناوەکانیان بۆئەوەی جیاکردنەوە و ئەنجامدانی کارەکانیان ئاسان بێت و بتوانرێ لەلایەن ئەندامەکانەوە بناسرێنەوە، هەرچەندە ڕۆبۆتەکان لە یەکتر ناچن، بەڵام بە هۆی ئەوەی هەموویان یەک شێوە ڕەنگی پۆشاکیان لەبەردایە، ناسینەوەیان کەمێک ئاستەمە.

داوا لە میوانەکان دەکرێ، لە جێگەکانی خۆیان دانیشن، یەکێک لە ڕۆبۆتەکان لە ڕێگەی ئامێری گوێکانیەوە داوام لێ دەکات، بچمە ئەو جێگەیەی بۆم دیاری کراوە. ڕیزی سێهەم لە پێشەوە، کورسی ژمارە 38. جێگەی هەموو ئەندامەکان دیاریکراوە. ڕیزەکانی پێشەوە تایبەتن بە میوان و ئەندامەکان. ڕیزەکانی دوای ئەوان بۆ گەشتیارەکان دانراوە. هەموو ئەندامان جگە لە میوانە تایبەتەکانی زەوی، بەرگی فەرمییان لەبەردایەو لەسەر کورسییەکانی خۆیان دانیشتوون.

چاو بە کورسییەکانی پێشەوەدا دەگێڕم و ناوی کورسییەک سەرنجم ڕادەکێشێت، ناوی ئارۆن دەبینم. کورسیەکەی تەنیشتیشی هی درۆسیایە. متمانە بە چاوەکانی خۆم ناکەم. زیاتر لێی ورد دەبمەوە. بیردەکەمەوە دەمەوێت ئەوە بزانم چی ڕوو ئەدات! پرسیار لە خۆم دەکەم چۆن دەبێت ئارۆن وەک دەستبەسەرێک هەمان ماف و تایبەتمەندیی هەبێت و لە ڕۆژێکی وەهادا جێگەی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ! لە هەموو ئاهەنگەکانی پێشتردا ئارۆن و خێزانەکەی وەک دوو کەسی ئاسایی، یان ڕوونتر بڵێم وەک دوو گەشتیار مامەڵەیان لەتەکدا دەکرا. ئێستا لە ئاهەنگێکی فەرمی گەورەی وەهادا چۆن دەکرێ بەو شێوەیە وەک ئەندامێکی پرۆژەکە سەیری بکرێ! هەڵبەت شتێک ڕووی داوە! ئایا ئەوە چۆن ڕووی داوە، تۆبڵێی ئارۆن بەوە بزانێت! ئەگەر وا بێت خۆشحاڵ دەبم.

ڕایمۆن لەگەڵ میوانەکان دڵخۆش دیارە. بە چواردەوری خۆیدا مل دەسوڕێنێت وەک ئەوەی چاو بۆ کەسێک بگێڕێ. گەشتیارەکان لە میوانەکانیان دەڕوانن، کلارک لەگەڵ ئارۆن دەپەیڤن و

پێدەکەنن. ئارۆن بەرگی فەرمیی لەبەردایە، بە دیمەنیان تەواو سەرسامم. نازانم چۆن بیر دەکەمەوە. هەست بە ئاڵۆزیی بیرم دەکەم. دەمەوێت ئەو دۆخە شیکار بکەم. بەڵام ناتوانم چاوەڕێ دەکەم بەردەوام چاوم لەسەر ڕەفتارەکانیانە.

ڕۆبۆتەکان بۆ جارێکی تر دێنەوە سەر سەکۆکە و لەگەڵ خۆیاندا چەندین ئینجانە گوڵی مێخەک و میناو نازناز و پاتۆنیا و گەزانیا و دالیا لە بەردەم سەکۆکە ڕیز دەکەن. پاشان مێزێکی وتار خوێندنەوە لەژێر پەیکەرەکەی ئارمستۆرنک دائەنێن و دوور دەکەونەوە. ئەوەندەی دوو خولەکێک نابات، کیژێکی باڵابەرزی جوان دێتە بەردەم مێزەکە، بە پەنجە ناسکەکانی پرچەکانی کەمێک ڕێک دەخا. شێوەی نامۆ نییە. بیر دەکەمەوە و دەمەوێت وێنای بکەمەوە! لە کەسێک دەچێت! پاش کەمێک جووڵەکردن بە ڕەفتارە بزێوەکانیدا دەیناسمەوە. ئەلینا-یە. بەڵێ خۆیەتی. ئەو شۆخەی بە جوانی و بە ڕەفتارە هەست بزوێنەکانی دڵی دەیان کوڕی زانکۆی سەرشێت دەکرد.ئەلینا دەپەیڤێ :

«میوانە بەڕێزەکانی زەوی.. گەشتیارە بەختەوەرەکان.. بەخێر بێن بۆ پڕۆژەکانی ئایندەی ئەمەریکا.. ئێرە ئایندەیە.. ئەمڕۆ ئاهەنگی یەکێک لە دامەزرێنەرانی پـڕۆژەی ئایندە.. یەکێک لە زانا مەزنەکانی مرۆڤایەتی.. دەگێڕین.. کە ئەمەریکا.. بەردەوام شانازیی پێوە دەکـا.. هیوادارین هەموان لە سایەی ئەمریکادا.. بەختەوەربن.. ئێستاش فەرموون لەگەڵ وتەی سەرۆکی پڕۆژەی ئایندە.. بەڕێز.. سەرۆک ڕایمۆن».

بەردەوام چاوەکانم لەسەر ئەلینایە. چێژ لە جووڵەکانی دەبینم. وەک دارچنارێک وەسـتـاوە، تاوناتاوێک پرچە درێژەکانی بۆ

سەر شان و ملی هەڵ ئەداتەوە و چاوە تەلیسماویەکانی بەنێو گەشتیارەکاندا ئەگێڕێ. لە ناویاندا نیگام دەکات و دەخەنێتەوە. دەمناسێتەوە. منیش بە ڕوویدا نەستیانە بۆی دەخەنم. سەرنجەکانی دەگوازێتەوە بۆ سەر ڕایمۆن. ڕایمۆن بە زەردەیەکەوە بە کاوەخۆ دێتە سەر سەکۆکە. لە پشت مێزەکەوە دەوەستێ و قۆپچەی چاکەتەکەی دائەخا. بە خەندەوە دەپەیڤێت:

«ئێمە ئەمەریکاین.. ئێمە بە زانست.. داهاتوو ڕۆشنتر دەکەینەوە.. بەڕێزان.. هەموو ئەم داهێنان و دۆزینەوە گەورانەی ئێستا ئێوە دەیبینن.. بەرهەمی ڕەنجی چەندین زانا و کەسایەتی بەرزی وەک بەڕێز پرۆفیسۆر کلارک-ە. ئێستا ئێوە لێرە ئامادەی ئاهەنگی داهێنانێکی تری گەورەی ئەم پیاوە مەزنەن.. ئەمەریکا هەتا خاوەنی کەسانی وەک کلارک بێت.. هەمیشە ئاڵاکەی لە گەردووندا بە سەربەرزی بۆ مێژوو دەشەکێتەوە.. میوانە ئازیزەکان.. داوا لە برا و هاوڕێی خۆشەویستم، کلارک، دەکەم.. بێتە ئێرە و.. داهێنانە نوێکەی بە ئێوە ئاشنا بکا».

ڕایمۆن، هەر لە جێگەکەی خۆی وەستاوە و چاوەڕوانی کلارک دەکات. چاوەکانی ئەلینا وەک دوو موگناتیسی بەهێز، کێشم دەکەن. خەریکە بە تەواوی لە دۆخی ئاهەنگەکە بێئاگا دەبم. دەمەوێت گوێم لە قسەکانی پرۆفیسۆر کلارک بێت. قسەکانی، ئارامیم پێ دەبەخشن. بە دۆزینەوەکانی سەرسام دەبم. ئاخۆ ئەم جارە دۆزینەوەکی چی بێت! لەگەڵ هەستانی کلارک ئامادەبوان بە چەپڵەڕێزانێکی گەرم، پێشوازی لێ دەکەن لە دوورەوە، ڕایمۆن باوەشی بۆ کردووەتەوە، بە گەیشتنی بۆ سەر سەکۆکە، توند باوەش بەیەکدا دەکەن. ڕایمۆن بە هێمنی دەگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی

خۆی. کلارک بە پەنجە ئەستورەکانی چاویلکە قۆقزەکەی ڕێک دەخات و بە نەرمە کۆکەیەکەوە دەپەیڤێت:

«من هەر چییەکم کردبێت، بۆ ئەمەریکایە.. شانازی بەوەوە دەکەم، کە هاوڵاتییەکی ئەمەریکام.. هەموو ئەم کارانەی کردوومن.. بۆ سەربەرزیی ڕۆڵەکانییەتی و بەگشتیش بۆ مرۆڤایەتییە.. بەڕێزان.. من نامەوێت زۆر سەرتان بیەشێنم.. دۆزینەوەکانم لە بواری ئەندازەی بۆماوەیدا بووە.. سەرەتا لە ڕووەکەکانەوە دەستم پێکرد.. وەک ئەو گولا□نەی کە لە بەردەمتاندایە دەیانبینن.. پاشان لەسەر زیندەوەرەکان.. دواتر لەم کۆتاییانەدا دوا تاقیکردنەوەم لەسەر چالاککردنی گەشەی خێرای خانەکانی مرۆڤە.. ئێستا سەرکەوتنی کارەکان بە نموونە دەبینن.. ئەم کارانە زۆر ئەستەم بوون.. بەڵام کارکردنم لێرە زۆرێک لە ئاسانکاریی بۆ کردم.. بەتایبەت هاوڕێ و زانای گەورە.. بەڕێز.. پرۆفیسۆر ئارۆن.. کە بە داهێنانەکانی.. توانی هاوکارێکی زۆر باشی من بێت لە خێرایی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانم.. هەر بەو بۆنەیەوە.. دەمەوێت لێرەوە زۆر سوپاسی ئەو بکەم.. دیسانەوە لە دوای ئێستاوە، بەڕێز ئارۆن، وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی مانگ مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ، لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ئەمەریکا و هەموو مرۆڤایەتی دەخوازم».

ئارۆن لێم دەڕوانێت. بە پێکەنینەوە، خۆشحاڵیی خۆیم پێ ڕادەگەیەنێت. منیش بە هەمان شێوەی ئەو دەکەم، بە چاوەکانی پێم دەڵێت: «ئازادیم بەدەست هێنایەوە»

کلارک لە سەکۆکە دێتە خوارەوە.. ئامادەبوان بە چەپڵەڕێزانەوە پێشوازی گەرمی لێ دەکەن. ئەلینا کاغەزێکی ئەلەکترۆنیی بە

دەستەوەیە. بەدەم خەندەیەکی دڵبەرانەوە، کەمێک لە ئامادەبوان دەڕوانێت، پاشان دەست بە خوێندنەوەی نووسراوی سەر کاغەزەکە دەکات.

بیرۆکەی دروستکردنی کاغەزی ئەلەکترۆنی، پێش دە ساڵ لە دروستکردنی پڕۆژەی سەر مانگ بوونی هەبوو. بەڵام بە هۆی سەرقاڵیی زاناکانەوە بە داڕشتنی پڕۆژەی مانگەوە، بواری ئەوەیان نەبوو گرنگی بەو کارانە بدەن و بیخەنە بەر دەست. کاتێک پڕۆژەکە بە کردەیی دەست پێدەکا، زاناکان وای بە باش دەزانن، ئەم کارە و زۆرێک لە کارەکانی تر، لەسەر مانگ بخرێنە بەردەست، وەک تایبەتمەندییەکی تەکنۆلۆژی و دەرخستنی ئاستێکی بەرز بۆ پڕۆژەی مانگ، کاغەزەکە بە هێندەی 2 ملم ئەستوورە. ڕووبەرەکەی تەواو بە هێندەی کاغەزێکی A4 دەبوو، شێوەی لە پارچە نایلۆنێکی نەرم دەچێت، کارکردن و شێوەی نووسینی لە ڕێگەی شەپۆلە دەنگییەکان و هەمان کات بەرکەوتنیشەوەیە. ئەگەر بتەوێت شتێکی لەسەر بنووسیت، بە کرتەیەک دەیخەیتە سەر بەرنامەی نووسین. ئیتر هەرچییەکت گوتبا ئەو بەو شێوەیەی خۆت مەبەستت بێت، بۆتی دەنووسی. جگە لە دیاریکردنی شێوەی نووسین و فۆنتەکان، یان ڕەنگ و قەبارەکەی، بۆ خوێندنەوەش سیفەتێکی سەرسوڕهێنەری هەیە. لەگەڵ ئاستی خێرایی و شێوەی خوێندنەوەی بابەتەکە، دێڕەکانی بەدوای یەکدا دێن و ڕەچاوی خێرایی خوێنەرەکە دەکات. خۆ ئەگەر لە خوێندنەوەکەشدا هەڵە بکرێ، وشە هەڵەکە، ڕەنگەکەی دەگۆڕڕێ بۆ ڕەنگی سوور. بەڕاستی داهێنانێکی سەرنجڕاکێشە. چەند خۆشە زاناکان لەبری کەرەستەکانی جەنگ، بیر لە

خۆشبەختیی مرۆڤەکان بکەنەوە! ئایا هەموویان وا دەکەن؟! ئەلینا بەدەنگە نەرمو نیانەکەی دەپەیڤێت:

«میوانە بەڕێزەکان.. دوا کاری بەڕێز پرۆفیسۆر کلارک.. بریتی بوو لە دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کیمیاوی.. کە دەتوانرێ، لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتەوە.. لە کرۆمۆسۆمەکانی خانەی هێلکەی پیتراوی مرۆڤدا بچێنرێ.. بە هۆیەوە.. گەشەی خانەکان.. هێندەی بیست ئەوەندەی خۆی.. زیاتر و خێراتر دەکا.. ئەم کارەی بەڕێز کلارک.. دەرگایەکی گەورە بە ڕووی زانستی ئەندازەی بۆماوەیی دەکاتەوە.. لە ڕێگەیەوە دەکرێ دژی هەموو نەخۆشییەکان بوەستینەوە.. چونکە دەکرێ لە ڕێگەیەوە، هەموو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ، بەشێوەیەکی خێراتر و وەک خۆی دروست بکرێتەوە.. ئێستا ئەم بیرۆکەیە.. لەسەر کەسە ئاساییەکان بەردەوام تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێ.. بەڵام پێکهاتەکە.. لەسەر چەند هێلکە و تۆوێک تاقی کراوەتەوە، تیایدا توانراوە ئەو کۆرپەلانەی کە دروستبوون، لە ماوەی سێ مانگدا، بە شێوەیەکی خێرا گەشە بکەن، بگەیەنرێنە گەشەی تەمەنی منداڵێکی شەش ساڵانە. ئێستاش بفەرموون، بۆ بینینی نموونەی ئەو تاقیکردنەوانەی کە ئەنجام دراون و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە».

لە بەشی پێشەوەی سەکۆکە دوو ستوونی لولەیی شوشەیی بە ئەسپایی لە زەوییەوە بڵند دەبن. هێدی هێدی لە ناویدا دوو منداڵی کوڕ و کچ کە بە پێوە وەستاون، بەدەر دەکەون. کوڕەکەیان تەواو بە وێنەی کلارک خۆی دەچێت. کچەکەش پرچێکی زەرد و خاو، تا کەمەری شۆڕ بووەتەوە، خاڵە قاوەییەکانی دەموچاوی

بە هۆی سپێتیی پێستەکەیەوە لە دوورەوە دەبینرێ، هەردوکیان لە شوشەکەوە، بە دیمەنی ئەو عەشاماتەی لێیان دەڕوانن، سەرسامن. ئەلینا خۆیشی بە تاسەوە لێیان دەڕوانێت و دەپەیڤێت:

«ئەم دوو منداڵە.. بەپێی گەشەی جەستەیان.. تەمەنیان 6 ساڵە.. بەڵام لە ڕاستیدا 3 مانگن.. ئەم گەشەکردنە خێرایەیان.. بەهۆی ئەو پێکهاتەیەوە بووە.. کە بەڕێز پرۆفیسۆر کلارک، دۆزیویەتەوە.. بەڵام لە گەشەی بیر و مێشکیاندا لاوازن.. ئەویش بەهۆی خێرایی گەشەی جەستەیانەوە و کەمیی وەرگرتنی ئەزموون.. بەڵام بە ڕاستی مێشکیان لە هەموو ڕوویەکی فسیۆلۆجی یەوە، تەواو گەشەی کردووە، تەنیا ئەوەیە کە ناتوانن وەک منداڵی ئاسایی، بیر بکەنەوە و زانیاری تەواویان هەبێت سەبارەت بە ژیان.. بۆ ئەو مەبەستەش.. زاناکانی ناو ئەم گومەزە.. ئێستا لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ئامێرێکی پێشکەوتوو.. کە بتوانێت.. هەموو ئەو بیرانەی کە گونجاوە.. لەگەڵ گەشەی جەستەیاندا ڕێک بخاتەوە و پڕ ئەزموونیان بکات، بەمەش ئەو کاتە دەتوانرێ لە ماوەی یەک ساڵدا لاوێکی تەواو پێگەیشتوو لە ڕووی جەستە و بیرەوە بەرهەم بێت.. بۆ زانیاریشتان.. بەڕێز کلارک کوڕەکەی بە ناوی خۆیەوە ناو ناوە و کچەکەش ناوی سۆفیایە».

بیر دەکەمەوە و بیرگەلێک لە مێشکمدا دێنە ئاراوە. ئێستا هەست بە گرنگیی دۆزینەوەکەم دەکەم، ئەوەی دەیکەم، داتاکردنی مێشکی ئەو منداڵە لەبەرگیراوانەیە. ڕایمۆن ئەوەی دەوێت. باشە دەیەوێت چی لەو مرۆڤە لەبەرگیراوانە بکات! ئایا بە داتاکردنی مێشکیان زانایان لێ دروست دەکات؟ یان دەیانکاتە مرۆڤێکی ئاسایی وەک ڕۆبۆتەکان و بە ویستی خۆی بەکاریان دێنێت؟! تۆ بڵێی ڕایمۆن بەو شێوەیە بیر بکاتەوە!

ئەلینا داوا لە گەشتیارەکان دەکات دەست بە گێڕانی ئاهەنگ بکەن. ڕۆبۆتەکان دەکەونە جووڵە و خواردنەوەکان ئامادە دەکەن دەنگی ڕایمۆن لە نێوان عەشاماتی گەشتیارەکاندا بە دەنگێکی پڕ لە شادمانییەوە هاوار دەکا:

«میوانە بەڕێزەکان.. ئەمڕۆ بە خۆشیی سەرکەوتنەکانی بەڕێز کلارک، دەخۆینەوە».

گەشتیارەکان لە دەوری سەکۆکە مۆڵ دەخۆن بە شێوەیەک تێکەڵ دەبن ئەگەر دەرزیەکت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر عەرز. ڕایمۆن شوشەیەکی شەمپانیای بە دەستەوەیە بە هەموو هێزی ڕایدەوەشێنێ و ئەیپرژێنێت بەسەر هەموو گەشتیارەکاندا. هەندێک گەشتیار وەک ئەوەی خۆیان لەبەر دەم بارانێکی بە لێزمە قوتار بکەن، لە دەوری گومەزەکە بڵاوە دەکەن. من دەمەوێت ئارۆن ببینم و ئەو هەستەی خۆمی پێ ڕابگەیەنم. چاوی بۆ دەگێڕم، ئارون لەنێو بڵاوەی میوانەکانا دەردەکەوێت. گوێبیستی مۆسیقایەکی هێمن دەبین لە بڵندگۆی تاوەرەکانی دەوری سەکۆکەوە دەبیسترێ. گەشتیارەکان دەست بە سەما دەکەن. ئارۆن بە خەندەیەکی قووڵەوە کە لە ناخی دڵیەوە دێت، بەرەو ڕووم دێت، باوەش بە یەکتردا ئەکەین. ماوەیەک بەو شێوەیە ئەمێنینەوە وەک ئەوەی زۆر لە مێژە یەکترمان نەدیبێت لێک دوور دەکەوینەوە و لە یەکتر دەڕوانین، چاوەکانی ئارۆن تەڕبوون.

«ئاریا.. بۆ دواجار ئازادکرام!».

هەست بە خۆشحاڵی ئەو دەکەم، لە ناخمدا بە وێنەی ئەو ئاسوودەم، بە دەست خۆم نییە چاوەکانم فرمێسکی شادمانی دەڕێژێت ئارۆن تێبێنی ئەوە دەکات داوام لێ دەکات چێژ لەو

ئاهەنگە ببینم. منیش داواکەی پەسەند دەکەم و خۆمان تێکەڵ بە ئاپۆرەی گەشتیارەکان دەکەین، دڵم لای ئەلینایە، لەنێو گەشتیارەکاندا چاوی ناکەم، کڵارک دەستی کچێکی سۆزانی گرتووە و سەما دەکا گەشتیارەکانیش لە دەوریان کۆبوونەتەوە و بەدەم قوم لێدانی پێکەکانیانەوە لێیان دەڕوانن. هەست بە نامۆیی خۆم دەکەم. ڕایمۆن و کریستینا لە لایەکی سەکۆکەوە وەک دوو ماری عاشقە ماشقە، تێک ئاڵاون و سەما دەکەن، تەواو لەناو یەکتریدا ڕۆچوون، بێئاگا لە هەموو کەسێک.هەستێک بەناخمدا دێت ، پێم خۆشە تەنیا بم دوورەپەرێز لە هەموو کەسێک، بەدەست خۆم نییە لەم دۆخەدا دڵم وا دەخوازێت.

بەرەو قاوەخانەیەک ڕێ دەکەم کە بەرامبەر مۆنۆمێنتەکەیە. دەچمە هەمان ئەو جێگەیەی کە بەسەر دوو شەقامە سەرەکییەکەدا دەڕوانێت. لە دوورەوە تێبینی ئاهەنگەکە دەکەم. قاوەخانەکە، بەهۆی ئاهەنگەکەوە، کەسی لێ نییە. تەنیا ڕۆبۆتەکان نەبێت بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵن. بەهۆی دوورەپەرێزیمەوە لەگەڵ خۆم دەدوێم و بیر لە خۆم دەکەمەوە. لەوەتەی هاتومەتە ئەم گومەزەوە، تەواو دەقم بەم قاوەخانەیەوە گرتووە. بەتەنیا هەر قاوەخانەکە نییە، دەقم بە کۆمەڵێک ڕەفتاریشەوە گرتووە کە توانای خۆ قوتارکردنم نییە لێیان، وەک دوورەپەرێزی و گومان و ترس لە زۆر شت.

وەک ڕۆبۆتێکی بەرنامەڕێژکراو لەسەر ئەو شێوازە دیاریکراوە ڕەفتار دەکەم و جوڵە و کردارەکانیشم تەواو سنووردارن. هەر ئەوەش نییە، تەنانەت پەیوەندیەکانیشم لەگەڵ کەسەکاندا تەواو سنووردار بووە. ئەوەتا لە ڕۆژێکی ئاوادا، گەشتیارەکان هەزاران

میل دەبڕن و پارەیەکی خەیاڵی خەرج دەکەن تەنیا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و بینینی ئاهەنگی داهێنان و دۆزینەوەکان لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەیەکی زۆرە لێرە دەژیم ئارەزووی بەشداری ئەو هەستە خۆشەی ئارۆن و کلارک ناکەم. هەست دەکەم بەردەوام لەناو خۆمدا زیاتر ون دەبم و خۆم بۆ نادۆزرێتەوە! کاتێکیش کوڕێک لەگەڵ هاوڕێ کچەکەیدا دەبینم هەست بەکەمیی خۆم دەکەم لە بەرامبەریان. وا هەست دەکەم بۆشاییەکی گەورە لە ناخمدایە. تۆبڵێی نەخۆش نەبم! بیر لەوە دەکەمەوە ئایا نەخۆشییەکەم لەنێو فەرهەنگە دەروونییەکاندا بوونی هەیە!

لە یادمە، ئا ئێستاش وێنای ئەو کاتە دەکەم کاتێک تەمەنم چوار ساڵ دەبوو، پێشئەوەی بچمە قوتابخانە دەمتوانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بخوێنمەوە دایکم هەستی بەو جیاوازییەی من کردبوو. لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەچمە قوتابخانە، دایکم ئەو توانایەم لە بەڕێوەبەرەکە ئاگادار دەکاتەوە لە دوای تاقیکردنەوەم لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە کە لە قوتابخانە تایبەتەکانەوە هاتبوون، بڕیاری گواستنەوەم ئەدەن بۆ ئەو قوتابخانەیەی تایبەتە بە منداڵە بەهرەمەندەکان. هەموو ساڵێک بەرزترین پلەم لەسەر ئاستی ئەمەریکا بەدەست هێناوە. دایکم بە هۆی کۆمەڵە شتگەلێکەوە وای لێ کردبووم تەواو دوورەپەرێز بم. هەموو ئەو شتانەش تەنیا جیاوازی بوو. جیاوازی لە زۆر شت وەک بەرزی ڕێژەی زیرەکیم و جیاوازیی نەتەوەیی و جیاوازیی کەلتور و بیرو بۆچوونەکانمان زۆر جیاوازیی تریش کە من هەستم پێ نەکردووە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی کە دایکمی زیاتر هەستەوەر کردبوو، تاقانەی ئەو بووم، بەردەوام بیری لە پاراستنم

دەکردەوە، هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو ڕۆژێک لە دەستی بچم. ئایا هەمان ترسی ناخی ئەوە لە مندا ڕەنگی داوەتەوە! ئایا ئەو جیاوازییەی من لە هەموو ئەو زاناو داهێنەرانەدا بوونی هەیە یان ئەوانیش کۆمەڵگەلێک جیاوازیی تایبەت بە خۆیان هەیە پێوەی گیرۆدەن و وەک من دەقیان پێوە گرتووە! بۆنمونە گەورە زانای ئەمەریکی ئەدیسۆن ،لەمنداڵیدا وەک کەسێکی زۆر گێل و نەزان بەدەردەکەوت ،بەڵام دواتر بوو بەوزانا مەزنەی کە توانی مێشک و دڵ و دەروونی هەموو مرۆڤایەتی ڕۆشنبکاتەوە.ئایا ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەکەسێتی هەموو مرۆڤەکاندا وەک یەک بوونی هەیە ؟. لە دوورەوە ئارۆن دەبینم زۆر خۆشحاڵە و سەمادەکات.. ئاااای ئارۆن بۆ دواجار ئەو خەونەت هاتە دی! ئیتر تۆ ئازادیت.. دەتوانیت بە ویستی خۆت ڕەفتار بکەیت.

چاوم لە مۆڵگەی گەشتیارەکانە کلارک لەگەڵ سۆزانییەکی دڵبەردا دەپەیڤێت دڵنیام کاتی سەردانەکانیان ڕێک دەخات. ئەو دیمەنە پرسیارگەلێک لە مێشکمدا دەوروژێنێت، دەمەوێت خۆمی پێ بەراورد بکەم ئایا هۆکاری سەرەکی دۆزینەوەکانی کلارک سێکسە؟! ئایا سێکس ئەو پاڵنەرە بەهێزەیە کە بتوانێت هەموو هەست و بیری مرۆڤ بە شێوەیەک هێمن و فراوان بکات و پەی بە هەموو نهێنیەکانی ژیان ببات! تا ئێستا ئەزموونی ئەوەم نەکردووە. بەڵام لە گۆڤارەکاندا هەندێک زانیاریم دەربارەی ڕۆشنبیری سێکسی خوێندووەتەوە کە باس لەوە دەکەن (سێکس هۆکارێکە بۆ ڕەواندنەوەی گرژیی دەروون و ئارام بەخشە). ئایا ئەوە تا چەند ڕاستە! لەوانەیە کلارک لەو بۆچوونەوە بیری لێ

بکاتەوە. دەمەوێت وەک پرۆفیسۆر کلارک بیر بکەمەوە. ئایا دەتوانم ئەوە بکەم! ئایا سێکس دەتوانێت ئەو بۆشاییەگەورەیەی ناخم پڕ بکاتەوە... دەمەوێت ئەزموونی بکەم ئایا دەتوانم؟!

لە دەنگی ئۆتۆمبێلە فریاگوزارییەکان بە هۆش خۆم دێمەوە، هەموو گەشتیارەکان لە دەوری سەکۆکە مۆڵیان خواردووە. هەست بە شتێکی نامۆ دەکەم بە پەلە بەرەو لای سەکۆکە ڕێ دەکەم ڕۆبۆتەکان کلارک بە چواردەستە دەخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەو بە لورەلور بەرەو نەخۆشخانەکەی کریستینای دەبەن. هەموو ئەندامانی گومەزەکە بە ئارۆنیشەوە سواری ئۆتۆمبێلەکان دەبن و بە دوایدا دەڕۆن. لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکەمەوە پرسیار دەکەم:

«پرۆفیسۆر کلارک چی بەسەر هاتووە؟!».

دەنگێک بە پەلە قسە دەکات: «پرۆفیسۆر کلارک لە هۆش خۆی چوو.. پرۆفیسۆر کلارک کەوت..»

منیش سواری ئۆتۆمبێلێک دەبم و بەرەو نەخۆشخانەکەی کریستینا دەڕۆم، کاتێک دەگەمە ئەوێ پرۆفیسۆر کلارک بە مردوویی دەبینم.جەستە قەڵەوەکە یان لەنێو نایلۆنێکی تایبەت ناوە ، ئارۆن لە ژورسەریەوە دۆشداماوە ، بەبینینی ئەو دیمەنە دڵم قوڵپ ئەدا کاتێک لەوجەستە ساردووسڕی دەڕوانم بڕوابە چاوەکانی خۆم ناکەم کە کلاک بەمردوویی ئەبینم ، واهەستدەکەم هەر ئەو ساتانەیە کەلەقاوە خانەکە بۆم دەپەیڤێت ، باسی چۆنیەتی پێکهاتەکان و پێکهاتەی ماتریالەکانیم بۆدەکا ، واهەستدەکەم بەردەوام لەگەڵم ئەدوێ ، وەک هەموو ئەوساتانەی بەو جەستە

قورسەیەوە بزێوانە ڕەفتار ئەکا ، من بـەردەوام لەئەندێشەی ئەوساتانەدا نغرۆبووم کە کڵارک بۆم دەپەیڤی ، کاتێک بەئاگا دێمەوە هەستدەکەم چاوەکانم بەتەواوی تەڕبوون ،گـەرووم قوڵپ ئەدا ئـارەزووی گریانێک ئەکەم هەموو هەستەکانمی تیا بتوێتەوە.

# 8

ڕۆژی 17-11-2047

بۆن و بەرامەی گوڵەمێخەک و جۆری و مینا و نازناز و پاتۆنیا و گەزانیا و دالیا، تەواو گومەزەکەی پڕ کردووە. ڕۆژبەڕۆژ و بەردەوام بۆن و بەرامەیان زیاتر دەبێت. ئەم بۆن و بەرامەیە بە شێوەیەک بڵاوە لەگەڵ کردنەوەی پەنجەرەی ئەپارتمانەکاندا بۆنێکی تێکەڵ و ئارامبەخش سەراسیمەت دەکات. خۆشتر لە هەموو ئەو بۆنانەی کە لە کۆگاکاندا دەفرۆشران. بۆنێکی سروشتی وەها کە زۆرێک لە گەشتیارەکان پێیان وابوو هاوشێوەی ئەو بۆنە سیحراوییەیە کە زۆرێک لە پیاوە ئایینزاکان بە بۆنی بەهەشت ناوزەندی دەکەن. دارە بەردارەکانی نێوان شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوون و گەشەکردندان، بەشێوەیەک کە بوونەتە جێگەی سەرسوڕمانی ئەو گەشتیارە دەوڵەمەندانەی کە ماوەیەکی زۆر لێرە ماونەتەوە.

مردنی د.کلارک هەستێکی جیاوازی لای زۆرێک لە گەشتیارەکان دروست کردووە. بەتایبەت ئەوانەی لە ڕۆژی مەراسیمی بەخاکسپاردنی کلارک ئامادە بوون. ئەو ڕۆژە زۆرینەی گەشتیارەکان وەک ڕێزێک بۆ کلارک پێکەوە لەگەڵ ناشتنیدا بەدەم گریانەوە و بە ئاوازێکەوە ئەو وتەیەیان دووبارە دەکردەوە: «ماڵ ئاوا مرۆڤی مەزن».

بەڕاستی ئەو زۆر مەزن بوو. مەزنتر لەوەی وێنات دەکرد ئەو توانی دنیایەکی نوێ بە ڕووی مرۆڤایەتیدا بکاتەوە. گۆڕانکاری لە زۆرێک لە یاسا سروشتییەکانی ڕوەک و ئاژەڵ و مرۆڤدا بکا. ئەو توانی پەی بە هەموو نهێنییەکانی پێکهاتە کرۆمۆسۆمییەکان ببات و بتوانێت هەموو سیفەتە جیاوازە بۆماوەییەکان لەناو کرۆمۆسۆمەکاندا دیاری بکات و کاریان تێدا بکات. هیچ زانایەک پێش ئەو بەو شێوەیە نەیتوانیبوو ئەو هەموو پێکهاتانە بە وێنەی کلارک لێک جیا بکاتەوە و گۆڕانکاری بایۆلۆجییان تیادا دروست بکات.

ئەو شێوازێکی تایبەتی هەبوو لە کارکردنیدا. وەک زاناکانی تر بیری نەدەکردەوە. زۆری کاتەکانی ژیانی بەخشیبووە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکان لەو بوارەدا. زۆر بەڕوونی وێنای قسەکانی ئارۆن دەکەم، کاتێک د.کلارکی لە قۆناغی ناوەندی ناسیبوو، لەو کاتەوە هەمان بیر و بۆچوون و کارکردن و ئامانجی هەبوو لە مەڕ لێکۆڵینەوە لە جیناتەکان. هەموو ئاواتی ئەوە بوو کە لە داهاتوودا بتوانێت گۆڕانکارییەکی نوێ لە پێکهاتە کرۆموسۆمییەکاندا بکات. هەربۆیە زۆربەی کاتەکانی ژیانی خۆی بە خوێندنەوە و تاقیکردنەوەوە تەرخان کردبوو بۆ ئەم

مەبەستە. تەنانەت ئەوەندەش تێکەڵاوی هاوڕێکانی نەدەبوو. ئەو وەک کەسێکی گۆشەگیر ڕۆژانە لە کاتی پشووەکانی قوتابخانەدا تەنانەت لە کاتی گەشتەکانیشدا چەند کتێبێکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو خۆی پێیانەوە سەر قاڵ دەکرد. هەندێ جاریش بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەوروبەری خۆی ورد دەبوویەوە و بیری لە هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی دەکردەوە. وەک نیگارکێشێک بیەوێت دیمەنەکانی سروشت لە بیریدا تۆمار بکات بۆ کارێکی داهاتووی.

کلارک وەک ڕایمۆن نەبوو، ئەو هەرگیز بیری لای کچەکانی هاوڕێی زانکۆی نەبوو. تەنانەت زۆرێک لە کچەکان لە قۆناغەکانی زانکۆدا بۆ تەنز لە نێوان هاوڕێکاندا دەهاتنە لایەوە خۆیان نمایش دەکرد و مەمکە نیوەڕوتەکانیان نیشان ئەدا. ئەمیش بێئەوەی هەستی ببزوێت، بە شەرمێکەوە زەردەیەک دەی گرت و لە نێوەندیاندا خۆی قوتار ئەکرد.

ئارەزوونەکردنی کلارک بۆ سێکس نەخۆشی نەبوو. ئەو سەرشێتانە عاشقی سۆفیا بوو، ڕۆژانە پێشئەوەی دەوامی فەرمی زانکۆ دەستی پێ بکردبا سپێدە زوو لە بەردەم دەرگای بەشەکەی خۆیان چاوەڕوانی نیگایەکی جوان و دەمبەخەندەی سۆفیا بوو. ئەو تەلیسمەی سۆفیا وای لە کلارک کردبوو تا دوا قۆناغەکانی خوێندن بەرزترین پلەی زانستی بەدەست بێنێت. چەندجار کلارک خۆی ئەوەی بۆ باس کردبووم:

«هەموو ئەوانەی دەیکەم لە پێناوی چاوەکانی سۆفیادایە. ئەو دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکا، کە خاوەنی پێگەیەکی زانستی بەرز بێت».

کلارک بۆ ئەوەی سەرنجی سۆفیا بۆلای خۆی کێش بکا. بەردەوام لەگەڵ ناخی خۆیدا لە زۆراندا بوو بۆئەوەی ئەو خەونەی سۆفیا بێنێتە دی. بەڵام ئەفسوس.. سەد ئەفسوس.. کلارک ئەوەی ویستی کردی، کەچی کورتیی تەمەنی سۆفیا، نەیهێشت خەونەکانی کلارک ببینێت. ڕۆژێکی سەرەتای زستان سۆفیا بۆ سەردانی ماڵی مامی لە شاری واشنتۆن لەگەڵ دایکیدا بە ئۆتۆمۆبیلەکەیان ڕێ دەکەن. لە ڕێگای نێوان نیویۆرک و واشنتندا سەیارەیەکی بارهەڵگر لە ڕێڕەوەکەی خۆی لائەداو خۆی بە ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەواندا ئەکێشێت. لەو کاتەدا دایکی سۆفیا گیانی لەدەست ئەدا و سۆفیاش ماوەی دوو ڕۆژێک لە نەخۆشخانە بە بێئاگایی دەمێنێتەوە. کاتێک کلارک ئەم هەواڵە دەبیستێت بەخێرایی خۆی دەگەیەنێتە لای سۆفیا. کلارک سۆفیا بەو حاڵەوە دەبینێت، تەواو شپرزە دەبێت و هانا بۆ پزیشکەکان دەبات بۆئەوەی ڕزگاری بکەن. بەڵام پزیشکەکان کلارک لەوە ئاگادار ئەکەنەوە کە چیتر هیچ هیوایەک نییە بۆ ڕزگاربوونی. هەر بۆ ئەو ئێوارەیە سۆفیا لە ئامێزی کلارکدا گیان لەدەست ئەدا. کلارک بۆئەوەی بەردەوام هەست بە بوونی بکات، کەمێک لە پرچە زەردو درێژەکانی سۆفیا دەردەهێنێت و لەلای خۆی دەیپارێزێت.

لەدوای سۆفیا، بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە بگاتە ئەوەی پەرە بە بواری لەبەر گرتنەوە و خێراگەشەکردنی بایۆلۆجی بدا. ئەو خەونی ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕێگەی لەبەرگرتنەوەوە بۆ جارێکی تر هاوشێوەیەکی وەک سۆفیا لەبەر بگرێتەوە. بۆئەوەی هیچ نەبێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت بە نیگای نەرم و چاوە سەوزەکانی سۆفیا شاد بێتەوە. ئەوەی کلارک ویستی بەدی هێنا. ئەو دوو

لاوەی کە ڕۆژی ڕێزلینانەکە نمایش کران. کوڕەکەیان لاوێتیی کلارک خۆی بوو، کچەکەشیان سۆفیای خۆشەویستی بوو. ئەو پێش مردنی بە هیواکانی خۆی گەیشت.

کلارک بە هەتیوی لە هەتیوخانەدا گەورەبوو، تا ئەو کاتەی بڕوانامەی دکتۆراکەشی بەدەست دەهێنێت، لە خانەی بێ سەرپەرشتان بوو. ئەو تاقانەیەکی دایکی بوو. لە تەمەنی نۆ ساڵانەوە باوکی بەهۆی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیندانی دەکرێ. لە زینداندا بەهۆی شەڕێکەوە لەگەڵ مافیا بەندکراوەکاندا دەکوژرێ. دایکی بۆ ئەوەی کلارک بەردەوام بێت لە خوێندن لەناو کافتریاو یانەکانی شەوانەدا کار دەکات. بەڵام کلارکی بێبەخت لە دوای مردنی باوکی بە دوو ساڵ، دایکیشی بە نەخۆشی شێرپەنجە گیان لەدەست ئەدات. ئیتر کلارک وەک کەسێکی نامۆ بیر دەکاتەوە لە دوای مردنی دایکی گۆشەگیری ژیانی کلارک داگیر دەکات. ئەو بۆئەوەی خۆی لە بیری تەنیایی قوتار بکا. هەموو کاتەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری ئەندازەی بۆماوەیی تەرخان دەکات.

هاتن و مانەوەی کلارک لە سەر مانگ خەونەکانی بوون. ئەو هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە بۆ جارێکی تر لەسەر زەوی ژیان بەڕێ بکات، مەگەر بە سەردان. هەر بۆیە لەسەر داوای خۆی لەسەر مانگ بە خاک سپێردرا.

گۆڕەکەی کلارک کەوتووەتە نزیک تاقگە دەستکردەکەوە. ئەو جێگەیەی سەرنجی هەموو گەشتیارانی بەلای خۆیدا کێش کردووە. ناوبانگی تاقگە دەستکردەکەی سەرمانگ لەسەر زەویش بووەتە جێی باسی میدیا جیهانییەکان. وای لە دانیشتوانی زەوی

کردووه بە تایبەت ئەوانەی کەم دەرامەتن لە خەیاڵی ئەوەدا بن ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانن گەشتێک بۆ هەسارە مانگ بکەن و بە دیداری جوانی و دڵڕفێنی ئەو جێگەیە و بەشەکان و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی سەر مانگ ئاشنا بن.

تاڤگەکە کەوتووەتە کەرتێکی خۆرئاوای گومەزەکەوە. لەسەر خاکی هەسارەی مانگ دروست کراوە. ئاوی تاڤگەکە بە بەرزی پانزە مەتر لە بەرزی دیواری شوشەیی گومەزەکەوە بە لێشاوێکی بەهێز دەڕژێتە ناو دەریاچە دەستکردەکەی بەردەم خۆیەوە. توندی و خێرایی ئاوی تاڤگەکە لە ڕێگەی پاڵنەرێکی ئاوی بەهێزەوە کار دەکات کە تواناى پاڵنانی دەگاتە 1700 باڕ. ئاوی تاڤگەکەی دەکاتە تۆز و هەڵمێکی فێنک و بەسەر دەریاچەکەی بەردەمیدا دێتەخوارەوە. دەریاچەکە شێوەیەکی هێلکەیی هەیە، تیرەکەی دەگاتە نزیکە 165 مەتری بە باری فراوانییەکەی تیرەکەی نزیکەی 74 مەتر دەبێت. بە کەناری دەریاچەکەوە شەقامێکی فراوان هەیە کە دەریاچەکەی لە بەشەکانی تری ناو گومەزەکە دڵڕفێنتر کردووە، بە شێوەیەک، فێنکی ئاوی تاڤگەکە تێکەڵ بە بۆن و بەرامەی گوڵەکانی دەوروبەر دەبێت وا لە گەشتیارەکان دەکات زۆربەی کاتەکانیان لە کەنارەکانی دەریاچەکە بەسەر بەرن و زۆریان بۆ خەویش ناچنەوە ناو ئەپارتمانەکان، شەوانە لە ژێر ڕۆشنایی کزی شوشەی سەقفی گومەزەکەدا، دڵدار و هاوسەرەکان ڕاز و نیازەکانیان بۆ یەکدی باس دەکەن بە دەم گاڵتە و یاریکردنەوە دەچنە نێوان دارە چڕەکانی لێواری دەریاچەکەو لەوێدا تا سپێدە لێک دەئاڵێن.

ڕۆبۆتە کارگوزارەکان بە چەندین شێوەی جیا دروست کراون جگە لەوانەی وەک مرۆڤ بوون، هەندێکیان بۆ کاری فرۆشتنی خواردەمەنییەکانی کەناری دەریاچەکە تەرخان کراون، بەشێوەی بەستەرێک دەچن تەنیا دوو پەلیان هەیە لە ڕێگەیەوە کڕیارەکان ساردەمەنی و شیرینی و خواردەمەنییەکانیان لێ وەردەگرن.

وێنای دیمەنی کەنار تاڤگەکە دەکەم لەو شوێنەدا هەست بە ئارامی دەروونم دەکەم، تاڤگە دەستکردەکە شوێنێکی دڵگیرە، ئەلینا بەردەوام ئارەزووی سەردانی ئێرە دەکات ویستی خۆم ڕادەستی ئەو دەکەم و بە دووی دەکەوم تا ئەو ساتەی دڵی بخوازێت دەڕۆم. ڕۆژانە دوو ساردەمەنی لە ڕۆبۆتەکان دەکڕێن و بە شەقامەکەی کەناری تاڤگەکەدا ڕێ دەکەین. مانگێک زیاتر دەبێت یەکتری دەناسین هەرچەندە لە یەک زانکۆ دەمانخوێند بەڵام ئەو بە هۆی لووتبەرزیەکەیەوە ڕووی بە کوڕەکانی زانکۆ نەئەدا. هەر ئەوەش وای کردبوو هەموو قوتابیەکان بە کچەکانیشەوە لێی دوورەپەرێز بوون. یەکتر ناسینی من و ئەلینا ڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بە ویستی خۆی بوو. لە دوای سێ ڕۆژ لە مردنی کلارک، سەردانی قاوەخانەکە ئەکەم، دەچمەوە هەمان شوێن کە بەردەوام دەقم پێوە گرتووە، ئەلینا بە مەبەست داوای ئەوەم لێ دەکات لەگەڵم دانیشێت. منیش داواکەی پەسەند دەکەم ڕاستەوخۆ دەپەیڤێت:

«بەڕێز ئاریا دەمناسیتەوە؟!».

منیش بێئەوەی خۆمی لێ بدزمەوە ڕاشکاوانە پێی دەڵێم:

«بەڵێ بێگومان دەتناسمەوە.. ئەلینای کچی سەرۆک ڕایمۆن».

ئیتر ئەو دەپەیڤێت، باسی ئەو ڕۆژانەی زانکۆم بۆ دەگێڕێتەوە،

لێی دەپرسم هۆکاری هاتنتان بۆ ئێرە چییە؟ ئەویش بە هەستێکی بێزاریەوە پێم دەڵێت تەنیا بۆ مەبەستی پشوویەک هاتووم پاش ماوەیەک دەگەڕێمەوە بۆ زەوی، هەستی بێزاری خۆیم بۆ دەرئەبڕێت، لە گومەزەکەدا. داوای ئەوەم لێ دەکات ڕۆژانە یەکتری ببینین، منش نەستیانە داواکەی بە خۆشحاڵیەوە پەسەند دەکەم.

لە گۆڕەکەی کلارک نزیک دەبینەوە لەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە دەڕوانین کە لە دەوروبەری گۆڕەکەی هەیە. لە دوری گۆڕەکەی کلارکەوە بە دوو مەترێک. هەموو ئەو ڕووەکانە ڕواوە کە خۆی کاری گەشەکردنی خێرای بۆ کردبوون و تاقیکرنەوەی لەسەریان کردووە. لەنێوان دارەکان و گۆڕەکەیدا هەموو گوڵە تایبەت و بۆندارەکان بە چەند کۆمەڵێک ڕوێنراوە. لە هەر کۆمەڵەیەکدا ئەگەر لە دورەوە لێی بڕوانیت، ڕەنگەکانیان شێوەی دەموچاوی کلارک خۆی دەنوێنن. بە تایبەت لە کاتی سپێدەدا کاتێک گوڵەکان دەگەشێنەوە زیاتر وێنەی کلارک بە ڕوونتر بەدەر دەکەوێت. لە پشت سەری گۆڕەکەی کلارکەوە کێلێکی لاکێشەی ڕەنگ خۆڵەمێشی هەیە بە خەتێکی سەوزی کاڵ نووسراوە: «زانای ژیانەوەی مرۆڤایەتی» لە ژێریدا بە خەتێکی ڕەش نووسراوە «گۆڕی خواڵخۆشبوو سیراڵ کلارک 1984-2047»

وێنای مردنەکەی دەکەم، دەنگۆی مردنی کلارک بووەتە جێگەی باسی هەموو میدیاکانی جیهان. بەردەوام لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیی نێوان مانگ و زەوی، بروسکەی ماتەمینی ئاراستەی دەستەی بەڕێوەبەری مانگ دەکرێ. هەموو بروسکەکان لەلایەن زانا گەورەکانی جیهان و سەرکردەو

سەرکۆمارەکانەوە دێت. ڕایمۆن و کریستینا ئەو ماوەیە زۆر بە کەمی دەردەکەون، بەردەوام لە پەیوەندیکردندان لەگەڵ زەویدا. کریسینا ڕاپۆرتێکی نوژدارییانەی لەسەر مردنی کلارک بە ڕونی ئاراستەی کۆشکی سپی کردووە، تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە مردنی کلارک بەهۆی وەستانی بەشێکی مێشکییەوە بووە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی چەند گەردێکی چەورییەوە. کە ئەم گەردانەش بەهۆی خواردنەوەی مادده کحولیەکانەوە دروست دەبن. بۆنی ئەم دیاردەی کەڵەکەبوونی چەوریيە ئاوا بە خێرایی لە دەمارەکانی مێشکدا لە کەم کەسانێکدا ئاوا دروست دەبێت. کە لە ناکاودا توانای شیکردنەوەی چەورییەکان لەدەست ئەدەن. ئەم ڕاپۆرتەی کریستینا لە کاتی کۆبوونەوەی هەموو ئەندامانی پڕۆژەی مانگیشدا دەخوێنرێتەوە.

ئارۆن لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی کریستینادا، تێبینی زۆری لەسەر هەیە. ئەو بڕوای تەواوی بە مردنی لەناکاوی کلارک نییە. هەر بۆیە بە ڕاشکاوانە لەبەر دەم هەموو ئامادەبووانی پڕۆژەکەدا داوای دووبارە پشکنینی جەستەی کلارک دەکاتەوە. بەڵام زۆرینەی ئەندامان ئەوەیان پێ پەسەند نییە و زۆریان وای بۆ دەچوون ئەو داوایەی ئارۆن پەیوەندی بە کێشەی نێوان خۆی و ڕایمۆنەوە هەیە. هەر بۆیە داواکارییەکەی ئارۆن ڕەت دەکرێتەوە ڕاپۆرتەکەی کریستینا بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێ.

ئارۆن پێی وایە مردنی کلارک هۆیەکی لە پشتەوە هەیە. ئەگەر نا لە شوێنێکی خاوەنی توانایەکی زانستی و تەکنۆلۆژیای سەردەم، چۆن دەکرێ کەمتەر خەم بن لە ڕوودانی نەخۆشییەکی

وەها بەتایبەت هەموو ئەندامانی پڕۆژەکە مانگی جارێک پشکنینی گشتییان بۆ دەکرێ کە دەتوانرێ بە زووترین کات هەست بە بوونی هەموو نەخۆشییەکانی جەستەیان بکرێ.

گومانەکانی ئارۆن گونجاون، هەندێکیش لە ئەندامان هاوڕان لە بۆچوونەکانی. بەڵام ڕایمۆن لەسەر داوای هەموو ئەندامە ناڕازییەکانی پڕۆژەکە، بۆ چەند ڕۆژ لە دوای ناشتنی کلارک، کۆبوونەوەیەک ڕێک دەخات. لە کۆبوونەوەکەدا، باسی پەیوەندی و هاوڕێیەتی خۆی کریستینای لەگەڵ کلارک بۆ ئەندامان دەکات. بە دڵێکی پڕ و بەدەم هەنسکی گریانەوە دەپەیڤێت:

«کلارک وەک برام وا بوو. مردنی ئەو بۆ ئێمە کۆسپێکی گەرەی بۆ دروست کردین. ئەگەر ئەو نەبا ئەم گومەزەی دەیبینن. بەم شێوەیە نەدەبوو. هەموو کارەکانمان گرانتر و ئاڵۆزتر دەبوو. ئەو کۆڵەکەی ئێرە بوو. ئەوە کارەکانی کلارکی مەزنە کە توانی کارێکی وەها بکا ئێمە بە بێ پێداویستی زەوی خۆراکی پێویست بۆ خۆمان و گەشتیارانیش ئامادە بکەین. ئەی بۆ باسی تاقیکردنەوەکانی ناکەن لەسەر مرۆڤ!».

بە دەسڕەکەی کەمێک تەڕی چاوەکانی دەسڕێت. کریستینا-ش هەمانشێوەی ڕایمۆن، چاوەکانی فرمێسکیان لێ دەچۆڕێ بەدەم هەنسکێکی نەرمەوە چاوەشینەکانی خستووەتە نێو لەپی دەستەکانیەوە.

«ببینن ئەو پیاوە مەزنەی ئەمەریکا کە توانی سنوری زۆری یاساکانی سروشت ببەزێنێت، ئەوەتا خۆ بە چاوی خۆتان بینیتان چیی کردووە. دوو مرۆڤی کۆپی لە ماوەی تەنیا یەک ساڵدا. واتا

دوانزە مانگ. توانی وایان لێ بکات لەو ماوەیەدا وەک کەسانێکی تەمەن هەژدەساڵان گەشە بکەن. ئەمە لە کام مێژووی ئەم دنیایەدا توانراوە کاری وەها مەزن بکرێ. تەنیا لە کەسێکی وەک کلارکی برام ئەم کارانە ئەوەشێتەوە. ئەو خاوەنی مێشکێکی بەهێزو بیرێکی لەڕادەبەدەر بوو. ئەگەر ئەو نەخۆشییە نەعلەتییە نەبوایە. دڵنیام بیری لە زۆر شتی تریش ئەکردەوە. من زۆر دڵنیام ئەو دەیتوانی کاری زۆر لەمانە گەورەتریش بکات بەڵام زۆر بەداخەوە مردنی کلارک بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کەمتەرخەمی کریستیناوە نییە. بەڵکو بە داخەوە ئەوە ئەڵێم دروستبوونی ئەو نەخۆشییە کتوپڕە هۆکارەکەی خواردنەوەی زۆری مەی بوو، بەتایبەت خواردنەوەی ئەو ڤۆدگایانەی لە هەسارەی زەوییەوە لە ڕێگەی گەشتیارەکانەوە دەهاتنە ئێرە. کلارک بۆ خۆی چەندجار ئەوەی لای من باسکردبوو وەک خۆی دەیگوت: من زۆر تامەزرۆی خواردنەوەکانی هەسارەی زەویم بە تایبەت ڤۆدگا. بەردەوام لە بارەکاندا دەگەڕا بە دووی ئەو کەسانەدا دەگەڕا کە ئەو خورادنەوانەیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو. باوەڕ بکەن جارێکیان کلارک خواردنەوەی لێ بڕابوو. زۆر داوای لێ کردم هاوکاری بکەم. هەرچەند ئەوە کارێکی باش نەبوو. بەڵام ئەوەی کردم لەبەر خۆشەویستی زۆری کلارک بوو کردم. فەرمانم دا بە پاسەوانەکانی دەروازە سەرەکییەکانی گومەزەکە، داوام لێ کردن هەر گەشتیارێک خواردنەوەی لە تەک خۆیدا هێنابێت، ئەوا لەبری ئەوانەی خۆیان دوو هێندە خواردنەوەی ئێرەی پێ بدەن و ئەوانەی خۆیانی لێ وەرگرن. من ئەمەم کرد بەڵام ئەزانم ئەمە کارێکی باش نەبوو. تەنیا لەبەر خۆشەویستی زۆرم بۆ کلارک ئەمەم کرد».

بێدەنگی هۆڵەکەی گرتووە، زۆرێک لە ئەندامە نارازییەکان بەدەم هەنسکی گریانەوە جارجار نووزەیەکیان لێ دێت. ئارۆن وەک ئەوەی کەسێکی زۆر ئازیزی لەدەست دابێت بە دەم گریانەوە هۆڵەکە بەجێ دەهێڵێت و بەرەوماڵەوە دەگەڕێتەوە. ئەندامەکانی تریش بە بێئەوەی هیچ نوزەیەک لە دەمیانەوە بێت بە بێدەنگی بە دوای یەکدا هۆڵەکە چۆڵ دەکەن و هەر یەکەیان دەگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان. ڕایمۆن بەم شێوەیە هەستی نارەزایی ئەندامان دەڕەوێنێتەوە. ئیتر لە دوای ئەوە کەس باس و هۆکاری مردنی کلارک دووبارە ناکاتەوە.

ئارۆن لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانییەوە داوام لێدەکات سەردانی بکەم بۆ ماڵەوە. سەردانەکانم بۆ لای ئارۆن و درۆسیا وەک جاران نییە. لەوەتەی ئارۆن ئازادکراوە، هەستێکی جیاوازم لا دروست بووە. پێم وابوو ڕایمۆن نیگەران نابێت. زۆرجار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم: کە ئەگەر ئارۆن جێگەی گومان و مەترسی بێت بۆچی ئازادی کردووە؟ ئەگەر وا بێت دەبێت پەیوەندیم لەگەڵ هەموو کەسەکانی تری سەر مانگ ئاسایی نەبێت. ئەگەر بەپێی یاساکانی پڕۆژەی مانگ بێت، کارێکی هەڵەم نەکردووە، لەگەڵ هیچ کەسێکی گەشتیار و بیانیدا پەیوەندییەکی نائاسایم نەبەستووە تا ڕایمۆن گومانم لەسەر دروست بکات. لەوەتەی هاتوومەتە ئەم شوێنە بەهیچ شێوەیەک کارێکی هەڵەم نەکردووە تا لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن. ڕایمۆن بۆ خۆی بە تەواوی سەرپشکی کردووم لەوەی چۆن ڕەفتار دەکەم. بەڵام بە مەرجێک نابێت بە هیچ کلوجێک پەیوەندییەکی گوماناویم لەگەڵ گەشتیارەکاندا هەبێت تەنانەت لەگەڵ سۆزانیەکانیشدا، ئەویش بۆ دزەنەکردنی هیچ زانیارییەکی مانگ و پڕۆژەکانی.

ڕایمۆن لەوەدا ڕاست دەبێژێت، ئێ خۆ ناکرێ هەموو کار و پڕۆژەکانی مانگ بۆ گەشتیاران ئاشکرا بێت. پڕۆژەی مانگ تەواو نهێنیەکی تایبەتی هەیە هەمیشە ڕایمۆن ترسی لەوە هەیە کە کەسانێکی نامۆ بە بیانووی گەشتەوە، بیانەوێت دزە بۆ پڕۆژەکانی ئێرە بکەن و بیر و داهێنانەکان لە ڕێگەیانەوە بگوازنەوە بۆ زەوی و بۆ وڵاتانی تر. ڕایمۆن ئەم خاڵەی زۆر لا گرنگە، هەر بۆیە بەر دەوام ڕۆبۆتەکانی ئاگادار کردووەتەوە بەردەوام چاودێری گەشتیارەکان بکەن، ڕایمۆن پڕۆژەی مانگ بە لوتکەی توانا و هێزی ئەمەریکا دەچوێنێ. باشە بۆچی بەو شێوەیە بیر دەکەمەوە و هەست بە ترس دەکەم! هەست دەکەم بە ویستی خۆم نییە دڵم وا دەخوازێت وەک ئەوەی هەستی شەشەمم بەهێز بێت، ئەو ترسە لە ناخمدا بۆ خۆی دێت، هەست دەکەم ترس لە وەهمێک زیاتر هیچی تر نییە. دەمەوێت ئاسایی بم و بە جورئەتەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببمەوە. ئایا دەتوانم! بە ئازادکردنی ئارۆن هەست بە شادمانی دەکەم. ئەو پیاوەی سەرەتا وەک دڕندەیەک دەهاتە پێش چاوم. ئێستا ئەو بووەتە کەسێکی زۆر نزیک و جێی متمانەم. ئەو بە یارمەتیدانم بۆ ئامادەکردنی پێکهاتە کیمیاوییەکان سەلماندی کە چەند مەبەستیەتی بگەمە ئامانجەکانم.

ئازادکردنی ئارۆن هیچ شتێک لە ژیانیدا ناگۆڕێت. ئەوەندە نەبێت دەتوانێت بە ئازادی بە ناو هەندێک لە بەشە تایبەتەکانی گومەزەکەدا گوزەر بکات، وەک جاران دەتوانێت لە تاقیگەکەیدا بەردەوام بێت لە تاقیکردنەوەکانی. بەڵام ئارۆن بەپێی بڕیاری لیژنەی مانگ، بۆی نییە گەشتی هەسارەی زەوی بکاتەوە تا ئەو کاتەی دەگەنە بڕیارێکی گشتی. ئارۆن دەیزانی ئەم کارە زیاتر لە

بڕیارەکانی ڕایمۆن دەچێت. ئەو بۆ خۆی باش کەسایەتییەکانی لیژنەی ناو مانگ دەناسێت. دەیزانی ئەوان ناتوانن لە هەندێک بڕیاری سەرەکیدا ڕووبەڕووی ڕایمۆن ببنەوە. ڕایمۆن لە لایەن هەسارەی زەوییەوە دەسەڵاتێکی وەهای پێدراوە، ئەوەی مەبەستی بێت دەتوانێت بیکات، ئەو خاوەنی هەموو بڕیارەکانە لە وەرگرتن و دەرکردنی کەسایەتییەکانی ناو پڕۆژەکە. هەر بۆیە لە بەردەم بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی ڕایمۆندا هیچیان ناتوانن بەرەنگاریی ڕایمۆن ببنەوە.

لەدوای پەیوەندییەکەی ئارۆن. ڕاستەوخۆ بە ئۆتۆمبێلێک خۆم دەگەیەنمە لای. وەک هەموو عادەتێکی جارانی ئارۆن لە نزیک دەرگاکەیماڵەوە چاوەڕێم دەکات. هۆڵی میوانەکەی ئارۆن بە گوڵە بۆندارەکانی کلارک ڕازێنراوەتەوە. دەچمە ژوورەوە بە بۆن و بەرامەی گوڵەکان سەرمەست دەبم و هەموو کاتێک وێنای کلارک دەکەم. درۆسیا تەواو نغرۆی دنیای وێنەکانی یادگاری زەویە. یەک بە یەک لاپەڕەی ئەلبومەکەی هەڵئەداتەوە و بۆماوەیەک لێیان ڕادەمێنێ. وەک ئەوەی لەگەڵیاندا بدوێت، بە شێوەیەک ڕۆچووەتە ناویانەوە وا هەست دەکات ئەو ساتەیە بە دەمیانەوە دەخەنێت دەپەیڤێ. هەندێجار ناوی کەسەکانی ناو وێنەکانی دەهێنێ. ئەو هەستێکی وەهای لا دروست بووە. تەواو بێئاگایە لە هاتنە ژوورەوەم. ئارۆن کەمێک لە چێشتخانەکە خۆی سەرقاڵ کردووە. ئەوەندەی کێشانی جگەرەیەک ناخایەنێت بە دەم دوو کوپ قاوەی گەرمەوە دێت و لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرم دائەنیشێت.

ئـارۆن لە ماڵەوە ئاسایی ڕەفتار ئەکات. بە تایبەت کاتێک درۆسیا لە نزیکی بێت، بەهیچ کلوجێک کارێکی وەها ناکات کە درۆسیا بێزار بێت. ئەو بەردەوام دڵی ئەداتەوە، کاتێک درۆسیا هەست بە نائارامی بکات، ئـارۆن هیوایەکی پێ ئەبەخشێتەوە. بەچەند پەیڤێک دڵنیای ئەکاتەوە:

«درۆسیا گیان دڵنیا بە.. بەم نزیکانە دەگەڕێینەوە بۆ زەوی.. بە هەموو شتە جوانەکانی شاد ئەبینەوە.. درۆسیا.. هەموو ئەوانەی کە ڕوویان دا، هەمووی هەڵەی من بوو، دڵنیابە کە گەڕاینەوە، بەهەموو یادگارە خۆشەکانت شاد ئەکەمەوە.. بەڵێن بێت بۆ یەکەمجار بە یەکەوە دەچینەوە بۆ کەنار دەریاکان، لەناو بەلەمە بچووکەکەماندا دەست دەکەینەوە بە ڕاوەماسی، ئەمجارەیان گەورەترین ماسیت بۆ ڕاو ئەکەم».

درۆسیا وەک منداڵێکی وڕکاوی ڕفتار ئەکات. کاتێک گوێبیستی قسەکانی ئـارۆن دەبێت ئـارامـی بـە سیمایدا دەبینرێ بـەدەم زەردەیەکەوە وەڵامی ئارۆن ئەداتەوە:

«گیانەکەم ئەزانیت تۆ زۆر کارامەیت لە ڕاوی ماسی، دڵنیام ئەتوانیت ماسی زۆر ڕاو بکەیت».

دیمەنی ئەوان، هەستم دەبزوێنێ، دڵم دەگوشرێ، لە ئارۆن دەڕوانم، بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت چ کارێکی پێم هەبێت. ئارۆن قومێکی لە قاوەکەی داو سەر دائەنەوێنێ، وەک ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە، تـەواو بێئاگایە لە هیکرا وەک ئـەوەی کەسێک بانگی بکا بە خێرایی سەری بڵند دەکاو بە دوو چاوە بچوکەکانی ماوەیەک لێم دەڕوانێ، ئەوەندە بە تاسەوە سەیرم دەکات دەڵێم ئیستا نا تاوێکی تر، بە ڕوومدا ئەتەقێتەوە، گومان دڵی گرتووم،

پرسیاری ئەوە لە خۆم ئەکەم «تۆ بڵێی کارێکی بێشەرمانەم نەکردبێت! ئارۆن خۆی هێمن دەکاتەوە، پاشان قومێکی تر لە قاوەکەی دەدا، کەمێک قورگی بۆ پاک دەکاتەوە و بەزەردەیەکی تاڵەوە دەپەیڤێت:

«ئەزانیت ئاریا زۆر بەگومانم لە مردنی کلاک؟!».

لێم دەڕوانێت. چاوەڕوانی وەڵامێکی یەکلا کەرەوەم لێ دەکات. وەک ئەوەی بیەوێت گومانەکانی دڵی خۆی برەوێنێتەوە. ئارۆن گومان دەکات، تەواو وەک خۆم ئێستا هەست بەوە دەکەم ڕەفتارەکانی بەرامبەرمان هۆکاری گومانەکانن، هەست بە گۆڕرانی خۆم دەکەم. بیر دەکەمەوەو ڕەفتارەکانم بەراورد دەکەم، هەست دەکەم خۆم بە شتگەڵێکەوە سەرقاڵ کردووە کە شایەنی نییە. هەست بە هێمنبوونەوەی خۆم دەکەم و دەمەوێت لۆژیکیانە بڕیار بدەم هەموو ئەو بیرانەی مێشکیان ئاڵۆز کردووم لە یادی خۆمیان دەبەمەوە دەمەوێت لە ئێستا بەدواوە وەک پرۆفیسۆر کلارک بە دووی خەونەکان کەوم تا ئەو کاتەی دەیانکەمە ڕاستی. ئارۆن بە نەرمە کۆکەیەک دەمهێنێتەوە، چاوەڕوانی بۆچوونەکانمە:

«دوور نییە.. لەوانەیە بۆچوونەکانت ڕاست بن.. لە داهاتودا ڕاستییەکان بۆ خۆیان دەردەکەون وا نییە بەڕێز ئارۆن؟».

ئارۆن وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، بە ساردیەکەوە دەخەنێ، بەدەم سەربادانێکەوە کوپەکەی دەستی لەسەر مێزەکەی بەردەمی دائەنێت و خۆیم لێ نزیک دەکاتەوە بە دەنگێکی بەرز دەپەیڤێت:

«تێناگەم بۆ ئەوەندە ئەترسیت؟» وەڵام نادەمەوە و لەچاوەکانی دەڕوانم «تۆ خۆت دەناسیت؟ ها؟ خۆت دەناسیت کێی؟ ئەگەر لەم کارەتدا سەرکەوتوو بیت دەزانیت دەبیت بە چی؟ ها؟» چاوەکانی

لە سەرمە بێئەوەی پێڵوەکانی بتروکێنێ، دەیەوێت شتێک بڵێم تاکو دڵنیابێت لەوەی چۆن بیر دەکەمەوە:

«بێگومان دەبم بە زانا.. بۆ نمونە وەک بەڕێزتان».

ئارۆن وەک ئەوەی لە ئاسمان فڕێی دەنە خوارەوە، دەماری ملە لاوازەکـەی ئەوەندەی تر ئەستورو پڕ خوێن دەبن، ڕەنگی دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێت بە دەنگێگی بەرزو هەڵچوونێکی شێتانەوە:

«تۆ زۆر گێلیت.. دڵنیام لەوەی ئەو ڕایمۆنە زۆڵە تەواو لە خشتەی بردوویت. وای لێ کردوویت کارەکەت زۆر بە کەم سەیر بکەیت.. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە گەورەییت کەم بکاتەوە. ئەو دەیەوێت تۆ وەک بووکەڵەیەک لێ بکا بۆ ئەوەی بە ویستی خۆی یاریت پێ بکا. دڵنیام ئەو مەرامێکی تایبەتی هەیە. ئەگەرنا بۆچی لەنێو هەموو ئەو خوێندکارانە بە تەنێ تۆی دیاری کرووە بۆ ئێرە. ئەو زانا نییە، بەڵام لە زۆڵێتیدا زانایە. ئەو بۆ خۆی دەزانێت چی دەکا. هەی گێلە.. ئەو گرگنە بە دەیان کەسانی وەک ئێمەوە خۆی گەورە کردووە. تۆ وەک من ڕایمۆن ناناسیت، من دەزانم ئەو گرگنە چەند شەیتانە. ئەو هەموو کارەکانی ئێرەی پێ تەواو کردم، ئێستاش ئەبێت چاوەڕوانی بڕیاری گرگنێکی وەکو ئەو بم. ڕێگەم بدا بگەڕێمەوە بۆ سەر زەوی. ئەو مرۆڤ نییە ئاژەڵێکی دڕندەیە».

ئـارۆن بە تـەواوی جڵەوی بیر لە دەست دەدا و ئـەوەی بە بیریدا دێت دەیڵێت، پاش کەمێک خۆی ئارام دەکاتەوە بە دەنگێکی نەرمەوە دەست پێدەکاتەوە:

«ئاریا کوڕم.. کەمێک بیر بکەرەوە بزانە چی دەکەیت، ئەوەی تۆ دەیکەیت ئەگەر سەرکەوتوو بیت، دڵنیام دەبیتە زانایەکی مەزن، زانایەک لە هەمووومان مەزنتر، زۆر لە کلارک مەزنتر ئەبیت، تۆ بەو کارەت دەتوانیت کار لە بیری هەموو مرۆڤایەتیدا بکەیت، دەتوانیت وا لە هەموو مرۆڤێک بکەیت چۆنت بوێت ئاوا بیر بکاتەوە و ئاوا ڕەفتار بکا، ئەوەی تۆ دەیکەیت، ئەزانیت چییە. تۆ دەتوانیت کلارکی لەبەر گیراو لە ماوەیەکی کەمدا بکەیتە کەسێک وەک ئێمە بیر بکاتەوە و کار بکات. تەنانەت دەتوانێت وای لێ بکەیت بیکەیتە زانایەک لە بوارێکی دیاریکراودا، تۆ ئەوەیت.. پێویستە تۆ خۆت بناسیت و بزانیت چی دەکەیت کوڕم.. تۆ گەورەیت.. بەڵام هەست بە گەورەیی خۆت ناکەیت.. لۆمەت ناکەم.. ئەوانەی سەر زەوی کە وەک ڕایمۆن گرگنن، وایان لێ کردوون بەم شێوەیە بیر بکەنەوە. بۆئەوەی گەورەیی ئێوە بۆ خۆیان تۆمار بکەن».

وتەکانی ئارۆن کارم تێ دەکات ئەو تەنیا کەسێکە ڕووبەڕوی ڕایمۆن دەبێتەوە، بەردەوام کار لەسەر ڕۆبۆت و ئامێری کۆنترۆڵەکان دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێگاچارەیەک بۆ هەڵاتن لە دەستی ڕایمۆن بدۆزێتەوە دەڵێت:

«من و درۆسیا نامانەوێت لێرە چاوەڕوانی مەرگ بکەین، هەر کاتێک بێت دەمرین، بەڵام دەمەوێت پێش ئەوەی ڕایمۆن بمان کوژێت، دەمەوێت لەسەر زەوی گۆڕێک بۆ ئەو هەڵکەنم».

ئارۆن دەیویست بە هەر کلوجێک بێت خۆی لەسەر مانگ قوتار بکا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەسەڵاتی باڵای مانگەوە لەسەر زەوی سکاڵا لەسەر ڕایمۆن و داڤید تۆمار بکا کە چۆن درۆسیای خێزانیان بەم دەردە بردووە، لە ڕوخساری ئارۆن ئەو هێز و توانا و زرنگیە دەبینم... ئایا دەتوانێت ئەوە بکات!

# 9

ڕۆژی 9-1-2048

لە تاقیکردنەوەکان بەردەوامم، هەست بە گۆڕرانی ئەرێنی خۆم دەکەم.  هەست دەکەم هێزێک لە ناخمدا بوونی هەیە، دەنگێکی نادیار وەک ئەوەی لە قووڵایی گەردوونەوە بێت دەمدوێنێ و وزەم پێ دەبەخشێت و لە تاقیکرنەوەکان بەردەوامیم پێ دەدات و لەگەڵم دەپەیڤێت: (بە بیرکردنەوە و کۆڵنەدان دەگەیتە ئامانج، دەتوانیت بەسەر هەموو ترس و گومانەکانتدا زاڵ بیت، تۆ مرۆڤیت و خاوەنی هێزی بیریت، دەتوانیت ئەوە بکەیت). زۆرجار وا هەست دەکەم هەر ئەو دەنگەیە لە شێوەی کلارک و ئارۆن و ئەلینادا خۆیم نیشان ئەدات ئەو ڕاست دەبێژێت. توانیم بەسەر بیرکردنەوە نەرێنییەکانی ناخمدا زاڵ ببم، ئێستا هەست بەوە دەکەم وەک کەسێکی ئاسایی بیر دەکەمەوە و خاوەنی بڕیارەکانی

خۆمم، بیر لەوە دەکەمەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی لاوازە لە ڕووی جەستەوە، بەڵام بە هۆی بیرکردنەوە لۆژیکیەکانیەوە توانیویەتی دەسەڵاتەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەم هەسارە مردووە و ژیانی تیادا بخولقێنێ، ئەوە هێزی عەقڵە کە دەتوانێت هەموو سنوورە ئەستەمەکانی بیرکردنەوە ببڕێت و فراوانتری بکات. بەو هێزەوە لە تاقیگەکەم بەردەوام دەبم، هەست دەکەم گەیشتوومەتە سەرە داوێک لە شەپۆلەکانی بیر پێکهاتەکانی کلارک زیاتر لە ئامانجەکەم نزیک دەکاتەوە تاقیکردنەوەم لەسەر هەندێکیان کردووە. ئێستا کێشەکە ڕێژەی تێکەڵکردنی ماددەکانە.. چۆن ئەوە بکەم!!! ئاااا بیرێکی نوێم بۆ دێت دەبێت گوڕانکاری گشتی لە ڕێژەو جۆری تێکەڵکردنی ماددەکاندا بکەم کە کلارک بۆی نووسیبووم، دەست بە تاقیکردنەوە دەکەم و کەموڵەکان ئامادە دەکەم بۆ پێکهاتەیەکی نوێ و دەست بە کارکردن دەکەم.

وێنای ئەلینا دەکەم ئەو بەردەوام وەک وانەبێژێک ڕەفتارم لەگەڵ دەکات، وەک وتم ئەو تەواو بەو دەنگە شاراوەی ناخم دەچێت، هانی ئەوەم ئەدات زیاتر و زیاتر بیر بکەمەوە. ئەلینا بە هۆی لوتبەرزی و لە خۆبایی-بوونییەوە، زۆر بە کەمی تێکەڵ بە کوڕەکانی زانکۆ دەبوو، ئەو کەسێک بوو هاوڕێیەتی ئاستەم بوو، کەچی ئێستا، ئەو ئەلینایەی هەموو کوڕەکانی زانکۆی سەرمەست کردبوو، بۆ خۆی هاتووەتە بەردەمم. بەردەوام لێم نزیکتر دەبێتەوە، تەنانەت ئەو بووەتە خەمخۆری پڕۆژەکەم، هەموو کاتێک، لەبارەی تاقیکردنەوەکانەوە پرسیاری ئەوەم لێدەکات:

«خۆشەویستم.. چیت کرد لە تاقیکردنەوەکانت؟ لە ئامانجەکەت نزیک بوویتەوە؟!».

نزیکیی ئەلینا گوڕێکی بەهێزم پێ دەبەخشێت زۆر جاران لە ناو تاقیگەکاندا وا هەست ئەکەم لەگەڵمدایە و هاوکاری کارەکانمە و ڕاوێژی لەگەڵ دەکەم لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانیم زۆرێک لەو پێکهاتە کیمیاوییانەی کلارکی مەزن بۆی دیاری کردبووم تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەم. پێکهاتەکانی کلارک زۆر ئاڵۆزن، لە چەندین ماددەی زیندوو و نازیندووی کیمیاوی پێکهاتوون، هەموو پێکهاتەکان بریتین لە سەد و چواردە بەشی جیاواز، هەر یەکەیان لە چەندین ماددەی جیاواز پێکهاتووە زۆرێک لە ماددە و پرۆتینەکان لەناو پێکهاتە جیاوازەکاندا دووبارە بوونەتەوە. هەر جارەی یەکێکیان بە بڕێکی زۆر جیاواز لە پێکاتەکاندا دیاری کراون.

هاوکاری ئارۆن بۆ من لە چۆنییەتیی تێکەڵکردنی ماددەکان و ئامادەکردنیان، زۆر گرنگ بوو، وای کردبوو پێویستیم بە ڕۆبۆتەکان نەبێت لە ئامادەکردنی پێکهاتەکاندا. بەمەش دەتوانم نهێنیی کارەکەم بپارێزم، ئارۆن لەو جۆرە کارانەدا پیاوێکی زۆر زرنگە، داوای ئەوەم لێ دەکات نهێنی کارەکەم و دەر ئەنجامەکانم لای هیچ کەسێک نەدرکێنم، ئەم قسانەی ئارۆن وای لێکردووم، بەردەوام خۆم لە پرسیارەکانی ئەلینا دوور ئەخەمەوە، زۆر کات خۆشەویستیی ئەلینا وام لێ ئەکات کەمێک باسی ئاڵۆزی و تێکەڵی کارەکانی بۆ بکەم. هەرگیز گومانی ئەوەم لێ نەکردووە ئەو پێویستی بە نهێنیی پرۆژەکانم بێت، تەنانەت ئەگەر بیزانێت، هیچ لێی حاڵی نابێت، ئەو لە هەستێکی خۆشەویستییەوە لێم دەڕوانێت، بەڵام بەشێوەیەکی جیا هەستەکانی دەرئەبڕێ، کاتێک باسەکانمان دەهاتە سەر هاوسەرگیری، دەیگوت (هیوادارم ببمە هاوسەری زانایەکی مەزن).

ئەم وتانەی ئەلینا وای لێکردووم، هەست بە ماندووبوون نەکەم، زۆرجار لە تاقیکردنەوەکاندا تا سپێدە کار دەکەم و هەست بە بێزاری و ماندووبوون ناکەم. وێنای ڕۆژی کریسمس ئەکەم، ئەو ڕۆژە تا درەنگ مامەوە. هاوشێوەی ڕۆبۆتەکان کار دەکەم، هەست ناکەم ماندوو بم، حەزێکی زۆرم بۆ کارکردن هەیە، سەرەتا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کیمیاوی دیاری دەکەم، ئەو پێکاتەیە کاتێکی زۆری ئەوێت بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگەی کەموڵەکانەوە تێکەڵیان بکەم، ماددەکانی پێکهاتەکە، بریتین لە فۆسفۆر و ئاسن و هایدرۆجین و گۆگرد و سۆدیۆم لەگەڵ پرۆتینێکی پێکهاتەی خانەکانی مێشکی مەیموون، دەچمە ناو کۆگای تاقیکردنەوەکانەوە، پێداویستییەکانم دەردەهێنم و ئەیدەمە دەستی یەکێک لەو ڕۆبۆتانەی کاری کۆگاکانی تاقیکردنەوەکانی پێ سپێردراوە، پاشان داوا لە ڕۆبۆتەکە دەکەم ئەو پرۆتینەم بۆ ئامادە بکات کە لەناو سندوقێکی تایبەتدایە لە ماددەیەکی وەک ستیل دروست کراوە و دەتوانێت هەموو پڕۆتین و ماددەکان لە کارلێکی کیمیاوی و شیبوونەوە بپارێزێت، ڕۆبۆتەکە پرۆتینەکەم بۆ دێنێت و وەک عادەتی هەمیشەییان کە تیایاندا تۆمار کراوە دەڵێت:

«بەڕێز ئاریا، هەرچییەکی ترت پێویست بێت، من لێرە ئامادەم بۆ خزمەتی بەڕێزتان بە هیوای سەر کەوتنتان». دواتر بە هێمنی دەگەڕێتەوە بۆ لای دەرگای کۆگاکە و دەوەستێت.

ماددەکانم لە ناو سندوقە دەردەهێنم و دەست دەکەم بە جیاکردنەوەو دیاریکردنیان، ماددەکان بە جیا هەر یەکەیان لە ناو کیسێکی نایلۆنی تایبەتدا دانراون، ئەو نایلۆنەی ماددەکانیان

تێ دەکرێ زۆر جیاوازن، توانای ئەوەیان هەیە، ڕێگە لە هەمووو کارلێکێکی کیمیاوی ماددەکەی ناویان بگرن، لەگەڵ هەواو شێ یان هەر ماددەیەکی تر لە هەوادا بێت. ماددەکان تەواو بە شێوەی ئارد ئەچن، ئەو ماددانە بە تایبەت لە نێو تاقیگەکانی سەر مانگدا ئامادە دەکرێن و دەخرێنە ناو نایلۆنە تایبەتانەوە و پاشان لە ناو سندوقێکی گەورەی ستێل دائەنرێن بۆ ئەوەی تایبەتمەندێتی خۆیان لەدەست نەدەن و تێک نەچن، ئەگەر ئەو ماددانە بەر هەوا یان شێ یان هەر ماددەیەکی تر بکەوتنایە، ئەوا سروشتی تایبەتیی خۆیان لەدەست ئەدەن و ئامانجی تاقیکردنەوەکان بە ئاراستەیەکی جیا دەچێت، هەربۆیە کارکردن لەگەڵ ئەو ماددانە زۆر دژوارە. پێویستیشە تێکەڵکردن و دیاریکردنیان لە ناو سندوقێکی شوشەی بادەرکێشراودا بێت ، پاشان لە ڕێگەی دوو دەستکێشی پەیوەست بە سندوقە شوشەکەوە، دەمتوانی دەسکاریان بکەم و بە پێی لیستی پێکهاتەکان تێکەڵیان بکەم، پێکهاتەکانی وەک پڕۆتین، پاراستنیان جیاوازە، ئەوان لە ناو کەموڵەیەکی شوشەی بچوک پارێزراون، کەموڵەکان لەسەر شێوەی پەپکەیەکی خڕدان لە ناویاندا شلەیەکی وەک ئاوی تێدایە کە پڕۆتینەکە لە وشکبوونەوەو تێکچوون دەپارێزێت و وا لە پڕۆتینەکان ئەکات وەک خۆیان بمێننەوە وەک ئەوەی تازە لە ناو مێشکی زیندەوەرەکاندا دەرهێنرابن.

سەیرێکی پێکهاتەکەم کرد و کەمێک لە ڕێژەکانی دەڕوانم هەریەکەیان بە ملیگرام کێشی جیاوازی بۆ دیاری کراوە، پێویستە سەرەتا پڕۆتینەکە جیا بکەمەوە، کەمێک ڕاڕایی دڵی داگیر کردووم، گومانێک لە مێشکمدا دروست بووە لەوەی کە وەک هەموو شەوەکانی تر هەمان شێوەی ئەو شەپۆلانە بەدەست بێنم کە

یەکەم جار بەدەستم هێناو کلارکی ڕەحمەتیم لێ ئاگادار کردەوە، ئێستا ئەو پێکهاتانەی کلارک بۆی نووسیبووم، ئەوەندەیان نەماوە کۆتاییان بێت، خۆ ئەگەر هیچ لەو پێکهاتە نووسراوانەی کلارک کە ماونەتەوە ئەنجامێکی دڵخۆشکەرم نەدەنێ لەوانەیە بە بێهودەیی و بێ ئەنجام. بەرەو هەسارەی زەوی بەڕێم کەنەوە. وێنای ئەوە دەکەم دەبێت چی بکەم دان بە نشوستی خۆمدا بنێم و لەبەر دەم ڕایمۆن و ئارۆندا هەست بە شەرمەزاری دەکەم من ئەو خوێندکارە بلیمەتەم کە خاوەنی بەرزترین ڕێژەی زیرەکیم لە گەردووندا و کە ئارۆن چارەنووسی درۆسیای خێزانی ڕادەست کردووم، ئەبێت ئەو چۆن لێم بڕوانێت.

لەوانیش کرنگتر ئەلینایە، ئەو ئێستا بووەتە هەموو هیوایەکی ژیانم. ئاخۆ کاتێک بڕیاری شکستی تاقیکردنەوەکان لەسەرم ئەدرێ ئەو داهێنانەی چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینم هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری بم و هەموو خەونەکانی خۆم بە دەستی خۆم لە گۆڕ نێم، گەر کار وا بڕوات خۆشەویستی ئەلینا لەدەست ئەدەم. دڵنیام ئەویش سەرزەنشتم دەکات لەوەی تاکەکەسێکم لە نێوان هەموو خوێندارەکاندا پڕۆژەکەم پەسەند کراوە.

تاقیکردنەوە لەسەر هەسارەی مانگ خەونی هەزاران خوێندکاری ئەمەریکایە کە زۆرێکیان باوکیان خاوەن سەرمایە و کاری بازرگانین، چەندین جار لە ڕێگەی پەیوەندیی تایبەت و پێدانی پڕی پارەی خەیاڵی بە لیژنەکانی بڕیاردەری خوێندنی باڵا لەسەر مانگ نەیانتوانیوە ڕەزامەندیان بەدەست بێنن. ئێستا بێئەوەی هیچ لەمانەم هەبێت نە کەسایەتییەکی ناسراو نە باوکێکی زەنگین و نە پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورە، تەنیا

به هۆی تواناکانمەوە لێرەم هەموو پێداویستیەکان لە بەردەممدا ئامادە کراون و داوای هەر چییەک بکەم، لە کەمترین ماوەدا، دەهێنرێتە بەر دەمم. تەنانەت وەک، ڕایمۆن، خۆی ڕاستەوخۆ پێی وتبوم، ئەگەر ئارەزوی سێکسیشم هەبێت دەتوانم لەسەر ویستی خۆم چ کچە سۆزانیەکم پێخۆشە و دڵم ئارەزوی ئەکا. ئەوا دەتوانم داوای بکەم.

ڕایمۆن، پیاوێکی لێزانە، بەردەوام ورە و هێز بە زاناو تەکنیکارەکانی سەر مانگ ئەدا. کارێکی وا دەکات ئەوەی خۆیان ناتوانن داوای بکەن یان شەرمێکیان هەبێت لە دەربڕینیان، وەک ئەوەی لەناو ناخیاندا بێت، پێی دەوتن و پێش ئەوان دەکەوت. زۆرجار لە تەکیاندا دەچوو بۆ یانەکان و دەیخواردەوە و قسەی خۆش و پێکەنین ئامێزی بۆ ئەکردن، وەک عادەتێکی هەمیشەیی، باسی لاوێتی خۆی بۆ ئەکردن کە چۆن لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیدا ژوانی ئەبەست و ماچی ئەکردن، تەنانەت زۆرجاران باسی پەیوەندییە سێکسیەکانیشی بۆیان ئەگێڕایەوە، ئەوانیش بەم قسانەی ڕایمۆن دڵخۆش ئەبوون و کاتێکی خۆشیان ئەبردە سەر. ئەم ڕفتارەی ڕایمۆن وای لە هەموو زاناو تەکنیکارەکان کردبوو کە زۆر خۆشیان بوێت، بەتایبەت خوێندکارەکان وەک باوکێکی خۆیان سەیریان ئەکرد. هەست دەکەم لەوان جیاوازم، ڕایمۆن، گرنگییەکی تایبەتیم پێ ئەدا. بە شێوەیەک، بوومەتە جێگەی ئیرەیی زۆرێک لە تەکنیککارەکان.

ئێستا دەبێت چی بکەم کلارک نەماوە تا بتوانێت هاوکارم بێت لە دارشتنەوەی کۆمەڵێک لە پێکهاتەی کیمیاوی تر، تا هیوایەکی تر بە تاقیکردنەوەکانم ببەخشم. هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژم و

کەمێک بیرم هێور دەکەمەوە، ماددەکان و پڕۆتینەکەم لە ڕێگەی دەرچەیەکی تایبەتەوە خستە ناو ئەو سندوقە شووشەیەی کە پێکهاتەکانی تیا ئامادە دەکران. ڕادەمێنم لەوەی چۆن دەستبەکار بم، وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار پێکهاتەکان ئامادە بکەم، گوڕێک بە خۆم ئەدەم و دەستەکانم دەخەمە ناو دەسکێشەکانەوە، سەرەتا بڕی 25 میلیگرام لە شلەی سایتۆپلازم دەکەمە ناو ئەو کەموڵەیەی کە بۆ گیرانەوەی پێکهاتەکان ئامادم کردووە، پاشان پڕۆتینەکە لە ناو قوتوی پەپکە کانزاییەکە دەردەهێنم و بە هێمنی لەگەڵ سایتۆپلازمە شلەکەدا تێکەڵاویان دەکەم کەمێک چاوەڕێ دەکەم بۆ ئەوەی بە هێمنی لەگەڵ سایتۆپلازماکەدا تێکەڵ بێت دواتر ئایۆنی ماددەکانی تری وەک ئاسن و فۆسفۆر و سۆدیۆم و کاربۆن و هایدرۆجینی شل دەردەهێنم و هەر یەکەیان لەڕێگەی ئەو ئامێرەی ئارۆن فێری بەکار هێنانی کردبووم بە بڕی دیاریکراو لە گەڵ بڕی 5 میلیگرام سایتۆپلازمادا دەگرمەوە. ماددەکان و پڕۆتینەکەم لەناو کەموڵە سەرەکییەکەدا تێکەڵ دەکەم. پاش 7 خولەک، چاوەڕێ دەکەم بۆئەوەی سەرەتا بە هێمنی تێکەڵی یەکتری ببن. دواتر سەری کەموڵەکە دادەخەم بۆ ئەوەی کاری تێکەڵکردنەکە لە ڕووی کیمیاوییەوە تەواو بێت، کەموڵەی پێکهاتەکە دەخەمە ژێر جیاوازیی پەستانێکی کارەبایی تایبەت کە بڕەکەی 12.5 ڤۆڵتە، بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی کیمیاوی گونجاو بەدەست بێنم، شەپۆلی ئەو پەستانە کارەباییە 450 لەرەی هەمەجۆرە لە چرکەیەکدا، بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی کیمیاوی زیندوو پێویستە بۆ ماوەی 45 خولەک پێکهاتەکە لە ژێر ئەو پەستانە کارەباییەدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کانزا و ماددەکان

لە گەڵ پرۆتینەکەدا کاری یەکگرتن و تێکەڵبوونی کیمیاوی تەواو دروست بکەن و ئاوێتەیەکی گونجاو بەرهەم بێت.

چاوەڕێ دەکەم و لە پێکهاتەکە دەڕوانم هەست بە گۆڕانی ڕەنگی پێکهاتەکەم دەکەم. دیاردەیەکی نامۆیە تا ئێستا پێکهاتەکان بەو شێوەیە ڕەنگەکانیان بە هێمنی ناگۆڕرێ و 45 خولەکەکە تەواو دەبێت و پێکهاتە ئامادەکراوەکە لەو ئامێرە پەیوەست دەکەم کە کڵاوە ئەلەکترۆنیەکەی پێوەیە، کڵاوەکە لەسەرم دەنێم و کرتە لەسەر دوگمەی بەکارخستن دەکەم ماوەی چەند چرکەیەک چاوەڕێ دەکەم هەست بە هیچ گۆڕانکارییەک ناکەم بێ ئومێدیەک بیرم داگیر دەکات. بەردەوام دەبم لە چاوەڕوانی دوای چەند چرکەیەک هەست بە قورسیی پێڵوەکانم دەکەم و جەستەم خاو دەبێتەوە. ئای خودایە چی ڕوودەدات، وا هەست دەکەم لە هۆش خۆم دەچم و جووڵەی جەستەم تەواو خاو دەبێتەوە خەریکە بەرەو بێئاگایی ڕۆ دەچم لەهیکرا هەست بە شەپۆلێکی نامۆ دەکەم بە مێشکمدا دەگوزەرێ. هەست بە ئارامی دەروونم دەکەم و توانای بیرکردنەوەو شیکاری دیمەنەکان لەدەست ئەدەم دەمەوێت لە دۆخەکە دڵنیا بم ئایا ئەوە کاریگەری پێکهاتەکەیە یان باری تەندروستیم شێواوە! بەئاستەم کرتە لەسەر دوگمەی کوژاندنەوەی ئامێرەکە دەکەم و هەست دەکەم هێدی هێدی ئاسایی دەبمەوە و بیر دەکەمەوە.

ئەوە چی ڕوودەدا؟ تۆبڵێی شەپۆلەکەم بەدەست هێنابێت؟ دەمەوێت دڵنیا ببمەوە لەوەی ڕووی دا، جارێکی تر کارەکە دووبارە دەکەمەوە. هەست بەهەمان ئەو دیاردە نامۆیە لە خۆمدا دەکەمەوە کە پێشتر بە سەرمدا هات. لە تاقیکردنەوەکەم دڵنیا دەبم.

هەست بە گەورەیی بە هێزی خۆم دەکەم ڕێژەی تێکەڵاوکردنی ئەو پێکهاتەیە لەناو ئایپادە سلیکۆنیەکە تۆمار دەکەم و کۆدێکی لەسەر دائەنێم و دەیپارێزم.

ئەلینا لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندیی گویکانمەوە داوام لێدەکات خۆم بۆ ئاهەنگی کریسمس ئامادە بکەم. ئەو لە یانەکە چاوەڕێمە، تیمێکی میوزیکی بەناوبانگ لە هەسارەی زەوییەوە هاتوون بۆ گێرانی ئاهەنگێکی تایبەت بە بۆنەی ساڵی نوێ-وە، ئەمشەو گەشتیارێکی زۆر هاتوون و ئەپارتمانەکان پڕن لە گەشتیاران، زۆریان لەسەر شەقام کۆلانی ناو گومەزەکەدا دانیشتوون و چاوەڕوانی ڕۆبۆتەکانن شوێنێ مانەوەیان بۆ دابین بکەن. ئاهەنگەکە نزیکی سەعات 11 ی شەو بە کاتی سەر مانگ دەست پێدەکات. جنیفەر هەڵبژاردنەکانی جوانە بۆ ئاهەنگەکە، قاتێکی شینی تۆخ لەگەڵ کراسێکی سپی و ملپێچێکی شینی کاڵی بۆ ئامادە کردووم. ئەو دەزانێت بەهۆی سەری ساڵەوە کەشی ناو گومەزەکە ساردە. قاتەکە لەبەر دەکەم و جنیفەر هاوکاریم دەکات و ئێخەی چاکەتەکەم بۆ ڕێک دەخات، خۆشحاڵم، ڕۆبۆتێکی خراپ نییە.

بەرەو ئەو یانەیە بەڕێ دەکەوم، سەرۆک ڕایمۆن سەردانی دەکات لە دەرگای سەرەکیی یانەکە بەژوور دەکەوم و دوو ڕۆبۆت لە دەرگاکەوە پێشوازیم لێ دەکەن و بەرەو لای ئەو مێزەگەورەیەی بۆ ڕایمۆن ڕازێنراوەتەوە دەمگەیەنن، لەسەر مێزەکە شوشەی ویسکی و ڤۆدگاو شەراب دانراوە، لە ناوەڕاستدا لەسەر سینییەکی گەورەی زیو، میوەی سێو و پرتەقاڵ و هەنار و قەیسی و هەرمێ، لەناو چەند قاپێکدا بە شێوەیەکی هەرەمی ڕێک

ڕازێنراونەتەوە. ڕایمۆن و کریستینا لە نزیک یەکەوە دانیشتوون، ئەلینا بەرامبەریانە عەزییەکی ڕەنگ پەمەیی کاڵی لەبەر کردووە، تەنگی بەشی سەرەوەی عەزیەکە مەمکە بچوکەکانی زیاتر بۆ دەرەوە دەرپەڕاندووە، پرچە زەردە و درێژەکانی بە شانەکانیدا هاتوونەتە خوار لە مێزەکە نزیک دەبمەوە ڕایمۆن بە خۆشحاڵییەکەوە لەجێگەی خۆی بڵند دەبێت بۆ ئەوەی ڕێزی خۆیم نیشان بدا بە دەنگێکی پڕخۆشحاڵیەوە:

«سەیر کەن بزانن کێ هاتووە؟! بە دەستێکی ئیشارەتی بۆ کورسیەکەی تەنیشت ئەلینا دەکات و «فەرموو بەڕێز ئاریا دانیشە».

کریستینا لە جێگەی خۆی نابزوێت، کەمێک سەریم بۆ دائەنەوێنێ، دائەنیشم و ئەلینا بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە:بەخێرهاتنم دەکا.

«ئاریا بەخێر بێیت».

نیگای دەکەم بەخۆشحاڵیەکەوە:

«زۆر سوپاس ئەزیزم». پاشان ڕوم بۆ لای ڕایمۆن و کریستینا وەر دەگێرم، «سوپاسی هەستتان ئەکەم، بمبورن کەمێک درەنگ هاتمە لاتان»

ڕایمۆن بە دەنگێکی نێرەوە دەڵێت «ئاساییە کوڕم».

چاوێک بەناو یانەکەدا ئەگێرم و ئارۆن درۆسیا لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا دەبینم، قسە دەکەم، ئاگاداری هاتنم نییە، هۆڵەکە لە گەشتیارە زەنگین و ناودارەکان جمەی دێت، مێزەکان تەواو پڕ بوونەتەوە مێزەکەی ئێمە کەوتووەتە ناوەڕاستی هۆڵەکەوە، تیمێکی میوزیک لە شاری تەکساس بانگهێشت کراون بۆگێڕانی ئاهەنگەکە بە ڕتمێکی هێواش دەژەنن، بیرم تەواو ئارامە و هەست

بە شادمانی دەکـەم. ئەلینا پێکێک شەرابم بۆ ئامادە دەکـات، ڕایمۆن پەرداخەکەی بۆ ئاسمان بڵند دەکاتەوە و بە پێکەنینێکی خۆشحاڵییەوە لێم دەڕوانێت و ئەڵێت: «بەخۆشیی هەمووتان». پێکەکەی بە ڕووی هەمووماندا دەگێڕێت و پاشان بە قومێک چۆڕی لێ دەبڕێت. هەمووومان پێکەکانمان هەڵدەگرین و ئەلینا پێکەکەی بەرز دەکاتەوە «بەخۆشیت خۆشەویستم».

سەرنجەکانی ئەلینا کاریگەرن، بێئەوەی هیچم خواردبێتەوە هەست بە مەستی خۆم دەکەم، بۆ خۆییشم نازانم چۆن ڕەفتار دەکەم، هەستێکی پڕ لە شادومانی دڵم داگیر دەکات. ڕوو لە ئەلینا دەکەم، بە دەنگێکی نزمی شەرمنانەوە: «بە هیوای بە ختەوەریت ئازیزم».

هەردوکمان پەرداخەکە تـەواو دەکـەین، کریستینا دەستی بۆ پێکەکەی بەردەمی نـەبردووە. بـەردەوام چاوەکانی بە لای دەوروبـەری خۆیدا ئەگێڕێت، ڕایمۆن سەرنجی بۆ لای خۆی کێش دەکات «ئەزیزم بۆ ناخۆیتەوە ؟ چاوەڕێی چی دەکەیت ؟» کریستینا بەئاگا دێتەوە لەبەر خۆیەوە «هیچ ئەزیزم بابخۆینەوە».

هەردوکیان دەستەکانیان وەک دوو ماری عاشق تێک دەئاڵێنن و لێک نزیک دەبنەوە و سەر و قومێک لە پێکەکەیان ئەدەن و پاش کەمێک تێڕوانین لە چاوی یەکدی، بە هێمنی لێک نزیک دەبنەوە و دەم لەناو دەمی یەکتری دەنێن، بە شێوەیەک سەرمەست بوون وا هەست دەکەن کەس لە دەوریان نییە. ئەلینا شەرم دەکات خۆی بە پێکەکەیەوە سەرقاڵ دەکات و بە نەرمە کۆکەیەک ڕایمۆن بەئاگا دەهێنێتەوە. کریستینا بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخە قوتار بکا کەمێک خۆی شپرزە دەکات و ئەلێت «پێکەکەم خەریکە ئەڕژێت» ئیتر ڕایمۆن بە نیگایەکی مەستانەوە سەری دەکێشێتە دواوە.

بەشێکی زۆری گەشتیارەکان سەما دەکەن، درۆسیا سەری ناوەتە سەر سنگی ئارۆن و یەکتری ڕادەژەنن، بێئاگان لە دەوروبەریان، ئارەزووی خواردنەوە دەکەم، پەرداخێکی تر پڕ دەکەمەوە، دەیخۆمەوە، شوشەکەی بەردەمی ڕایمۆن خاڵی بووە، چاوەکانی کەمێک نیشتوون وەک ئەوەی خەو بیباتەوە دەستی کریستینا دەگرێ و بەرەو ناو ئاپۆرەی گەشتیارەکان دەڕۆن ڕایمۆن پێیەکانی تەواو شل بوون، بە ئاستەم خۆی بەپێوە دەگرێ، سەری بە لا ملی کریستینادا شۆڕ کردووەتەوە لەگەڵ نەزمی میوزیکەکەدا خۆیان ئەلاوێننەوە.

گۆڕەپانی سەماکردنەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بووە هێدی هێدی کریستینا و ڕایمۆن لە نێو ئاپۆرەی گەشتیارەکاندا لە چاوان ون دەبن. زۆربەی مێزەکانی ناو یانەکە چۆڵ بوون، هەموو گەشتیارەکان لەناو گۆڕەپانی یانەکەدا سەرقاڵی سەماکردنن، ئیتر ئارەزووی خواردنەوە ناکەم، ئەوەندەی لەبیرم بێت تا ئێستا دوو جار شەرابم خواردووەتەوە. شوشەکەی بەردەممان نیوە بووە تا ئێستا تەنیا سێ پێکم خواردووەتەوە، کەمێک سەرم مێرووله دەکات، هەست بە مەستی خۆم دەکەم، ئەلینا پەرداخەکەی بە دەستەوەیە، لە دیمەنی سەماکە دەڕوانێت، جارجارە قومێک لە شەرابەکەی ئەدات و بە چاوێکی خومارەوە نیگام دەکات لە چاوەکانیا عەشق دەبینم. نیگاکانی ناخم دەبزوێنن، لە قوڵایی چاوە شینەکانی دەڕوانم، هەست دەکەم کۆنترۆڵی خۆم لەدەست ئەدەم، نەستیانە ڕەفتار ئەکەم، دەستەکانم دەخەمە سەر دەستی ئەلینا پەنجەکانی بە توندی هەڵگئەگلۆفم ،بۆ خۆیشم نازانم چۆن ئەو کارەم کرد.

ئەلینا بە چاوە تەلیسماویەکانی کە پڕ بوون لە ئارەزوو، هەستیان زیاتر بزواندم داوای ئەوەی لێدەکەم پێکەوە سەما بکەین ئەویش بەخەندەیەکەوە ڕەزامەندیی خۆیم بۆ دەرئەبڕێت و بەرەو گۆڕەپانی سەماکە دەچین، زۆربەی گەشتیارەکان سەما دەکەن گۆڕەپانی سەماکە جمەی دێت، هەست بە ئارامی دەروونم دەکەم، هەموو هەستەکان تێکەڵ بە جەستەی ئەلینا بووە دەمەوێت لە هەستەکانی بگەم، بە تەواوی ڕۆچوومەتە ناخیەوە ،پرسیار لە خۆم دەکەم و بیردەکەمەوە ئایا ئەویش بەو شێوەیە بیرم لێ دەکاتەوە؟ تۆ بڵێی هەمان هەستی بەرامبەرم نەبێت! ئایا ئەم سەمایە دەبێتە دەرگایەک بۆ ئاشنابوونی هەستەکانمان!

لە ناخمدا هەست بەخۆشەویستی دەکەم. نەستیانە زیاتر و زیاتر جەستەی بە خۆمەوە توندتر دەکەم، ئەویش وەک منداڵێکی بەناز زیاتر خۆی لە باوەشمدا گرمۆڵە دەکات. تێبینی ڕایمۆن دەکەم بە تیلەی چاو چاودێریمان دەکات. ڕیتمی میوزیک هێواشە، ئارۆن و درۆسیا تەواو لێک ئاڵاون بێئاگا لە دەوروبەریان. پێدەچێت ڕۆچووبنە ناو یادگارییەکانی لاوێتیانەوە لە کاتژمێرەکە دەڕوانم کات 11.48 نیشان ئەدات، بەئاگا دێمەوە، ئەلینا هەست بە جووڵە نامۆکانم دەکات. تەواو لێک نزیک بووینەتەوە. لە قوڵایی چاوەکانم دەڕوانێت. لە چاوەکانیدا هەست بە خۆشەویستی دەکەم. دەیەوێت شتێکم پێ بڵێ، بەدەم یەکتر ڕاژەنینەوە لێوەکانی لێک دەترازێنێ و بە دەنگێکی تامەزرۆوە پێم دەڵێ:

«لە باوەشتدا هەست بەئارامی دەکەم».

موچورکێکی پر لە شادمانی جەستەم ئەتەنێت، دەمەوێت ئەوەی پێ بڵێم:

«منیش هەمان هەستی تۆم هەیە»

هەر وا دەکەم:

«پێم خۆش بوو زۆر شەوان لێرە بووینایە، شەوانی ئێرە زۆر دڵڕفێنە، وا نییە خۆشەویستم ؟»

«بە دڵنیاییەوە، بەڵام بۆ خۆت دەزانیت، من شەوانە حەز بە کارکردن دەکەم».

«ناتوانیت، کەمێک کاتی خۆتم بۆ تەرخان بکەیت؟».

«دڵنیا بە ئەمشەو تا دەرنگ هەموو کاتەکانی خۆم بە تۆ دەبەخشم».

«هەر ئەمشەو؟».

«نا.. شەوانی تریش زۆرن.. بەڵام ئەمشەو زۆر تایبەتە لام».

«بە دڵنیاییەوە دەبێت زۆر تایبەت بێت!»

لە مەبەستە هەست بزوێنەکەی تێدەگەم، زەنگی ساڵی نوێ لێ ئەدات، ئامادەبووانی هۆڵەکە پڕ بە دەمیان هاوار دەکەن و ماچی پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن، گوێمان لە دەنگی تەقینی فیشەکە شێتە دەبێت لە ئاسمانی گومەزەکەدا ئەتەقێتەوە و ئاسمانی گومەزەکەی بە چەندین ڕەنگ و وێنەی جوان ڕازاندووەتەوە و میوزیک ژەنەکان ڕیتمەکەیان خێرا دەکەن سوزانیەکان دێنە ناو گۆڕەپانی سەماکەوە، چەند نمایشێکی هەست بزوێن پێشکەش دەکەن. ئەو شەوە تا درەنگ لەگەڵ ڕایمۆن و کریستینا پێکەوەماینەوە چاو بۆ ئارۆن و درۆسیا دەگێڕم لە هۆڵەکەدا نەماون. گەشتیارەکان وەک ئەوەی لە ژیانیاندا هەر ئەو شەوە هەبێت، بەردەوام لە سەماکردن و هەڵبەزو دابەزدان.

زۆریان ئارەزووی سەمای ڕیتمە خێراکانیان دەکەن داوا لە میوزیک ژەنەکان دەکەن ڕیتمەکان خێراتر بکەن، وەک ئەوەی لە فیستیڤاڵێکی جیهانیدا بن، هەر کۆمەڵێک سەمای وڵاتەکەی خۆی دەکات و ئەوانی دیکەش وەک ناوبژیوانێک لە دەوریان کۆبوونەتەوە، چەپڵەیان بۆ لێ ئەدەن، کاتێک کۆمەڵێک کۆتایی بە سەماکردنەکەیان دێت، هەموو پێکەوە دەست بە هاوارو فیکە لێدان ئەکەن. ئەمشەو بە ڕۆژی حەشر ئەچێت. کەس ئاگای لە کەس نییە.. بەڕاستی شەوێکی خۆشە.. هەرگیز لە ژیانمدا بەو شێوەیە ساڵەکانم بەڕێ نەکردووە.. ئایا ئەوە بەهۆی دووریمانەوەیە لە زەوی! یان دۆخەکە خۆی بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت!

ڕایمۆن بە بینینی ئەو دیمەنانە خۆی پێ ناگیرێ داوا لە کریستینا دەکات بچنە ناو ئاپۆرەی گەشتیارەکانەوە. ئەویش بە خۆشحاڵیەوە بەدووی دەکەوێت. لە نیگاکانی چاوە هەستبزوێنەکانی ئەلینا تێر نابم. دەیەوێت شتێکم پێ بڵێ، خۆیم لێ نزیک دەکاتەوە و لە قووڵایی چاوانم دەڕوانێت و داوای ئەوەم لێ دەکات بە شەقامەکاندا بگەڕێین. داواکەی پەسەند دەکەم. ئارەزووی ئەوە دەکەم دوور لە چاودێری ڕایمۆن ئازادانە ڕەفتار بکەین. بەرەو کۆڵانەکانی ئەپارتمانەکان، ڕێچکە دەگرین و ئەلینا دەستی لە کەمەرم گیر دەکات هەست دەکەم شتێک ڕوو ئەدات بێئەوەی پرسیار لەخۆم بکەم دەست دەکەمە ملی ئەویش بەو کردارەم خۆشحاڵە. زیاتر خۆیم لێ توندتر دەکات و سەری ئەنێت بە سنگمەوە. هێدی هێدی دەنگی میوزیک و گۆرانییەکان لە گویکانماندا خامۆش دەبێت. ئەلینا سەری لەسەر سنگمە و دەستەکانی لە کەمەرم ئاڵاندووە زیاتر و بەهێزتر خۆیم پێوە چەسپ دەکات. ئایا ئەوە دەربڕینی

هەستی خۆشەویستیی ڕاستەقینەیە یان تەنیا نمایشێکی دەربڕینی هاوڕێیەتییە و بەس!

بۆخۆشم نازانم چی ڕوو ئەدا! چاوەڕێ دەکەم و دەمەوێت تا کۆتایی ئەو گەمە پڕ ئارەزووە پێکەوە بین. کۆلانەکان چۆڵن تاک و تەرا گەشتیاران دەبینین جڵەوی هەنگاوەکانم لە دەستی ئەودایە، هەست دەکەم بەرەو ئەپارتمانەکەی ئەلینا نزیک دەبینەوە. ئەو ماوەیە هیچمان قسە ناکەین تەنیا لە دیمەنی جوانیی دارەکانی نێو شەقامەکان دەڕوانین کەپەلەکانیان بۆنێوشەقامەکە شۆڕبۆتەوە. گوێبیستی دەنگی دەبم:

«گیانەکەم حەز ناکەم ئەمشەو بە تەنیا بم، ئارەزوو دەکەیت پێکەوە بین؟!

بێشەرمانە ڕەفتار دەکەم. هەست بە ئاگایی ئەو ئەهریمەنەی ناخم دەکەم کە دایکم بەردەوام سەرکۆنەی دەکرد. ئایا ئەوە بڕیاری خودی خۆمە یان هۆکاری ئەو چەند پێکە شەرابەیە کە ئەلینا پێی نۆش کردم! لێ دەگەڕایم بۆئەوەی کارەکان وەک خۆیان بەڕێوە بچن، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە، دەمەوێت بەردەوامی بە قسەکردن بدەم:

«بۆ نا؟.. دڵنیام شەوێکی زۆرخۆش دەبێت»

بە خەندەیەکی پڕ لە خۆشەویستیەوە لێم دەڕوانێت، خۆم ڕادەستی حەزەکانی دەکەم، دەمەوێت بۆ تەنیا جارێکیش بێت ئەزموونی ئەوە بکەم، کاتێک بە هۆش دێمەوە، خۆمان لە بەردەم ئەپارتمانەکەدا ئەبینینەوە.

ئەلینا دەستم دەگرێ و بەرەو ژووری نووستنەکەی پەلکێشم دەکا، بێئەوەی هیچ پەرچەکردارێکی نامۆ بنوێنم جڵەوی خۆمی بۆ

شل دەکەم، لەبەر دەم جێگەی نووستنەکەدا دەوەستین و ڕووم تێ دەکات، لێوەکانی لە لێوم نزیک دەکاتەوە. هەست بە گەرمی هەناسەی دەکـەم.. وەک ڕۆبۆتێکی بەرنامەڕێژکراو بێئەوەی بە ویستی خۆم بێت، لێوە ئەستورەکانی ماچ دەکـەم. ئەویش گازێکی نەرم لە لێوم دەگرێ و گڕکانە پەنگخواردووەکەی ناخم ئەتەقێنێتەوە و بەدەم ماچکردنەوە چاکەتەکەم دائەکەنێت منیش وەک ئەو دەکەم.

هەست دەکـەین هـەردووکـمـان تـەواو ڕووت بووینەتەوە بەرەو سیسەمەکە دەچێت و بەچەند نمایشێکی جەستەی وەک موگناتیسێک بەرەو لای خۆیم کێش دەکات. هەست بە ڕەقبوونی چووکم دەکەم، ئەویش دەست بە گەمەکانی خۆی دەکا. دیارە ئەلینا بە ئەزموونە بە ماچکردنەوە بەرەو خوارەوەم دەچێت و چووکم دەخاتە دەمیەوە. هەستێکی بێوێنەیە.. دەمەوێت چێژ لەو دەیمەنە ببینم.. دواتر لە سەرم دائەنیشێت و چۆکم دەخاتە لەشیەوە و دێت و دەچێت منیش دەستە بزێوەکانم بە هەموو جەستەیدا دێنم. چەندجارێک باری گەمەکە ئاڵوگۆڕ دەکەین هەست دەکەم لەگەڵ هەر جوڵەیەکدا پارچەیەکی گەورە لە دیوارەکەی ناخم دائەڕمێت بەردەوام دەبین تا ئەو کاتەی، هەردووکمان بە دەم هەناسەسواری و ئاهو ناڵەی چێژێکی ئەفسووناویەوە، نغرۆی جیهانێکی نامۆ دەبین. جەستەمان تەواو شەلاڵی عارەقەی یەکدی دەبێت، بە بۆن و بەرامەی جەستەمان زیاتر مەست دەبین، بێئاگا لەو دنیایەی کە پێشتر تێیدا گوزەرمان دەکرد، لە گەڵ دامرکانەوەی کەفوکوڵی گڕکانەکەی ناخمان بە ئارامی دەچینە خەوێکی قوڵی بێئاگا لە یەکتر.

# 10

ڕۆژی 27-1-2048

وێنای ئەو ڕۆژە دەکەم گەردەلوولێکی بەهێز، بەهێزتر لەو گەردەلوولانەی لە کالیفۆرنیا هەڵی دەکرد، ئەوەندە بە خێرایی لەناو گومەزەکەدا پەیدا بوو، گەشتیارەکانی توشی سەراسیمە و ترس کردبوو. پێدەچێت ڕوداوێکی نامۆ ڕووی لەم هەسارە دوورەدەستە کردبێ، ئەوەندە بەهێزە کەس لە بەردەمیدا خۆی پێ ناگیرێ. با لە هەموو شوێنێکی گومەزەکەوە دێتە دەرەوە، زۆر لە گەشتیارەکان وای بۆ دەچوون، سەقفی گومەزەکە درزی تێ کەوتبێت و ئێستا نا تاوێکی تر بە سەریاندا دێتە خواری. ئەگەر وا بێت ئەبێ چ کارەساتێکی مرۆیی ڕوو لە هەموو بنیادەم و ڕووەکانەی ناو ئەم هەسارە تەمەن کورتە بکا.

دڵنیام هیچ هێزێک ناتوانێت لە دەست کارەساتێکی وەها قوتارمان بکا. ئەگەر وابێت پیاوە ئاینییەکان ئەبێت بە دەم نزاو پاڕانەوەوە دەستەکانمان بۆ ئاسمان هەڵبڕن و لە خودا بپاڕێنەوە تا فریادڕسمان بێت، یان ئەوەتا بۆ مێژوو لە ناو میدیاکان و گۆڤارە زانستیەکاندا وەک کارە ساتێکی گەردوونی تەنیا بۆ جارێک، لە کاتی باس و خواسەکانی گۆڕانە گەردونییەکاندا باس بکرێینەوە.

ئای خودا.. ئەو گەردەلولە ئەوەندە بەهێزە خۆی بە هەموو کون و قوژبنێکی ناو گومەزەکەدا ئەکات ئەو پەنجەرە و دەرگایانەی کلۆم نەدراون ئەوەندە دەیان هێنێت و دەیانبات هەموویانی لەق کردووە. هەرچی خۆڵ خاشاکی ناو کۆڵان و بەر دەرگاو شەقامەکانی ناو گومەزەکە هەیە کە ڕۆبۆتەکان کۆیان کردبووەوە بڵاوی دەکردەوە، هەموو پاشماوەکانی کاغەزی جبس و ئایسکرێم کە لەسەر مانگ دروست دەکران، کارتۆنی ئەو خواردنەوانەی لە هەسارەی زەوییەوە گەشتیارەکان هێنابوویان، بۆ زیاتر مەستکردنی کچە سۆزانییەکان بۆ ئەوەی بە لای خۆیاندا کێشیان بکەن یەک بە یەکیان لە ئاسمانی گومەزەکەدا بەدەست گەردەلولەکەوە سوڕ ئەخۆن و تاو ناتاوێک دەیانکاتەوە بە نێو کۆڵان و ئەو ئەپارتمانانەی دەرگا و پەنجەرەکانیان لەسەر پشتن.

هەرچی گەڵای درەختە بەردارەکان و پەڕەی گوڵە قەبارە گەورەکانی کە کڵارک بە لەبەرگرتنەوە ڕواندبوونی، تێکەڵ بەو گەردەلولە نەگریسە بووە و لە ئاسماندا سەما دەکەن، ئەوبایە وەک دەستی بزێوی مێردمنداڵە لاکۆڵانەکانی نیۆرک تەنورەی هەموو ئەو کچ و ژنانە هەڵئەداتەوە کە زۆرێکیان لە ژێرەوە دەرپێیان لە

پێ نەکردبوو، ئەوەندە سامناکە، کەس هۆشی بۆ نیگایەکی ئەو دیمەنە کەم وێنانە ناکات. ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکانی گەشتیارەکان دەگوزێتەوە لە شوێنی خۆیان مانیان گرتووە، ئەوەندە گەشتیار خۆیان پیا هەڵواسیوە، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن:

«تکایە هەندێکتان دابەزن، بزوێنەرەکەم توانای ئێوەی نییە»..

ئەو گەشتیارانەی کە خۆیان قوتار کردووە لە نێو ئەپارتمانەکان و یانەکاندا، بە نیگایەکی توقێنەرەوە لە گەردەلوولەکە دەڕوانن و چاوەڕێی مەرگ دەکەن. گەردەلوولەکە تا دێت زیاتر بەهێزتر دەبێت، هەرچی خۆڵ و تۆزی ناو ئەو گومەزە هەیە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کردووە ئاسمانی گومەزەکەی تاریک کردووە، زۆر ئەستەمە بتوانیت کەسێک لە دووری چەند مەترێکەوە ببینیت، خێرایی ئەو گەردەلوولە دەنگێکی ترسناکی لە گوێی گەشتیارەکاندا دروست کردووە. ناو قاوەخانەکە جمەی دێت. پیرەکان دەستەکانیان بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە و نزا دەکەن لە ژێر لێوەکانیانەوە ئەو دوعایانە دەخوێنن کە ڕۆژانی هەینی لە کڵێسەکانی ناو گومەزەکەدا بەدوای یەکدا وەک توتی ئەیڵێنەوە.

ئەو دیمەنە سامناکە، ترسێکی لە ناخمدا دروست کردووە، دەمەوێت زانیاری هۆکاری ئەو ڕووداوە ترسناکە بزانم لە ڕێگەی ئامێری گوێکانمەوە هەوڵی ئەوەم دا زانیاریم لەسەر ئەو گەردەلوولە ترسناکە بدەنێ، لەبەر خۆمەوە لەنێو عەشاماتی گەشتیارەکاندا داوای فریاکەوتنی خێرام کرد:

«داوا دەکەم لەم ڕوداوەی ناو گومەزەکە ئاگادارم بکەنەوە».

گەشتیارەکانی چواردەورم بە گومانەوە لێم دەڕوانن و زیاتر لێم نزیک دەبنەوە لە چاوەکانیاندا پرسیاری ئەوە دەکەن دەبێت چ

هەواڵێکی گرنگم لابێت، لەناو غەڵبە غەڵبی گەشتیارەکاندا گوێم لە دەنگی کیژێک دەبێت:

«ئەمە کێیە؟ کاری چیە؟»

دەنگێکی تر لە پشتەوە بە گڕی وەڵام ئەداتەوە:

«بێدەنگ بە، با تێ بگەین بزانین چییە!». دەنگێک لە ڕۆبۆتەکانی سەنتەری زانیاری فریاگوزاری ناو گومەزەکەوە. وەڵام ئەداتەوە:

«بەڕێز ئاریا.. هیچ شتێکی گرنگ نییە، تەنیا تاقیکردنەوەیەکی زانستییە.. بۆ دڵنیاییت دەتوانیت سەردانی سەکۆی ناوەڕاستی گومەزەکە بکەیت».

ئەو هەواڵە بە گەشتیارەکان دەگەیەنم و ئەوانیش ئارام دەبنەوە. لێوەکانیان کە پێش کەمێک لە ترس و دڵە ڕاوکێدا وشک هەڵهاتبوون، زەردەیان بۆ دەگەڕێتەوە، پێکەنینێکی خۆشبەختی تێکەڵ بە مقۆمقۆی نێوانیان دەبێت.

لە قاوەخانەکە دێمە دەرەوە و خۆم دەگەیەنمە نزیکی سەکۆکە. ئەو خۆڵ و خاشاکانەی گەردەلولەکە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا و دەیبرد، بواری بینینی تەواو لێڵ کردووە. چاو بە شەقامەکاندا دەگێڕم، کەسی پێوە نەماوە، بە ئاستەم تارمایی کەسێک لە ناوەڕاستی سەکۆکەدا دەبینم، دەستەکانی بە هەردوو لای خۆیدا بۆ ئاسمان بڵند کردووە، گەردەلولەکە چاکەتە درێژو ڕەشەکەی بە هەموو لایەکدا دەهێنا و دەبرد. زیاتر خۆمی لێ نزیکتر دەکەمەوە و دەمەوێت ئاشنای بم، ئەو بە قارەمانێکی نێو فیلمە ترسناکەکان دەچێت. کە چۆن ڕووبەڕووی دڕندەکان دەبنەوە بەو شێوەیە ڕەفتار دەکا. بە باڵا کورتەکەیدا دەیناسمەوە، ئەوە سەرۆک ڕایمۆنە ئەو چاویلکەیەی لە چاودا بوو کە لە نێو کۆبوونەوەکانی

زانکۆکاندا لە ژێریەوە بە چاوە برسییەکانی لە سمتو ڕانی ژنە خانەدانەکانی دەڕوانی. بۆئەوەی درک بە هەستە شەهوانییەکانی نەکەن. لەگەڵ خێرابوونی باکەدا زیاتر لووتی بۆ ئاسمان بڵند دەکا و بەدەنگێکی تۆقێنەرەوە هاوار دەکات:

«با بەهێزتر بێت، زیاتر لەوەی کە دەتوانرێ، با هەموو گەڵاو گوڵەکانی نێو گومەزەکە لەگەڵ خۆیدا بباتە ئاسمان. با بۆن و بەرامەی گوڵەکانی کڵارکی ڕەحمەتی تێکەڵ بە لووت و مێشکی هەموان بکا بۆئەوەی هەرگیز لە یاد نەکرێ، با ئاسمانی گومەزەکە تەواو ڕوونتر بێت، ڕوونتر لەوەی کە دەتوانرێ، بۆئەوەی دار و ڕووەکەکان سەما بکەن، تەواو یەکتری بناسن و لێک نزیکتر ببنەوە، بۆ ئەوەی چیتر لە تاریکیدا یەکتری ماچ نەکەن.. با ئەو شەرمەیان تێک بشکێت کە تا ئێستا هەیانە، بۆئەوەی بەهێزترو جوانتر بن لە هەموو ڕووەکەکانی سەر زەمین، قەدەکانیان ئەوەندە بەهێز بێت بەرگەی هەموو ڕووداوێکی دژوار بگرن، بۆ ئەوەی ژیان لێرە زیاتر بەر دەوام بێت».

بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ئەو پیاوەی لە ناوەڕاستی ئەو سەکۆیەدا وەستاوە سەرۆک ڕایمۆنە، ئەو وێنای کەسێکی بەهێز دەکات کە لە خواوەندەوە پێی بەخشراوە، ئەو دەتوانێت هەموو شتەکانی ناو ئەو گومەزە بگۆڕێ. تەنانەت ڕەنگی ئاسمان و پلەی گەرما و باران و بەفر دروست بکا، دەتوانێت زۆر شتی گەورە بکا کە هیچ کەسێک لە توانایدا نەبێت، زۆر لەوانە خراپتر: دەتوانیت تەنیا بە چەند وشەیەک کە لە دەم و لێوە باریکەکانیەوە دەردەپەڕێ، سەراپای خەڵکی ناو ئەو گومەزە بە ئاقاری مەرگدا ببات. ئەوەندە بێ-بەزەیی و ترسناک دەبینرێ، لەو ڕایمۆنە ناچێت کە بە وتە

شیرینەکانی هەموانی دەهێنایە پێکەنین. ئەو ئێستا لە دڕندەیەکی بەهێز دەچێت، کە هیچ کەسێک ناتوانێت لەبەر دەمیدا بوەستێ. دەڕندەیەک کە هیچ بەزەییی و نەرمییەکی لێ چاوەڕوان ناکرێ.

تا دێت گەردەلوولەکە بەهێزتر دەبێت، زۆر بەئاستەم پێڵووی چاوەکانم دەکەمەوە و لێی دەڕوانم. ڕایمۆن وەک شێر دەنەڕێنێ:

«تا دەتوانن گەردە لوولەکان بەهێزتر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین ئێرە بکەینە هەسارەیەکی تەواو زیندوو، با ئەو مێژووەی ئەم هەسارەیە بسڕینەوە، کە لەوەتەی هەیە ئاسەواری بای بە خۆیەوە نەدیوە، دەبێت ئەوەندە بەهێز بێت، کە لە توانایدا بێت هەموو ڕووی ئەم هەسارەیە بگرێتەوە، با ئەوەندە بەهێز بێت جێگە پێڵاوەکانی ئارمسترۆنگ کە یەکەم مێژووی سەردانی ئەم هەسارەیەی تۆمار کردووە، نەمێنێت».

ڕایمۆن لە خەونێکی سیحراویدا دەژیا، بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە هەسارەی مانگ بکاتە هەسارەیەکی زیندوو، تەواو بە زەوی بچێت. ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە خەونەکانی نزیکتر دەبێتەوە. بەردەوام لە ژوورەکەی خۆیدا بە چاویلکە سیحراوییەکەیەوە لە نەخشەکەی بەردەمی دەڕوانێ، ئەو نەخشە تۆقێنەرەی کە زۆرێک لە زاناکان باسی لێوە دەکەن، بە پەنجە باریکەکانی ئەو بەشەی پڕۆژەکانی تیا ئەنجام ئەدران و تەواو دەبوون بە ڕەنگێکی سەوز دیارییان دەکات. ئەو نەخشە ئەلەکترۆنییەی کە لەسەر مێزی ژوورەکەی دایناوە، بەشێکی زۆری سەوز کردووە، کاتێک دەستی بە پڕۆژەیەکی نوێی ناو پڕۆژەکە کردبا، ڕۆژانە لەگەڵ کریستینای هاوسەری بۆچەند جارێک بەسەری دەکاتەوە لە کاری ڕۆبۆتەکان دەڕوانێ.

له هیکڕا دەستە کورتەکانی بۆئاسمان بڵند دەکاتەوە:

«ئەو بزوێنەرانە بوەستێنن، با زیان بە گومەزەکە نەگات، بیان وەستێنن». لەگەڵ هێوربوونەوەی گەردەلوولەکە دەستە کورتەکانی دەهێنێتە خوارەوە، گومەزەکە بە تەواوی کپوکاس بووە. کەس لە نێو شەقام و کۆڵانەکاندا نەماوە، بێدەنگی هەموو کووچەو کۆڵان و شەقامەکانی تەنیوە، وەک ئەوەی هیچ بوونەوەرێک لەم گومەزەدا نەژیابێت، بێدەنگی و ترس، هەموو گەشتیارەکانی سەرسام کردووە و لە چاوەڕوانیی ئەوەدان دەنگێک گومانی ئەو ترسەیان بڕەوێنێتەوە.

هەموو ئەوانەی ناو ئەپارتمانەکان لەترسا خۆیان مەڵاس کردووە، ئەوانەی لە کونجی یانەکان و کڵێسە و کوچە و کۆڵانی گومەزەکەدان بە ترسەوە دێنە دەرەوە. باوەڕدارەکان کتێبی ئینجیلەکانیان بە دەستەوەیە و سوپاسگوزاریی خوا دەکەن. تەنیا ڕۆبۆتەکان نەبێت وەک پیشەی بەردەوامی ڕۆژانەیان، بەناو کووچەو کۆڵانەکاندا، مێش میوانیان نییەو سەرقاڵی کاری خۆیانن. گەشتیارەکان لە هەموو کووچەو شوێنێکی گومەزەکەوە دێنە دەرەوە. لە هەر چوارڕیانی سەرەکی ناوەندی گومەزەکەوە بەرەو سەکۆی گومەزەکە دێن، وەک ئەوەی خۆپیشاندانێکی هێمنانە بکەن، بێئەوەی کەسیان نتوق لە دەمیان بێتە دەرەوە. بەردەوام دێن وەک ئەوەی ڕایمۆن تەلیسمی لێ کردبێتن و بۆ لای خۆی کێشیان بکا، بێئەوەی بە ویستی خۆیان بێت. هەموویان بەرەو مۆنیمێنتەکەی ئارمسترۆنگ خڕ دەبنەوە، چاوەکانیان لە ڕایمۆن بڕیوە، کە بە وێنەی پەیکەری ئازادی نیۆرک  لە ناوەڕاستی سەکۆکەدا وەستاوە.

بیر لە بۆچوونەکانی ڕایمۆن دەکەمەوە. بەدیمەنی گەشتیارەکان خۆشحاڵە، هەست بە گەورەیی و مەزنی خۆی دەکات. لە سیمای پڕ ترسی گەشتیارەکان دەڕوانێت و دەخەنێت دیارە چێژ لەو دیمەنانە دەبینێت. ئەو بە ڕەفتارە نامۆکانی دەیەوێت کەشێکی وا لە گومەزەکەدا بخولقێنێ تا گەشتیارەکان هەست بە زیندوویی هەسارەکە بکەن. بەو باران و گەردەلوولە ناکاوانە، دەیەوێت کەشێکی زیندوو بە هەسارەی مانگ ببەخشێت.  گوێبیستی مقۆ مقۆی گەشتیارێکی زۆر دەبم لە دەورمان مۆڵیان خواردووە و دەپەیڤن:

«ئەوە چییە؟!..».

یە کێکیتر لە پشتەوە: «ئەوە چۆن ئەو گێژەڵووکەیە وەستا؟! ئەو پیاوە وەستاندی؟!»

ڕایمۆن سەرنجەکانی لەسەر کەسێک کۆ دەکاتەوە کە لەناو عەشاماتەکەی بەردەمییەوە بەرەو ڕووی دێت. ئەو گەشتیارانەی لە پێشەوە لێی دەڕوانن بەدووی سەرنجەکانی ڕایمۆن دەکەون لەناو ئاپۆرەی گەشتیارانەوە کە لە لەبەردەم ڕایمۆن وەک سەرباز وەستاون. ئارۆن وەک قارەمانێک لە جەنگدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت دێتە پێشەوە. لەوەتەی ئارۆن دەناسم بەو شێوەیە نەمبینیوە و متمانە بە چاوەکانی خۆم ناکەم. وا هەست دەکەم هەموو ئەوانەی ڕوویان داوە خەون بوون. پێکەنینی خۆشبەختی بە لێوەکانیەوە دیارە. چاوەکانی لە سەوزیدا دەبرسکێنەوە. سنگی بۆ پێشەوە دەرپەڕاندووە و لەبەردەم ڕایمۆن بە شەرمەوە دەوەستێت، بە دوایدا  دوو زانای ئەندازیارە میکانیکیەکان  دێن و ئەوانیش لە دوای ئارۆنەوە وەک

دوو ڕۆبۆتی بێهەست دەوەستن، بێئەوەی نووزە لە دەمیانەوە بێت. ئارۆن لە بەردەم ڕایمۆندا بە دەنگێکی خۆشبەختیەوە دەپەیڤێت:

«گەورەم هێشتا 35000 بارِی مابوو بۆ توانای تەواوی بادەرکێشەکان، بەڵام بە فەرمانی بەڕێزتان وەستاندمان، ئەو گێژەڵووکەیاتان پێ چۆن بوو؟».

ڕایمۆن بە هەمان ئەو هەستەی لە کاتی سەرکەوتنەکانی پرۆژەکانیدا دەینواند دەپەیڤێت:

«دەستەکانت خۆش ئارۆن، ئەم کارەتم لا پەسەندە، ئەوەی مەبەستم بوو، تۆ کردت، دەستخۆشیتان لێدەکەم».

ئارۆن بە قسەکانی ڕایمۆن، گەشکەیەکی خۆش هەموو جەستەی ئەتەنێ، پێکەنینی لێوەکانی، پێستی ڕوومەتەکانی زیاتر چرچ دەکرد. خۆشبەختی سەرکەوتنی ئەو کارە ئۆقرەی لەبەر بڕیوە. بەدەوری ڕایمۆن-دا دێت و دەچێت تاوناتاوێک چەند پەیڤێک بە گوێکانی ڕایمۆندا ئەدا:

«گەورەم دەتوانم هەموو ئەو کارانەی تر تەواو بکەم، تۆ خەمت نەبێت، دڵنیا بە بە سەرکەوتوویی تەواویان دەکەم، تۆ خەمت نەبێت گەورەم، تۆ ئارۆنت لە پشتە، ئەو کارانەی ئەندازیارە نەزانەکان نەیانتوانیوە بیکەن، من بۆتی ئەکەم، خەمت نەبێ گەورەم».

ڕایمۆن وەک ئەوەی لەگەڵ منداڵێک بپەیڤێت:

«ئەزانم، تۆ کەسێکی زۆر ژیریت، ئەتوانیت هەموو ئەو کارانە بکەیت، بەردەوام بە، باشە؟».

ئارۆنیش سەرە بچکۆلانەکەی بۆ ئەلەقێنێ و بە هێمنی دەکشێتەوە شوێنی خۆی. ئارۆن بیرم داگیر دەکات و پرسیارگەلێک لە مێشکمدا دەوروژێنێت. ئایا هەموو مرۆڤەکان بەو شێوەیە بیر لە بەرژەوەندییەکانیان دەکەنەوە؟! کاتێک مرۆڤ مەزنێتیی خۆی بە کەسانی تر دەبەخشێت لە دڵسۆزێتی بۆ مرۆڤایەتییە یان تەنیا درێژەدانە بەو ژیانە قەتیسماوەی توانای گۆڕینی نییە. ئایا مرۆڤەکان لە هەموو هەست و حەز و بیرکردنەوەکانیان یەکسانن؟! گەر وا نییە بۆچی بە ویستی خۆی دەبێتە کۆیلەی کەسانی تر؟! ئایا بەرژەوەندیی ژیان دەتوانێت وا لە مرۆڤەکان بکا بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن؟! ئەو ئارۆنەی هەرگیز بۆ ساتێکیش ددانێکی خێری بە ڕایمۆن-دا نەدەنا، بەردەوام سەرزەنشتی دەکردو بە شەیتان ناوزەندی کردبوو. لە هەموو کووچە و کۆڵان و ناو ئەپارتمانەکان، لای هەموو زاناکان و لیژنەکانی سەرەکی پڕۆژەی مانگ، باسی خراپییەکانی ئەوی دەکرد، تەنانەت لەلای گەشتیارە بیانییەکان و منداڵەکانیش ڕایمۆنی بە شەیتانێکی دڕندەو دڵڕەق دەناساند. ئێستا وەک کۆیلەیەکی دڵسۆزو بەوەفا لە بەردەم ڕایمۆندا چۆکی داداوە.

ئایا ئەوە دیوە ڕاستەکەی ئارۆنە؟ یان لە دیوەکەی تری کەسێتییەکەی نائومێد بووە کە چەندین جار لە ڕێگەی نامەوە کە بۆ سەرۆکایەتی پڕۆژەی مانگ دەینووسی و دەیدا بە دەست گەشتیارە ئەمەریکییەکان بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەیاندا بیگەیەنە دەستیان. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیاندا ڕۆبۆتەکان

بێئەوەی خۆیان ماندوو بکەن بە پشکنینیانەوە، لەو جێگەیەی کە حەشاریان دابوو، دەریان دەهێنا. تاکو جارێکیان ڕایمۆن ئارۆنی بۆ ژوورەکەی خۆی بانگ دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی کە ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە دووبارە بکاتەوە، ئەوا لە ڕێگەی لیژنەی باڵای مانگەوە، سزای زیندانی بە سەردا ئەسەپێنێت. وەک خۆی بۆی باس کردبووم ڕایمۆن پێی وتبوو:

«لەبەر خاتری درۆسیا ی خێزانت نەبێت ئێستا ڕەوانەی ئەو بەندیخانەیەم دەکردیت کە تا کۆتایی تەمەنت ڕوناکی نەبینیتەوە».

ئارۆن تەواو سەرسام بوو لە کارەکانی ڕایمۆن، هەر بۆیە بە شەیتان ناوی دەبرد، بەردەوام لە هەموو باسێکدا ناوی ڕایمۆنی دەهێنایە ناو باسەکانەوە:

«ڕایمۆن مرۆڤ نییە.. ئەگەر مرۆڤ بێت، ناتوانێت بەو شێوەیە هەست بە هەموو کارێکم بکا، ئەو چۆن زانیویەتی کە نامەکانم داوە بە گەشتیارەکان؟!».

جارێک باسی چۆنییەتی ئەو کارەی بۆ کردم کە نامەیەکی نووسیبوو، لەناو نامەکەدا زۆر شتی لە بارەی ڕایمۆن و کریستینا وە باس کردبوو، کە چۆن تاقیکردنەوەی شەپۆلەکانی مێشکیان لە سەر درۆسیا ی خێزانی کردووە بێئەوەی ئەم ئاگادار بێت و ڕەزامەندی درۆسیای لەسەر بێت، لە بەشێکی تری نامەکەدا باسی ئەنجیلای بۆ نمونە کردبوو کە چۆن کچە سۆزانییەکان لەناو یانەکاندا بێ سەروشوێن دەکرێن بێئەوەی کەسێک هەواڵیان بزانێت. کاتێک ئەو نامەیە، ڕۆبۆتەکان لە گیرفانی

یەکێک لە گەشتیارێکی ژنێکی ئەمەریکی ئەدۆزنەوە، ئەو ژنە یەکێک دەبێت لە ڕێکخراوی داکۆکیکەرانی ئەو ژنانەی بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ، لە ڕۆبۆتەکان تورە دەبێت و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکات کە لە کاتی گەڕانەوەیدا، ئەو ڕێکخراوەیان لێ ئاگادار ئەکاتەوە، تاکو چارەنووسی ئەنجێلا ئاشکرا بکەن، بەڵام ڕایمۆن ئەو ژنەی بانگهێشی ژووره تایبەتییەکەی خۆی دەکات و بە فەرمی ڕێگەی پێ ئەدا کە چۆن پێی خۆشە دەتوانێت بە ویستی خۆی سەردانی هەموو بەشەکانی ناو گومەزەکە بکات، تەنانەت ئەو شوێنانەشی کە قەدەغە بوون جگە لە ئەندامانی لیژنەی سەرەکی مانگ هیچ کەسێک بۆی نەبوو لێیان نزیک بێتەوە. دواتر باسی ئارۆنی بۆ دەکات. دەیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە ئارۆن کەسێکی تەندروست نییە و تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە. هەر بۆیە ژنەکەش باوەڕ بە قسەکانی ڕایمۆن دەکات و واز لە داواکەی دەهێنێت. ڕایمۆن بەم کارەی ئارۆن تەواو شێتگیر دەبێت و هەموو ئەوانەی کردوویەتی بۆی باس دەکات. بۆ دواجار ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی واز لە و کارە شکستخواردوانەی بهێنێت، ئەگەرنا دوا بڕیاری خۆی ئەدات، ئیتر ئارۆن لە دوای ئەوەی بێهودە دەبێت لە ناردنی نامەکانی بۆ زەوی، سەرزەنشتەکانی دەکاتە چەکێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕایمۆن.

ئەو ئارۆنەی شەڕێکی توندی لەگەڵ ئەو شەیتانەدا هەبوو، ئێستا بووەتە هاوبەش و هاوکاری. وەک کۆیلەیەکی بێدەسەڵات لە بەردەم فەرمانەکانیدا چۆک دائەدا، بەردەوام لە هەموو

شوێنێکی گومەزەکەدا بە دوایەوە و لە فەرمانەکانی دەرناچێت. لە ژووره تایبەتییەکەی خۆیدا کە دیوارەکانی بە چەندین تابلۆی وێنەی کچە سۆزانیەکان داپۆشراوە، پێکەوە وەک دوو هاورێی خۆشەویست و لێک دانەبڕاو دائەنیشن و باسی کار و چۆنیەتی پرۆژەکانیان ئەکەن. زۆر لەو شەوانەی ڕایمۆن سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی پرۆژەکانی نەبێت، پەیوەندی بە ئارۆنەوە دەکات و لە یانە تایبەتییەکەی خۆیدا کە ئەو کچە سۆزانیە نازدار و شوخ و شەنگانەی تیایە، کۆ دەبوونەوەو درۆسیا و کریستینا لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و تا شەوانێکی درەنگ پێکەوە دەخۆنەوە و سەما دەکەن.

بەڵام درۆسیا وەک ڕۆبۆتێک لە نێوانیاندا دەبزوێت، جارناجارێک دەستە باریکەکەی ئارۆن دەگرێ و بۆ ناو عەشاماتی سەماکەران پەلکێشی دەکات. ئەو ماوەیە درۆسیا زۆر کەیف خۆشبوو، بەو دیمەنانەی لە ناو یانەکاندا کە کچە سۆزانییەکان دەیان نواندو بە دەوری ڕایمۆن و ئارۆندا دەهاتن و دەچوون، ئەو گۆرانییە دەڵێنەوە کە مۆسیقا ژەنەکان بە ویستی گەشتیارە زەنگینەکان دەیان چڕی.

ئارۆن تەواو لە هەموو شتێکدا گۆڕاوە. بە تەواوی لەبیری کردووم، زۆر جاران بۆ مەبەستی پێداویستی تاقیکرنەوەکانم سەردانی شەپۆلی دوو دەکەم، ئارۆن بە شپرزەیی دەبینم، بەناو ڕاڕەو و بەشەکانی ناو شەپۆلەکەدا وەک تویسکە دێت و دەچێت خۆی بە ژوورێکدا دەکا و چەند پارچە کاغەزێکی بە دەستەوە دەگرێ و بەدەم ئەو ڕۆیشتنە خێرایەوە لێی دەڕوانێ

بێئەوەی سەرنجی بەردەمی خۆی بدا، بۆ خۆشم سەرسامم بەوەی چۆن دەتوانێت خۆی بەو بەشانەدا بکا کە مەبەستیەتی. بەڵام ئەو بەشەکانی لە مێشکیدا وەها ئەزبەر کردووە، بێئەوەی سەیری بەر پێی خۆی بکا ڕێ دەکا، سەرقاڵیی ئارۆن تەواو بێ-ئەندازەیە، بەردەوام لەگەڵ زانای بەشە جیاجیاکاندا کۆ دەبێتەوە و باسی کار و پڕۆژەکان دەکات، بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە بۆ ساتێکیش ئارۆن نابینم پشوو بدا، یان هەست بە ماندووبوونێکی زۆر بکا.

ئەو پیاوە وزەیەکی لە ڕادەبەدەر لە جەستە و مێشکیدا هەیە، لە کارکردنیدا بە هیچ شێوەیەک هیچ لەو ئامێرە ئەلەکترونیانەی بەکار نەدەهێنا کە هەموو زاناکان بەردەوام لە بن هەنگڵیاندا پاراستبویان. سەرسامم بەوەی ئەم ئارۆنە چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو مێشکە بچکۆلانەیەوە هەموو ئەو زانیاری و ژمارە و یاسا ئاڵۆز و جیاوازانە ئەزبەر بکات و لە کاتی خۆیدا وەک کۆمپیوتەرێکی بەتوانا بیان هێنێتەوە یادی. زانایی و بلیمەتیی ئارۆن بێ-هاوتایە، بەڵام ئەفسوس ئەو پیاوە گەورەیەی ئامۆژگاری دەکردم نەبمە پیاوێکی بچکۆلانە و بێدەسەڵات، لە بەردەم ڕایمۆنی گرگندا، ئێستا خۆی زۆر بە بچووکی نمایش دەکات، بێئەوەی بە هێندەی گەردیلەیەک لە بڕیارەکانی ئەو پیاوە گرگنە لابدات.

دەمەوێت لە دیوە ڕاستیەکەی ئارۆن دڵنیا بم، بیر لە گێلیی خۆم دەکەمەوە ئەوەی نیگەرانی کردووم ئەوەیە کە چۆن بە ئاسانی دڵە ساویلکەکەم ڕادەستی ئەو پیاوە دوو ڕووە کرد،

چۆن هەموو شتێکم بۆ درکاند، ئێستا دوور نییە لە ژوورەکەی ڕایمۆن کە لێوانلێوە لە پلانی ترسناک و داهێنەر، باسی گێلێتی منی بۆ بگێڕێتەوە و هەموو ئەوانە بدرکێنێ کە لە تاقیکردنەوەکانما بەدەستم هێناوە. دەبێت ڕایمۆن چۆن ڕەفتار بکا کاتێک هەست بەوە دەکا دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکانم شاردووەتەوە.

***

لەو ڕۆژەوە ئارۆن پەیوەندیم پێوە ناکات، چەند جارێک لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانەوە داوای ئەوەم لێ کردبوو تەنیا بۆ ساتێکیش بێت، دەمەوێت ببینم، بەو شێوەیە داواکەمی ڕەت دەکردەوە کە کارێکی زۆر هەیە و ئێستا پرۆژەی گەورەی لەبەر دەمدایە و پێویستە کاریان بۆ بکات، ڕۆژێک بە تایبەت چوومە لای بۆ ئەوەی داوای لێ بکەم هیچ شتێک دەربارەی تاقیکردنەوەکان لای ڕایمۆن نەدرکێنێ، هەرچەندە لەوە دڵنیای کردمەوە باسی نەکات بەڵام ئەو گومانەی کە لە ناخمدا بەرامبەر ڕەفتارەکانی بۆم دروست ببوو، نەیتوانی بیرەوێنێتەوە. ئێستا ئەو بەو ئومێدەوە دەژی کە ڕایمۆن لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تەواوی ئازادی دەکات و ڕێگەی پێ ئەدات بگەڕێتەوە بۆ زەوی.

ماوەیەک بە کێشەکانی ئارۆنەوە زۆر سەرقاڵ بووم، بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ڕایمۆن ڕێگە بە گەڕانەوەی ئەدا؟! ئەگەر وا بێت، دەبێت چۆن بیر لە ڕایمۆن بکەمەوە. چاوەڕێ دەکەم تا ڕووداوەکان خۆیان ئەو هەستەم لا دروست دەکەن.



# 11

ڕۆژی 4-3-2048

تێڕوانینم بۆ هەموو شتەکان گـۆڕراوە. وا هەست دەکەم مرۆڤێکی ترم، جیاوازتر لە جاران بیر دەکەمەوە. ئێستا زیاتر هەست بە جوانی و بۆنخۆشیی گوڵەکانی کلارک دەکەم و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە لە هەموو شتەکانی ناو گومەزەکە دەڕوانم. لە ئەپارتمانەکان و دۆکان و بازاڕەکان لە باخچە پڕ لە گوڵو دارە بەردارەکان و لە شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکە و دیمەنی هاتوچۆی گەشتیارەکان و ئاهەنگەکانی شەوانەی یانەکان، تەنانەت لەو ڕۆبۆتانەی ئەوەی پێی دەڵێن هەست لە مێشکە ئاڵۆزە پڕ ماتریالەکانیاندا نییە. هەستێکی جیاوازم بۆیان هەیە، هەستێک لێوان لێو لە خۆشەویستی و مانای ژیان. هەموویان وەک یادگارییەکی شیرین لە ناخمدا چەسپ بوون.

ئێستا هەست بە بوونی خۆم دەکەم و تێڕوانینم بۆ ترس و دڵەڕاوکێ و هەستی شەرمنانەم بۆ مرۆڤەکان تەواو گۆڕراوە. جیاواز لە جاران و بێشەرمانە ڕەفتار دەکەم لەگەڵ ئەلینا دائەنیشم و باسی ئەو شەوانە دەکەین کە پڕچێژترین ماچمان تیادا تۆمارکردووە و پلانی ئەهریمەنانە بۆ شەوانی داهاتوو دائەڕێژین. ئەو وەک وانەبێژێکی بەئەزموون ڕەفتاردەکات، منیش خوێندکارێکی گوێڕایەڵیم و هەموو بیر و هەستم لەسەر پەیڤەکانی چڕ دەکەمەوە و ڕۆ دەچمە ناو ڕۆحییەوە و لە ناخیدا تەلیسمێکی بەهێز دەبینم کە لە ڕێگەیەوە توانی هەرەس بەو دیوارە ئەستورەی ناخم بهێنێ کە لە منداڵییەوە بوونی هەیە.

ئێستا هەستێکی جیاوازم بۆ کارەکەم هەیە، ئاسۆی بیرم فراوانتر بووە و بە ئارامی بیر لە تاقیکردنەوەکان دەکەمەوە و نوێگەری لە شێوازی تێکەڵکردنی پێکهاتەکاندا دەکەم و بە خۆشەویستیەوە بیریان لێ دەکەمەوە و لەگەڵیاندا دەپەیڤم و دوای نهێنیەکانیان دەکەوم هەست بە جاڕسبوون ناکەم. هێزێکی نادیار لە ناخمدایە کە ئەلینا پێی ناساندم، ئەویش وشەی (خۆشەویستی) یە، ئەو وشەیەی هەموو کونو کەلەبەرێکی ناخمی داگیر کردووە و لە ڕەفتارەکانمدا خۆی ئەنوێنێ.

وێنای قاوەخانەکە دەکەم و ئەلینا بەرامبەرم دانیشتووە، پێکەوە لەو عەشاماتەی گەشتیارەکان دەڕوانین کە شەقامەکانیشیان پڕکردووەتەوە. بە هۆی دەنگۆی جوانی و سەیر و سەمەرەکانی هەسارەی مانگ، لە ڕووی پێشکەوتنە ناوازەکانی تەکنۆلۆجیا و بایۆلۆجیەوە، گەشتیارێکی زۆر لە هەسارەی زەویەوە تامەزرۆی سەردانی ئەم هەسارەیە دەکەن. ئەوانەی توانای گەشتکردنیان

نەبوو، بە هۆی ئەو برە پارەیەی کەپێویست بوو بۆ هەر کەسێک بڕی پێنج هەزار دۆلاری ئەمەریکی بدا بۆ ماوەی تەنیا هەفتەیەک، ناچار بوون  لە ڕێگەی تەلەسکۆبەکانیانەوە کە زۆر لە هاوڵاتیانی هەسارەی زەوی کڕیبوویان بۆ سەیرکردنی ئەو پڕۆژە ناوازەیە، بەکاریان دەهێنا.

پڕۆژەکە لە جەمسەری باشوری هەسارەی مانگ دروست کراوە و بەردەوام لە زەویەوە دیارە، بە تایبەت شەوانە لەسەر باڵکۆن و سەربانی ئەپارتمانەکانیان بە تاسەوە لە دیمەنی ئەو پڕۆژەیە دەڕوانن کە لەسەر مانگ  بە تنۆکی ئاو دەچێت، کە چۆن دەکەوێتە ناو ئاوێکی مەنگەوە و چەندین شەپۆلی بازنە بە دوای خۆیدا دروست دەکات. ئەو شەوانەشی کە دیمەنی مانگ دەکەوتە تاریکییەوە، ڕۆشنایی گومەزەکە وەک پارچە ئەڵماسێکی گەورە لەئاسماندا  دەبریسکایەوە.

ئەو ماوەیە زیاتر لە هەموو ڕۆژانی تر گەشتیارێکی زۆر بە هۆی پشووی خوێندنەوە سەردانی        گومەزەکە دەکەن، ئێواران لە دوای تەواو بوونی کارەکانم لە تاقیگەکاندا  لەگەڵ ئەلینا، لەسەر ئەو کورسیانە دائەنیشین، کە ڕۆبۆتەکان لە بەردەم قاوەخانەکەدا بەڕیزێکی ڕێک، بەرامبەر سەکۆی گومەزەکە دایانناوە،  گەشتیارەکان لە دوای گەڕانێکی تاقەت پڕوکێن بە ناو هەموو کووچەو کۆڵان و شەقام و بازاڕەکاندا دێنە قاوەخانەکە و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکی بە کەف، پشوویەکی کەم ئەدەن و جارێکی تر دەکەوتنەوە گەڕان بە ناو دوکان و بازاڕو مارکێتەکاندا بۆ بینینی داهێنانە ناوازەکانی کە لەسەر مانگ دروست دەکرێن.

ئەو دوو شەقامە سەرەکییەی دەهاتەوە سەر سەکۆی گومەزەکە، تەواو بە وێنەی شەقامە سەرەکیەکانی شاری نیویۆرک دەچێت لە دوورەوە گەشتیارێکی زۆر بەدەم پیاسەیەکی هیمنانەوە بە درێژای ئەو دوو شەقامە دێن و دەچن و بە دەوری سەکۆکەدا خولێک دەخۆن و پاشان بەرەو شە قامەکانی تر بەڕێ دەکەونەوە. دەوروبەری سەکۆکە لە گەشتیاران جمەی دێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی کۆنترۆڵی بینینی جووڵە و دیمەنی چوارڕیانی گومەزەکە بکەن.  بەدەم خواردنەوە ئەلکهولیەکانەوە بە دەوری سەکۆکەدا گرمۆڵەیان کردووە.

ئەم قاوەخانەیە بۆ هەردوکمان خۆشترین جێگەی ژوانە، ئەلینا هەموو ڕۆژێک بە جلوبەرگێکی نوێوە دێت  کە ڕۆبۆتەکان لە کۆگاکاندا بۆی هەڵدەبژێرن. پێش ئەوەی بێینە قاوەخانەکە، بەهۆی قەرەباڵغی زۆری گەشتیارەکانەوە شەکەت بووین، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت پاشان دەپەیڤێت:

«خۆشیی ئەم گومەزە لە گەڕانیدایە.. وا نییە ئاریا؟».

بە زەردەیەکی خۆشحاڵیەوە وەڵامی ئەدەمەوە:

«بە دڵنیاییەوە ئەزیزەکەم».

ئەو ماوەیە ئەلینا زۆر پەیوەندی پێوە دەکردم، زۆربەی کاتەکانمان لەسەر کورسیەکانی ئەو قاوەخانەیە بەسەر ئەبەین. وێنای ئەوە دەکەم کاتێک ئەلینام لە زانکۆ ناسی، کەسایەتیەکی زۆر جیاوازی هەبوو، زۆر بە ئاستەم تێکەڵاویی کوڕ و کچەکانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی زۆر کەمدوو بوو. ئەگەر پرسیارێکت لێ کردبا بە کەمترین وشە خۆی لە وەڵامەکەی قوتار دەکرد. لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیشدا بە هەمان شێوە ڕەفتاری ئەکرد.

لەوەتەی هاتووەتە سەر مانگ ، جیاواز لە جاران، ئارەزووی ئەوە دەکات زێدەتر لەسەر بابەتەکان بپەیڤێت، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لەسەر خۆشەویستی و عەشقن.

زۆر جار لە وتەکانیدا نموونەی هـاوڕێ کچەکانی زانکۆ دەهێنێتەوە. کە چۆن نەیانتوانیوە لە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان بــەردەوام بن، ئـەو بـەو شێوەیە دەپەیڤێت، وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو و هەڵبژاردەیەکی دەگمەن باسم دەکات:

«ئەگەر زووتر بمناسیبای خۆم دەهاتمە بەردەمت و داوای خۆشەویستیم لێ دەکردیت».

ئـەم وشانە هەستم دەبزوێنێ و بیر لە مرۆڤبوونی خۆم دەکەمەوە بە ناخمدا ڕۆ دەچم و هەستەکانم بەرامبەری دەچوێنم دەمەوێت ئەوەی پێ بڵێم:

«خۆشم دەوێیت زیاتر لەوەی هەستی پێ دەکەم.. تۆ بوویتە فریادڕەسی خەونەکانم و دەرگا داخراوەکانی دڵمت واڵا کرد و وات لێ کردم هەست بە بوونی بەهێزی خۆم بکەم و تواناکانم زیاتر بەگەڕ بخەم. ئێستا هەست بە عەشقێکی مەزن لە ناخمدا دەکەم بۆ تۆ.. بۆ دۆزینەوەکانم.. بۆ ژیان.. بۆ هەموو شتێکی ئەم گەردوونە..».

هەر وا دەکەم و ئەوەی پێ دەڵێم، ئەویش بە نیگایەکی شەرم ئامێزەوە لێم دەڕوانێت.

ئەم ئێوارەیە جیاواز لە هەموو ئێوارەکانی تر، هەموو شەقام و کۆڵان و ئەپارتمانەکان لە گەشتیاران جمەی دێت، بە تایبەت هەر چوار شەقامە سەرەکییەکە، وەک ئەوەی خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بە لێشاو بە ناوڕاستی شەقامەکانیشدا دێن و دەچن، زۆرجار

ئۆتۆمۆبیلە ڕۆبۆتەکان بە هۆی ئاپوورەی گەشتیارەکانەوە لە نێوە شەقامەکاندا وەک بنیادەمێک لە ڕێگەی ئامێری ئاگادار کردنەوەوە، هاوار دەکەن و داوا لە گەشتیارەکان دەکەن:

«تکایە گەشتیارە بەڕێزەکان، شەقامەکان چۆڵ کەن، تکایە بەسەر شۆستەکانا بڕۆن».

قەرەباڵخی و زۆریی گەشتیارەکان بە هێندەیەکە، بڕی ئۆکسجینی ناو گومەزەکەی تەواو کەم کردووەتەوە هەست بە قورسی هەناسەدانم دەکەم، بۆنو بەرامەی گوڵ و دارە بەردارەکان تێکەڵ بە بۆنی ئارەقە و جەستەی گەشتیارەکان بووە. لەگەڵ هەناسەکانمدا هەستی پێدەکەم، زۆر بە ئەستەم مرۆڤ دەتوانێت بەنێو گەشتیارەکاندا بە ئاسانی تێپەڕێت، گەشتیارە بەساڵاچووەکان، بەهۆی پیسبوونی لەڕادەبەدەری هەوای ناو گومەزەکەوە، تووشی قورسە هەناسەدان بوون. هەندێکیان بە هۆی قەرەباڵخی ناو شەقام و کۆڵانەکان لەهۆش خۆیان دەچن. ئۆتۆمبێلی فریاگوزاریەکانی ناو گومەزەکە، بەردەوام جڕتو فرتیانە لە ڕێگەی بڵندگۆکانیانەوە هاواردەکەن:

«تکایە.. ئوتۆمبێلی فریاگوزاریە.. ڕێگاکان چۆڵکەن..».

بە دەم هاوارکردنیانەوە لە ڕێگەی ئەو دەنگە مۆسیقایەی تەواو بە لورەی گورگ دەچێت، گەشتیارەکان ناچار دەکەن لە شەقامەکان دوور بکەونەوە و ڕێگاکانیان بۆ چۆڵ بکەن. لەهیکڕا دەنگێکی تۆقێنەر لە ئاسمانی گومەزەکەوە سەرنجی زۆری گەشتیارەکانی بۆ ئاسمان ڕاکێشا، لەبەر غەڵبە غەڵبو هاتو هاواری ئەو عەشاماتە زۆرەی گەشتیارەکان، زۆربەیان هەستیان بەو دەنگە ترسناکەی ناو گومەزەکە نەکرد. ئەو گەشتیارانەی

لە دەوری مۆنیمێنتەکەی ئارمسترۆنگ خۆیان لەبەردەم گەرمی خۆرە دەستکردەکەی ئاسمانی گومەزەکەدا هەڵخستبوو، سەریان بۆ ئاسمان بڵند دەکەن وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێن، هەندێکیان پەنجەکانیان بۆ ئاسمان بڵند کردووەتەوە، دیارە شتێکی نامۆیان بەدی کردووە.

ئەو دیمەنە گومانێکی لای من و ئەلیناش دروست کرد، ناچاری کردین ئێمەش نزیکی سەکۆکە بینەوەو لە ئاسمانە بەرزەکەی گومەزەکەدا بە دوای ئەو شتە نامۆیەدا بگەڕێین. تێبینی شتێکی نامۆدەکەم، ئاسمانی گومەزەکە هێدی هێدی تاریک دەبێت، تەمێکی ڕەشی تاریک لە کەنارەکانی ئاسمانی گومەزەکەدا بە خێرایی بەرەو ناوەڕاستی گومەزەکەدا بەرز دەبێتەوە ، تەمەکە تا دێت خێراتر و چڕتر دەبێت، هێندە خێرایە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواوی ئاسمانی گومەزەکە تاریک دەکات. گەشتیارەکان بە هۆی ئەو دیمەنە نامۆیەوە زۆربەیان لە ترسدا بە خێرایی خۆیان بەناو یانە و دوکان و بازاڕەکاندا دەکەن. ئەو گەشتیارانەی چەند ڕۆژێک بوو هاتبوونە سەر مانگ، بەو دیمەنە تۆقێنەرە، سەراسیمە بوون، لە گەشتیارە کانی دەوروبەر یان دەڕوانن و پرسیار دەکەن:

«ئەوە چییە؟! چی قەوماوە؟! ئەوە ئاسمانەکە بۆچی تاریک بوو؟! ئایا ئێوە ئەزانن چی ڕووئەدات؟!».

گەشتیارەکانیش بێئەوەی هیچ شتێک لە بارەی ئەو تەمە تاریکەوە بزانن، یەکێکیان دەڵێت:

«نازانم لەوە ئەچێت تاقیکردنەوە بێت».

یەکێکی تر ئەڵێت:

«ئێرە شوێنێکی زانستییە، لەوانەیە تاقیکردنەوە بێت».

یەکێکی تر: «نا لەوانەیە کارەبا بڕابێت».

دیمەنی ئەو هەورە ڕەشە گەشتیارەکانی سەرقاڵ کردووە، ئەوەندەی پێ ناچێت کزەبایەکی سارد لە دەوروبەری گومەزەکەدا هەڵ دەکات و هێدی هێدی بەهێزتر دەبێت. لەناو شە قام و کووچەو کۆڵانەکانەوە بەرەو ناوەڕاستی گومەزەکە دێت، لەگەڵ چڕبوونەوەی پەڵە هەورەکانی ئاسمانی گومەزەکە. نمە بارانێکی سارد ناوەڕاستی گومەزەکە ئەتەنێتەوە خێراتر و بەخوڕتر دەبێت. گەشتیارەکان بەهۆی ئەو پۆشاکە تەنک و ڕووتانەی لەبەریاندایە، خۆیان لە بەردەم ئەو بارانە بەلێزمەیە پێ ناگیرێ کە بەدەم ئەو بایە ساردەوە هەڵی کردووە.

لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو ئەو گەشتیارانە شەقام و کۆڵان و جادەکان چۆڵ دەکەن، بە ڕاکردن خۆیان بەژێر کەپری ئەو دوکان و بازاڕانەدا ئەکەن کە بۆ جوانکاری و سێبەر دروست کراون، دوکان و بازاڕ و قاوەخانەکان، لەبەر عەشاماتی ئەو گەشتیارانەی خۆیان خزاندووە ژێر کەپرەکانیانەوە جمەی دێت. ئەو کامێرایانەی گەشتیارەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان بۆگرتنی وێنە دەگمەنەکانی ناو گومەزەکە، ئەوەندە تەڕبوون ئاویان لێ دەچۆڕێت، پێناچێت جارێکی تر کار بکەنەوە، ئەو گەشتیارانەی لە سەرەتای بارینی نمە بارانەکەدا لە ناوەڕاستی گومەزەکەدا وەستابوون، هێندە تەڕبوون، ئاو بە هەموو جەستەیاندا دەهاتە خوارەوە، بە تایبەت ئەو کچانەی لە ژێر کراس و عەزییەکانیانەوە ستیانیان نەبەستبوو، مەمکە قوتەکانیان لەژێر کراسە تەڕەکانیانەوە سەرنجی گەشتیارە گەنجەکانی بۆ لای خۆی کێش کردووە.

ئەو گەشتیارانەی لەناو ئەپارتمانەکاندا بۆ پشوودان مابوونەوە

لە پەنجەرەکانەوە لەو دیمەنە پێکەنین ئامێزانەی گەشتیارەکانی ناو شەقامەکان دەڕوانن کە چۆن بە ڕاکردن خۆیان بەناو قاوەخانە و مەیخانەکاندا دەکەن. پێکەنینیان بەو کچانە دێت کە بە هۆی پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیانەوە سەرسم ئەدەن و بە عەرددا دەکەون. بارانەکە تا دێت زیاتر و بەهێزتر دەباریّ، ئەو بایەی لە ناوەڕاستی ئاسمانی گومەزەکەدا گێژەڵووکەیەکی دروست کردووە، سەمای بە تنۆکەکانی بارانەکە دەکرد و بە هەموو لایەکی ناو گومەزەکەدا دەهێنا و دەبرد، زۆرجار لەگەڵ هاتنی ئەو بایە پێچخواردوەی ناوەڕاستی گومەزەکە، تاوێک باران وەک ئەوەی گەمە لەگەڵ گەشتیارەکاندا بکا، خۆی بە ژێر ئەو کەپرانەدا ئەکرد کە گەشتیارەکان لە ژێریدا خۆیان حەشار دابوو. ئاو بە جەستەماندا دێتە خوارەوە، بەهۆی دیمەنی گەشتیارەکانەوە لە خۆمان بێئاگابووین، دەستی ئەلینا دەگرم و بەرەو قاوەخانەکە دەچین و خۆمان دەخزێنینە نێو گەشتیارەکانەوە و لە دیمەنی جوانی بارانەکە دەڕوانین.

ئاو هەموو شوێنێکی گومەزەکەی تەڕ کردووە، بە دیواری ئەپارتمانەکاندا بە لێشاو دێتە خوارەوە بۆسەر شۆستەکان و لە شەقامەکاندا لافاوێکی دروست کردووە، هەموو ئەو پاشەڕۆی کاغەزی ئایسکریم و شیرینیانەی گەشتیارە مەستەکان فڕێیان داوەتە کەناری شۆستەکانەوە لافاوەکە لەگەڵ خۆیدا دەیانبات بۆ ناو ئەو کونە گەورانەی لە کەناری شۆستەکانەوە دروستکراوە.

ئێستا گومەزەکە تەواو خامۆشە، جگە لە دەنگی خوڕەی ئەو لافاوەی لە نێو شەقامەکانەوە و ڕۆدەچوونە کونی ئاوەڕۆکانەوە، هیچ دەنگێکی تر نابیستریّ، ترسێکی تەواو لە

ڕوخساری گەشتیارەکاندا دەبینم. ئەو گەشتیارانەی پێش کەمێک لە نێوان شەقام و کۆڵانەکەندا بـەدەم پیاسەکردنەوە قریوە و پێکەنینیان دەهـات، بەتەواوی خۆیان لە نێو کووچەو قوژبنی یانە و قاوەخانەکان خزاندووە. ئەلینا بە ترسێکی پڕ لە نازەوە خۆی خزاندووەتە نێو باوەشمەوە، پەنجە ناسکەکانی لە پشتم توند کردووە، ڕومەتە ئاڵو سوورهەڵگەڕاوەکانی نووساندووە بە سنگمەوە، مەمکە قوتەکانی بە شێوەیەک لە جەستەم توند کردووە جۆش‌و خرۆشێکی پڕ شەهوەت لە ناخمدا دەهەژێنێت. جارجارێک بە چاوە گەورە و شینەکانی لە دیمەنی ئەو گەشتیارانە دەڕوانێ کە بۆ دۆزینەوەی جێگەیەکی ئارامتر خۆیان بە نێو گەشتیارەکاندا دەکەن. تاوناتاوێک نیگایەکی پڕلە خۆشەویستی لە چاوەکانم ئەدا. لە چاوەکانیدا هەستێکی پڕ لە شەهوەتبازی دەبینم.

تاوە بارانەکە تا دێت زیاتر بەهێز دەبێت، ئەو بارانە ئامانی نییە، هەموو جێگەیەکی ناو گومەزەکەی لە ئاودا نغرۆ کردووە، ئاو بە هەموو شوێنێکی ناو گومەزەکەدا دێتە خوارەوە، ئەو بارانە هەموو ئەو دیوارانەی سپی کردووەتەوە کە لە سەرەتای دروستکردنییەوە پاکژ نەکراونەتەوە، گەڵای هەموو دارو گوڵەکانی وەها تەڕ کردووە کە ڕەنگە سەوزەکانیان وەک کوژەکەی سـەوز دەبریسکێنەوە. تەمێکی چڕ لەگەڵ تاوە بارانەکەدا ئاستی بینینی کەم کردووەتەوە، زۆر بە ئەستەم دیمەنی شەقام و ئەپارتمان و بازاڕ و دوکانەکانی بەرامبەر قاوەخانەکە دەبینم. زۆری گەشتیارەکان هەست بە سەرما دەکەن و دەچنە ناو قاوەخانەکەوە. داوا لە ئەلینا دەکەم ئێمەش بچینە ژوورەوە. ئەو، دیمەنی بارانەکەی بەلاوە جوانە و وای پێخۆشە هەر لە دەرەوە بمێنینەوە. منیش لەگەڵی هاوڕا دەبم.

ماوەیەکی زۆرە دیمەنی بارانم بەو شێوەیە نەبینیوە. دیمەنێکی دڵگیرە. ئەلینا زیاتر خۆیم پێوە چەسپ دەکات. بەشێوەیەک پێکەوە نووساوین هەست بە لێدانی دڵی دەکەم. پێم خۆشە بەو شێوەیە بمێنینەوە و زیاتر چێژ لەو کەشە ڕۆمانتیکیە ببینین، دڵنیام ئەویش ئەوە دەخوازێت.

دەنگی ئۆتۆمبیلی ڕۆبۆتەکان دەبیستم تێکەڵ بە خوڕەو لێزمەی بارانەکە دەبێت. ڕوناکی گڵۆپەکانی لەنێو تاوی بارانەکەدا بە ئاستەم دەبینرێ، لە شەقامەکەی بەرامبەر قاوەخانەکەوە بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بەرەو سەکۆکە دێت، بەهۆی تیژڕەویەکەیەوە هەموو ئاوی سەر شەقامەکە وەک شەپۆلێکی بەهێزی دەریا، دیوار و دەرگا و پەنجەرەی دوکان و بازاڕو ئەپارتمانەکان ئاوپرژێن دەکات، دەگاتە نزیکی قاوەخانەکە و چەند جارێک بە دەوری سەکۆی گومەزەکەدا دەسوڕێتەوە پاشان دەوەستێت و ڕووناکییەکانی پێشەوەی پێ دەکاو ماوەیەک بەو شێوەیە دەمێنێتەوە.

جووڵەی ئۆتۆمبێلەکە نامۆیە. ئەوە ڕەفتاری ڕۆبۆتەکان نییە، پێدەچێت کەسێک لە ناویدا بێت. ئەلینا سەری بە سنگمەوە ناوە، هەست دەکەم ڕۆ دەچێتە ناخمەوە، دەمەوێت لە سەرنشینەکەی ناوی دڵنیا بم، زیاتر لێی ورد دەبمەوە، لە ناویدا ئارۆن دەبینم، بە هەستێکی خۆ بە گەورە زانییەوە لە ئۆتۆمبێلەکە دائەبەزێت و لە کەناری سەکۆکە نزیکتر دەبێتەوە. بە چاوە بچکۆلەکانی کەمێک لە ئاسمانی گومەزەکە دەڕوانێ، پاشان دەستە ئێسک باریکەکانی دەخاتە بەردەم بارانەکە و لەو دڵۆپانەی بارانەکە دەڕوانێ کە دەکەوتنە نێوان لەپی دەستە بچوکەکانی. بە خەندەیەکەوە ملی

بۆ لای ڕاستە شەقامەکانی تر وەردەگێڕێ، وەک ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێت، چاوە بچوکەکانی لە بەردەم تاوە بارانەکەدا هێندەی تر بچوکتر بوونەتەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت ئارۆن تاو ئەداتە دەرگای ئوتومبێلەکەو خۆی دەخزێنێتەوە ناوی.

ئوتومبێلەکە بە خێرایی بەرەو شەقامەکەی تەنیشتی قاوەخانەکەوە تێپەڕ دەبێت، بە خێرایی تا ئەوپەڕی دەروازە سەرەکییەکەی لێواری گومەزەکە دەڕوات و پاشان بە شەقامی بازنەیی لێواری گومەزەکەدا دەزڤڕێ و دێتەوە سەر ئەو شەقامە سەرەکییانەی کە دێنەوە سەر سەکۆی گومەزەکە. ئارۆن بەردەوام بەناو هەموو شەقامو کۆڵانەکانی ناو گومەزەکەدا دەسوڕێتەوە و لە هەندێک شوێن بە خێرایی دائەبەزێت و دەستەکانی لەبەردەم بارانەکە ڕادەگرێ و کەمێک لێی دەڕوانێ و دیسان سواری ئوتومبێلەکە دەبێتەوە و بەرەو شوێنێکی تری گومەزەکە ڕێ دەکات.

ئەو ئێوارەیە ئارۆن بۆ تەنیا ساتێکیش نەسرەوت. ئەوەندە بەناو ئەو کۆڵان و شەقامانەدا ئەسوڕایەوە، ئەو گەشتیارانەی لە ماڵەکان و ناو یانەی شەوانەکان و قاوەخانەکانەوە لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانی، کاتێک ئارۆن بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕی، هاواریان دەکرد: «ئەوە پیاوی ڕەشەباکەیە». هەندێکیان پێیان دەوت «پیاوی باران و گەردەلوول». کاتێک دەگەیشتە بەردەم یانەی شەوان و قاوەخانە و بارەکان، بە چەپڵە ڕێزانەوە پێشوازیان لێ دەکرد. ئارۆن بە داهێنانەکانی گەشتیارەکانیشی سەراسیمە کردبوو. ئەو پیاوێکی مەزنە، مەزنتر لەوەی دەیناسن.

وێنای ئەو ڕۆژانــە دەکــەم ئەلینا زۆر شتی لـە بـارەی گومەزەکەوە بۆ دەگێڕامەوە کە لێیان بێئاگا بووم. ئەو ڕۆژەی کلارک بە بۆنەی سەرکەوتنی  لە گەشەی خێرای زیندەوەران سەرکەوتنی بەدەست هێنا، وەک هەستێکی بۆ هاوڕێیەتی ئارۆن کە زۆر لە مێژەوە یەکتریان ناسیبوو، دوای لە ڕایمۆن کردبوو کە تەنیا بۆ جارێکیش بێت، ئارۆن لە و ڕەفتارە شێتانەیەی ببەخشێت. ئەو بە ڕایمۆن–ی وتبوو:

«ئــارۆن زانـایـەکی داهـێـنـەر و بـەتـوانـایـە، ئـەو داهـێـنـەرو نەخشەکێشی  هەموو ئەو شتانەیە کە لەم گومەزەدا بوونی هەیە. ناکرێ بۆتەنیا هەڵەیەکی بچوک کەنار بخرێ. لەگەڵ ئەوەی ئێوە بێئەوەی ڕەزامەندی لێ وەرگرن، تاقیکردنەوەتان لە سەر خێزانەکەی کردووە و بەو دەردەتان بردووە. ئاخر چۆن دەبێت تاقیکردنەوە لەسەر خێزانی زانایەکی وەک ئارۆن بکرێ؟!».

ئیتر ڕایمۆن نەک لەبەر ئەوەی هەستی بەزەیی بۆ ئارۆن بزوابێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی داوای زانایەکی مەزنی وەک کلارک ڕەت بکاتەوە، پاشان هیچ کەسێکی تر بە وێنەی ئارۆن نەیدەتوانی کارەکانی ناو گومەزەکە تەواو بکات، ئیتر ڕایـمـۆن لەسەر داواکــەی کـلارک، ئـارۆن بانگهێشتی ژوورە تایبەتەکەی خۆی دەکات و وەک ئەوەی ئامۆژگاری منداڵێک بکا، پێی دەڵێت:

«برام.. ئێمە هەموومان لە پێناوی بەرژەوەندیی ئەمەریکادا کار دەکەین، داوات لێدەکەم، کەمێک بە خۆتدا بچیتەوە و واز لەو کارە نەشیاوانەت بهێنێت. تۆ کەسێکی بەتوانایت، ئێمە دەتوانین

زیاتر له تواناکانت سوودمەند بین، داوای لێبوردنت لێ دەکەم که درۆسیایان بەو دەردە بردووە، باوەڕت بێت، ئاگادار بوومایە نەمدەهێشت شتی وا ڕووبدا، دڵنیابە نەک بە تەنیا ئاریا، تەنانەت هەر کەسێکی تر لە توانایدا بێت، سەرکەوتوو بێت لە داهێنانی ئامێری شەپۆلەکانی مێشک، ئەوا بەڵێنی چاکبوونەوەی درۆسیات ئەدەمی».

ئارۆن بەم قسانەی ڕایمۆن، تەواو شاگەشکە دەبێت، بەڵێنی ئەوەشی لە ڕایمۆن وەرگرتبوو، لەگەڵ چاکبوونەوەی درۆسیا-ی خێزانی، دەتوانن پێکەوە وەک هەموو زانایەکی تر سەردانی هەسارەی زەوی بکەنەوە و بە ویستی خۆیان بێن و بچن، تەنیا کەمێک ئارام بگرێ. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئارۆن بەو خەونە خۆشانەی ڕایمۆن لە مێشکیدا چاندبووی نەئەسرەوت. بەردەوام لە هاتو چۆدا بوو، بەڵێنی بە ڕایمۆن دابوو ئەویش هەر چییەک لە توانایدا هەبێت بۆ گومەزەکەی بکات، تەنانەت بڕیاری هاوکاری تەواوی ئەو زانا هندییەی دابوو کە ناوی (راجا) بوو، بۆ تاقیکردنەوەکانی لەسەر شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ. ئەوەی نیگەرانی کردووم، نهێنیی پێکهاتە کیمیاویەکانی کلارک-ە. ئەوە ترسێکی گەورەی لە ناخمدا دروست کردووە. بەردەوام لە خەیاڵی ئەوەدام ڕۆژێک ئەو ئارۆنە شێتە، هەموو ئەو شتانە لە پێناوی خۆیدا، بۆ راجا بدرکێنێ و نسکۆ بە خەونەکانم بهێنێ.

ماوەی دە خولەکێک دەبێت باران بە لێزمە دەبارێ. هەوای ناو گومەزەکە تەواو خاوێن بووەتەوە. هەست بە گەرماو گرانیی هەناسە ناکەم. بارانەکە کەم دەبێتەوە و کەشی ناو

گومەزەکە ئارامە. گەشتیارەکان قاوەخانەکە چۆڵ دەکەن. داوا لە ئەلینا دەکەم بچینە ژوورەوە قاوەیەک بخۆینەوە، ئەویش ئەوەی بە خۆشحاڵیەوە داواکەم پەسەند دەکات. قسەکانی ئەلینا لە بارەی ئارۆن و راجا، پرسیارگەلێکی لە مێشکمدا بزواندبوو. دەمەوێت هەموو شتێک بزانم سەبارەت بە راجا و ئارۆن، تەنانەت دەربارەی داڤیدی کوڕی کریستینا کە تا ئەم ساتەش نایناسم و نازانم شێوەی چۆنە! ئەو یەکەم کەس بووە لێرە تاقیکردنەوەی لەسەر شەپۆلەکانی مێشک ئەنجام داوە، دەمەوێت پرسیاری ئەوە لە ئەلینا بکەم ئایا داڤید جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ گومەزەکە و بیر لە هەمان تاقیکردنەوە دەکاتەوە؟!

ئەلینا زۆر شت لە بارەی داڤیدەوە دەزانێت، باسی ئەوەم بۆ دەکات کاتێک کریستینا لەگەڵ سەرۆک ڕایمۆن ی باوکیدا ئاهەنگی گواستنەوە لە یەکێک لە هۆڵە بەناوبانگەکانی نیویۆرک ساز ئەدەن، داڤید ئەو ڕۆژە بە شێوەیەک خۆی دەڕازێنێتەوە زۆر لە میوانەکان وای بۆ دەچن، لە هەمان هۆڵ دوو ئاهەنگ بۆ خۆی و کوڕەکەی ساز بکات، بە درێژایی ئەو هۆڵەی ئاهەنگەکەی تیا ئەکرا، مێز ڕیز کرابوو، سەری مێزەکان بە چەندین میوە و خواردنەوەی هەمەجۆر ڕازێنرابوونەوە، بە سەدان میوان لە شارەکانی ئەمەریکاوە بۆ ئەو ئاهەنگە بانگهێشت کرابوون. ڕایمۆن ئەو هاوڕێیانەشی بانگهێشت کردبوو کە خەڵکانێکی سەرمایەدار و زانا و سەرۆک زانکۆکان بوون، تەنانەت کەسە ناودار و باڵادەسەتەکانی ناو حکومەتیشی تێدابوو.

بەناوبانگترین تیپی مۆسیقاو سەماکاری ئەمەریکا ئاهەنگەکەیان بەڕێوە ئەبرد، زۆر ئەستەم بوو کەسێکت لەناو ئەو میوانانەدا دیتبا کە لە ئەمەریکادا نەناسرابێت. هەموو دەموچاوەکان ئەوانە بوون کە بەردەوام لە لایەن خەڵکی ئەمەریکاوە باسی کار و چالاکییە سیاسی و زانستییەکانیان دەکرد، لەگەڵ دەسپێکردنی ئاهەنگەکەدا میوانەکان لە دەوری ڕایمۆن و کریستینا کۆبوونەوە و ئەو گۆرانییە نوێیانەیان بۆ ئەچڕینەوە کە گۆرانیبێژە ناودارەکان ئەیانچڕی، کاتێک ڕێورەسمی مارەکردنی ڕایمۆن و کریستینا کۆتایی دێت، دایڤید، بەو قاتە ڕەشە تایبەتەی کە لە ئاوریشم دروست کرابوو، سەرمایەدارەکان بۆ ئاهەنگە تایبەتەکان لەبەریان دەکرد، دێتە ناوەڕاستی هۆڵەکەوە و پەنجە ئەستور و کورتەکانی بە قژە پڕو زەردەکەیدا دەهێنێت و کەمێک چاکەتەکەی لەبەری خۆیدا ڕێک دەخاتەوەو بەهێمنی دێتە بەردەم ئەلینا و دەکەوێتە سەر ئەژنۆکانی و بە دەنگە گڕەکەی داوا لە ئەلینا دەکات:

«ئەی ئەو کەسەی بوویتە شاژنی خەونەکانم، ئەی مانگ و ئاسمانی من، داوای ئەوەت لێ دەکەم بە هاوسەرێکی خۆشەویست و ئازیزی خۆت پەسەندم بکەیت».

لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانیدا، پاکەتێکی بچوک لە گیرفانی ڕاستی چاکەتەکەی دەردەهێنێت و دەیکاتەوە، لە ناویدا ئەنگوستیلەیەکی تێدایە کە لە زیو دروست کراوە، لەسەری ئەنگوستیلەکەدا پارچە ئەڵماسێکی گرانبەهای پێوەیە، میوانەکان بە دیتنی ئەو دیمەنەی دایڤید کە لە بەردەم ئەلینا چۆکی داداوە و وەک تاوانبارێک لەبەر

دەمیدا لێی دەپاڕێتەوە، هەستی زۆری ئەو ژن و پیاوانە دەبزوێنێ کە لە نزیکیانەوە وەستاون، هەموو بە یەکدەنگ داوا لە ئەلینا دەکەن:

«پەسەندی بکە پەسەندی بکە ئەلینا».

ژنێک کە لە دوای ئەلیناوە وەستابوو، دەستێکی دەخاتە سەر شانی ئەلیناو دەڵێت

«ئەو پیاوە تەواو عاشقی تۆیە، دڵی مەشکێنە».

ئەلینا وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە فڕێ درابێتە خوارەوە، تەواو بەو دیمەنە سەرسام دەبێت، لە نێوان هاتو هاواری میوانەکان و سەرنجە نامۆکەی کریستینای دایکی داڤید، زمانی دەبێتە پەڵاس و نازانێت چۆن خۆی لەو بارودۆخە قوتار بکا، بەبێ ویستی خۆی، هەستێکی نامۆ، دەموچاوی ئەلینا دائەپۆشێت. سیمای میوانەکان لەپێش چاویدا دەگۆڕڕێن و شێوەیان لە گەڵ یەکدی تێکەڵ دەبێت، بە شێوەیەک کە ناتوانێت بەئاسانی ژن و پیاوەکان لە یەکدی جودا بکاتەوە، دەیەوێت هاواربکاو بڵێت: «بەسە.. من شوو بە کەسێکی خۆویستی وەک تۆناکەم» بەڵام بۆ ئەو زۆر ئەستەم بوو توانیبای بەو ڕفتارە نەشیاوە لە پێش چاوی سەدەها میوانی نامۆ، داڤید بخاتە بارێکی شەرمەزارییەوە. ئەوەندە نابات فشاری خوێنی دادەبەزێت و لە جێگەکەی خۆیدا بەلادا دێت و لە هۆش خۆی دەچێت، کاتێک بە هۆش خۆی دێتەوە، خۆی لە ژوورێکی نەخۆشخانەکەی کریستینا دەبینێتەوە.

ئەلینا لەو ڕۆژەوە تەنیا بۆ جارێکیش داڤیدی نەبینییەوە. عەشقی داڤید بۆ ئەلینا وا لە دایڤید دەکات بیر لە ڕێگایەک

بکاتەوە بۆ ئەوەی هەستی ئەلینا ببزوێنێت، لە ڕێگەی کریستینای دایکییەوە دێتە گومەزەکە و دەیەوێت ئەو خەونەی ڕایمۆن بهێنێتە دی کە بەردەوام بیری لێ دەکاتەوە. کاتێک لە تاقیکردنەوەکەیدا سەرکەوتوو نابێت و درۆسیا بەو دەردە دەبات کە ئێستا تووشی هاتووە، ئیتر بڕیاری ئەوە ئەدا بۆ هەرگیز بیر لە ئەلینا نەکاتەوە.

قاوەکەی ئەلینا سارد بووەتەوە بەهۆی قسەکانیەوە قومی لێ نەدابوو، داوا لە ڕۆبۆتێک دەکات قاوەیەکی تری بۆ بهێنێت، ڕۆبۆتەکە قاوەیەکی بۆ دێنێت و قاوە ساردەکە دەباتەوە. قومێک لە قاوەکە ئەدا و بە خەندەیەکەوە دەپەیڤێت:

«من نازانم ئەوانە مرۆ بە چی تێدەگەن، کریستینای دایکی بۆ ئەوەی کوڕە گێلەکەی بکاتە زانا، دڵنیام هەرگیز ناتوانێت گەمژەیەکی وا بتوانێت کاری وا بکا، ژنێکی داماویان خستووەتە بەردەستی تا بە نەزانی خۆی تاقیکردنەوەی لەسەر بکا. ئەوەتا ئەو ژنە داماوەیان بەو دەردە بردووە کە ئێستاش پێوەی ئەناڵێنێت».

قومێکی تر لە قاوەکەی ئەداتەوە و چاوێک بەناو قاوەخانەکەدا ئەگێڕێت.

هاتنی راجا بۆ گومەزەکە ترسێکی گەورەی لە ناخمدا دروست کردووە. بیر لەوە دەکەمەوە ئایا راجا دەتوانێت لە تاقیکردنەوەکانی شەپۆلی مێشکدا سەرکەوتوو بێت؟! دەبێت چوون بیری لێ بکاتەوە و کاری تێدا بکات؟! ئایا ئەو دەتوانێت ئەوە بکات؟! دەمەوێت زۆر شت لە بارەیەوە بزانم. ئێستا ئەو بووەتە ڕکەبەرێکی بەهێزی من. دوور نییە لە ڕێگەی ئارۆن-ەوە زۆر شتی دەربارەی من زانیبێت. ئەلینا زۆر شت لە بارەی گومەزەکەوە دەزانێت. ئەو بەردەوام

لە ڤێلاکەی ڕایمۆنی باوکی دەژی، بۆیە دڵنیام ئاگاداری هەموو شتێکە. پرسیاری ئەوە لە ئەلینا دەکەم:

«بە بڕوای تۆ.. راجا دەتوانێت لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت؟!».

بە خەندەیەکەوە لێم دەڕوانێت، ماوەیەک دەوەستێت و پاشان دەپەیڤێت:

«بۆچی تۆ لە خۆت دڵنیا نیت سەرکەوتوو دەبیت؟!».

هەست دەکەم بە گومانەوە لێم دەڕوانێت، نامەوێت ئەوەی بەدەستم هێناوە بۆی باس بکەم. دەبێت نهێنی کارەکەم پارێزراو بێت. بە خەندەیەکی دەستکردەوە وەڵامی ئەدەمەوە:

«تەنیا مەبەستم ئەوەیە زیاتر بیناسم بۆ خۆت دەزانیت تا ئێستا لە نزیکەوە یەکتر ناناسین».

ئەلینا ئاسایی دەبێتەوە.

سەرۆک ڕایمۆن  بەڵێنی ئەوەی بە ئارۆن داوە ئەگەر راجا لە تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتوو بێت یەکەمجار  درۆسیای خێزانی چاک ئەکاتەوە. ئیتر ئارۆن لەو ڕۆژەوە بەردەوام لە کارکردندایە. شەوانەش کار دەکات، زۆر جاران بۆ خەویش ناچێتەوە بۆ لای درۆسیا. کاتێک ئەندامانی پڕۆژەکە پێی دەڵێن: «درۆسیا بەتەنیایە» بە خەمساردییەکەوە دەڵێت:

«ئەو ئێستا بۆ خۆی خەوی لێ کەوتووە، بچمەوە لەوانەیە بەئاگا بێتەوە، نامەوێت لە خەوی بکەم، لێرە بم باشترە».

ئارۆن لە سەرەتای هاوکاری بۆ راجا دەستی کرد بە دروستکردنی هەمان ئامێری شەپۆلی موگناتیسیەکان هاوشێوەی

ئامێرەکەی من. ڕایمۆن بۆ خۆی راجا ی بە ئارۆن ناساندبوو کە ماوەی مانگێک بوو بانگهێشتی کردبوو. زۆر لەو شەوانەی گەشتیارەکان و زاناکان لە قوڵایی خەودا بێئاگا بوون، ئەوان لە نهۆمی سێهەمی ئەپارتمانە تایبەتەکەی ڕایمۆن کۆدەبنەوە و باسی چۆنییەتی و سروشتی شەپۆلەکان دەکەن، ئارۆن وەک زانایەکی فیزیۆلۆجی، بەردەوام چۆنیەتی شەپۆلە کارۆموگناتیسی و شەپۆلە گەردوونیەکان بۆ راجا شی دەکاتەوە، ڕاجا-ش وەک پسپۆری بۆماوەزانی، بۆچوونەکانی ئارۆنی بە هەندێک لە شەپۆلەکانی جەستەی مرۆڤ دەچوێنێت و جیاوازییەکانی بۆ ئارۆن ڕوون دەکاتەوە.

ئارۆن و ڕاجا زۆربەی شەوەکان بە تەنیا دەچنە هەمان شوێنی ئەپارتمانەکەی ڕایمۆن و باسی شێواز و چۆنیەتی تاقیکردنەوەکان دەکەن، کە چۆن راجا دەست بە تاقیکردنەوەکانی بکاو چۆن بتوانێت بە کەمترین ماوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ئەو زانیاریانەی ئارۆن بە راجای دابوو لەسەر شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکان، هەرگیز بەو شێوەیە لای من نەی درکاندبوو. قسەکانی ئەلینا ترسێکی گەورەی لە ناخمدا هەژاند، بۆ خۆشم نەمدەزانی چۆن ئەو گومانەم لا دروست بوو، گومانی ئەوەی ئارۆن زانیاری هەموو ئەو پێکهاتانەی کلارک بۆی ئامادە کردبووم، لای راجا باسی کردبێت. بڕیاری ئەوەم دا، پێکهاتەکان لە شوێنێکی نهێنیدا بشارمەوە، بۆ ئەوەی ئارۆن یان هەر کەسێکی تر لەوان درکی پێ نەکەن و نەکەوێتە بەردەستی راجا.

ئەو ئێوارەیە کە لە ئەلینا جیا بوومەوە  بە پەلە خۆم گەیاندە تاقیگەکە و پێکهاتەکانم کردە دوو بەشەوە، سەرەتا ئەو بەشانەم لە هەمان شوێنی ئەو فایلانە دانا کە پێشتر لە تاقیکردنەوەکاندا، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، دواتر ئەوانی ترم، لە ناو کۆمپیوتەرەکەدا دەرهێناو خستمە نێو فلاشێکی زۆر بچوکەوە، کە بە هێندەی نینۆکێک دەبوو. هەرچی ئاسەوای تاقیکرنەوەکان هەبوون لەسەر مێزو ناو کۆمپیتەر و وایت بۆردەکە هەموویانم سڕییەوە، بۆئەوەی تەواو دڵنیا بم لەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت، درک بە ئاست و شێوازی تاقیکرنەوەکانم بکا، هەرچەندە ئەلینا جێگای متمانەم بوو. بەڵام وەک ئەوەی کەسێک لە هیکرا پێم بڵێت:

«ئاریا گومان لە هەموو کەسێک بکە.. تەنانەت لە خۆتیش.. ئەمە کارێک نییە هەر وا بە ئاسانی لە دەستی بدەیت.. ئەوە داهاتووی تۆیە دەبێت زیاتر لە چاوەکانت بیان پارێزیت».

قسەکانی ئەلینا، هەستێکی بەتینی لە دەروونمدا دروست کرد، وەک پاڵنەرێک بۆ خۆیشم نەمدەزانی چۆن بیر لە نهێنی و شتە شاراوەکانی شەپۆلەکانی مێشک دەکەمەوە، وێنەی پێکهاتەکان بە ڕوونی دێتە پێش چاوەکانم. هێزێکی نامۆ و کاریگەر تەواو هەموو بیری تەنیوم، تەنانەت شەوانەش خەون بە پێکهاتەکان و شەپۆلەکانی مێشکەوە دەبینم. دەمەوێت سەرکەوتوو بم بەرامبەر راجا. بەهێزتر دەبم و زیاتر بیر دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەلینا هەست بە لاوازیم نەکات، بەڵێنی ئەوەی ئەدەمێ لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم و خەونەکانم دەکەمە ڕاستی

و شادمانی دەکەم. دەزانم ئەو چاوەڕوانی سەرکەوتنەکانمە، لە خۆم زیاتر خەمخۆری تاقیکردنەوەکانە، سەردانی ئەلینا دەکەم و ئەو بەڵێنەی پێ ئـەدەم کە دەتوانم ئـەوەی دایڤید نەیتوانی بیکات و ئـەوەی ڕاجـا بیری لێ دەکـاتـەوە، بەدەستی دێنم و هەموو ئەندامانی گومەزەکە سەرسام دەکەم. کارێک دەکەم بۆ مێژوو کەس نەی کردووە. وا دەکەم ئەلینا شانازی بە بوونمەوە بکات و کاتێک لە تەنیشتمەوە دەوەستێت هەست بە گەورەیی خۆی بکات. ئەوە دەکەم و پێی دەڵێم. ئەویش لە جاران زیاتر لێم نزیکتر دەبێتەوە. بەتایبەت ئەو شەوانەی کە لە یانەکاندا تا درەنگانێکی شەو پێکەوە دەخۆینەوە، زۆرم لێ دەکات، ئەو شەوە لای بمێنمەوە.

ئەو هێزەی ناخم، بە تەنێ ئەلینا دروستکەری نییە، بەڵکو گومانەکانی ئارۆنیش بۆ خۆی وای لێ کردووم، وەک تۆڵەیەک بۆ بێمتمانەیی بە هەوڵەکانم، گوڕو تینێکی زیاتری پێ بەخشیوم، ئیتر لە دوای هەموو ئەوانەوە بڕیاری ئەوەم دا، بەهەر کڵوجێک بێت دەبێت خەونەکانم بەدی بهێنم، دەبێت ئەو متمانەیەی ئەلینا بە منی هەیە لە دەستی نـەدەم، هەر بۆیە بڕیاری ئـەوەم دا، کاتی تاقیکردنەوەکانم زیاتر بکەم. لە یەکێک لەو ئێوارانەی کە لەگەڵ ئەلینا پێکەوە دەمان خواردەوە، ئەلینا هێشتا بە تەواوی چاوە گەشەکانی بە مەی مەست نەبووبوون، بە هەستێکی پڕ لە عەشقەوە داوای ئەوەم لێ کرد ژوانەکانمان لە ماڵەوە بێت و کەمتر سەردانی قاوەخانەکە بکەین. ئەو ڕۆژە بۆ خۆیشم نەمزانی چۆن بیرم لەو قسەیە کردەوە، ئەلینا بە دیوێکی تر لە مەبەستەکەم حاڵی بوو، بە خۆشحاڵییەوە وتی:

«بە دڵنیاییەوە ئەزیزەکەم.. لەماڵەوە زیاتر دەتوانین چێژ لە یەکدی ببینین».

ئەمەی وت و بە تاسەوە قومێکی پڕی لە پێکەکەی بەردەمی داو بە پێکەنینێکەوە وتی

«تۆ پیاوێکی زۆر زیرەکیت، دەبوایە زووتر ئەوەمان کردبا».

ئەو شەوە دواهەمین شەومان بوو لە یانەو قاوەخانەکاندا دانیشین. سپێدە لە جاران زووتر دەچمە سەر کارەکەم و کاتێکی زۆر لە تاقیگەکەدا بەسەر دەبەم، بەردەوام بیرم لای شێواز چۆنیەتی پێکهاتەکانە، کە چۆن بتوانم لەو پێکهاتانەی کلارک بۆی نووسیبووم، وێنەو پێکهاتێکی نوێتریان لێ دروست بکەم، زۆر لەو ڕۆژانەی دیاردەیەکی نوێم لە دەرئەنجامەکانمدا بەدی دەکرد، زیاتر ئارەزووی کارکردن لە ناخمدا بەهێزتر دەبوو، بەجۆرێک لەناو تاقیکردنەوەکاندا وەها نغرۆ بووبووم، ئەلینا لە بیرو هۆشمدا نەمابوو، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەم، دووبارە و سێبارە پێکهاتەکان تاقی دەکەمەوەو بە چەندین شێواز لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵیان دەکەمەوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکیش لە پێکهاتەکاندا، لە ناو ئایپادەکەمدا تۆماریان دەکەم و جارێکی تر بە جیاجیا گۆڕانکاری لە ڕێژەکەیاندا دەکەمەوە.

ئەو ماوەیە بە تەواوی خۆم لە سەردانی یانەو قاوەخانەکان و هەموو ئەندامان و کەسانی ناو پرۆژەکە دوور خستووەتەوە، تەنانەت زۆرجار ئەلینا لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانی گوێکانمەوە پەیوەندیم پێوە دەکات و داوام لێ دەکات، تەنیا بۆ کاتژمێرێکیش بێت لە ماڵەوە سەردانی بکەم، ئەلینا ئەو ڕەفتارەمی

بە لاوە زۆر ئاساییە، ئەو دەزانێت ئەو هەستەی لە ناخمدا بۆ کارکردن لام دروست بووە، هۆکارەکەی عەشقە بێ سنورەکەی نێوانمانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەرگەی ئەو دووری و خۆ ونکردنەم ناگرێ. زۆرجار لە هیکرِا خۆی بە نێو تاقیگەکەدا دەکات و ماوەیەکی زۆر لام دەمێنێتەوە.

# 12

ڕۆژی      2048-5-9

دیمەنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکە، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتبوو، هەتا چاو بڕ بکا سەوز دەکاتەوە، کەنارو ناوەڕاستی شەقامەکان تەواو بە دارە بەردارەکان و گوڵی هەمەڕنگ و هەمەجۆر ڕازێنراوەتەوە. پەلی دارەکان هێندەی پەنجا پێیەک بۆ ئاسمان بڵند بوونەتەوە، لە ئاسماندا هەموو پەلەکانیان بەناو یەکتردا چوون. هێندە چڕ بوونەتەوە، زۆر ئەستەمە  بتوانیت لە ژێریاندا ڕووناکی و ئاسمانی گومەزەکە ببینیت. گەڵای دار و گوڵەکان لە سەوزیدا دەبریسکێنەوە، باڵای گوڵەباخەکان هێندی قەدی دارەکان بڵند بوون، جوانی ئەو دیمەنانە هەستێکی نامۆ بە دەرونی گەشتیارەکان دەبەخشێت، هەستێک کە تەواو بە بۆنی بەهەشتەکانی خەیاڵ دەچێت.

ڕۆبۆتەکان ڕۆژانە سەرقاڵی ڕواندنی گوڵی نوێن، بە ئۆتۆمبێلەکانیان نەمامی گوڵە نوێکان لە تاقیگەکانەوە دەهێنن بۆ ناو گومەزەکە و بەناو شەقام و کۆڵانەکاندا بڵاو بوونەتەوە، هەر ئۆتۆمبێلێک دوو ڕۆبۆتی لەگەڵدایە، بەنێو شۆستەو شەقامەکاندا دەگەڕێن و چاوە تیژەکانیان بەنێو دار و گوڵەکاندا دەگێڕن بە دوای شوێنێک یان کەلێنێکی فراواندا دەگەڕێن تا گوڵە نوێکانی تیادا بڕوێنن. ئەو گوڵانەی کە لەناو تاقیگەکانەوە هێناویانن زۆر جیاوازن. ئەو گوڵانەی کلارک نەبوو کە پێشتر لە تاقیگەکاندا کاری لەنێو جینەکانیاندا کردبوو، نەمامی گوڵەکان هاوشێوەی گوڵەکانی کلارک بوون، بەڵام لەلایەن ڕاجا وە گۆڕرانێکی نوێیان بەسەردا هێنرابوو، ئەویش گۆڕینی ڕەنگەکانیانە. ئەو گوڵانە لە دوای ئەوەی ڕۆبۆتەکان دەیانڕواندن، لە ماوەی حەوت ڕۆژدا بە تەواوی بەرزی قەدەکانیان دەگاتە نزیکەی حەوت پێ، لەو ماوەیەدا هەر نەمامێک نزیکەی بیست بۆ بیستوپێنج گوڵی ڕەنگ جیاواز دەگرێ.

گوڵەکانی ڕاجا سیفەتێکی تایبەتییان هەیە، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕەنگی هەر گوڵێک، لە ڕەنگی سپییەوە بە هێمنی دەگۆڕرێ و هێدی هێدی ڕەنگەکەی بەرەو ڕەنگێکی پیازی دەچێت، پاشان وردە وردە ڕەنگەکەی تۆختر دەبێت، بۆ ڕەنگی زەرد و پەمەیی و سوور و وەنەوشەیی و قاوەیی کاڵ و پاشان بۆ قاوەیی تۆخ بەو شێوەیە ڕەنگەکانیان تۆخ دەبێتەوە تا بە تەواوی ڕەنگی گوڵەکان دەبێتە ڕەنگێکی ڕەشی تەواو قەترانی کە لە ڕەشیدا دەبریسکێتەوە. ئینجا بەم شێوەیە شەو تاکو سپێدە ڕەنگە ڕەشەکەیان بە تەواوی کاڵ دەبێتەوە تا وەکو کافور سپی دەبنەوە.

زۆرجـار ڕەنگەکانیان بە پێی ئاو و هـەوای ناو گومەزەکە دەگـۆڕێ، بەتایبەت ئـەو ڕۆژانــەی کەشی گومەزەکە هەتاو بوایە گوڵەکان ڕەنگێکی کاڵی وەک سپی و زەردو پەمەییەکی کاڵ دەنوێنن، لە کەشەکانی هەور و باراندا ڕەنگەکانیان تۆختر دەبێتەوە بۆ ڕەنگێکی قاوەیی و ڕەشێکی مەیلەو ڕەساسیی تۆخ. دیمەنی گۆڕرانی ڕەنگی گوڵەکانی ڕاجا، هەستێکی نامۆی لای گەشتیارەکان دروست کردووە، تەنانەت سەرنجی هەندێک لە گەشتیارەکانی بە شێوەیەک ڕاکێشاوە، بۆ بینینی ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرە، بە درێژایی شـەو لە نێو کووچەو کۆڵان و شەقامەکاندا دەمێننەوە و بەدەم خواردنەوە کحولیەکانەوە بەناو گوڵەکاندا دەگەڕێن و سەرنجی گۆڕرانی ڕەنگەکانیان ئەدەن.

ئەوە تەنیا کاری ڕاجا نەبوو کە لەسەر مانگ ئەنجامی داوە، بەڵکو بیری لە شێوازێکی تر کردووەتەوە، ئەویش گۆڕانکاریە لە سروشتی ڕووەکی ‹سوبێر›، کە لە بیابانەکاندا دەژی، ڕاجا لە ڕێگەی دەستکاری و گۆڕانکاری کرۆمۆسۆمەکانەوە توانیویەتی گۆڕانکارییەکی گەورە لە شێوازی بەدەستێنانی بڕێکی زیاتر لە گازی ئۆکسجیندا بکات لەو ڕووەکانەدا، ئەو گۆڕنکارییە وای لەو ڕووەکانە کردووە، دەتوانن لە ماوەی شەو ڕۆژێکدا سێ هێندەی سروشتی خۆیان بڕی گازی ئۆکسجین بە هەوا ببەخشن.

ڕایمۆن بەو کارانەی راجا تەواو سەراسیمە بووە، بەردەوام گرنگی پێ ئەدات، لە هەموو بۆنە و کارە تایبەتیەکانی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. تەنانەت کاتێک سەردانی یانەکانی شەوانەش دەکات راجا ی لەگەڵدایە. ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوانیان، ترسێکی گەورە لە ناخمدا دروست دەکات. ئێستا هەست بە ڕکەبەرێکی بەهێز دەکەم

له بەرامبەرمدا وەستاوە و بەرەنگارم بووەتەوە. ئەو کەسێکی بەهێزە، دڵنیام کلیلی هەموو نهێنیەکانی مرۆڤی لایە، دەیەوێت لە ڕێگەیەوە هەموو دەرگا نهێنیە داخراوەکانی ماتریالەکانی لایە، پرسیار لە خۆم دەکەم و بیر دەکەمەوە دەمەوێت زیاتر ئاشنای بم. ئایا دەتوانێت وەک کلارک وێنەی ئەو پێکهاتانە بکێشێت و تاقیکردنەوەیان تیادا بکات؟! ئایا دەتوانێت ئەوە بکات؟! ئەوە سەرچاوەی ئەو ترسەیە کە دڵم دەگوشێ.

هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم و زیاتر بیر لە خۆم دەکەمەوە توناکانم بەراورد دەکەم و ئەو ئەنجامانەی بەدەستم هێناون تاو و توێیان دەکەم و هێزی و توناکانم ڕاڤە دەکەم و دەمەوێت وەک پاڵەوانێک لە ڕوویدا بوەستم و شکست بە خەونەکانی بهێنم، هەست بە بوونی هێزێک لە ناخمدا دەکەم وام لێ دەکات زیاتر بیر لە مرۆڤبوونی خۆم بکەمەوە. ئێمەی مرۆڤ جیاوازییەکانمان لەگەڵ بوونەوەرانی تردا لە چیدایە؟! ئێمە وەک ئەوان دەخۆین و دەخەوین و سێکس دەکەین لەمانەدا تەواو بەیەک دەچین. ئەوەی جیاوازی نێوانمانە تەنیا خەون بیرکردنەوەکانمانە. نێهنیی بیرکردنەوەکانمان تەنیا لەو پێکهاتە جیاوازەی مێشکمانەوەیە. تەنیا ئەو پێکهاتەیەی کە دەتوانێت هەموو زانیارییەکانی سروشت کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخات و لە ڕێگەی وێناکردنەکانمانەوە چەندین بیری نوێمان پێ ببەخشێت. ئەو بیرانەی کە بەردەوام لە خەونەکانماندا هەستی پێ دەکەین و بە کردارەکانمان دەیکەینە ڕاستی. وا هەست دەکەم ئەوە نهێنی مرۆڤبوونمانە کە دەتوانین لە ڕێگەیەوە خۆمان لە هەموو زیندەوەرانی تر پێ جودا بکەینەوە. وشەی ‹مرۆڤبوون› ئەو قسەیەی کلارکی ڕەحمەتیم بیر دێنێتەوە کە دەیگوت:

«مرۆڤبوون تەنیا ئەوە نییە وەک ئاژەڵەکان ڕەفتار بکەین.. مرۆڤبوون ئەوەیە بە داهێنان و دۆزینەوەکانمان خۆمان لەوانی تر جودا بکەینەوە، ئەوە مانای ڕاستەقینەی مرۆڤبوونە».

دەمەوێت مرۆڤبوونی خۆم بسەلمێنم دڵنیام لە ڕێگەی بیرکردنەوەکانمەوە دەتوانم کلیلی نهێنیەکان بدۆزمەوە و دەرگاکانیان واڵا بکەم. لە تاقیکردنەوەکانم بەردەوام دەبم و تواناکانم بەگەڕ دەخەم و زیاتر بیر دەکەمەوە و بەردەوام دەبم. دڵنیام دەتوانم ئەو کارە بکەم. هەر واش دەکەم.

وێنای ئەلینا دەکەم، ئەو سیفەتێکی جیاوازی هەیە، بەردەوام پرسیاری هەموو زاناکان لە ڕایمۆن دەکات. بۆ خۆیشم تێناگەم ئەلینا بۆچی بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە و دەیەوێت هەموو شتێک لە بارەیانەوە بزانێت! ئەو بەم شێوەیە باسی ڕاجای بۆ کردبووم:

ڕاجا بە ڕەگەز هیندیە، کاتێک لە هیندستان خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات، بۆ خوێندنی زانکۆ دێتە ئەمەریکا و لە واشنتۆن دی سی جێگیر دەبێت، لە هەموو قۆناغەکانی زانکۆدا پلەی یەکەم بەدەست دێنێت، ئەم بلیمەتییەی ڕاجا وا لە خوێنکارە ئەمەریکییەکان دەکات بە لاوە بلیمەتەکە ناوزەندی بکەن. ڕاجا هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی لە داهاتوودا بێتە پزیشک، بەڵام کاتێک دێتە زانکۆ، ڕێڕەوی خەونەکانی زۆر لەناکاودا دەگۆڕرێ. بەتایبەت ئەو کاتەی داوای لێدەکەن لە ڕێگەی ئەو فۆرمەوە ئەو بوارە دیاری بکا کە ئارەزوومەندە تێیدا. کاتێک لە ناو فۆرمەکەدا تێبینی بواری ئەندازەی بۆماوەیی دەکات، کە وەک بەشێکی جیا و سەربەخۆ دەخوێنرێ، ئیتر ڕاجا خۆنەویستانە لە فۆرمەکەدا نیشانەی بەڵی لەو بەشەدا ئەدا. تا ئەو کاتەی ناوەکەی بە فەرمی لەو بەشەدا

جیا دەکرێتەوە، ڕاجا بەردەوام لە دوودڵیدا شەوەکانی بەسەر دەبات، تەنانەت لەسەر تای خوێندنەوە تا ماوەی چەند مانگێکیش، بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کە داوای گۆڕینی بەشەکەی بکا بۆ بواری نوژداری.

کاتێک پرۆفیسۆر کلارک دێتە ئەو زانکۆیەوە و دەست دەکات بە وتنەوەی وانەکان، بە هۆی بلیمەتی و شێوازی وتنەوەی وانەکانییەوە، حەزێکی بێئەندازە لە دەروونی ڕاجادا دروست دەکات. ئیتر ڕاجا لەو بوارەدا ئەسپی خەون و خەیاڵەکانی خۆی تاو ئەدا و بەردەوام لە خەونی ئەوەدا دەژی، کە لە ڕێگەی ئەندازەی بۆماوەییەوە، بیر لە چارەسەر و بنبڕکردنی ئەو نەخۆشیانە بکاتەوە کە لە ڕێگەی نوژداریەوە چارەسەریان ئەستەمە.

ڕاجا دوای تەواوکردنی زانکۆ، داواکاری ئاراستەی سەرۆکی ئەو بەشە دەکات کە مۆڵەتی ئەوەی پێ بدەن دەست بە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بکات لە بواری زانستی ئەندازەی بۆماوەیدا. بلیمەتیی ڕاجا لیژنەکانی زانکۆ تەواو سەراسیمە دەکا، ناچار دەبن لە کەمترین ماوەدا بڕیاری پەسەندکردنی بدەن. لەو ماوەیەی ڕاجا لە تاقیگەکانی زانکۆدا دەست بە خوێندن دەکات، ڕەفتاری بەتەواوی دەگۆڕێ، ئیتر وەک کەسێکی ئاسایی بیر ناکاتەوە، بەردەوام لە ناو تاقیکردنەوەکاندا لە کاتی خەوتن و نانخواردن و ئاوخواردنەوە و ڕۆیشتنی بۆ زانکۆ، بیر لە هەموو پێکهاتەکانی گیانەوەران و ڕووەک و مرۆڤ دەکاتەوە، تەنانەت زۆربەی شەوەکانی خەونی سەیر و ئاڵۆزی بە گەردوون و بوونەوەرە کانیەوە دەبینێ.

لە خەونەکانیدا بوونەوەرەکان بە چەندین شێوەی جیاواز و سەیر و سەمەرە دەبینران، زۆر جار ئاسکێکی دەبینی دوو باڵی گەورەی هەبوو لە ئاسماندا دەفڕی. یان گیانەوەرە گۆشتخۆرەکانی لە نێو دارستان و باخچەی ئاژەڵاندا دەبینی لەبری گۆشت، کاهو و وێنجە و ڕەگی دارە کانیان دەخوارد، چەندین باڵداری بچووک و گەورەی وەک پاساری و کۆترو واشە و کەناری دەبینی لەبری پەڕەکانیان، پێستەکانیان وەک بنیادەم بوون تەنیا پێستێکی ڕوت و قووت هیچی تر نەبوون، باڵەکانیان لە بری پەڕ، تەنیا پێستێکی جیڕی تەنک بوون و بە ئاسماندا پێی دەفڕین و بە نێو دارەکاندا دەهاتن و دەچوون. کاتێک لەسەر پەلی دارەکان دەنیشتنەوە، باڵە پێستەکانیان لە بن هەنگڵیاندا دەچوونەوە یەک و ئەستور دەبوون.

خەونی بەو دار و ڕووەکانەوە دەبینی کە لە نێو ماڵ و شە قامەکاندا بۆ جوانکاری ڕوابوون. لە خەونەکانیدا ڕەگی دارەکان لەناو عەردەکەدا دەهاتنە دەرەوە و وەک ئەژدیهایەکی بێسەر بە هەموو لایەکی خۆیاندا بڵاو دەبوونەوەو لە دارستانەکاندا پەلاماری ئەو کەروێشک و سەگ و پشیلە کێویەکانیان ئەداو بە شێوەیەک خۆیان تێوە دەئاڵاند تائەو کاتەی هەموو جەستەی گیانەوەرەکانیان لە خۆیاندا نقوم دەکرد، لە ماوەی سەعاتێکدا هەموو گۆشت و خوێن و شلە لینجەکانی جەستەیان دەمژی، بە تەنێ ئێسک و پروسکەکانیان بەجێ دەمان.

کاتێک راجا لەو خەونانە بەئاگا دێتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە، هەموو ئەو خەونانە بکاتە ڕاستی، ئەو وای بۆ دەچوو: «هیچ شتێک ئەستەم نییە ئەگەر سەرچاوەکەی جینەکان بێت و لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ کاری تیا بکرێ». ئەو خەونانەی راجا بووە

سەر چاوەی بیری داهێنانێکی نوێ، ئیتر راجا بیری لەوە کردەوە دەست بە گۆڕانکاری لە جینەکانی ڕووەک و زیندەوەراندا بکا، سەرەتا لە ڕووەکەکانەوە دەستی پێکرد.

وەک ئەلینا باسی دەکرد بۆ یەکەمجار بوو تاقیکردنەوەیەکی لەسەر گوڵەباخ کرد. لە ڕێگەی مایکرۆسکۆبێکی ئەلەکترۆنییەوە پێکهاتەی تۆوی گوڵەباخەکەی بۆ هەزاران جار گەورەتر کرد، تا ئەو ئەندازەیەی کە دەیتوانی  هەموو پێکهاتەی کرۆمۆسۆمەکان بە ڕوونی لە ناو شاشە ئەلەکترۆنییەکەوە ببینێت، پاشان لە ڕێگەی شەپۆلە ناوکییەکانەوە دەستی کرد بە ئاڵوگۆڕ کردن لە سیفاتی گوڵەکەدا. یەکەمجار سیفەتی ئەو دڕکانەی لابرد کە لە قەدی دارگوڵەکەدا هەبوو. پاشان سیفەتی ڕەنگی زەردی گوڵەکەی گۆڕی بۆ ڕەنگێکی شینی تۆخ. پاش تەواو بوونی لە گۆڕانکارییەکان، راجا تۆوەکەی لە ناو ئینجانەیەکی بچوکدا ڕواند و کەشێکی تایبەتی بۆ گەشەکردن دروست کرد. راجا ڕۆژانە تێبینی گەشەی تۆوەکەی دەکرد، هەموو سپێدەیەک پێش ئەوەی بچێتە هۆڵی خوێندنەوە، سەردانێکی ئینجانەکەی دەرکرد.  ماوەیەک لەو خۆڵە تایبەتەی دەڕوانی کە تۆوەکەی تیادا ڕواندبوو، لە ڕێگەی کەمووڵەیەکی تایبەتەوە بە بڕێکی دیاریکراو ئاوی ئەکردە ئینجانەکەوە، پاشان دەگەڕایەوە بۆ هۆڵی خوێندن.

ماوەی دوو هەفتە لە چاوەڕوانیدا بیر لە چۆنیەتی ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکانی دەکردەوە، دواکەوتنی گەشەی تۆوەکە گومانێکی زۆری لە دەروونیدا دروست کردبوو ، چەندین جار چاوی بەسەر ئەو پێکهاتانەدا ئەگێڕایەوە کە شێوازی گۆڕانکارییەکەی تیادا تۆمار کردبوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە ڕاستی و دروستی

کارەکەی. چاوەڕوانیی راجا لە دوو حەفتە تێدەپەڕێت، ئیتر بێئومێدیی راجا لەو تاقیکردنەوەیە ئینجانەکە فەرامۆش دەکات و بیر لە شێوازێکی تر دەکاتەوە. دواتر بەهۆی سەرقاڵیی لە تاقیکرنەوەیەکی تریدا، بەتەواوی ئینجانەکەی لەبیر دەچێتەوە. تا ڕۆژێک بە ڕێکەوت وەک ئەوەی هەستێک لە ناخیدا پێی بڵێت، دێت و سەیرێکی ئینجانەکە دەکات، دەبینێت، تۆوەکە گەشەی کردووە، راجا بەم دیمەنە زۆر دڵخۆش دەبێت و ئینجانەکە دەگوازێتەوە بۆ باخچە داخراوەکەی ناو تاقیگەکە، کاتێک گوڵەکە بەتەواوەتی گەشە دەکات، هیچ دڕکێک بە قەدەکەیەوە نابینێت و چەند گوڵێکی ڕەنگ شینی تۆخ وەک ئەوەی راجا مەبەستی بوو دەرئەکات. ئیتر ئەم سەر کەوتنەی راجا لەم تاقیکردنەوەیە بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە لە خەونەکانیدا بینیبووی.

دەمەوێت زیاتر بیر لە خەونەکانم بکەمەوە، بەدەست خۆم نییە دڵم وا دەخوازێت زیاتر گوێبیستی قسەکانی ئەلینا بم. وا هەست دەکەم لەگەڵ بۆچوونەکانی ئارۆن یەک دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی بە دوویدا دەگەڕێم ئەو ئەهریمەنە نووستووەی ناخی ڕایمۆنە، دەبێت کەی بەئاگا بێتەوە بۆچوونەکانی ئارۆن پشتڕاست بکاتەوە؟! ئایا ئەوەی ئەو باسی دەکرد لە ناخ و بیری ڕایمۆندا بوونی هەیە؟! ئەو پرسیارە وام لێ دەکات زیاتر بیر لە ڕایمۆن بکەمەوە. دەمەوێت ئەوە بزانم گوێیستی ئەلینا دەبم و وێنای ئەو ساتانە دەکەم.

ڕایمۆن بانگهێشتی ڕاجا بۆ ژوورەکەی خۆی دەکات، نەخشەی ئەو پلانانەی کە بەردەوام لەسەر مێزی ژوورەکەی خۆی بە کراوەیی دایناوە، نیشانی ئەدا. نەخشەی ئەو گومەز و بەشە

نوێیانەی تری بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی بوو لە داهاتودا کاریان بۆ بکات و گومەزەکە فراوانتر بکا. لە نەخشەکەدا چەندین نەخشەی گومەزی هاوشێوەی ئەو گومەزەی کە تێیدا دەژین کێشراوە، نەخشەی چەندین ئەپارتمانی چوار نهۆمی و پێنج نهۆمی لە دەوروبەری گومەزەکانەوە بوونی هەیە، ڕایمۆن ئەو شوێنانەی بۆ مەبەستی تاقیگە و شوێنی حەوانەوەی مرۆڤەکان کێشاوە، کاتێک راجا پرسیارێک لە بارەی ئەو بەشانەوە دەکات کە هیچ لە بارەیانەوە نازانێت، بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی ئەداتەوە و بەشەکانی بۆ ڕوونتر دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو بەشانەی کە بۆ حەوانەوە لە نەخشەکەدا کێشراون، دەڵێت:

«ئەو ئەپارتمانانە جێگەی حەوانەوەی مرۆڤە کۆپیکراوەکانن».

ئەو قسانەی ئەلینا لە بارەی ڕایمۆن و راجاوە باسی دەکات، چەندین پرسیاری گوماناوی لە دەروونمدا دروست کردووە، بیر لەوە دەکەمەوە «ئاخۆ دەبێت ڕایمۆن مەبەستی لە مرۆڤە کۆپیکراوەکان چی بێت؟ ئەم پیاوە دەیەوێت چی بکات؟!». تا دێت پەیوەندیی نێوان کریستیناو ڕایمۆن لە گەڵ راجا بەهێزتر دەبێت. بەهۆی ئەوەی راجا بەردەوام لەناو تاقیگەکەی کریستینا سەر قاڵی توێژینەوەکانیەتی، زۆر بە دەگمەن لەناو گومەزەکە دەبینرێن.

ئەو پیاوە سیفەتێکی زۆر جیاوازی هەیە جیاواز لەهەموو زاناکان و ئەندامانی ناو گومەزەکە، وزەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ناخیدا دەبینم. ڕۆژانە بەردەوام بۆ ماوەی دەیان کاژێر لە ناو تاقیگە تایبەتییەکەی کریستینا سەر قاڵی تاقیکردنەوەکانە. چەندین ئاژەڵی وەک سەگ و پشیلەو مشک و بەرازو کەروێشک

و مەیموونی لە ناو قەفەزی تایبەتیی تاقیگەکەدا کۆکردووەتەوە و لە ڕێگەی ئەو سرنجەی کە بە دەستیەوەیە، بەناو هەموویاندا دەگەڕێ و لە هەر یەکێکیان بڕێک خوێن دەردەهێنێت و دەیخاتە ناو کەموولەیەکی بچوکەوە کە هێندەی پەنجەیەک دەبێت، پاشان لەسەر کەموولەکان جۆرو کۆدی ئاژەڵەکان تۆمار دەکات، چەند دڵۆپێک خوێن دەخاتە سەر پارچە شوشەیەکی بچوک و دەیخاتە ژێر وردبینە ئەلەکترۆنیەکەوە و زانیارییەکان لەسەر ئایپادە سلیکۆنیەکە تۆمار دەکات.

تاقیگەکەی کریستینا لەناو ئەو ئەپارتمانە گەورەیەدایە کە یەکەم ڕۆژی هاتنم بۆ ناو گومەزەکە بۆ مەبەستی پشکنین سەردانم کرد، ئەو ئەپارتمانە بەتەنێ تایبەتە بە تاقیگەو نەخۆشخانە تایبەتییەکەی کریستینا. سەردانی ئەو ئەپارتمانە بۆ هەموو کەسێک کارێکی زۆر ئەستەمە، ئەگەر یەکێک لە گەشتیارەکان لە نەشارەزایی خۆیاندا لە دەرگا سەرەکییەکەی ئەو ئەپارتمانە نزیک بوونایەتەوە، لە ڕێگەی پاسەوانە ڕۆبۆتەکانەوە ڕێگرییان لێ دەکرا، ئەوە بە تەنیا بۆ گەشتیارەکان نەبوو، هەموو ئەندامانی گومەزەکە جگە لە ڕایمۆن و راجا، هیچ کەسێک بەبێ ئاگاداری کریستینا، بۆی نەبوو سەردانی ئەو جێگەیە بکا، ئەگەر کارێکی کتوپڕ یان پشکنینێکی تایبەت هەبوایە ئەوا کریستینا لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانەوە ئاگادار دەکرایەوە و پاسەوانە ڕۆبۆتەکان مۆڵەتیان بە کەسەکان ئەدا.

کاتێک ئەلینا باسی راجای بۆ دەکردم، تامەزرۆی بینینیم دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێگریکردنەی ڕۆبۆتەکان ئەستەمە بتوانم سەردانی ئەپارتمانەکەی کریستینا بکەم. وێنای ئەو ڕۆژە

دەکەم  بۆ یەکەم جار بەرێکەوت راجا لەگەڵ کریستینا لە نزیک سەکۆی گومەزەکە دەبینم، پێکەوە لەو گوڵانەیان ئەڕواند کە کلارک گۆڕانکارییەکی جیناتی تیا کردبوون، راجا بە پەنجە کورت و گۆشتنەکانی گەڵای گوڵەکان دەگرێ و کەمێک لێیان دەڕوانێ و ئەمدیو ئەودیویان دەکات، دەست بۆ پەڕەی گوڵە گەورە و بۆنخۆشەکان دەبات و بە لووتە پان و گەورەکەی بۆنی دەکات، کریستینا بە تاسێکەوە لە راجا دەڕوانێ و  دەڵێت:

«ئەوە یەکێکە لە کارە مەزنەکانی کلارک».

ئەو ڕۆژە کریستینا و راجا بۆ ماوەیەکی زۆر بەناو هەموو ئەو دارو گوڵانەدا سوڕانەوە و لە دارو گوڵەکانیان دەڕوانی، راجا بە چاوە ڕەشە بچووکەکانی لە قەدی دارە مەزنەکان ورد دەبێتەوە و بەو زەردەخەنەیەی کە هەمیشە لەسەر لێوەکانی بوو، بە کریستینا دەڵێت:

«ئەوەی کلارک ئەنجامی داوە کارێکی زۆر مەزنە، بەڵام دەتوانم پەرەی زیاتر بە کارە جێماوەکانی بدەم».

راجا پیاوێکی باڵامناوەندە، بەڵام قەڵەوییەکەی وای لێ کردووە کورتەباڵاو خڕیلە دەرکەوێت، گۆشتی ڕوومەتەکانی چاوەکانی هێندەی تر بچوکتر کردووەتەوە، دەموچاوی ڕەنگێکی ئەسمەری ڕەشە. ئەلینا دەیگوت  ئەوەی کریستینا و راجا ی زیاتر لێک نزیکتر کردووەتەوە، لێکچوونی خەونەکانیانە، کریستینا بەردەوام لە خەونی ئەوەدایە، لە ڕێگەی گۆڕانکاری جیناتەکانەوە، زۆر لە نەخۆشیەکانی وەک شێرپەنجەو دروستبوونەوەی ئەندامەکانی جەستەو هەناو چارەسەر بکات، تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە لەو ڕێگەیەوە ڕێگری لە پیربوونی مرۆڤەکان بگرێ و

وەک خۆی بیانهێڵێتەوە، یان بتوانێت، کەسە پیرەکان لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە جینەکانیاندا بگەڕێنێتەوە دۆخی لاوێتیان، ئەوەی کریستینا بیری لێ دەکردەوە، راجا بە تەواوی خستبوویە نێو بەرنامەی کارەکانیەوە.

ئەم لێکچوونەی نێوانیان، وای کردووە، راجا بەردەوام لە تاقیگەکەی کریستینا سەرقاڵی تاقیکردنەوە و توێژینەوەی خەونەکانیان بن، ئەوان بەردەوام لە نێو ئەو ئەپارتمانەدا خۆیان قەتیس داوە، بەدرێژایی شەوەکان دەمێننەوە، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشیان هەر لەوێدایە، زۆر بە دەگمەن لە نێو تاقیگەکەیاندا دێنە دەرەوە، ئەویش بۆ کارێکی تایبەت یان ئەگەر هەست بەماندووبوونێکی زۆر بکەن. سپێدە بە گوڕێکەوە دەچنەوە تاقیگەکان و دەست بە کارەکانیان دەکەنەوە.

کریستینا بەردەوام لەو گەشتیارانەی دەکۆلییەوە کە پیر بووبوون، بە بیانووی پشکنینی جەستەییانەوە بانگهێشتی نەخۆشخانەکەیان دەکات و لە ڕێگەی ئامێرێکی بچوکەوە کەمێک لە خانەکانی جەستەیان لێ دەکاتەوە و دەیخاتە ناو کەموڵەیەکی بچوکەوە و ناو و تەمەن و ناونیشانی ئەو کەسەی لەسەر دەنووسێ، پاشان بڕێکی کەم لە خوێنیان دەگرێ و پێکەوە لە ناو بەستەرە تایبەتییەکانی تاقیگەکەدا دەیانپارێزێت. لەگەڵ راجا، لە ڕێگەی وردبینە ئەلەکترۆنییەکانەوە لە خانەی بەساڵاچووەکان دەکۆڵنەوە، پاشان لەگەڵ خانەی جەستەی گەشتیارە لاوەکاندا بەراوردیان دەکەن و زانیارییەکان لەلای خۆیان تۆمار دەکەن. دواتر دەچنە ئەو قاوەخانە بچووکەی کە لەناو تاقیگەکاندا هەبوو، بەدەم قاوە خواردنەوەوە، دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوەو

بەدواداگەڕان لەو نەخشە کۆپیکراوەی کرۆمۆسۆمەکان کە لە ڕێگەی وردبینە ئەلەکترۆنییەکەوە بەدەستیان هێناوە. زیاتر لەو کرۆمۆسۆمی خانانە دەکۆڵنەوە کەخاوەنەکانیان پیرو پەککەوتە بوون یان نەخۆشییە درێژ خایەنەکانیان هەیە. لەناو بۆهێلەکاندا بەدوای ئەو سیفەتانەدا دەگەڕێن کە دەبنە هۆکاری نەخۆشییە درێژخایەنەکان و پیربوون و پەککەوتنی بەشەکانی جەستە.

وێنای پرۆفیسۆر کلارک دەکەم ئەوپیاوە مەزنەی بە داهێنانەکانی بیری هەموو مرۆڤایەتی گۆڕی و دەرگا نهێنیەکانی ئەندازەی بۆماوەیی بەڕووی هەموو زاناکانی بواری بۆماوەیدا والاکرد. دەمەوێت سەردانی گۆڕەکەی بکەم و چەپکێک لەو گوڵە بۆندارانەی کە بە میراتی بۆ گومەزەکەی جێهێشتووە لەسەر گۆڕەکەی دانێم و سوپاسی ئەوەی بکەم کە لە نووسینی پێکهاتەکاندا هاوکارم بوو، دەمەوێت پێی بڵێم:

«تۆ کەسێکی نەمرو هەمیشە زیندووی تۆ مرۆڤبوونی خۆت بۆ هەموو مرۆڤایەتی نواند. دۆزینەوەکانت هەموو ڕۆژێک بە بۆن و بەرامە خۆشەکانیان، تۆمان بەبیر دێنێتەوە و هەستێکی پڕ لە شادمانی و خۆشەویستیمان بۆ ژیان زیندوو دەکاتەوە و وامان لێ دەکات لە هەموو بۆنەکاندا گوڵەکانت بکەینە دیاری بۆ دەربڕینی هەستەکانمان بەرامبەر بەوانەی خۆشمان دەوێن و بیریان دەکەین. دڵە زویرەکانی پێ ئاشت دەکەینەوە. گوڵەکانت هەموو کووچەو کۆلان وشەقامەکان و ماڵەکانمانی پێ دەڕازێنینەوە. بە بۆن و بەرامە خۆشەکانی دڵ و دەروونمان ئاسوودە دەکەین».

سەردانی گۆڕەکەی دەکەم و هەستەکانمی بۆباسدەکەم و دەرونم ئاسودە دەکەم.

# 13

ڕۆژی 14-6-2048

کارەکانی ناوگومەزەکە زۆر بەباشی بەڕێوە ئەچێت، ئارۆن هەموو ئەو کێشانەی چارەسەر کردووە کە پەیوەندییان بە ئاو و هەوای ناو گومەزەکەوە هەیە، ئامێرەکان بەهەڵمبوونی ئاوەکانی بەشێوەیەک ڕێک خستووە، کە دەتوانرێ لە هەموو ڕۆژێدا چەند جارێک بڕێکی زۆر بارانی بباریێنرێ. ئەو ئامێرانەشی کە تایبەت بوون بە دروستکردنی با، هێندە بەهێز بوون، کە ئەگەر هەموو تواناکانیت بخستایەتە کار، لەوانە بوو هەموو دارە بەرزەکانی ناو گومەزەکەی لە بن دەر کێشایە.

ئەو کارەی ئارۆن کردبووی ئاو و هەوای گومەزەکەی بەتەواوی خۆشتر کردووە، گەشتیارەکانی لە گەرماو کەمیی ئۆکسجینی ناو گومەزەکە قوتار کردووە. لەو ماوەیەدا بەهۆی ئەو ناوبانگە

گرنگەی پرۆژەی مانگ کە لەسەر هەسارەی زەویدا دەنگۆی پەیدا کردبوو، گەشتیارێکی زۆر ئارەزووی ئەو دیمەنە دڵرفێن و داهێنانە مەزنانەکانی سەر مانگیان دەکرد، ئەو گەشتیارانەی دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەوپەڕی تامەزرۆییەوە دەیانگێڕایەوە.

ئەو دوو ئامێرە بەلای ڕایمۆنەوە زۆر گرنگ بوون، چونکە لە ڕێگەیانەوە ئاو و هەوای ناو گومەزەکەی بەتەواوی خاوێن دەکردەوە، جگە لەوەش لە ڕێگەی بارانەکانەوە ئەو دار و گوڵ و ڕووەکە بەردارانەی ناو گومەزەکەی تەواو تێرئاو دەکرد، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە کە لە گەشەکردنی خێرادا هەیان بوو جیاوازیی زۆریان لە ڕووەکە ئاساییەکانی سەرزەوی هەبوو، ڕۆژانە پێویستیان بە بڕێکی زۆری ئاو هەبوو بۆ گەشەکردنە خێراکانیان.

وێنای ئارۆن دەکەم بەردەوام کار دەکات بێئەوەی بۆ تەنیا ساتێکیش بوەستێت، جگە لە کارە سەرەکییەکانی خۆی وەک پسپۆرێکی فیزیۆلۆجی، سەرپەرشتی کاری ئەندازیارەکانی ناو گومەزەکەشی لە ئەستۆیە، ڕایمۆن بۆخۆی ئەو کارەی بەفەرمی بە ئارۆن سپاردبوو، بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنێتیی ئەو پێکهاتانە بێت کە لەناو کوورەکانی ئاسن و ئەلەمنیۆم توانەوەدا ئامادە دەکران بۆ دروستکردنی پارچەکانی پرۆژەکە.

بەشەکانی گومەزەکە تەواو فراوانتر بووە، جگە لە گومەزەکەی ناوەڕاستی ئەو سێ شەپۆلەی بەشێوەیەکی بازنەیی لەدەوریدا بوون، لە کۆتایی ئەو چوار شەقامەشدا کە لە ناوەڕاستی گومەزەکەوە دەچوونەوە کەناری گومەزەکە، بەناو سێ بازنەکەدا درێژ کرابوونەوە، لە دەرەوەی پرۆژەکە هەر یەکەیان ڕاستەوخۆ

دەچوونەوە سەر ئەو چوار گومەزە نوێیەی کە ڕۆبۆتەکان سەرقاڵی دانانی ئاسمانەکەی بوون، ڕۆبۆتەکان بەردەوام بەناو ئەو شەقامانەدا دێن و دەچن، کە بەناو دارەکاندا تێپەڕ دەبێت، ئەو شەقامانە بەدرێژایی شەو و ڕۆژ، لە جووڵەی ڕۆبۆتەکان ئارامی بەخۆیەوە نەدەبینی، وەک شارە مێرووله ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکان لە بەشی پشتەوەیان ئەو پێداویستی و کەرەستانەیان بۆ دەرەوەی گومەزەکە دەگواستەوە کە ڕۆبۆتە تەکنیکارەکان پێویستیان پێی هەبوو.

ئەو چوار گومەزەی لە دەرەوەی پرۆژەکە دروست دەکران کەمێک لە گومەزە سەرەکییەکە بچوکتر بوون، ڕایمۆن بەپێی ئەو نەخشەیەی کە بەردەوام لەسەر مێزەکەیەتی، ئەو گومەزانەی بۆ مەبەستی گەشتیاران و مرۆڤە لەبەرگیراوەکان تەرخان کردووە، بەردەوام لەگەڵ ئارۆن و پسپۆڕەکانی میکانیک لە دەوری ئەو مێزە کۆ دەبنەوە. کاتێک ئارۆن لە تەک ڕایمۆن دەوەستێت و بەشداری ئەو گفتوگۆیانە دەکات کە ڕایمۆن و ئەندازیارەکانی میکانیک لە بارەی بەشی نوێی پرۆژەکەوە دەیکەن، هەستێکی گەورە لە ناخی ئارۆندا دەبینرێ، ڕایمۆن ڕوو دەکاتە ئارۆن و دەیەوێت بۆچوونەکانی ئەو، لەبارەی کارەکان و بەشەکانەوە بزانێت:

«بەڕێز ئارۆن، پێت چۆنە ئاسمانی گومەزەکان هاوشێوەی ئەم گومەزە بێت؟!».

ئارۆن بە فیزێکەوە سەرە بچکۆلانەکەی بڵند دەکاتەوە و بە دەنگێکی گڕەوە دەڵێت:

«بە بڕوای من پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاسمانی

ئەو گومەزانە هەمووی تێکەڵەی سلیکۆن و جێرمانیۆم بن، ئەوا ناتوانرێ سوود لەو وزە سروشتییەی خۆر بە تەواوی وەربگیرێ، چونکە ئێمە ئەم گومەزانە تەنیا بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی خۆراک دروست دەکەین».

ڕایمۆن مەبەستی نییە پلانەکانی خۆی بۆ ئارۆن ئاشکرا بکات، کە مەبەستێتی لە داهاتوودا ئەو گومەزانە بکاتە جێگەی مرۆڤە کۆپیکراوەکان. سەرێکی ڕەزامەندی بۆ ئارۆن دەلەقێنێت و ئارۆن بەو هەڵوێستەی ڕایمۆن خۆشحاڵ دەبێت.

وێنای دیمەنی ناو گومەزەکە دەکەم، بەردەوام کەشتییەکان گیزەگیزیان دێت، ژمارەی ئەو کەشتیانەی کە هاتوچۆی نێوان مانگ و زەوی دەکەن، زیاتر بوونە. لیژنەی سەرەکیی مانگ لەسەر زەوی دوو کەشتیی تری دروست کردووە، زیادبوونی کەشتییەکان، ئاسانکارییەکی باشی بۆ گەشتیاران دروست کردووە، ئەو ماوەیە بەهۆی زۆریی داوای گەشتیاران بۆ سەر مانگ، لەسەر زەوی نووسینگە سەرەکییەکەی پڕۆژەکە کە لە شاری نیویۆرکە، ناوی ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی لە هەموو وڵاتانی دنیاوە تۆمار کردووە. بەو هۆیەوە گەشتیارەکان دەبێت بۆ ماوەیەکی دوور نۆرەیان بۆ دیاری بکرێ، داهاتی ئەو گەشتیارانەی سەردانی مانگیان دەکرد، هێندە زۆر بووبوو، وای لە لیژنە سەرەکییەکەی مانگ کردبوو، بیر لە دروستکردنی ئەو دوو کەشتییە مەزنە بکەنەوە. کەشتییەکان دەیانتوانی لە هەر کاروانێکیاندا، دووسەد و پەنجا گەشتیار لەگەڵ خۆیاندا بار بکەن، زیاتر لەو دوو کەشتیە کۆنەی کە سەرەتا دروست کرابوون و توانای پەنجا گەشتیار زیاتریان نەبوو.

دیمەنی ناو گومەزەکە تەواو بە دیمەنی شارە گەورەکانی ئەمەریکا دەچێت، بەهۆی هاتنی گەشتیارێکی زۆرەوە، سەراپای شەقام و کۆڵان و ئەپارتمانەکان لە گەشتیاران جمەیان دێت، بەدرێژایی شەو و ڕۆژ لە هاتوچۆدان، لەو دیمەنە سەرنجڕاکێشانەی تاڤگە و دەریاچە دەستکردەکان ڕادەمێنن و بە کامێراکانیان وێنەی ئەو کیژە ڕووتانە دەگرن کە لە کەناری دەریاچەکەوە بەڕاکردن و گاڵتەکردنەوە خۆیان فڕێ ئەدەنە ناو ئاوەکەوە. مەمکە قوتەکانیان لەگەڵ ڕیتمی ڕاکەڕاکیان دەلەرێنەوە، سمتە گۆشتنەکانیان سەمایەکی هەستبزوێن دەکەن و دڵی لاوەکان زیاترجۆش ئەدەن. زۆریان دەچنە ژێر ساباتی ئەو کەپرانەی لە کەناری دەریاچەکەوە بە دارو گەڵای دارەکان دروست کراون، لەژێریدا پشوو ئەدەن و داوای ساردەمەنی لە ڕۆبۆتەکان دەکەن.

کەناری شەقامی دەریاچەکە هێندە قەرەباڵخە، دەرزی هەڵبدەیت لە عەرد ناکەوێت، زۆر بەئاستەم دەتوانی بە نێویاندا تێپەڕ بیت، ئەوانەی لەناو بازاڕەکاندان، سەرقاڵی کڕینی دیاری و ئەو ڕۆبۆتانەن کە لەسەر شێوەی یاری منداڵان دروست کراون، گەشتیارەکان بە یارییە زیرەکەکان ناوزەندی دەکەن، زۆرێک لەو یارییانە بووکەشوشە و ئەکتەرە ئەنیمەیشنەکان و ئاژەڵ و ئۆتۆمبێلن، کە بۆ خۆیان وەک ڕۆبۆتێکی زیرەک کار دەکەن و دەجوڵێنەوە، دەتوانرێ قسەیان لەگەڵدا بکرێ و وەڵامی خاوەنەکانیان بدەنەوە.

هەندێکیان لەناو شەقامەکاندا بەنێو دوکانەکاندا دەگەڕێن و خۆیان بەناو ئەو چێشتخانانەدا ئەکەن کە خواردەمەنییە هەمە جۆرەکانی وڵاتانی تیا ئامادە دەکرێ، دوکانی ساردەمەنی و

شیرینیەکان هێندە قەرەباڵخە، ئەگەر ئارەزوویان بکەیت دەبێت بچیتە ئەو نۆرەیەی کە بە درێژایی شەقامەکە ڕیزی بەستووە. ئەو شیرینییانەی ڕۆبۆتەکان دروستی دەکەن تام و چێژێکی سەر سوڕهێنەری هەیە، بەدرێژایی ناو دوکانی شیرینییەکان، وێنەی هەموو ئەو شیرینییە بەناوبانگانەی وڵاتانی دنیای تیا هەڵواسراوە، وێنەکان ژمارەی تایبەت و ناوی ئەو وڵاتەی لەسەرە کە یەکەمجار دروستی کردووە. ئەوەندە بەسە ناوی وڵاتەکە و ژمارەی وێنە شیرینیەکە بە ڕۆبۆتە کارگوزارەکان بڵێیت، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە ئامادەکراوی دەیهێننە سەر ئەو مێزەی گەشتیارەکان لەبەر دەمیدا داواکارییەکانیان پێشکەش دەکەن.

گومەزەکە تـەواو دڵگیر بـووە ئێستا هەست بە نامۆبوونی خۆم ناکەم لەگەڵ هەموو دیمەنەکانی ئاشنا بووم، ئێواران بۆ بەسەربردنی پشوویەکی کورت، پەیوەندی بە ئەلیناوە دەکەم و پێکەوە دەچینە دوکانی شیرینییەکان و ماوەیەک لەوێ دەمێنینەوە. ئەلینا ئارەزووی شیرینیەکانی ڕۆژهەڵات دەکات منیش بە ویستی ئەو دەجوڵێمەوە، ئارەزووی هەمان خواستی ئەو دەکەم. لە دوای تەواوبوونی شیرینییەکە بە پیادە بەرەو تاقیگەکە ڕێ دەکەم و ئەویش بەرە و ئەپارتمانەکەی ڕایمۆن دەگەڕێتەوە.

وێنای ئارۆن دەکەمەوە و بیر لە ڕەفتارەکانی دەکەمەوە. ئەو ماوەیە بەردەوام سەردانی کارگەکانی دروستکردنی ڕۆبۆتەکان دەکات، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی دەیان ڕۆبۆتی کارگوزار دروست بکا. ڕۆبۆتەکان لـەدوای بەستنی هەموو پارچەکانی جەستەیان، لە ڕێگەی ئامێرێکی کۆمپیوتەرییەوە، مێشکیان بەپێی ئەو کارەی بۆیان دیاری کراوە، داتا دەکرێ و ڕاستەوخۆ

دەنێررێنە ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێی هەبوو. بەتایبەت ئەو دوکان و بازاڕانەی زۆر گەشتیار ڕوویان تێ دەکرد. جگە لە ڕۆبۆتە کارگوزارەکان  بە دەیان ڕۆبۆتی ئۆتۆمبێلی تری دروست کردبوو، بۆ ئەوەی گواستنەوەی ئەو گەشتیارە بێشومارەی ناو گومەزەکە ئاسانتر بکا. ئارۆن وەک ئەوەی لەگەڵ بنیادەمدا قسە بکا، بە توندی لە ڕۆبۆتەکانی ناو کارخانەکە تووڕە دەبێت، بە دەنگێکی بەرز بە سەریاندا دەنەڕێنێت:

«خێراکەن.. ئەوەندە بەهێواشی مەجوڵێنەوە.. گومەزەکە لەبەر زۆری گەشتیاران وا خەریکە دەئاوسێت، دەی کارەکانتان بەخێرایی ئەنجام بدەن».

ئارۆن هێندە خۆی سەرقاڵ کردووە، بە تەواوی درۆسیای لەیاد نەماوە، جاران ئەگەر درۆسیا هەستی بە بێزارییەک کردبا لەناو ئەپارتمانەکەیدا، نیوەی شەویش بوایە، لەتەک خۆیدا دەیبردە دەرەوە، بەناو ئەو دار و گوڵانەی ناو شەقامەکاندا دەیگەڕاند و پێکەوە هەوایەکی پڕلەئارامیان هەڵئەمژی، لەوەتەی ڕایمۆن ئەو کارانەی پێ سپاردووە بە تەواوی درۆسیا ی بەستەزمانی فەرامۆش کردووە.

ماوەیەکی زۆرە ئارۆنم نەبینیوە ، ئەو بەردەوام سەرقاڵە بە کارەکانیەوە، ئەستەمە بتوانم لەناو تاقیگەکاندا کاتێکی گونجاو بدۆزمەوە. ئەمشەو گەشتیارێکی زۆر بەناو شەقام و کۆڵانەکاندا بڵاوەیان کردووە. کەسیان ئارەزووی ڕۆشتنەوەی ناوئەپارتمانەکان ناکەن، بەتایبەت ئەم ماوەیە ئوتومبێلەکان بە گەشتیارەکان ڕاناگەن، زۆر بە ئاستەم، ئۆتۆمبێلێکم دەست دەکەوێت و هەر چۆنێک بێت جێگەیەک لە بەینی دە گەشتیاردا بۆ

خۆم دەکەمەوە. ئۆتومبێلەکە چوارکەس دەگرێ، بە منەوە ژمارەکان شەش کەس بوو، زۆر بەهێواشی ڕێ دەکات. ماوەیەکی زۆری خایاند تا گەیشتمە نزیک ماڵی ئارۆن، دابەزیم و بە پیادە خۆم گەیاندە ماڵیان، درۆسیا بەتەنێ لەماڵەوە بوو ئەو ئەلبوومانەی بەدەستەوە بوو، کە ڕۆژانە لە دیمەنەکانی ناو وێنەکانی دەڕوانی، لەبەر خۆیەوە لەگەڵ وێنەکاندا دەپەیڤێت:

«ئەوە وێنەی ئەو کوڕەیە کە زۆر زیرەک بوو، بەردەوام لە وانەکانیدا نمرەی تەواوی بەدەست دەهێنا».

تاوێکی تر لاپەڕەی ئەلبوومەکە هەڵ ئەداتەوەو کەمێک لە وێنەیەکی تر ورد ئەبێتەوە، دەڵێت:

«ئەوە ‹جاک›ە. بەخوا زۆر بزێو بوو، بەڵام زۆرم خۆش دەویست، هەرچییەکم پێ گوتبا بەقسەی دەکردم».

مەبەستم نەبوو لەو خەیاڵە خۆشەی بەئاگای بێنمەوە، بەڵام هەواڵی ئارۆن بۆ من زۆر مەبەست بوو، بەناچاری کەمێک لێی نزیک بوومەوە، ئەو هەر لە وێنەکان دەڕوانێ.. بێئەوەی ئاگای لە هاتنەژوورەوەم بێت، بەهێمنی نەرمە کۆکەیەک دەکەم و ئەویش بێئەوەی سەری بڵندکا لەبەر خۆیەوە دەپەیڤێت:

«ئارۆن.. ئەوە بۆچی ئەوەندە درەنگ دێیتەوە؟».

ئەو قسەیەی، هەستی بەتەواوی بزواندم، هەستی تەنیایی ئەو ژنە داماوەی هەموو ژیانی لە پێناوی ئارۆندا دانا، کەچی ئەو، بێباکانە لە پێناو ڕایمۆندا فەرامۆشی کردووە، بەدەنگێکی نەرم دواندم:

«خاتوو درۆسیا.. ئەوە منم ئاریا».

کە گوێبستی ناوەکەم بوو، خێرا سەری بڵند کردەوە و وتی:

«ئاریا کوڕەکەم.. ئەوە تۆی؟! ئەی بۆچی قسە ناکەی! وەرە لامەوە دانیشە، سەیری ئەو وێنانە بکە، بزانم کەسیان دەناسیت؟!».

لەوەتەی بە ئارۆن و درۆسیا ئاشنا بووم، هەر کاتێک کە سەردانم دەکردن، درۆسیا هەموو وێنەی قوتابییەکانی نیشان دابووم، هیچیانم نەئەناسی کە ئەو باسی دەکردن. هەموو کاتێک بەو شێوەیە بانگی دەکردم و ئەلبوومەکەی لەنێو چەکمەجەی ژووری نووستنەکەی دەردەهێنا و باسی وێنەکانی ناوی بۆ دەکردم. بۆئەوەی درۆسیا هەست بە دڵتەنگی نەکات، بەناچاری دەچوومە تەکیەوە. ئارۆن بەم کارەی، زۆر جاڕس دەبوو، دەیگوت:

«درۆسیا.. ئەو کوڕە بۆ ئەوە نەهاتووە، ئەو کاری تایبەتی هەیە.. دەبێت زوو بڕوات».

ئیتر بە ڕوویەکی گرژەوە وەک منداڵێک ئەلبوومەکەی دەخستەوە بن هەنگڵی و بە دڵشکاوییەوە بەرەو ژووری نووستنەکە دەڕۆیشتەوە. درۆسیا سەرقاڵی هەڵدانی لاپەڕەکانی ئەلبومەکەیە، بەهێمنی پێی دەڵێم:

«ئەوە، بەڕێز ئارۆن، کەی دێتەوە؟»

ئەویش بە ڕوویەکی گرژەوە وەڵامم ئەداتەوە:

«کوڕم.. نازانم. ئەو بە کەیفی خۆی دێتەوە.. زۆر جار تا بەرەبەیان چاوەڕوانی دەبم، بەڵام هەر نایەتەوە». چاوەکانی پڕ ئاو دەبن، فرمێسکەکانی بە ڕوومەتە چرچەکانیدا دێنە خوارەوە. «جاران زوو زوو دەیبردمە دەرەوە، بەڵام ئێستا نامبات، دەڵێت با نەبیتە گاڵتەجاڕی گەشتیارەکان».

وەک منداڵێک کە ورک بۆ شتێک بگرێ، دەستە لەرزۆکەکانی دەخاتە سەر چاوەکانی و هەنسک ئەدا. ئەو دیمەنەی هەموو

هەستی بزواندم، خۆم پێ ناگیرێ، ئەگەر ئێستا ئارۆن خۆی لێرە بوایە هەرچی نەشێ پێم دەکرد، پێی دەڵێم:

«هەی بێ وەفا.. ئەی ناپیاو.. تۆ چۆن دەتوانیت هەر وا بە ئاسانی ئەو ژنە داماوە بە تەنێ لەماڵەوە جێ بهێڵیت؟! تۆی خوێڕی.. بۆئەوەی خۆت لەبەر دەم ئەو ڕایمۆنە خۆشەویست بکەیت، کە بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە سەرزەنشتت ئەکرد، ئێستا درۆسیات کردووەتە قوربانی.. ئەو ژنە داماوەت بۆچی وا سەرگەردان کردووە هەی ناپیاو؟!».

ئەگەر بتوانم لەوەش خراپتری پێ دەڵێم، بەڵام چی بکەم! خۆ ناتوانم هیچ شتێک لە بەرامبەریدا بکەم. بیر دەکەمەوە چۆن ڕەفتار بکەم! درۆسیا بەردەوام هەنسک ئەدا، جەستە ڕەقوتەقەکەی کە بە داهۆڵێک دەچوو کە بە دەم باوە دەجووڵێت. بە دەنگێکی خەمگینەوە دەڵێم:

«با پێکەوە کەمێک بەناو گومەزەکەدا بگەڕێین، زۆر خۆشە، گەشتیارێکی زۆری لێیە، لەوانەیە کەسێکیان بناسیت..».

کە گوبیستی ئەوە دەبێت، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، بەپەلە ئەلبومەکەی دەباتە ناو چەکمەجەی نووستنەکەیەوە. ئەو سۆڵانەی کە لە هاتنی لە زەوییەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی، بەپەلە لەپێی دەکا و بەهەمان ئەو کراسە سپییەکەی کە بۆخەوتنیش نایگۆڕێ، دێتە بەردەم دەرگاکە:

«دەی با بڕۆین.. تا زوو بێینەوە.. نەوەک ئارۆن بێتەوە و بەدوومدا بگەڕێ».

تەنیایی تەنگی بە درۆسیا هەڵچنیوە، زۆرجار لە چاوەڕوانی ئارۆندا، ناچار دەبێت لەنێو دەرگای ئەپارتمانەکەدا ماوەیەکی

زۆر دابنیشێت، کاتێک درۆسیا ئەو گەشتیارانە دەبینێ کە بە بەردەمیدا تێدەپەڕنو سڵاوی لێ دەکەن، بێئەوەی گەشتیارەکان بە خۆیان بزانن، کۆڵان بەکۆڵان دوایان دەکەوت. بەهۆی ئەو لەبیر چوونەوەیەی کە تووشی هاتووە، نەیدەتوانی ئەپارتمانەکەی خۆی بدۆزێتەوە، بەتەنێ بەناو کۆڵان و شەقامەکاندا وەک شێت ئەسوڕایەوە، خۆی دەکرد بەناو باڕ و یانە شەوانەکاندا. دەستی بۆ ئەو پێکانەی بەردەمی گەشتیارە کان دەبرد کە ئامادەیان کردبوو بۆ خواردنەوە، ئەوانیش بە سەرسوڕمانەوە لێیان دەڕوانی. هەندێک لەو گەشتیارانەی کە ماوەیەکی زۆر لەسەر مانگ مابوونەوە درۆسیایان دەناسی. ئەو کارەیان بە ئاسایی وەردەگرت، وەک کەسێکی شێت حسێبیان بۆ کردبوو، ئەگەر لەبەر دەم کەسێکی نەناسراودا ئەو کارەی کردبا و لێی توڕە بوونایە، ئەوانەی دەیانناسی پێیان دەگووت:

«لێ گەڕێ.. داماوە، تەواو نییە، پارەی پێ نییە بخواتەوە».

زۆرجاران خۆی دەکرد بەناو دوکانی خواردەمەنییەکانیشدا و بێئەوەی هیچ پارەی پێ بێت داوای ئەو خواردنانەی دەکرد کە حەزی پێیان بوو. ڕۆبۆتەکانیش درۆسیا دەناسن، بە خێرایی داواکەیان جێبەجێ دەکرد. ئەو شەوانە ئەگەر ئارۆن نەهاتایەتە ماڵەوە، تابەیانی بەناو گومەزەکەدا دەسوڕایەوە. زۆرجار لەسەر لێواری شەقامەکان، یان لەنێو ئەو گوڵانەی لە نێوان دوو سایدی شەقامەکاندا ڕوابوون، دەنووست. کە ئارۆن ئەهاتەوە، ئەیزانی لەناو گومەزەکەدا ئەسوڕێتەوە، لە ڕێگەی ئامێری پەیوەندیی گوێکانیەوە داوای لە ڕۆبۆتەکان دەکرد بە شوێنیدا بگەڕێن بیهێننەوە.

لەبیرمە کە یەکەم جار بوو درۆسیا بەهۆی تەنیایەوە لەماڵ چووبووە دەرەوە، کاتێک ئارۆن دێتەوە، دەبینێت لە ماڵ نییە، هەموو گومەزەکە بە دوایدا تەی ئەکا. هەموو ڕۆبۆتەکان ئاگادار ئەکاتەوە بۆئەوەی هەواڵێکی بزانن، ئەو شەوە شوێن نامێنێت نەگەڕێن، ڕۆبۆتەکان بەناو هەرچی جادە و کۆڵان و کون و قوژبن و دوکان و یانەکان و قاوەخانەکانی ناو ئەو گومەزە هەیە دەگەڕێن و هەر نایدۆزنەوە. ئارۆن بەناچاری داوا لە ڕایمۆن دەکا هاوکاری بکا لە دۆزینەوەی. ڕایمۆن بڕیاری ئەوە بە ڕۆبۆتەکان ئەدا، لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکانەوە بڵندگۆکان بخەنە کارو جاڕ بدەن بۆ ئەوەی هەر کەسێک کە درۆسیای بینیوە، ئاگاداریان بکاتەوە. ڕۆبۆتەکان بەناو شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکەدا جاڕ ئەدەن، هاوار ئەکەن:

«درۆسیا ژنێکی پیرە.. تەمەنی شەست و سێ ساڵە.. خێزانی بەڕێز پڕۆفیسۆر ئارۆنە.. بالای مام ناوەندە کراسێکی سپی لەبەردایە، پرچەکانی تەواو سپی بووە، هەر کەسێک زانیاری لەبارەوە هەیە پەیوەندیمان پێوە بکا».

ماوەیەک بەو شێوەیە بەناو گومەزەکەدا ئەسوڕێنەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت، چەند گەشتیارێکی ژن لە ئەپارتمانێکی نزیک سەکۆی گومەزەکەوە دەهێننە دەرەوە و ڕۆبۆتەکان ئاگادار دەکەنەوە، ئیتر ڕۆبۆتەکان دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە، ئارۆن بۆ یەکەمین جار دەبێت کە لە ژیانیدا لە درۆسیا توورە بێت. بەو هۆیەوە درۆسیا ماوەیەک ڕوو بە ئارۆن نادات تەواو گۆشەگیر دەبێت و خواردنی لە ڕۆژانی تر کەمتر دەبێتەوە.

بە بینینی ئەو گەشتیارە زۆرەی ناو شەقامەکان هەستێکی نامۆ

لە دەموچاویدا دەبینم، بەدەم ڕێوە لە هەموو لایەکی شەقامەکە دەڕوانێ. تاوناتاوێک سەری بۆ دارتەلەکانی نێوان شەقامەکان بڵند دەکاتەوە. چاوی بەناو ئەو دوکان و بازاڕانەدا ئەگێڕێت کە نمایشی کاڵاکانیان لە بەردەم دوکانەکاندا کردووە، سۆڵەکانی پێی بەدەم ڕۆیشتنەوە لە زبری شەقامەکە دەخشێنێت. درۆسیا، وەک منداڵێک ڕەفتار دەکات، کە یەکەم جاری بێت بەناو بازاڕدا بگەڕێت. ئەو ڕەفتارانەی درۆسیا بووەتە جێگەی سەرنجی زۆری گەشتیارەکان. هەندێکیان بە خەندەوە لە ڕەفتارە منداڵ ئاساکەی دەڕوانن. درۆسیا پەلی ڕاستم بۆ خۆی کێش دەکات و دەڵێت:

«وەرە با بچینە ئەو دوکانی شیرینییە، کەمێک دانیشین».

ئارەزووی خواردنی شیرینی ناکەم، بەڵام لەبەر دڵی ئەو، خۆمی بۆ شل دەکەم، پێکەوە دەچینە ئەو دوکانەی کە چەندین شیرینی و ساردەمەنی هەمەجۆری هەیە، هەر کە پێمان دەخەینە ناو دەرگای دوکانەکەوە دەست بۆ ئەو شیرینییە درێژ دەکات کە بەردەوام ئارەزووی لێی هەیە. ئەو شەوە تا درەنگانێک لەگەڵ درۆسیا پێکەوە بەناو هەموو گومەزەکەدا دەگەڕێن، تەواو شەکەت بووم، بنی پێیەکانم ژان دەکات، زۆر بە زەحمەت دەتوانم ڕێ بکەم. ئەو هەست بە ماندووبوون ناکات، بەدەست ئەو بێت تا بەیانی پێکەوە بەناو گومەزەکەدا بسوڕێینەوە، ماندوێتی زۆرم بۆ دەهێنێت و دواجار پێی دەڵێم:

«با بتبەمەوە بۆ ماڵەوە نەوەک بەڕێز ئارۆن هاتبێتەوە و چاوەڕێت بکا، ئەگەر نەڕۆیتەوە لەوانەیە لێت نیگەران بێت»

کە باسی ئارۆنم کرد، بەپەلە دەکەوێتە خۆی، هەنگاوەکانی خێراتر دەکات، کاتێک دەگەڕێینەوە ماڵەوە کاتژمێر دووی بەیانییە.

مەراقی ئارۆن دەکەم، دەمەوێت ببینم و هەواڵی تاقیکردنەوەکانی راجای لێ بپرسم، کاتێک دەچینە ماڵەوە، هێشتا نەگەڕاوەتەوە. پرسیاری ئەوە لە درۆسیا دەکەم ئاخۆ ئارۆن هەموو شەوێک ئاوا درەنگ دێتەوە! ئەویش بە هەستێکی پڕ لە بێزاریەوە وەڵامم ئەداتەوە کە تا ئێستاش لەگەڵ لیژنەی گومەزەکە لە کۆبوونەوەدایە، باس لەوە دەکەن چۆن و بە چ شێوازێک ئاهەنگی ڕێزلێنان بۆ کریستینا و راجا ڕێک بخەن. هەست بە نائارامیی خۆم دەکەم و پەستانی خوێنم بەرز دەبێتەوە و دڵم خێرا لێئەدات.

درۆسیا بەجێ دەهێڵم و بە ترسێکەوە بەرەو ئەپارتمانەکەم دەڕۆمـەوە. جنیفەر وەک عادەتێکی هەمیشەیی بەخێرهاتنەوەم دەکات و قاوەیەک لەسەر مێزی بالکۆنەکە ئامادە دەکات، دڵم گیراوە، ئـارەزووی هیچ ناکەم. مێشکم تـەواو جەنجاڵ بووە، پرسیارگەلێکی بێ-وەڵام بە مێشکمدا دێن و دەچن و خەو لە چاوەکانم ناکەوێ و تا سپێدە بیر لە ئارۆن و راجا دەکەمەوە، پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم «تۆبلێی راجا شەپۆلەکانی مێشکی دۆزیبێتەوە! ئەگەرنا، بۆچی لەگەڵ ئارۆن و کریستینا بەم درەنگانە سەرقاڵی ڕێکخستنی ئاهەنگن؟! ئەگەر وا بێت چی ڕوودەدات؟ بۆ خۆیشم نازانم چۆن گومانەکانم هەڵسەنگێنم و بیری خۆم ئارام بکەمەوە! بەو دۆخەوە چاوەڕێی ڕووداوەکان دەکەم.

وێنای ئەو ساتـەدەکەم، ئـەو شـەوە تا نزیکی دەمەوبەیان قسە دەکەن و تاووتوێی بابەتی ڕێزلێنانەکانیان دەکەن، دواجار کریستینا بڕیاری ئەوە ئەدا کە لەگەڵ ئاهەنگی ڕێزلێناندا نییە، بەڵکو ئەوە نەبێت ئەو بڕوانامەیەی کە پێی دەبەخشرێ بە ئامادەبوونی هەموو دەستەی گومەزەکە، پێشکەشیان بکرێ، لەوە زیاتر هیچی

تر ناخوازێت، بەڵام ڕاجا لەگەڵ بۆچوونەکانی کریستینادا نییە و وای بە گونجاو دەزانێ کە لە ئاهەنگێکی شایستەدا ئەو کارە بکرێ، بەڵام تێهەڵقورتانی ڕایمۆن لە باسەکە، ڕاجا بەوە قایل دەکا کە ئاشکرابوونی داهێنانەکانی راجا کاریگەرییەکی باشی نابێت لەسەر گومەزەکە. بۆیە پێویستە ئەو کارانەی راجا بۆ ماوەیەکی دوور بە نهێنی بمێنێتەوە، هەموو ئەندامانی گومەزەکە بە ئارۆنیشەوە پشتگیری قسەکانی ڕایمۆن دەکەن ، ئیتر راجا بۆ دواجار لەسەر ئەو بابەتە نادوێتەوە.

بە بیستنی هەواڵی دۆزینەوەکانی کریستینا و راجا، دڵم ئارام دەبێتەوە، داهێنانەکانی کریستینا گرنگ بوون، بە تەواوی لە بوارەکەی خۆیدا کاری کردبوو، ئەو توانیبووی لە ڕێگەی گۆڕانکاری بۆهێڵەکانەوە چارەسەری بنەڕەتیی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە بەگشتی بکا، ئەویش بە وەرگرتنی چەند خانەیەکی شێرپەنجە لە جەستەی نەخۆشەکان و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی ناتەندروستی ئەو خانانەو ئەرکی بنەڕەتییان کە لە سروشتدا چۆن بووە، گەڕانەوەیان بۆ هەمان شێوازی پێشتریان لەو بەشەی جەستەدا. کریستینا خانەکانی لە جەستەی ئەو نەخۆشانە دەرهێنابوو کە هاتبوونە گومەزەکە و نەخۆشیی شێرپەنجەیان هەبوو، لە چاوەڕوانی مردندا بوون و بۆ دواجار سەردانی مانگیان کردبوو، بەردەوام لە کاتی هاتنی گەشتیارەکاندا لەو پەڕاوانەی دەکۆڵییەوە کە گەشتیارەکان پێش هاتنیان بۆ گومەزەکە لەسەر زەوی لە لایەن لیژنەکانی پزیشکانی گەشتی مانگەوە تۆمار کرابوون. ئەو پەڕاوانە زانیاری تەواوی گەشتیارەکانی تێدا بوو، لە ڕووی جەستەیی

و دەروونییەوە، تەنانەت لیژنەکان پرسیاریان لە بارەی باری دارایی لە گەشتیارەکان دەکرد، ئەگەر کەسێک لە گەشتیارەکان نەخۆشییەکی شێرپەنجەی هەبوایە، لەکاتی هاتنە ناوەوەی بۆ گومەزەکە، لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانەوە بانگهێشتی نەخۆشخانەکەی دەکرد و دەکەوتە پرسیار دەربارەی نەخۆشیەکەی.

کریستینا زۆر بەئاسانی دەیتوانی دڵی نەخۆشەکان بە تاقیکردنەوەکانی قایل بکا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشانە زۆریان وەک دوادیداری ژیان هاتبوونە سەر مانگ. هەر بۆیە بێ یەک و دوو بەو کارەی کریستینا قایل دەبوون، هەندێکیان دەیانگوت:

«ئەمە قەدەرە، دەشێت ئەو کارە ببێتە شیفایەک بۆم».

کریستینا توانی بەو کارەی ببێتە شیفا بۆ زۆرێک لەو نەخۆشانەی چانسیان هێنابوونیە گومەزەکەوە. لەو ماوەیەدا چەند نەخۆشێکی شێرپەنجەی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانییەوە چارەسەر کردبوو، توانیبووی هیوای ژیانیان پێ بداتەوە، ڕایمۆن بەو کارەی کریستینا تەواو خۆشحاڵە، کاتێک چاوی بە کریستینا بکەوتایە لەهەر شوێنێکی ناوگومەزەکە بوایە لە دوورەوە باوەشێکی بۆ دەگرتەوە و بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە لێوەکانی ماچ دەکرد.

داهێنانەکەی راجا زۆر گرنگ بوو، ئەوەی وای لە ڕایمۆن کرد ئەو کارەی راجا بە نهێنی بهێڵێتەوە، خەونە نهێنییەکانی بوو. ئەوەی ئەو دەیویست، مەبەستی نەبوو هەسارەی زەوی لەو کارانە ئاگادار بن. تاقیکردنەوەکانی راجا لەسەر ئاژەڵی سەگ و پشیلە بوون، راجا توانیبووی لە ڕێگەی گۆڕانکاری جیناتەکانەوە

و پاشان چاندنی شێوازی پێکهاتەیەکی نوێ لە ئاژەڵەکاندا بکا، ئەو پیاوێکی زۆر بلیمەتە، هەرچەندە وەک کلارک بە ئەزموون نییە لە نهێنیی پێکهاتەی بۆهێلەکان، بەلام کاتێک دێتە سەر مانگ و ڕایمۆن، هەندێک لە بۆچوونەکانی کلارک لە بارەی گۆڕانکاری زیندەوەران لە ڕێگەی بۆهێلەکانەوە دەخاتە بەر دەمی راجا. ئیتر ئەو بۆچوونانەی کلارک دەخاتە بواری تاقیکردنەوەکانیەوە.

راجا توانیبووی ئەو بەشەی لە بۆهێلی باڵندەکاندا تایبەتن بە شێوەی باڵەکانیان، لەناو بۆهێڵەکانی سەگ و پشیلەدا جێگیری بکات و گۆڕانکاریان تێدا بکا، ئەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی باڵ بۆ سەگ و پشیلەکان دروست بکات. سەرەتا هیچ کەسێک متمانەی بە کارەکەی نەبوو. کاتێک هێلکەکان دەپیتێنێت و دەیانخاتە ناو لەشی سەگ و پشیلەکانەوە، تەنانەت ئارۆن ئەو کارەی راجای بە سەرکێشییەکی شێتانە دەبینی. راجا بەردەوام چاودێری گەشەی کۆرپەلەکانی دەکرد، ڕۆژانە چەند جارێک دەچووە لایان و یاری لەگەڵ دەکردن، داوای لە ڕۆبۆتەکان کردبوو، هەموو ڕۆژێک لە کاتی خۆیدا ژەمە خۆراکە تایبەتەکانیان بۆ ئامادە بکەن. هەموو هیوا و خەونەکانی بەو دوو ئاژەڵەوە بەند کردبوو، لەو ماوەیەدا ڕایمۆن چەند جارێک سەردانی سەگ و پشیلە کانی راجای کردبوو، بەردەوام هەواڵیانی دەپرسی، لە ڕایمۆن بەولاوە هیچ کەسێکی تر متمانەی بەوە نەبوو راجا بتوانێت لەو تاقیکرنەوەیەدا سەرکەوتووبێت. زۆر جار ئەندامەکانی گومەزەکە کە راجایان لەلای سەگ و پشیلەکە دەبینی پێکەنینیان پێ دەهات، جارێکیان یەکێک لە تەکنیکارەکانی ناو گومەزەکە راجا دەبینێت و پێی دەڵێت: «ئەوەندەی بەو خەیاڵانەوە خۆت ماندوو دەکەیت، بیرێک لە

زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسجینی ناو گومەزەکە بکەیتەوە باشتر نییە؟!».

راجا گوێی بە هیچ توانج و پلارێکی ئەوان نەئەدا، کاتێک ئەوان لەو بارەیەوە قسەیان لەگەڵ دەکرد بە زەردەیەکەوە لێی دەڕوانین و دەیگوت:

«ئێوە سەرقاڵی کاری خۆتان بن، تا ئەو ڕۆژەی بە چاوی خۆتان خەونەکان دەبینن».

ماوەیەکی زۆر تێپەڕی تا کۆرپەلەکانی ناو سکی سەگ و پشیلەکە گەشەی تەواویان کرد، کات هاتە سەر ئەوەی کۆرپەلەکان تەواو گەورە بوون. کاتی ئەوەیان هاتبوو لەدایک بن، ئەو ڕۆژە راجا دوای ئەوەی پشکنینی تەواو بۆ سەگ و پشیلەکە و کۆرپەکانیان دەکات، بە پەلە پەیوەندی بە کریستیناوە دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نەشتەرگەریەوە بەچکەکان دەربێنیت، کریستینا بۆ شەوەکەی ئاژەڵەکان دەباتە نەخۆشخانەکەی خۆی و ڕایمۆن لەو کارەی ئاگادار ئەکاتەوە، ئەوشەوە بێئەوەی هیچ کەسێک بزانێت، بێچووەکان لەناو سکی ئاژەڵەکان بە زیندوویی و بە دووباڵی داپۆشراو بە پەڕ، دەردەهێنرێنە دەرەوە، بێچووەکان جەستەیان لە ناو خوێن لینجیدا نغرۆ بوون، کاتێک ڕایمۆن و کریستینا بێچووەکان بە باڵەکانیانەوە دەبینن، بە تەواوی سەراسیمە دەبن، بە چاوەکانی خۆیان باوەڕ بەوە ناکەن کە راجا توانیبێتی ئەو کارە بکا. هەر ئەو شەوە ڕایمۆن سەگ و پشیلەکە لەگەڵ بێچووەکانیان دەباتە ناو ئەپارتمانەکەی خۆی و لە ژوورێکی تایبەتدا جێگەیەکی شیاویان بۆ دابین ئەکات،

ڕایمۆن و کریستینا هەموو ڕۆژێک بەردەوام سەردانیان دەکردن، وەک دوو منداڵی ساوا سەرپەریشتیان دەکردن، ڕایمۆن فەرمانی بە ڕۆبۆتەکانی ناو ئەپارتمانەکەی خۆی کردبوو، جگە لە کریستیناو راجا ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدەن لێیان نزیک بکەونەوە و هەستیان پێ بکەن. ئەو ماوەیە کارە کانی راجا بە نهێنی مایەوە تا ئەو کاتەی بێچووەکان تەواو گەورە بوون و باڵەکانیان هێندەی درێژی جەستەیان دەکشێت، پەڕی باڵە کانیان بە هێندەی کلکەکانیان درێژبوون. راجا دەزانیت ئیتر سەگ و پشیلەکان جەستەیان تەواو کامڵ بووە، بە ڕایمۆن دەڵێت:

«سەرۆک، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە ناو گومەزەکەدا پەراوەیەک بە باڵەکانیان بکەین».

ڕایمۆن کەمێک بیر دەکاتەوە، لە ژێر چاویلکە سیحراویەکەیەوە لە راجا دەڕوانێت، پاش کەمێک دەڵێت:

«راجا بڕوا ناکەم ئەمانە بەو جەستە قورسەیانەوە بتوانن بفڕن».

راجا بە هەستێکی تەواو متمانەبەخۆبوونەوە دەڵێت:

«گەورە م جوان سەیریان بکە، بزانە چلۆن یاری بە باڵەکانیان دەکەن و باڵەفرتێ دەکەن، ئەوە بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە هەست بە بوونی باڵەکانی خۆیان دەکەن، کاتێک نەخشەی باڵەکانم لە ناو بۆهێڵی بازەکەدا دەرهێنا، دڵنیا بووم لەوەی ئەو نەخشەی بۆهێڵانە هەموو زانیارییە بۆماوەییەکانی ‹فڕین›ی تێدایە، ئەگەر وا نەبێت، ناتوانن یاری بە باڵەکانی خۆیان بکەن».

ئەو قسانەی راجا بە تەواوی کار لە بیری ڕایمۆن  دەکات،

ڕایمۆن بیر لەوە دەکاتەوە چۆن ئەو ئاژەڵە نامۆیانە لە ناو گومەزەکەدا بەرەڵا بکا.. بە راجا دەڵێت:

«من نامەوێت جگە لە ئەندامانی ناو گومەزەکە هیچ کەسێک لە گەشتیارەکان بەم کارە بزانێت».

راجا بۆئەوەی داواکەی جێی خۆی بگرێ، پلانێک دەخاتە بیری ڕایمۆنەوە دەڵێت:

«ئیمە دەتوانین لە کاتێکدا ئەو کارە بکەین ڕێگە لە گەشتیارەکان بگرین ئەو ماوەیە نەیەنە دەرەوە».

ڕایمۆن ئەو بۆچوونەی راجا بە شیاو نازانێت. هەر بۆیە بیر لە ڕێگایەکی تر دەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لە توانای فڕینی ئاژەڵەکان. ڕایمۆن هەست دەکات راجا حەزێکی خۆدەرخستن و گەورەبوون لە ناخیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەو خەونەی راجا بیری لێ دەکاتەوە، دەبێتە لەباربردنی خەونەکانی ڕایمۆن، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە یەکێک لەو چوار گومەزانەی کە لە دەرەوەی گومەزە گەورەکە تەواو بوون بەکار بهێنێت، بەڵام ئەو گومەزانە هێشتا گازی ئۆکسجینی تیادا نییە. ئەستەمە بوونەوەرەکان بە مرۆڤیشەوە بتوانێت ژیانی تیا بگوزەرێنێت.

ڕایمۆن داوا لە ئارۆن دەکات بەزووترین کات یەکێک لە گومەزەکان ئامادە بکا، ئارۆن دەزانێت راجا لە تاقیکردنەوەی گۆڕانکاری جینەکاندا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بە ئەنقەست خۆی لەگێلی ئەدا و بەهیچ کلوجێک ئەو باسەی لای راجا و ڕایمۆن ناکاتەوە. تەنانەت کاتێک ڕایمۆن داوای ئەوەی لێ دەکا یەکێک لە گومەزەکان پڕگازی ئۆکسجین بکا، زۆر بە سادەییەوە

بێئەوەی هیچ بڵێت فەرمان بە ڕۆبۆتەکان دەکات لە ماوەی ڕۆژێکدا لە ڕێگەی ئەو ئامێرانەوە کە گازی ئۆکسجین بەرهەم دەهێنن بڕێکی گونجاو لەگەڵ گازی نایترۆجین و چەند گازێکی تر لەناو گومەزەکەدا بڵاو بکەنەوە. ئارۆن لە ئامێری پێوەری بڕی گازەکانی ناو گومەزەکەی دەڕوانێ کە ڕەنگێکی سەوزیان ئەنواند، ڕەنگی سەوز لە نیشاندەری ئامێری پێوەری گازەکاندا نیشانەی بوونی هەوایەکی گونجاوە بۆژیان. ئارۆن لەڕێگەی ئامێری پەیوەندییەکانەوە بە ڕایمۆن دەڵێت:

« بەڕێز سەرۆک.. گومەزەکە ئامادەیە بۆ ژیان».

ڕایمۆن بەپەلە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەیەوە خۆی دەگەیەنێتە گومەزەکە، لەناو ئەو گومەزەی کە تەنیا لە خۆڵ و خاشاکی عەردی مانگ و ئەو پارچە شوشانەی لە دوای دروستکردنی سەقفی گومەزەکەوە جێمابوو، هیچ شتێکی تری تیا نییە، ئەو گومەزە تەواو لە بیابانێکی وشک ئەچێت، تا چاو بڕی بکردبایە بەدرێژایی ناو گومەزەکە لە خۆڵ و خاشاک زیاتر هیچی تری لێ نەبوو. ڕایمۆن لە ڕێگەی ئامێری گوێکانیەوە دەپەیڤێت:

«ئاگاداری بۆ هەموو ئەندامان، هەر ئێستا وەرنە گومەزی ژمارە یەک لە دەرەوە، بۆئەوەی نمایشی فڕینی ئاژەڵەکان ببینن».

پاشان لە ڕێگەی هەمان ئامێرەوە داوا لە ڕاجا دەکات:

«هەر ئێستا ئاژەڵەکان لەگەڵ خۆتدا بهێنە بۆ گومەزی ژمارە یەک».

راجا لە ماوەی پانزە خولەکێکدا بە ئوتۆمبێلێکەوە خۆی دەکات بەناو گومەزەکەدا، بە دوایدا کریستینا و پاشان یەکەیەکە ئەندامەکانی گومەزەکە بە پەلەکروزێ خۆیان دەکەن بەناو ناوگومەزەکەدا. ئەلینا دەبینم  بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتەوە لە دوای هەموویانەوە دائەبەزێت و دێتە نزیکمەوە، بە لێوە ئەستوورەکانی خەندەیەکی پڕ لە خۆشەویستیم بۆ دەکات. ڕایمۆن بە چاوە بچکۆلەکانی ئیشارەتێک بۆ راجا دەکات، ئاژەڵەکان ئازاد بکا. ئەویش بە پڕتاو دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی دەکاتەوە و سەگ و پشیلەکان بە دەستە ڕەش هەڵگەڕاوەکانی دەردەهێنێت و لە بەردەمی هەموویاندا بەرەڵایان دەکا.

ئاژەڵەکان وەکئەوەی هەست بە نامۆیی ئەو جێگەیە بکەن بێئەوەی جووڵە بکەن لە جێگەی خۆیان، وەک چۆن راجا دابینابوون ئاوا مانەوە. راجا کەمێک لێیان نزیکتر دەبێتەوە، بەهەموو هێزی چەپڵەیەک لە نزیکیانەوە لێ ئەدا، سەگ و پشیلەی تاین لەهیکڕا بەرەو ناوەڕاستی گومەزەکە هەڵدێن، ئەوەندە نابات پشیلەکە دەست بە باڵە فڕین دەکات و بەدەم ڕاکردنەوە باڵەکانی بە هەردوولای خۆیدا بڵاو دەکاتەوە و هێدی هێدی قاچەکانی لە عەرد بەرزدەبێتەوە و لە شەقەی باڵ ئەدا. بەدوایدا سەگەکەش خۆی دەگەیەنێتە ئاسمان و هەردوکیان وەک دوو باڵداری بە ئەزموون لە ئاسمانی گومەزەکەدا ئەسووڕانەوە. باڵە کانیان دوو هێندەی جەستەی خۆیان  بڵاو کردووەتەوە و کلکیان لە دواوە وەک دارێکی ڕێک درێژکردووە. تادێت خێراتر

دەفڕن و ئەزموونی زیاتری فڕین فێردەبن، هێندە بڵند بوونەتەوە ئەوەندەی نەماوە بگەنە سەقفی گومەزەکە.

هەموو ئەوانەی لەوێدان، چاوەکانیان لەسەر ئەو دوو ئاژەڵە نامۆکەیە کە بە ئاسمانی گومەزەکەدا ئەسووڕێنەوە، سەریان بۆ ئاسمان بڵند کردووەتەوە و دەمیان داچەقاندووە، کەس ئاگای لەوەی تەنیشتی خۆی نەماوە. ڕایمۆن چاوە بچکۆلەکانی دوو هێندە گەورەتر بوون، لەگەڵ سوڕانەوەی ئاژەڵەکاندا سەری ئەسوڕێنێت بۆ ئەوەی لە سەیرکردنی ئەو دیمەنە نامۆیە چاوەکانی ون نەبێت. کەس ورتەی لێوە نایەت، وا هەست دەکەم گومەزەکە کەسی تیا نییە جگە لەو دوو باڵدارە نەبێت کە بە ئاسمانەکەیدا دەفڕن و لە دوورەوە دەنگی وەڕینی سەگەکە دەبیستم، لەوە ئەچێت بەو فڕینە زۆر خۆشحاڵ بێت. لەگەڵ باڵەفڕێدا زیاتر دەوەڕی و گوڕی زیاتری بە باڵە گەورەکانی ئەدا.

ئارۆن دەستە باریکەکانی لە پشت سەری ناوە بۆ ئەوەی لەنگەری سەرە بچوکەکەی پێ ڕاگرێ. ڕایمۆن هەست بە ماندووبوون دەکات، سەرە بچکۆلەکەی دائەنەوێنێت و پێڵوەکانی دائەخات و لە جێگەی خۆی نابزوێ. دەستی بە چاوەکانیەوە گرتووە. ماوەیەک بەو شێوەیە دەمێنێتەوە پاشان سەری بڵند دەکاتەوە و لە ڕاجا نزیک دەبێتەوە. دەمی لە گوێچکە بچکۆلەکانی راجا نزیک دەکاتەوە:

«ئەو باڵانەش بۆ مرۆڤ دەچێنرێ؟!».

راجا هەردوو دەستەکانی پێکەوە دەنووسێنێ و دەیخاتە ژێر چەناگەیەوە بە سڵاوێکی هیندیانەوە دەڵێت:

«بەدڵنیاییەوە.. گەورەم، ئاسانە.. کارەکان بە هەمان شێوەی ئەو دوو ئاژەڵەیە».

ڕایمۆن سەری بۆ ئەملا و ئەولای خۆی ئەسووڕێنێ بۆ ئەوەی هیچ کەسێک ئاگای لێ نەبێت:

«مەبەستم ئەوەیە.. بۆ نموونە.. تەنیا پرسیار دەکەم.. بۆ نموونە ئاخۆ دەتوانیت ئەوە لە کەسێکی وەکو مندا بچێنیت؟! ها؟! شتی وا دەکرێ؟!».

راجا بە گومانێکەوە لە ڕایمۆن دەڕوانێ و چاوە ڕەشەکانی کەمێک بچوکتر دەبنەوە:

«ئەوەیان نازانم، بەڵام لەوانەیە ئەستەم نەبێت، بۆ ئەوەش دەبێت تاقیکردنەوە لەسەر مرۆڤێکی تەواو بکەم».

ڕایمۆن سەرێک بە ئەملا و ئەولای خۆیدا با ئەداتەوە و بە خەندەیەکەوە کە تەواو بۆنی ترسی لێ دێت:

«لەوانەیە ئەستەم نەبێت!».

هەرگیز ڕایمۆنم بەو شێوەیە نەبینیوە، لێی دەڕوانم و زیاتر بۆنی ترس دەکەم، سەری ئەلەقێنێ و دەستی دەخاتە سەر شانی راجا و چاوە پڕ نهێنییەکانی لەنێو چاوانی راجا گیر دەکا. بە دەنگێکی نزمی پڕ لە ترسێکی گەورەوە پێی دەڵێت:

«ئەوە گرنگ نییە، مرۆڤ زۆرە بۆ ئەو کارە، بەڵام دەبێت زۆر نهێنی بێت، نابێت هیچ کەسێک بەوە بزانێت، باشە راجا؟ من ئەوەت بۆ ئەکەم. ڕێکەوتین».

راجا بە دەموچاوێکی پڕ لە ترسەوە چاوەکانی بەردەوام لەسەر چاوە پڕ نهێنیەکانی ڕایمۆنە و بە خەندەیەکی پڕ گومانەوە:

«ڕێکەوتین گەورەم».

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە باس باسی فڕینی ئاژەڵەکانە، ئەندامانی ئەنجومەنەکە دوو دوو پێکەوە باسی وردەکاری و چۆنیەتی باڵی سەگ و پشیلەکانیان دەکرد، بەوە سەراسیمە بووبوون کە چۆن ئەو باڵانە دەیانتوانی بە ئاسانی ئەو جەستە قورسەی ئەو ئاژەڵانە بۆ ئاسمان  بڵند بکەنەوە.

ئەلینا بە بینینی ئەو دیمەنە، تەواو شاگەشکە بووە، ئەو ئێوارەیە لە گومەزەکەوە تا گەیشتینە ئەو قاوەخانەیەی بەردەوام جێگەی ژوانمان بوو، لەبەر خۆیەوە هەر ئەوە ئەڵێتەوە:

«ئێستاش بڕوا ناکەم وا ئەزانم خەون ئەبینم».

ئەلینا بەشی دەرمانسازیی تەواو کردووە. بەڵام ئەو کارەی راجا نەک بۆ ئەلینا، تەنانەت بۆ خۆیشم وەک خەونێکی منداڵی دێتە پێش چاوەکانم. ئەوەی راجا کردبووی، کارێکی کەم نییە. بەدەست خۆم نییە کە ئیرەیی پێ دەبەم. نازانم بۆچی بەو شێوەیە بیر دەکەمەوە! لە ناخمدا هەست بە بوونی ترسێک دەکەم! ترس لەوەی راجا بەهۆی تواناکانیەوە ڕۆژێک هەرەس بە خەونەکانم بهێنێ. ئەلینا بەردەوام باسی دەکات، دەمەوێت باسەکە بگۆڕم، بێئەوەی بە ویستی خۆم بێت بۆ خۆیشم نەمزانی چۆن لەو کاتەدا ئەوەم بە مێشکدا هات، ئەلینا هەر دوو دەستەکانی لەسەر مێزەکە داناوە، چاوە سەوزەکانی لەنێو چاوانم گیر کردووە، وەک ئەوەی چاوەڕوانم بێت لەمەڕ کارەکانی راجا بدوێم، دەستەکانی دەگرم و بە تاسەوە لەپی دەستەکانی بە ڕوومەتە ساردەکانمەوە دەنووسێنم، پاشان هەردوو بەری دەستەکانی

ڕادەموسم و چاوە کانم لە چاوانی دەنێم، بە هەستێکی پڕ لە عەشقەوە پێی دەڵێم:

«لەوانەیە بەم نزیکانە مژدەی سەرکەوتنت بدەمێ..».

بە بیستنی ئەو قسەیە چاوەکانی هێندەی تر گەورەتر دەنوێنن. خوێنی جەستەی ڕەنگی پێستە سپییەکەی تەواو سوور دەکات، لێوە ئەستورەکانی کەمێک لێک دەکاتەوە و بێئاگایانە ڕەفتار دەکا و دەڵێ:

«ها.. ها.. ها.. ئەوە بەڕاستە ئاریا؟! تۆ ئەوەت وت؟! وتت مژدەی سەرکەوتن؟! ها؟!».

بە هەستێکی خۆ بەگەورەزانی و بە دەنگێکی لەرزۆک و پڕگومانەوە دەڵێم:

«لەوانەیە، بەم نزیکانە.. ئیتر نازانم».

بۆ خۆیشم نەمزانی چۆن ئەوە بە مێشکمدا هات و لەو دەمە مردووەمەوە دەرپەڕی، هەست بە پەشیمانی دەکەم. بەڵام تازە کار لە کار ترازا، خۆ ناکرێ بڵێم تا ئێستا هیچم بە هیچ نەکردووە. دەنگێکی نادیار لە ناخمەوە دێت وەک ئەوەی کەسێک پێم بڵێت: ئاریا هێشتا زووە بۆ ئەوەی نهێنیی کارەکەت بدرکێنی. ئاگات لە خۆت بێت، عەشق خەونەکانت نەخنکێنێ!.

دەنگی ئەلینا بەئاگام دێنێتەوە:

«ئاریا ئەوە لە کوێی؟! ئەوە گوێت لە من نییە؟!».

بۆ ئەوەی گومانەکەی دەروونم بشارمەوە، بە پێکەنینێکەوە دەڵێم:

«لێرەم گیانەکەم، مەبەستم ئەوەیە دڵنیام بەم نزیکانە ئەنجامێکم ئەبێت».

گومانێک  دەموچاوە پانکۆڵەکەی ئەلینای داگیر کردووە. ماوەیەک لە نێو چاوەکانم دەڕوانێ، دەیەوێ زیاتر دڵنیا بێت، دەستە نەرمەکانی لە نێو دەستمدا دەکێشێتە دواوە، کەمێک ڕووی خۆی گرژدەکا و پاڵ بە کورسییەکەوە ئەداتەوە، بە نازێکەوە دەپەیڤێت

«تۆ بەگومانی لە سەرکەوتنی خۆت؟!».

بیر دەکەمەوە و بەخۆم دەڵێم: هەی گێلی نەفام، ئێستا چۆن ئەو کارە ڕاست ئەکەیتەوە؟ ئیرەیی راجا وای لێ کردیت، نهێنی کارەکەت بدرکێنیت کە هێشتا دڵنیا نیت لەوەی بەدەستت هێناوە یان نا! بیر لەوە دەکەمەوە بە چ شێوازێک دڵی ئەلینا ئاسایی بکەمەوە، بە هەناسەیەکی قوڵ ئەو بارە ئاڵۆزەی ناخم ئەشارمەوە و پێی دەڵێم:

«نا گیانەکەم.. ئەو قسەیەم بۆ ئەوەکرد دڵنیات کەمەوە لەوەی دەتوانم هەر چۆنێک بێت لە پێش راجا  دەتوانم سەرکەوتن بەدەست بێنم».

ئەلینا هێور دەبێتەوە و بە نازەوە ڕەفتار دەکا:

«بە دڵنیاییەوە.. دەبێت وا بیت ئەزیزم».

بۆ ئەوەی خۆم لەو بارە دژوارە قوتار بکەم، دەستی بۆی درێژ دەکەم و پێی دەڵێم:

«با کەمێک سەردانی تاقگەکە بکەین.. وا باشتر نییە؟!»

ئەلینا بە خەندەیەکەوە داواکەم پەسەند دەکا، بە دەم هەڵمژینی بۆن و بەرامەی گوڵەکانی کلارکەوە ملی ئەو شەقامە سەرەکییە دەگرین کە دەچێتەوە سەر تاقگەکە.



# 14

ڕۆژی 5-7-2048

دیمەنی گومەزەکە تا دێت لە سەوزیدا نغرۆ دەبێ، دارگوڵەکان و درەختە باڵا بەرزەکانی کلارک، ناو شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکەی تەواو داپۆشیوە، لە تەکیاندا ئەو گوڵانەی کلارک کە راجا گۆڕانکاری تیادا کردوون، بەو ڕەنگانەی کە لە ماوەی بیستوچوار کاتژمێردا هەموو ڕەنگەکانیان دەنواند، گەشتیارەکانی تەواو سەراسیمە کردووە. دیمەنی گومەزەکە تەواو بەو دیمەنە خەیاڵییەی بەهەشت دەچێت، زۆر لە گەشتیارەکان کە بڕیاری مانەوەی چەند ڕۆژێکیان دابوو، بەهۆی ئەو دیمەنە دڵڕفینانەی ناو گومەزەکەوە داوا لەو فەرمانگەیە دەکەن کە تایبەت بوو بە درێژکردنەوەی ماوەکانیان، کاتی مانەوەیان زیاتر درێژتر بکەنەوە.

شەوانە یانەکان تا دێت گەرمترو قەرەباڵغتر دەبێت بە هۆی هاتنی گەشتیارێکی زۆر بۆ ناو گومەزەکە. هەوای ناو گومەزەکە بەهۆی فراوانی و زۆری سەوزاییەکانەوە زیاتر لە جاران خاوێنتر و سازگارتر بووە، ئەو شنە بایەی کە بەردەوام لە ناو گومەزەکەدا هەبوو، بەردەوام یاری لەگەڵ ئەو دارانە ئەکات کە پەلەکانیان بۆ ئاسمانی گومەزەکە هەڵکشاوە. دیمەنێکی وەهای خولْقاندووە، دڵی هەموو بنیادەمێک لە خەم خاڵی ئەکاتەوە. ڕایمۆن بەو دیمەنە تەواو سەرمەست بووە، هەستێکی پڕ لە بەختەوەری لە چاوەکانیدا دەبینرێ، بەتایبەت تەواوبوونی ئەو چوار گومەزەی کە دەکەوێتە کۆتایی دەرەوەی چوارڕیانەکانی ناو گومەزە سەرەکییەکە.

ڕۆبۆتەکان بەردەوام و شەو و ڕۆژ کار دەکەن بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن، بەردەوام دێن و دەچن و چوار گومەزەکەیان بە تەواوی سەوز کردووە، لە ناو چوار گومەزەکەدا هاوشێوەی گومەزە گەورەکەی ناوەڕاست، شەقامی فراوان و ئەپارتمانە سێ نهۆمییەکانی تیادا دروستکراوە، لە ناوەڕاستی شەقامەکان و لێواری شۆستەکان، چەندین داری بەرداری وەک مۆز و پرتەقاڵ و سێو و هەرمێ و قۆخ و هەڵوژەی لێ ڕوێنراوە. لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا، لە نێوان هەر دوو دارێکی بەرداردا بە چەندین جۆری گوڵەکانی کلارک و راجا ڕازێنراونەتەوە. کاتێک سەرت بەناو گومەزەکاندا کردبا بۆنوبەرامەیەکی تێکەڵ لە هەموو جۆرە گوڵەکان لەگەڵ شەماڵێکدا کونەلووتەکانتی پڕدەکرد.

ڕایمۆن زۆرێک لەو خەونانەی لەسەر نەخشەکەی بەردەم مێزەکەیدا کێشابووی، بەدی هێناون. ڕۆژانە داوا لە کریستینا دەکات پێکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو ئەو گومەزانەدا

بمێننەوە. کریستینا لە دوای ئەوەی توانی داهێنانەکانی لە بواری نەخۆشییەکاندا بهێنێتەدی، هەستێکی جیاواز لە دەروون و کەسایەتیدا دروست بووە. تەواو گۆڕراوە و جیاواز لە جاران ڕەفتار دەکا، بەردەوام لەگەڵ ڕایمۆندا دێتە نێو یانەکانی شەوانە و لە جاران زیاتر دەخواتەوە، وای لێ دێت  بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست ئەدا. زۆرجار ئەوەندە سەرخۆش دەبێ کە ڕایمۆن لە قسەکانی تێ ناگات، لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ.. لێوەکانی هێندە قورس دەبن توانای دەربڕینی وشەکانی نییە، بە بۆڵەبۆڵێکەوە دەڵێت:

«ڕڕاایمۆۆن با بڕڕۆۆینەوە، خخخەوم دێ».

ڕایمۆن دەیزانی کاتێک کریستینا دەخواتەوە وای بەسەر دێت، بە ئەنقەست جڵەوی بۆ شل دەکات و ڕێگری لە زۆر خواردنەوەی ناکات. چاوەڕێ دەکا تا تەواو بێئاگا دەبێ. پاشان فەرمان بەو ڕۆبۆتانە ئەدا کە وەک پاسەوان بەردەوام لە تەکیا وەستاون. ئەوانیش بە پەلە دەچنە ژێر باڵە لاوازەکانی کریستینا و لە جێگەی خۆی تا دەرگای ئۆتۆمبێلەکە بڵندی دەکەن و ڕەوانەی ماڵە کەی خۆی دەکەنەوە.

ڕایمۆنیش، بە کەیف و سەفاوە لەگەڵ کیژە سۆزانییەکان ئەو شەوە بەسەر دەبات و لە نێوانیاندا دائەنیشت. ئەوەندە دەخواتەوە تا چاوە هەنگوینیەکانی تەواو سوور دەبن. شێوەی دەموچاوی وەها دەگۆڕرێ لەو ڕایمۆنە ناچێت کە سەرەتا دێتە ناو یانەکەوە. بەشێوەیەک دەگۆڕرێ تەواو بە دڕندەیەکی ترسناک دەچێت. زۆر ئاستەمە بتوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەکانی بڕوانیت، لەو ساتانەدا ڕایمۆن وەک دڕندەیەک ڕەفتار دەکا، بەتوندی مەمکە

قوتەکانی سۆزانییەکەی نێو باوەشی دەگوشێ و گاز لە هەموو جەستەی کیژەکان ئەگرێ و لیک بە دەمیا دێتە خوارەوە. تەواو بەسەگێکی هار دێتە پێش چاوی سۆزانییەکان، ئەوانیش لە ترسی ئەو دیمەنەی ڕایمۆن، تەنانەت بوێری ئەوەیان نەبوو لەتاو ئازاری گازە سەگ ئامێزەکانیدا هاوارێکیش بکەن. بە توندی دەمی خۆیان دەگرن و لێوەکانیان بە ددانەکانیان دەکرۆشن. جەستەی ئەو کیژانەی شەو لە باوەشی ڕایمۆندا بوون، شوێنیان نەبوو جێگازی پێوە نەبێت، بۆ بەیانی هەموو جەستەیان شین و مۆر هەڵدەگەڕا. بەو شێوەیە هەستی دڕندەیم لە ڕایمۆندا دەبینی.

هیچ کەسێک وەک ئارۆن هەست بە دڕندەیی ناکات. ئەو زۆر لە مێژە ڕایمۆن دەناسێت. دەزانێت کاتێک ڕایمۆن لە ئامانجەکانی نزیک دەبێتەوە، ڕووە ڕاستەقینەکەی ناخی هێدی هێدی بەدەر دەکەوێت. جارێک بەچاوەکانی خۆم ڕایمۆنم وەک دڕندەیەکی تەواو بینی تا ئێستاش ئەو دیمەنە ئازارم ئەدات، ڕایمۆن لە یانەکەدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمایەوە. هەستم بەو ڕەفتارە دڕندانەیەی کردبوو. ئێستا وێنای ئەو کاتە دەکەم و بە ڕوونی دەیبینم، لە یانەکە لە نێوان دوو سۆزانی نازداردا دانیشتووە، تەمەنیان نزیکەی بیستوپێنجساڵێک دەبێت، هەردووکیان تازە هاتبوونە سەر مانگ. پێشتر لە یانەکانی نیۆرکدا کاریان کردبوو، کاتێک دەنگۆی ئەوە لە هاوڕێ سۆزانییەکانیان دەبیستن لەسەر مانگ دەتوانن بڕێکی زیاتر پارە بەدەست بێنن، بەهۆی ئەو جوانییە دڵبەرەیانەوە، داواکانیان لە لایەن ڕایمۆنەوە پەسەند دەکرێ.

ئەو شەوە دووەم شەویان بوو لەناو گومەزەکەدا، تا ئەو کاتەش لە باوەشی هیچ پیاوێکی گەشتیار و ئەوانەی ناو گومەزەکەدا

نەخەوتبوون. ڕایمۆن ئەو شەوە بە تایبەت بانگهێشتی کردبوون کە تا سپێدە لای ئەو بمێننەوە. یەکێک لە کیژەکان پەرداخێک ویسکی بە دەستە ناسکەکانی بۆ ڕایمۆن ئامادە کـردووە، بۆ ئەوەی بیکا بە دەمیەوە. یانەکە تەواو چۆڵ بووە، جگە لە چەند گەشتیارێکی مەست کە تەواو بێئاگان، کەسی تری لێ نییە، ڕایمۆن هێندە سەرخۆش بووە، هەست بە بوونی ئەوانەی دەوروبەری ناکات. تەنیا بیری لای ئەو دوو کیژەیە کە لەسەر ڕانەکانی دانیشتوون. کیژە داماوەکـە دەیـەوێت پەرداخـەکـە بکا بـەدەم ڕایمۆنەوە، بەڵام ڕایمۆن لەو ساتەدا تەواو هۆشی لەدەست داوە و سەرە بچکۆلانەکەی وەک بندۆڵێک بە ئەملاو ئەولادا ئەکەوێت، بەهۆی لەدەستدانی کۆنترۆڵی جووڵەیەوە، پەرداخە کهولەکە بە دەموچاوی خۆیدا ئەڕژێ.

ئیتر ڕایمۆن چاوەکانی ئاگریان تێ بەر دەبێت و لە جێگەی خۆی بڵند دەبێتەوە و پەلە لاوازەکەی کیژە داماوەکە دەگرێ و بە هەموو هێزی توڕی ئەداتە سەر مێزەکە. سەری کیژە کە لە لای ڕاستیەوە دەشکێت و خوێنێکی زۆری لێ دەچۆڕێت، ڕایمۆن وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، بە لارەلار خۆی دەگەیەنێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی و بەرەو ئەپارتمانەکەی دەگەڕێتەوە. ئەوەم بە چاوەکانی خۆم لە ڕایمۆن بینیوە، ئەو شەوە ترسێکی زۆر هەموو هەستی داگیر کردبووم. ئەو دیمەنە قسەکانی ئارۆنی بیر هێنامەوە. قسەکانی ئارۆن خەریکە دەبنە ڕاستییەکی بینراو لە مێشکمدا.

ماوەیەکی زۆرە ئارۆن نابینم. بەتەواوی لێم دورکەوتووەتەوە و بەهیچ کلوجێک ڕووم پێ نادات. لە هەموو ئەو شوێنانەی بە

ڕێکەوتیش لووتمان بە یەکتریدا تەقیبا، بە ساردیەکەوە سڵاوێکم لێ دەکات و بە بیانوی کارێکەوە خۆیم لێ دەرباز دەکات. وێنای ئەو ڕۆژە دەکەم بە ڕێکەوت لەو قاوەخانەیە دەیبینم کە دەقم پێوە گرتبوو، ئارۆن لە گۆشەیەکی قاوەخانەکەدا بە تەنێ دانیشتووە، سەرە بچکۆلانەکەی خستووەتە نێو هەردوو دەستەکانییەوە. لە بەردەم مێزەکەدا کوپێک قاوەی تەواونەکراوی لێیە. بەهێمنی لێی نزیک دەبمەوە و لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری دائەنیشم، بەدەنگێکی نزم گازی دەکەم:

«بەڕێز ئارۆن.... بەڕێز ئارۆن..».

ئـارۆن وەک ئـەوەی لە ئاسمانێکەوە فڕێی بدەنە خـوارەوە، لە جێگەکەی خۆی ڕائەپەڕێ، کەمێک بە چاوە بچکۆلەکانی لێم ئەڕوانێ و بەخەندەیەکەوە دەڵێت:

«ئاریا.. ئەوە تۆی.. بمبورە بێئاگابووم لە هاتنت».

دەستە لاوازەکانی لە دەموچاوە چرچەکانی هەڵ دەسوێ. بە دەموچاوێکی پڕ لە خۆشحاڵیەوە لێم ئەڕوانێ:

«دەمێکە هاتویت؟».

ئـەو نیگایەی ئـارۆن خۆشحاڵی بە دەروونـم ئەبەخشێت، خەندەیەکی بۆ دەکەم و دەڵێم:

«نا ئەوەندە نابێت، کە هاتمە ژوورەوە تۆم بینی، ئاسایی نیت، هیچ بووە».

ئارۆن بە بیستنی ئەو وشەیە کەمێک دەموچاوی دەگۆڕڕێ. لەبەر خۆیەوە هەناسەیەکی پڕ حەسرەت هەڵ ئەکێشێ. بە چاوە بچکۆلەکانی لێم ئـەڕوانێ.. دیـارە ئەیەوێت شتێک بڵێ کەمێک سەری با ئەدا:

«ئاااى ئاريا.. چيم بەسەر هاتووە؟ بۆچى نازانيت؟ ها؟ نازانيت؟ ئەوە ژيانە منى تيادام؟ ها؟ دۆزەخ لەم ژيانەم زۆر باشترە؟ ئەى وا نييە؟! ها؟!».

هەست بە شتێكى نامۆ دەكەم، دەمەوێت بۆ خۆى بپەيڤێت:

«نا.. من نازانم.. چى بووە بەڕێز ئارۆن؟ بڵێ بزانم».

ئەوەى پێ دەڵێم و ئەويش پەنجەكانى وەك مار لێك دەئاڵێنێ، لە قووڵايى چاوەكانم دەڕوانێ، كەمێك چاوەكانى بچوكتر دەكاتەوە و دەڵێت:

«ئاريا من بە تـەواوى تيا چـووم. ئەم گومەزە نەعلەتيە بۆ من بووەتە دۆزەخ، هەموو ژيانمى لەناو برد. من ئەوەندە گێل بووم ژيانى خۆم و درۆسيام كردە قوربانى ئەم گومەزە.. وام دەزانـى بۆ من دەبێتە شكۆيەكى مـەزن. بيرمە ئەو ڕۆژەى بۆ يەكەم جار پێم خستە سەر ئەم هەسارە مردووە، بە درۆسيام وت ئێرە دەكەينە ئەو بەهەشتەى كە هەموو مرۆڤايەتى خەونى پێوە دەبينێت. بەڵام ئەفسوس ئاريا.. ئەفسوس.. من بە دەستى خۆم دۆزەخێكم بۆ خۆم و بەهەشتيشم بۆ ڕايمۆن دروست كرد.. ئەزانيت كە درۆسيا بەو هيوايەوە بەدووم كەوت، بەڵام نەمزانى هەر خۆم  بە تەنيا خۆم بوومە سەرچاوەى هەموو ئەوانەى بەسەر درۆسياى خێزانيشمدا هات.. ئاريا.. من چى بكەم ها؟! پێم بڵى چيم لە دەست دێ؟! توخوا تۆ پێم بڵێ».

لەگەڵ قسەكانيدا چاوەكانى بە تەواوى تەڕ بووبوون، ئەوەندە نابات خۆى لە بەردەم ئەو ئازارەى ناخيدا بۆ ڕاناگيرێ و لەهيكرا وەك منداڵێك دەست بە گريان دەكات. چاوەكانى ئەوەندەى تر بچوكتر بوونەوە و سوورتر هەڵگەڕان، بەردەوام وەك منداڵێك دەگرى و دەناڵێنێ:

«من چیم بە خۆم کرد ئاریا؟!».
ئەم ماوەیە درۆسیا بە تەواوی باری دەروونیی خراپتر بووە، بەردەوام بەناو شەقام و کۆڵان و ناو ئەپارتمانەکاندا ئەسوڕێتەوە. هەرگیز ناکەوێتە ماڵەوە، بە تەواوی هەموو هۆش‌و هەستێکی خۆی لەدەست داوە. ڕۆژبەڕۆژ باری دەروونیی بەرەو خراپتر دەچێت. درۆسیا بەردەوام وەک منداڵێک ڕەفتار دەکات بێئەوەی پرس بکات خۆی بەناو ئەپارتمانی گەشتیارەکاندا ئەکات و دەچێتە ناو باس و خواسەکانیانەوە. زۆرجار گەشتیارەکان بە پاڵ لە نێو ژوورەکانیانەوە دەیکەنە دەرەوە. هەندێک لە گەشتیارەکان بۆ ئەوەی لە خۆیانی دوور بخەنەوە گازی پۆلیسە ڕۆبۆتەکانیان دەکەن. لە دوای ئەوەی ئارۆن بە تەواوی لەم ڕەفتارانەی درۆسیا بێزار دەبێت، هیچ چارەسەرێکی لا نامێنێت، بەتەواوی بێهیوا دەبێت، ناچار لە ڕێگەی ڕۆبۆتەکانەوە درۆسیا لە نێو ئەپارتمانەکەی خۆیدا بەند ئەکات و ڕێگەی پێ نادات بێتە دەرەوە.
ڕەفتارەکانی درۆسیا ئازاری ناخم ئەدەن. کاتێک دەیبینم، دایکم بیر دێتەوە. خۆشەویستیی دایکم لەودا ئەبینم. حەزناکەم ئازار بکێشێت و بەو شێوەیە ببێتە گاڵتەجاڕی گەشتیارەکان. دەمەوێت شتێک بکەم، بەڵام نازانم ئایا هیچم پێ دەکرێ! ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دۆزینەوەکەم ڕێگە چارەیە بۆ درۆسیا. ئومێد دەکەم سەرکەوتوو بم و متمانەم بە خۆم هەیە ئێستا هەست بە هێزێکی گەورە لە ناخمدا دەکەم. ئەوە سەرچاوەی هەموو شتەکانە، دەبێت وا بیر بکەمەوە.. هەر وا دەکەم. ئارۆن دەڵێت:
«درۆسیا کارێکی وای کردووە لەبەر چاوی گەشتیارەکان هەست بە شەرمەزاری بکەم، تەنانەت لای هەموو ئەندامانی

گومەزەکە، بوومەتە جێگەی تانە و تەشەری هەموو ئەوانەی کە بە ویستی خۆیان ئاوایان لە درۆسیا کردووە. ئێستا وا ئەوان تانەم لێ ئەدەن و پێم دەڵێن کە بۆچی ناگەڕێمەوە بۆ زەوی».

بەدەم هەنسکی گریانەوە ئەوە دووبارە دەکاتەوە:

«پێم دەڵێن کە بۆچی ناگەڕێمەوە بۆ زەوی.. ئەزانی ئاریا.. ئەوان باش ئەزانن کە ڕایمۆن ڕێگەم پێ نادات بگەڕێمەوە.. بەڵام تەنیا بۆئەوەی ئازارم بدەن ئەوەم پێ دەڵێن».

ئەو قسانەی ئارۆن پرسیارگەلێکی لە مێشکمدا دروست کرد، خۆم پێ ناگیرێ، بە مەبەست پرسیاری ئەوە لە ئارۆن دەکەم:

«بەڕێز ئارۆن.. ئەی بەڵێنەکەی ڕایمۆن بوو بە چی؟!».

ئارۆن بە هەڵچوونێکەوە دەپەیڤێت، چاوەکانی ئەوەندەی تر سوور هەڵگەڕاون تەواو بەگۆمی خوێن دەچن، وەک ئەوەی بە ڕومدا بتەقێتەوە، دەنگی بەرز دەکاتەوە:

«ئاریا.. بۆ ئەوەی خۆم و درۆسیا لەم دۆزەخە دەرباز بکەم باوەڕم بە ڕایمۆن کرد.. ئەگەرنا، بۆچی نازانم گێلێکی وەک راجا چۆن دەتوانێت ئەو کارە بکا؟! لەوەتەی راجا هاتووەتە ئێرە بەردەوام پێکهاتە ئامادە دەکا تا ئێستاش نەیتوانیوە هیچ شتێک بەدەست بێنێت.. ئاریا.. دڵنیا بە خۆنزیکبوونەوەم لە ڕایمۆن تەنیا بۆ ئەوەیە کەلێنێک بدۆزمەوە بۆ خۆدەربازکردن لەم دۆزەخە.. من چۆن متمانە بەو ڕایمۆنە شەیتانە ئەکەم».

ئارۆن ئەوە دەڵێت و چاوەکانی وەک باران فرمێسکیان لێ دێتە خوارەوە. خەمی درۆسیا بە تەواوی هەموو دڵی داگیر کردووە. بێهیواییەکی تەواو لە چاوەکانیدا دەبینم، بە شێوەیەک دەبینرێ دڵی هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان دەبزوێنێ. هەستێکی پڕ بەزەیی

له ناخمدا دەبزوێ. قسەکانی کاری لە دەروونم کرد. هەست بە هەموو خەمەکانی دەکەم و ئازاری بۆ دەچێژم. گریان لە ناخمدا قوڵپ ئەدا و چاوەکانم بۆی تەڕ دەبێت. بۆخۆیشم نازانم چۆن ئازارەکانی دڵی بڕەوێنیمەوە! لە خۆم ڕانابینم ئەوە بە ئارۆن بڵێیم، کە توانیومە هاوشێوەی شەپۆلەکانی مێشک بەدەست بهێنم. ئەو قسانەی کلارک بەردەوام لە گوێکانمدا ئەزرنگێتەوە کە لە دوای یەکترناسینمان پێی وتبووم: «هەرگیز بیرۆکەی داهێنانەکانت لای هیچ کەسێک مەدرکێنە.. تاکو دڵنیا نەبیت لە سەرکەوتنی ، ئەگەر نا.. کەسێکی تر بۆ خۆی تەواویان دەکات و خۆی دەکات بە خاوەنی».

خەمی درۆسیا تەنیا دڵی ئارۆنی داگیر نەکردووە، منیش هاوشێوەی ئەو هەست بەو ئازارەی ئارۆن دەکەم، بەڵام ئەفسوس لەوە ناچێت درۆسیا بەو حاڵەوە هیوایەکی هەبێت بۆ چاکبوونەوە. بۆئەوەی کەمێک دەروونە ئاڵۆزەکەم ئارام بکەمەوە، داوای ئەوە لە ئارۆن دەکەم ڕێگەم پێ بدات ڕۆژانە درۆسیا بۆ تەنیا ساتێکیش بێت بەناو گومەزەکەدا بیگەڕێنم. سەرەتا ئارۆن بە داواکەم ڕەزامەند نییە. لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵ دەکا:

«نا شتی وا نابێت، درۆسیا دەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی گەشتیارەکان، چلۆن شتی وا دەکەم، با لە ژوورەکەی خۆیدا بێت، باشترە لەوەی بەو ئاخری عومرەوە ببێتە گاڵتەجاڕی گەشتیارەکان».

لەگەڵ قسەکانیدا گەرووی قوڵپ ئەدا، چاوەکانی سپێتیان تیا نەماوە، جارجارێک لوتە تەڕەکەی بەدەم گریانەوە هەڵئەلووشێ، دەستێک دەخەمە سەر شانی و بە خەندەوە لێی دەڕوانم، ئەوەی پێ دەڵێم:

«بێخەم بە بەڕێز ئارۆن.. دڵنیا بە ڕێگە نادەم هیچ کەسێک بێزاری بکا.. هەر کاتێک بیەوێت لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە دەرەوە.. دڵنیا بە ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەم.. با ئیتر ئەو ژنە داماوە ئەوەندەی ژیانی ماوە کەمێک بەدڵی خۆی بگەڕێت، تاکەی بەتەمایت لەو ژوورە نەعلەتیە کە بۆ ئەو وەک بەندیخانەیەک وایە، بەندی بکەیت، دڵنیام لەو ژوورەدا لەوە خراپتری بەسەر دێت».

ئارۆن کە گوێی لەو قسانە دەبێت سەرێکی ڕەزامەندیم بۆ ئەلەقێنێ، بە بێئەوەی تەنیا وشەیەک لە دەمیەوە بێتە دەرەوە.

خراپیی باری دەروونیی درۆسیا، بە تەواوی کاری لە ئارۆن کردووە، هەرگیز وەک جاران سەردانی تاقیگەکان ناکات. کاتێکیش ڕایمۆن بانگی دەکات، بە بیانووی کارێکەوە، خۆی ئەدزێیەوە. دەزانێت چیتر ناتوانێت متمانەی ڕایمۆن بەدەست بهێنێت بۆ گەڕانەوە. ئارۆن بە تەواوی بێهیوایە، بۆخۆیشی نازانێت سەر بە چ کون و قوژبنێکدا بکا، بەردەوام هەڕەشە دەکا و دەڵێ:

«دڵنیام لەوەی ڕۆژێک تۆڵەی خۆم لە هەموویان دەکەمەوە».

ئەوەندە ئەم قسانەی دووبارە و سێبارە کردوەتەوە، تەنانەت ڕۆبۆتەکانیش کە گوێیان لێی دەبێت خەندەیەک لەسەر لێوەکانیان دروست دەبێت. ئارۆن پیاوێکی بە کردار و زرنگە، ئەوەی بیری شێواندوە درۆسیایە. وەک خۆی دەڵێت:

«ئەگەر بەهۆی نەخۆشییەکەی درۆسیاوە نەبوایە، زۆر لەمێژ بوو خۆم دەرباز کردبوو».

ئەو ماوەیە ئارۆن بەو هیوایەوە دەژیا کە ڕایمۆن بەڵێنی پێ دابوو گەر ڕاجا لە تاقیکردنەوەکانی شەپۆلی مێشکدا سەرکەوتوو بێت و درۆسیای پێ چارەسەر بکا. هەرچەندە ئارۆن متمانەی

تەواوی بە تواناکانی راجا نەبوو، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: کاتێک مرۆڤ بێهیوا دەبێت، دەست بۆ چڵە پووشێکیش دەبات. بەو قسانە پەشیمانییەکەی خۆی دەرئەبڕێ. لە هەستەکانی تێدەگەم و پرسیاری ئەوە لە ئارۆن دەکەم ئایا بیر لە ڕێگەیەکی تر دەکاتەوە بۆ گەڕانەوەی زەوی. چاوەڕێی دەکەم و ئەویش سەری دائەخاو هیچ وەڵامێکم ناداتەوە.

وێنای راجا دەکەم بەردەوام لە کارەکانیدا سەرکەوتووە، بەڵام هێندەی کلارکی ڕەحمەتی لە زانستی بۆماوەییدا بەهێز نییە. لەو ماوەیەدا توانی ئەو بۆهێڵانە بدۆزێتەوە کە تایبەت بوون بە چاندنی باڵ لە مرۆڤەکاندا، لەسەر بڕیاری ڕایمۆن تاقیکردنەوەکان بەنهێنی ئەنجام ئەدا، هیچ کەس نازانێ ڕاجا بیر لە چی دەکاتەوە و سەرقاڵی چییە؟ تا ئەو کاتەی ڕۆژێک بە چاوەکانی خۆم ئەوەم لە راجا بینی.

ئەو ڕۆژە بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری سەرئێشە سەردانی ئەپارتمانەکەی کریستینا دەکەم. ڕۆبۆتەکان بە هیچ کلوجێک ڕێگەیان لە چوونە ژوورەوەم نەگرت، ئەوان هەموو ئەندامان و خوێندکارانی ناو گومەزەکە دەناسن، تەنانەت وێنە و زانیاری هەموو گەشتیارەکانیش لەمێشکیاندا تۆمار کرابوو. دیاربوو پێشتر بە هۆی سەرقاڵییانەوە خەیاڵی ئەوەیان نەبوو ڕۆبۆتەکان لەوە ئاگاداربکەنەوە ڕێگە بە هیچ کەسێک نەدەن سەردانیان بکات، زۆر ئاسایی ڕاستەو خۆ خۆم دەگەیەنمە دەرگای ئەو ژوورە تایبەتەی کە کریستینا کاری تیادا ئەکا. لەو کەلێنەوە کە هێندەی چوار پەنجەی دەستی مابوو دەرگاکە تەواو جووت ببێت، لەناو ژوورەکە دەڕوانم. دەمەوێت بە لێدانی دەرگاکە

مۆڵەتی چوونە ژوورەوە وەربگرم، بەڵام لە دەرچەی دەرگاکەوە شتێک سەرنجم بۆ خۆی کێش دەکات. کریستیناو ڕایمۆن و ڕاجا دەبینم لە دەوری ئەو قەرەوێڵەیە کۆبوونەتەوە کە نەخۆشەکان بۆ پشکنین لە سەری پاڵدەکەوتن. لەسەر قەرەوێڵەکە کۆرپەلەیەکی تازە لەدایکبوو بە ڕووتی دەبینم کە جووتێک باڵ بە پشتیەوەیە. کۆرپەلەکە تەواو بە مریشکێکی خوساو لە ئاودا دەچێت، باڵەکان لە ناوەڕاستی پشتی کۆرپەلەکەوە تانزیکی سمتی درێژبوونەتەوە، کەمێک پەڕ کە لە شێوەی پارچە گۆشت دەچوون بە باڵەکانیەوەیە. کریستینا و ڕایمۆن هەست بە هاتنم دەکەن و بەپەلە ئەو پارچە قوماشە ئەدەن بەسەر کۆرپەلەکەدا کە لە ژێریدا بۆی ڕاخراوە.

تەقە لە دەرگاکە ئەدەم و خۆم لە گێلی ئەدەم، ڕایمۆن بە چاوە بچکۆلە ترسناکەکانی لێم دەڕوانێ و سەرسام دیارە. کریستینا بەپەلە بەرەو ڕووم دێت و بەرەو ژوورەکەی گازم دەکا، کریستینا تەواو شپرزە دیارە، بۆ ئەوەی ئەو هەستە لە چاوەکانیا بشارێتەوە بە پێکەنینەوە دەپەیڤێت:

«بەڕێز ئاریا.. چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟».

ئەوە دەڵێت و بە دوو دڵییەکەوە ئەو کڵاوە نایلۆنەی سەری ڕێک دەخاتەوە کە بۆ نەشتەرگەری لەسەری دەنێت. دەمەوێت پرسیاری ئەوەی لێ بکەم کە بینیومە، بەڵام دۆخەکە بە گونجاو نابینم و خۆم لە گێلی ئەدەم و ئەوەی پێ دەڵێم کە سەرم کەمێک دێشێت. کریستینا بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ئەو لۆکەرانەی دەرمانەکانی تیا پارێزراوە، کەمێک چاوەکانی بەنا و ئەو پاکەتانەدا دەخشێنێ کە لەناو لۆکەرەکەدا بە چەند ڕیزێک دانراون، لە ناویاندا پاکەتێک دەر ئەهێنێت، پاکەتەکە

ڕەنگێکی شینی هەیە لە ناویدا چوار دەنک حەبی بچوکی تیایە، ئەیداتە دەستم و دەڵێ:

«دەتوانیت ئێستا دەنکێک لەو حەبانە بخۆیت، ئەگەر باش نەبوویت، ئاگادارم بکە بۆئەوەی پشکنینێکت بۆ بکەم».

ئەوە دەڵێت و بە پێکەنینێکەوە لە قووڵایی چاوە کانم دەڕوانێ، وەک ئەوەی بیەوێت شتێک بخوێنێتەوە ئاخۆ هەست بە نهێنیی کارەکەیان دەکەم! بەلام من نامەوێت بە شێوەیەک ڕەفتار بکەم کە هەستم بە شتێک کردووە ئەوەندە نەبێت وەک هەموو جارێک بە سەرجووڵاندنێک سوپاسی دەکەم و بە هێمنی خۆم دەگەیەنمەوە دەرەوە.

ڕۆژبەڕۆژ ئیرەییم بەرامبەر راجا زیاتر دەبێت، دەمەوێت وا نەبم، بەڵام بەدەست خۆم نییە هەستەکانم وام لێ دەکەن بەو شێوەیە بیر کەمەوە، ئێستا جیاوازتر لە جاران بیر دەکەمەوە. لەوەتەی ئەلینا هاتووەتە ناخمەوە، زیاتر هەست بە بەهێزی و تواناکانی خۆم دەکەم، جیاواز لەجاران، کە ترسم لە هەموو شتەکان هەبوو ترسی شکستهێنان لە تاقیکردنەوەکان و خۆبەکەمزانینم لە بەرامبەریان، یان شەرمکردنم لە تێکەڵاوبوونی ئەندامەکانی پڕۆژەکە و گۆشەکیربوونم لە دەوروبەرەکەم. بەلام وا ئێستا خۆم بە خاوەنی هێزێکی مەزن دەزانم، ئەو هێزەی لەناو مێشک و ناخمدا دەبزوێت و بە متمانەیەکی بەهێزەوە تاقیکردنەوەکان دەکەم و بیر دەکەمەوە. پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم کە ئایا ئیرەیم بەرامبەر راجا لە خۆبەکەمزانینمەوەیە! یان ئەو ترسە شاراوەیەیە کە خۆمی لێ گێل دەکەم و نامەوێت بیری لێ بکەمەوە، ترسی سەرنەکەوتنم بەرامبەر راجا! ئایا ئەو دەتوانێت ئەو کارە بکات و سەرکەوتوو بێت!

متمانەم بە خۆم هەیە و لۆژیکیانە بیر دەکەمەوە و بە هەستێکی پڕ لە عەشقەوە لە تاقیکردنەوەکانم بەردەوام دەبم، کلارک دەیگوت: بەردەوامی.. هیوا بە خەونەکانمان دەبەخشێت. ئەو قسەیە بەردەوام هێزم پێ دەبەخشێتەوە. زیاتر بیرم لە دۆزینەوەکەم چڕتر دەکەمەوە و بەردەوام دەبم تا خەونەکانم دەکەمە ڕاستی.. بڕیاری ئەوە بە خۆم ئەدەم و هەر وا دەکەم.

وێنای ئەو ڕۆژە دەکەم هەرگیز لە یادم ناچێتەوە. تاقیکرنەوەکانم هێندە ئاڵۆز بوون کە ئەگەر ئەو ئایپادە سلیکۆنیە نەبووبا کە شێوازی تێکەڵکردنی پێکهاتەکانم تیا تۆمار دەکرد، ئەستەم بوو توانیبام کارێک بکەم، یان سەر لەو گۆڕانکاریانە دەر بکەم کە بەسەر پێکهاتەکانی کلارکدا هێناومە. ئەم ئێوارەیە کەشی ناو گومەزەکە زۆر ساردبووە، گەرمی دەستەکانی ئەلینا هێشتا لەناو دەستمدا ماونەتەوە، بێئەوەی بۆ خۆیشم بزانم هەستێکی نامۆ لە دەروونمدا دروست بووە، بەبێ ویستی خۆم، بەرەو تاقیگەکە بەڕێ دەکەوم، بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە چۆن بەرنامەی کارەکانم ڕێک بخەم!

بە ئارەزووکردنێکی زۆرەوە دەست بە تاقیکردنەوەکان دەکەم، سەرەتا چاوێک بەناو ئەو پێکهاتەیەدا ئەگێڕم کە دواجار توانیم شەپۆلێک هاوشێوەی شەپۆلەکانی مێشکی پێ بدۆزمەوە، بەڵام ئەو شەپۆلە بەو شێوەیە نییە کە بتوانێت ڕاستەوخۆ هاوشێوەی شەپۆلی بیری مێشکی مرۆڤ کار بکا. لە مێشکمدا چەندین بیری ئاڵۆز دێن و دەچن، کەمێک لە جێگەی خۆم ڕادەمێنم وەک ئەوەی کەسێک لە شوێنێکی دوورەوە پێم بڵێت، بیرم بۆ لای چەند توخمێکی وەک هایدرۆجین و کاربۆن دەچێت. پێشتر ئەو

توخمانەم لەو تێکەڵەی کە دواجار ئامادەم کردبوو، زۆر بەکارم نەهێنابوون.

ئەو شەوە چەندین جار ماددەکانم بۆ جارێکی تر بە چەندین ڕێژەی جیاجیا تێکەڵ بە یەکتری کرد، لەگەڵ هەر دەرئەنجامێکدا هەست دەکەم زیاتر شەپۆلەکان لە مێشکمدا ڕوونتر و کاریگەرتر دەبن. ئەوەندە تاقیکردنەوەم کرد، نەمدەزانی کات چۆن تێپەڕ دەبێت. دواجار ڕێژەی ماددەکانی پێکهاتەکەم بە شێوەیەک ڕێک خست، هاوشێوە بوو لەگەڵ بڕی ئەو پێکهاتانەی کە خانەکانی مێشکی مرۆڤیان پێک دەهێنا. وەک هەموو جارەکانی تر پێکهاتەکە لەناو ئامێرە ئەلەکترۆنەکەدا پەیوەست دەکەم و کڵاوە ئەلەکترۆنییەکە لەسەرم دەنێم.

لەگەڵ پێکردنی ئامێرەکەدا، هەستێکی نامۆ دەروونم داگیر دەکات، کەمێک هەست بە گرانی سەرم دەکەم. دەست بۆ ڤۆلیۆمی ئامێرەکە درێژ دەکەم و ئەو شەپۆلی وێنەیە بەهێزتر دەکەم کە پێشتر لەناو ئامێرەکەدا بۆ مەبەستی تاقیکرنەوەکانم تۆمارم کردووە، لە هیکڕا وێنەی ئەو تۆمارە لە پێش چاوەکانمدا تێکەڵ بە وێنەی دیمەنەکانی ناو تاقیگەکە دەبن. وەک دوو فیلمی مونتاژکراو لە پێش چاوەکانمدا تێکەڵ بە یەکدی دەبن. بیرم تەواو ئاڵۆز بووە، متمانە بەوە ناکەم کە ئەو وێنەیە لە ڕێگەی ئامێرەکەوە هاتبێتە ناو مێشکمەوە. بۆ دڵنیابوونم، ئامێرەکە دەکوژێنمەوە، وێنەکە لە پێش چاوەکانما دیار نامێنێت. جارێکی تر ئامێرەکە پێ دەکەمەوە، وێنەکە بۆجارێکی تر، بە هەمانشێوەی پێشتر، دێتەوە پێش چاوەکانم.

به گومانێکەوە لەگەڵ خۆم ئەدوێم: ئای خوایە.. چی ڕوئەدات.. توانیم شەپۆلەکان بدۆزمەوە؟! تەزوویەکی پڕ لە شادمانی هەموو جەستەم ئەتەنێت و خۆم لەسەر کورسییەکە پێ ڕاگیر ناکرێ. خەریکە لە ناو تاقیگەکە پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم و هەموو خەڵکی ناو گومەزەکە بەئاگا دێنمەوە. بۆ خۆیشم متمانە بە چاوەکانی خۆم ناکەم، لە خەونێک دەچێت کە هەرگیزاو هەرگیز لەیاد ناچێتەوە. لە کاتژمێری تاقیگەکە دەڕوانم، 4.00ی بەیانی نیشان ئەدا. بە جەستەیەکی شەکەتەوە بەرەو ئەپارتمانەکەم ڕێ دەکەم، جێنیفەر چاوەڕێم دەکات.

***** ***** *****

«ئاریا ئەوە لە کوێیت؟ زۆر دەمێکە لە قاوەخانەکە چاوەڕوانتم»

ئەو قسانەی ئەلینا بەئاگای هێنامەوە، کە سەیری کاتژمێری تاقیگەکە دەکەم 3:43ی دوانیوەڕۆ نیشان ئەدا، جەستەم بە تەواوی شەلاڵەی ئارەق بووە، ئارەق لە ژێر کڵاوە ئەلەکترۆنیەکەی سەرمەوە ڕێچکەی بەستووە، لە سپێدەوە ئامێرەکە لەسەر خۆم تاقی دەکەمەوە، بەهۆی هاتنەوە یادی  هەموو ڕووداوەکانی زیاتر لە ساڵێک لەمەو پێش، تەواو بێئاگام. جەستەم بە تەواوی سڕ بووە، توانای ئەوەم نییە لەسەر کورسییەکە خۆم بڵند بکەمەمەوە. زۆر بە ئاستەم دەتوانم ببزوێم. کەمێک هێز بە دەستەکانم ئەدەم بۆ ئەوەی کەمێک لەسەر پێکانم ڕاوەستم و سڕییەکەی جەستەم بڕەوێنمەوە. گوێچکەو چاوەکانم ژان دەکەن. سەرم هێندە قورس بووە، وا هەست ئەکەم پارچە ئاسنێکی گەورە بەسەرمەوە بەستراوە. بەتەواوی هەست بە تێکشکانی هەموو جەستەم دەکەم.

دوای کەمێک مووچوڕکێکی نامۆ هەموو جەستەمی ئەتەنێت، سەرکەوتنم لە دۆزینەوەی شەپۆلەکانی مێشک، هەموو ئازاری جەستەمی لەیاد بردمەوە. هەستێکی پڕ خۆشبەختی جێگەی هەموو ئازارەکانی جەستەم دەگرێتەوە، هەست بە گەشکەیەک دەکەم بەناو هەموو جەستەمدا دێت و دەچێت، بیر لەوە دەکەمەوە ئەوەی کردوومە کارێکی کەم نییە، وەک ئارۆن پێی وتبووم، «ئەوەی تۆ دەیکەیت گەورەترین داهێنانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا». ئارۆن ڕاست دەکا.. تا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە درک بەو شەپۆلانەی مێشک ببات و لە ڕێگەیانەوە بتوانێت کۆنترۆڵی هێنانەوەی بیر و تۆمارکردنەوەیان و چەسپاندنی بیری نوێ لە مێشکدا بکا.

ئێستاش متمانە بە خۆم ناکەم ئەوەی کردوومە خەونە یان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە! دەچمە لای دەستشۆری تاقیگەکە و کەمێک ئاو بە چاوەکانمدا دەکەم و پاشان ئاوڕێک لە ئامێرەکە ئەدەمەوە، بۆئەوەی دڵنیا بم لەوەی ئەنجامم داوە خەونە یان ڕاستی، بەردەوام لە ئامێرەکەم دەڕوانم، هەستێکی پڕ خۆشی بەردەوام بەناو هەموو جەستەمدا دەگەڕێت، پێکانم لە عەرز ناکەون، تا ئێستاش وا هەست ئەکەم ئەوەی بە چاوی خۆم دەیبینم لە خەون دەچێت. دواتر بیرێک بە مێشکمدا دێت و بەتەواوی دڵنیا دەبمەوە لەوەی هۆکاری ئەو بەدگومانییەم پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەیە کە لە ڕێگەی ئامێرەکەوە هاتبوونە یادمەوەو ڕوداوەکانی لەدووکاتی جیاوازی ئێستاو ڕابردوودا دەهێنایە پێش چاوەکانم. بە ئەسپایی هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەمژم و بە پەلە خۆم دەگەیەنمە ئەو قاوەخانەیەی ئەلینا چاوەڕێم دەکات.

# 15

بەدەم شنەبایەکەوە باران نم نم دەبارێ. گومەزەکە کزەیەکی ساردی هەیە. ئەو گەشتیارانەی کە بە بەردەم ئێمەدا تێدەپەڕن، دەستەکانیان لە گیرفانەکانیاندایە، بەپەلە ڕێ دەکـەن ، بۆن وبەرامەی گوڵەکان لەگەڵ بۆنی بارانەکەدا دڵودەروونی بنیادەم دەکاتەوە. قاوەخانەکە لە جاران قەرەباڵغترە، زۆربەیان بەهۆی ساردیی کەشەکەوە داوای ئەو خواردنەوە گەرمانە دەکەن کە ڕۆبۆتەکان لەسەر عەرەبانەکان بەناو هۆڵی قاوەخانەکەدا بۆ گەشتیارەکانی ئەگێڕن.

ئەلینا بەردەوام لەنێو چاوەکانم دەڕوانێت. وای بۆ دەچم هەستی بەشتێک کردبێت، نوزەی لێوەنایەت، ئەم ئێوارەیە نیگاکانی زۆر نامۆن دەبینرێ ، ئەو دیمەنە تووشی گومانم دەکا، توانای ئەوەم نییە زیاتر خۆم لەبەر چاوەکانی ڕاگرم، ناچارم دەکات شتێک بڵێم. سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکەم:

«بۆ ئەوەندە لێم دەڕوانیت؟! هیچ شتێکی نامۆ دەبینیت؟!»

ئەلینا بە بیستنی ئەو قسەیە خەندەیەک لەسەر لێوەکانی دروست دەکا و کەمێک لێم ڕادەمێنێ و دەڵێ:

«ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک جوانتر دێیتە پێش چاوەکانم».

ئەو قسەیە گومانەکەم تۆختر دەکاتەوە و پرسییاری ئەوە لە خۆم دەکەم تۆبڵێی بە سەرکەوتنەکەمی زانیبێت! یان لە چاوەکانمەوە هەموو شتێک دەخوێنێتەوە. ئەلینا تا بڵێی کیژێکی زرنگە، چاوەکانی تەواو بە چاوی جادوگەر دەچن. ئەو هەر لە سەرەتای یەکترناسینماندا توانی بمخوێنێتەوە و ئەو دیوارەی ناخمی ڕوخاند کە لە شەرم و ترسدا ئەستوور بووبوو. ئەو کەسێکی زۆر جیاوازە، دەتوانێت بە چاوە شین و گەورەکانی پەی بە هەموو شتەکانی ناخم ببات. دوور نییە ئەوەی لە نێو چەوانم نەخوێندبێتەوە! بۆچی نابێت! ئەو ئەوەندە بەهێز بێت، دەتوانێت زۆر بەئاسانی درک بە هەموو شتەکان بکا. ئەوبەردەوام لێم دەڕوانێت، منیش بە پرسیارێک جارێکی تر ئەو بێدەنگییە دەپچڕێنم و دەڵێم:

«ئادەی بزانم چی لە نێوچەوانمدا دەبینی؟!».

بە پێکەنینێکی تەلیسماوییەوە، سەرنجی هەموو ئەو گەشتیارانەی کە لە نزیکمانەوەن بۆ لای خۆی کێش دەکات:

«ئاریا.. ئەوەی کە لەنێو دڵتدایە.. پێم بڵێ.. هەست دەکەم هەواڵێکی زۆر خۆشت پێیە بۆ من.. وا نییە؟! ها؟!».

بەو قسەیەی بە تەواوی سەراسیمە بووم، بە خەندەیەکەوە دەستەکانم درێژ دەکەم و بە توندی پەنجەکانی دەستی دەگوشم و بە نیگایەکی پڕ لە ئەویندارییەوە لە سیما گەشەکەی دەڕوانم.

خەندە لەسەر لێوەکانی هێشتا ماوە، بەردەوام سەرنجی لەسەر لێوەکانمە، چاوەڕوانی ئەوەیە بۆی بپەیڤم، کەمێک خۆم ڕێک دەکەمەوە، بە هەستێکی شادمانیەوە ئەوەی پێ دەڵێم:

«گیانەکەم.. شتێک هەیە، دەمەوێت پێتی بڵێم، بەڵام سەرەتا دەبێت پەیمانی ئەوەم پێ بدەیت کە لە لای هیچ کەسێک نەیدرکێنیت و باسی ناکەیت، تەنانەت لای بەڕێز ڕایمۆنیش، بەڵێم ئەدەیتێ؟!».

ئەلینا بەپێکە نێنێکی ساردەوە سەرێکی ڕەزامەندم بۆ ئەلەقێنێ و دەڵێ:

«دڵنیا بە گیانەکەم.. بەڵێن بێت.. بە خۆشەویستیمان، لای کەس، باسی ناکەم، دە پێم بڵێ چییە؟!».

عەشقی ئەلینا هەموو هەستی داگیر کردووم، ئەو پاڵنەری تەواوی دۆزینەوەکەمە، ئاستەمە بتوانم ئەو دۆزینەوەیەی جێگەی هەموو ئومێدێکی ئەوە، لێی بشارمەوە. بۆ خۆیشم نازانم چۆن بەو تەلیسمەی چاوەکانی ئەو دڵە ساویلەکەیەمی گەمارۆ داوە! زۆر هەوڵی ئەوە ئەدەم ئەو نهێنیە نەدرکێنم، بەڵام بێئەوەی بە ویستی خۆم بێت، ئەوە لە دەمم دێتە دەرەوە. کە بیر دەکەمەوە و لەگەڵ ناخمدا ئەدوێم، هەست  بە پەشیمانی دەکەم، بەڵام چی بکەم! تازە کار لە کار ترازاوە، خۆئەگەر پێی نەڵێم دواتر هەر دەبێت ئەوە لای ئەندامانی گومەزەکە و ڕایمۆن ئاشکرا بکەم، ئەی باشە دواتر چی بە ئەلینا بڵێم؟ ئەو چۆن بەوە قایل دەبێت ئەوەی ئەو خەونی پێوە دەبینیت و بەردەوام هاوکار و پاڵنەرم بووە بۆ ئەوەی بەو ئەنجامە بگەم، چۆن دەبێت ئەو عاشقم بێت و دوایەمین کەس بێت بیزانێت.

«ئەوە چییە؟! بیر لە چی دەکەیتەوە؟! بۆ قسەیەک ناکەیت؟! ناتەوێت هیچم پێ بڵێت؟!».

بەو قسەیە بەئاگام دێنێتەوە بڕیاری ئەوە ئەدەم هەموو شتێک بۆ ئەلینا بدرکێنم. لێوەکانم دەلەرزن، بە ئاستەم قسەم بۆ دەکرێ، هەست بە نائارامیی خۆم دەکەم. هەرچۆنێک بێت گوڕێک بە خۆم ئەدەم و پێ لە جەرگی خۆم ئەنێم دەڵێم:

«ئەلینا.. دەمەوێت پێت بڵێم.. من.. ئا.. مەبەستم ئەوەیە.. من توانیم.. توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم».

ئەلینا بە بیستنی ئەو قسەیە نەستیانە، پڕ بە گەرووی هاوار دەکات:

«بەڕاست؟! ئەوە تۆ بە ڕاستە ئاریا؟!!!».

چاوەکانی ئەلینا لە خۆشیدا پڕ لە ئاو دەبن، تەواو هۆشی لەدەست داوە..

«بە ڕاستتە؟! پێم بڵێ..».

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە لەژێر لێوەکانمەوە زیاتر دڵنیای دەکەمەوە:

«ئا.. بە ڕاستمە.. گیانەکەم، من سەرکەوتم».

لە جێگەی خۆی بە پەلە هەڵدەستێت و بە توندی لە ئامێزی خۆیم دەگرێ، بە شێوەیەک خۆی بە جەستەمەوە توند کردووە، وەک ئەوەی زۆر لە مێژەوە یەکترمان نەبینیبێت، گەشتیارەکانی دەوروبەرمان بەو ڕەفتارەی ئەلینا سەرسامن. ئەو ڕۆژە لە خۆشیدا نەیدەزانی چلۆن ڕەفتار دەکا! بەردەوام باوەشم پیادا دەکا و تاوناتاوێک ماچێکی لێوەکانم دەکا. بەتەواوی هۆشی لەدەست داوە، لەدوای بیستی ئەو هەواڵە، ئەلینا خۆی پێ نەگیرا کە زیاتر

لە قاوەخانەکە بمێنێتەوە. داوای ئەوەم لێ دەکات بچینە دەرەوە، منیش ئـارەزووی ئـەوە دەکـەم و ملی ئەو شـەقامە سـەرەکییە دەگرین کە دەمان گەیەنێتەوە ئەپارتمانەکەم.

ئەو ئێوارەیە شـەقامەکان جوانتر بەدەر دەکـەون، گوڵەکانی کـلارک بە دەممانەوە پێدەکەنین و شـەقامەکان ئامێزمان بۆ دەکەنەوە و گومەزەکە تەواو بە بەهەشتێکی ڕاستەقینە دەچێت، ئەو بەهەشتەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی لێوە دەکرێ. بۆنوبەرامەی هەموو ئەو دارو گوڵانەی نێوان شـەقام و کووچەو کۆڵانەکانی ناو گومەزەکە، هەستێکی زۆر جیاوازتری لە جاران لـەنـاو دەروونـمـدا دروسـت کـردووە. هـەسـت بـە هـاموشـۆی گەشتیارەکان ناکەم، هەستێکی جیاواز لە جاران وەک ئەوەی بە تەنێ لە خۆمان زیاتر هیچ کەسێکی تر لەناو گومەزەکەدا نەبێت، ئەو دیمەنە وەک خەونێک دێتە پێش چاوەکانم، من وای دەبینم. ئاخۆ ئەویش وەک من بیر دەکاتەوە و هەمان هەستی بۆ ئەم ساتە ئەفسووناویە هەیە! دڵنیام ئەویش وا دەیبینێ، لەئامێزی دەگرم و سەری ئەنێم بە سنگمەوە. لە هیکرا ئەو قسەیەی ئارۆنم بیردێتەوە کە دەیگوت «ئاریا ئەوەی تۆ دەیکەیت کارێکی کەم نییە.. دەزانیت تۆ دەبیت بە چی ها؟! دەبیت بە مەزنترین زانا. هەموو جیهان شانازیت پێوە دەکا.. ئەوە دەزانیت؟!»

ئارۆن ڕاستی دەکرد، ئێستا ئەوەی لای هەموو مرۆڤایەتی وەک خەونێک وا بوو من توانیم بیکەمە ڕاستی، ئێستا هەست بە مەزنی و توانای خۆم دەکەم و بیر لەوە دەکەمەوە، چ کارێکی مەزن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار دەکـەم. ئێستا دەزانـم خاوەنی ئەو هێزە مەزنەم کە دەتوانم، بیری هەموو مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئەو

ئامێرەوە بگۆڕم. دەتوانم پەی بە هەموو خەون و بە بیری هەموو کەسەکان ببەم و نهێنیەکانی ژیانیان بدۆزمەوە و ڕێگەچارەیان نیشان بدەم.

دەتوانم هەموو نەخۆشییە دەروونیەکان بەتەواوی چاک بکەمەوە و هەست بە بوونی ئازارەکانیان بکەم، دەتوانم لەنێو گومەزەکەوە دەست پێ بکەم، بیری ئەو کەسانە بگۆڕم لە بری ئەوەی گوڵەکانی کلارک لێ بکەنەوە و بێنرخانە لە شەقامەکاندا توڕیان بدەن، لە دوورەوە پڕ بە لووتیان بۆنی بکەن بێئەوەی گوڵەکان بژاکێنن.

دەتوانم ئەو خەونانە لە بیری ئەو کەسانە پووچ بکەمەوە کە بەدرێژایی شەوەکان پلانی پێشوەخت بۆ تاوانە مرۆییەکان دائەڕێژن. هەستی ئەو سۆزانییانە بگۆڕم لە بری ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەیان وەک مەڕێکی بێدەسەڵات لە بەردەم ئەو پیاوانەی وەک گورگێکی برسی بە درێژایی شەو کەڵبەکانیان لە هەموو جەستەیان گیر دەکەن، تەنیا ڕێگە بەو کەسە بدەن لەگەڵیان بێت کە خەونی پێوە دەبینن.

دەتوانم کاری زۆر لەوە مەزنتر ئەنجام بدەم. ئەوەی من کردوومە، خەونێکە بە درێژایی مێژوو نەهاتووەتە دی. لەوانەیە زۆر لەوانەی هەموو تەمەنیان لە زانستدا بەسەر بردووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەی من کردوومە بە خەون بینیبێتیان، بەڵام ئاشکرایە کەسیان نەیانتوانیوە وەک من بیکەنە ڕاستی. ئێستا هەست بە گەورەیی خۆم دەکەم، هەست دەکەم مرۆڤێکی زۆر جیاوازم، جیاواز لە هەموو ئەوانەی کە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە.

لەناو ئەودا نغرۆ بووم، بێئاگا لە هەموو شتێک. ئەلینا بەئاگام

دێنێتەوە و داوای ئەوەم لێ دەکات  سەردانێکی تاقیگەکە بکەین، بۆئەوەی بە چاوەکانی خۆی لە نزیکەوە کاری ئامێرەکە ببینێ. منیش داواکەی بە خۆشحاڵیەوە پەسەند دەکەم و بەرەو تاقیگەکە ڕێگەکەمان دەگۆڕین. ئەلینا وەکو منداڵێکی بزێو ڕەفتار دەکا، بە ئەملاو ئەولای شەقامەکاندا دێت و دەچێت، بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە، منیش نغرۆی ناو جیهانێکی ئەفسووناویم. بەردەوام بیر لە گرنگیی ئامێرەکە دەکەمەوە. دواجار بڕیاری ئەوە ئەدەم یەکەم دەستپێکی کاری ئامێرەکەم تاقیکردنەوەیەک بێت لەسەر درۆسیا. دەمەوێت ئەوە بکەم، دڵنیام  ئەلینا بەوە خۆشحاڵ دەبێت.

زۆر لەو کاتانەی درۆسیا م لەناو بەندیخانەی ئەپارتمانەکە دەهێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی کەمێک هەوای ناو گومەزەکە هەڵمژێت، ئەلینام لە تەکدا بوو. درۆسیا بە تەواوی هۆگرمان بووە، زۆرجار لەگەڵ ئەلینا دەپەیڤین  باسی ئەو کاتانەی بۆ دەکردین کە چۆن بۆ یەکەمجار ئارۆنی ناسیبوو. بەردەوام ئەلینا بە کچەکەم گاز دەکا. درۆسیا بە تەواوی تووشی لەبیرچوونەوەیەکی جیاواز بووە، کە لەسەر بابەتێک قسە دەکات، لە نیوەدا باسەکەی دەگۆڕێ بۆ باسێکی تر و قسە سەرەکییەکەی لەبیر دەچێتەوە. ئەو ماوەیە هەسێکی جیاواز لە نێوانماندا دروست بووە، کاتێک بەناو گومەزەکەدا دەسووڕاینەوە تەواو بە خێزانێک دەچین. گەشتیارەکان بەو شێوەیە دەیانبینین.

ئەمشەو گومەزەکە جمەی دێت، ناو باڕەکان و قاوەخانەو یانەی سەماکان پڕن لە گەشتیار، کەشی ناو گومەزەکە هەوایەکی خۆشی هەیە. دارەکان بە دەم باوە سەما دەکەن، هەموو دوکانی

شیرینی و خواردەمەنیەکان و ئەو بازاڕانەی هەموو بابەتێکی دروستکراوی ناو پڕۆژەکەی تیایە، کراونەتەوە. گەشتیارەکان بەتەواوی ئەو ناوەیان قەرەباڵغ کردووە. ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکان بەناو شەقامەکاندا فڕکەفڕکیانە، بەردەوام گەشتیارە ماندووەکان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەگوازنەوە، بەبێئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن.

کاتژمێر نۆی شەوە بە کاتی گومەزەکە، ئەلینا لە پێش مندا لە ماڵی ئارۆن چاوەڕێم دەکات، درۆسیا عەزییەکی ڕەنگ پەمەیی کاڵی لەبەر کردووە. جەستە ئێسکنەکەی لەناو عەزییەکەیدا دیار نەماوە. تەواو بە داهۆڵێک دەچێت جلکیان لەبەر کردبێت، پێستی بە ئێسکی دەموچاویەوە نووساوە، تەواو لە مردوویەک دەچێ تازە لە نێو گۆڕەوە هێنابێتیانە دەرەوە. ئەلینا خۆی پێ ناگیرێ، بەردەوام دەڵێت:

«درەنگە.. تا بەڕێز ئارۆن نەهاتووەتەوە.. با کارەکە ئەنجام بدەین».

هاتنەوەی ئارۆنم بە لاوە گرنگ نییە، دەزانم ئێستا لە گۆشەیەکی بارەکانی ناو گومەزەکەدا خۆی سەرمەست کردووە. لە بێدەسەڵاتیی خۆیدا دەگری، بێئەوەی بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە. تێکچوونی باری دەروونیی درۆسیا کاریگەریەکی تەواوی لەسەر ئارۆن دروست کردووە، ئەو پیاوەی پۆلائاسا بەرامبەر ڕایمۆن دەوەستایەوە، ئێستا بەهۆی درۆسیا وە، وەک باڵندەیەکی نێو قەفەز ڕەفتار دەکا، دڵنیام هیچ هیوایەکی تری بۆ دەربازبوون نییە.

ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکە لەبەر دەرگای ئەپارتمانەکە ئامادەیە، درۆسیا وەک هەموو جارەکانی تر بێئەوەی پرسیاری ئەوە بکا بۆ کوێ دەچین، بە ڕەفتارێکی منداڵانەوە خۆی دەگەیەنێتە ناو ئۆتۆمبێلەکە، وا هەست دەکا وەک هەموو شەوەکانی تر دەچینە ناو بازاڕ و شەقامەکانی ناو گومەزەکە و بەدەم پیاسەکردنەوە ئەو شیرینییەی بۆ دەکڕین کە بەردەوام ئارەزووی دەکات. ئۆتۆمبێلەکە لە ماوەیەکی کەمدا دەمانگەیەنێتە بەردەم دەرگای تاقیگەکە، درۆسیا زۆر ئاسایی ڕەفتار دەکا، بێئەوەی هیچ ورتەیەک لە دەمیەوە بێتە دەرەوە، تا ناو تاقیگەکە بەدوومان دەکەوێ. چاوە بچکۆلەکانی بەناو تاقیگەکەدا دەگێڕێ. لە چاوەکانیدا گومانێک دەبینم، ترسی ئەوەم لادوست دەبێت درۆسیا بەو دیمەنە تاقیکردنەوەکەی داڤیدی بێتەوە یاد و وەک گایەکی شێت لە دەستمان هەڵبێت.

لەبەر خۆیەوە دەڵێت: «ئێرە شیرینیی لێ نییە ئاریا!»، بۆئەوەی هەست بە شتێک نەکات و پلانەکەمان تێک نەچێت، بە دەستێکم باسکە لاوازەکانی دەگرم و بەرەو ئەو کورسەیە پەلکێشی دەکەم کە ئەو ڕۆژانەی ئەلینا دەهاتە لام و لەسەری دائەنیشت، درۆسیا بە هێمنی خۆی بۆ شل کردووم و لەسەر کورسییەکە دائەنیشێت، ئەلینا کورسییەکی تر دەهێنێت و بەرامبەری دادەنیشێ، کەمێک لێی دێتە پێشەوە دەستە باریکەکانی توند دەگوشێ و پێی دەڵێت:

«خاتوو درۆسیا.. دەتوانیت بۆ ماوەیەک چاوەکانت دابخەیت، شتێکی خۆشم هەیە بۆ تۆ».

درۆسیا ئەو کارەی وەک گەمەیەکی منداڵانە دێتە پێش چاو و ئەوە دەکات کە ئەلینا دوای لێدەکات. بە خەندەیەکەوە دەڵێت:

«دەزانم چی دەکەیت، دەتەوێت شیرینییەکەم بۆ بهێنیت.. وا نییە؟!»

ئەلینا بۆ ئـەوەی بـەردەوامـی بە کارەکەی بـدا، بە دەنگێکی نەرمەوە پێی دەڵێت:

«بە دڵنیاییەوە.. بەڵام دەبێت ئەم جارە بۆ ماوەیەکی زۆر ئارام بگریت، بەڵێنم بدەری».

لەژێر لێوەکانیەوە دەڵێت: «بەڵێن ئەدەم کچەکەم». من خۆم چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد درۆسیا هەر وا بەئاسانی متمانەمان پێ بکا، ئەو کاتێک چاوی بەو ئامێر و کەرەستە پزیشکیانە کەوتبا، بەبێ ویستی خۆی هەموو جەستەی دەکەوتە لەرزین، چاوەکانی سوور دەبوونەوە و دەمارەکانی ملی زیاتر ئەستور دەبوون و لەهیکڕا پڕ بە گـەرووی هـاواری دەکـرد و دەینالاند و دەیـوت: «وا مەکەن، چیم لێ دەکەن، نامەوێت ئەو شتانە ببینم». ئەوەندە هاواری دەکرد تا بەتەواوی لە هۆشی خۆی دەچوو.

بە هێمنی ئامێرەکەم لە پشت سـەری درۆسـیـاوە نێزیکتر دەکەمەوە، دەست بۆ کڵاوە ئەلەکترۆدییەکە دەبەم و بە هێمنی لەسەر درۆسیای دەکەم. هەست بە ترس دەکەم و وێنای ئەوە دەکەم درۆسیا هەست بەو کارە نامۆیە بکات و لە جێگەی خۆی ڕاچەنێت، هەست بەوە بکات بە مەبەستی تاقیکردنەوە هێناومانە بۆ ئێرە. ئەگەر ئەوە بزانێت هەموو ڕۆبۆتەکانی ناو گومەزەکە بە سەرمانا دائەبارێنێت، ئەوسا دەبێت چی بکەم! چۆن دەتوانم ئەو کارە لە چاوە ترسناکەکانی ڕۆبۆتەکان بشارمەوە. ئەوان وەک مرۆڤ نین و وەک مرۆڤ بیر ناکەنەوە، نازانن هەستی مرۆڤایەتی چییە و چۆن هەستی پێ دەکری! تەنیا ئەوە نەبێت، لەسەر ئەو

بەرنامەیە کار دەکەن کە ڕایمۆن لە مێشکیاندا جێگیری کردووە.

درۆسیا لە جێگەی خۆی نابزوێت، بـەردەوام دەستەکانی لەنێو دەستی ئەلینا نـاوە، هەست بە ئارامیەکی تـەواو دەکات. بێئەوەی هیچ پەرچەکردارێکی نامۆ بنوێنێ لە جێگەکەی خۆی جووڵەی لێوە نایەت وەک کۆترێکی ماڵی و دەستەمۆ لەبەردەم ئەلینا کرزۆڵەی کردووە. هەست دەکەم کارەکان بەباشی بەڕێوە دەچێت. بۆئەوەی درۆسیا لەو بارە دەروونییە ئارامەدا بمێنێتەوە، ئەلینا بەردەوام پرسیاری ئەوەی لێ دەکات. کە چۆن لە سەرەتادا ‹ئارۆن›ی ناسیوە و چۆن خۆشی ویستووە! ئەویش  بەردەوام حەز بەوە دەکات کە چیرۆکی عەشقی خۆی بۆ هەموو کەسێک بگێڕێتەوە. ئەو بەو کارەی یادەوەرییە شیرینەکانی تەمەنی لاوێتی خۆی دەبینێتەوە. کاتێک کە باسی خۆشەویستی دەکات، هەستێکی جیاواز لە دەروونیدا دەبزوێ، چێژێکی تایبەت ئەدا بە گێڕانەوەی باسەکەی، وا هەست دەکات ئەو ساتانەیە کە تێیدا ژیاوە، لەگەڵ قسەکانیدا، ئەو ڕەفتارانە ئەنوێنێتەوە کە لەو کاتانەدا ئەنجامی داون.

کرتە لەسەر دوگمەی پێکردنی ئامێرەکە دەکەم! ئەلینا بەردەوام چـاوە گـەورەکـانی لەسەر منە، چاودێریی هەموو ڕەفتارێکم دەکات، جارناجارێک لە دەموچاوە وشکهەڵهاتووەکانی درۆسیا دەڕوانێ بۆ ئەوەی لێی دڵنیا بێت، ئەوەندە نابات لەسەر شاشەی ئامێرەکە ئەو وێنانە دەرکـەون کە درۆسیا باسی لێوە دەکات، وێنەی یادەوەرییەکان ئەوەندە ڕوون دەبینم، تەواو بە وێنەی ئەو کامێرایانە دەچێت کە گەشتیارەکان لەناو گومەزەکە دەیانکڕی وێنەی یادگارەکانیان پێ دەگرت. ئەلینا کە وێنەکانی ناو شاشەی

ئامێرەکە دەبینێ، هاوشێوەی قسەکانی  درۆسیا دەبزوێ، تەواو سەراسیمە بـووە. دەستەکانی بە هێمنی لە دەستی درۆسیا ئەترازێنێ و خۆی لە ئامێرەکە نزیکتر دەکاتـەوە، چاوەکانی گەورەتر دەبـن، درۆسیا بـەردەوام قسە دەکـات، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کێ گوێبیستی دەبێت. لەگەڵ گێڕانەوەی هەموو چیرۆکەکانی خۆشەویستی لەگەڵ ئارۆن، ئامێرەکە وەک فلمێکی سینەمایی، وێنەکانی درۆسیا و ئارۆن نیشان ئەدا. تەنانەت ئەو دیمەنانەش کە درۆسیا باسی دەکردن و لەو شوێنانەی کە پێکەوە قسەیان دەکردو دەگەڕان، هەمووی وەک خۆی نیشان ئەدا. ئەلینا زمانی تەواو بەستراوە و هیچ ناڵێت، نازانم  بەهۆی ئەوەوەیە کە درۆسیا بەئاگا نەیەتەوە، یان سەرسامیی ئەو ئامێرە وای لێ کردبوو توانای قسەکردنی نەبێت.

لە ڕێگەی کیبۆردی ئامێرەکەوە کرتە لەسەر ڕێکخستنی یەک بە دوایەکی وێنەکان دەکـەم. بە شێوەیەکی مێژوویی ڕێکیان دەخەمەوە، لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە فرمانم بە ئامێرەکە دا کە توانای هەبووی بیری درۆسیا بەو شێوەیە لێ بکاتەوە کە پێشتر هەیبووە. پاشان، لە ڕێگەی کۆمپیوتەری ئامێرەکەوە جارێکی تر فرمانی ئەوەم دا، کە هەموو ئەو بیرانەی کە پیشتر تێکەڵ و پێکەڵ بوون و بەهۆی تاقیکردنەوەکەی داڤیدەوە تێک چووبـوون، هەموویانم ڕێک خستنەوەو بیرە سەرەکییەکانی مێشکی  درۆسیام  بە شێوەیەک بەهێز کرد کە چیتر ئەو بیرە خراپانەی پێشتر هەیبوون نەتوانن جارێکی تر کاریگەریی خراپ لەسەر مێشکی درۆسیا دروست بکەنەوە، ئامێرەکە بەو شێوە زیرەکییە فەرمانەکانم بە تەواوی جێبەجێ دەکا.

درۆسیا لە شوێنی خۆی نابزوێ، وەک لاشەیەکی مردوو لەسەر کورسییەکە کەوتووە، دەستە لاوازەکانی بە ئەملاو ئەولای کورسیەکەدا شۆڕ بووەتەوە. زۆر بەئاستەم هەناسە ئەدا، ئەلینا وەک پەیکەرێک لە تەکییەوە وەستاوە. نوتقی لێوە نایەت، بۆ ئەوەی ئاگاداری تەندروستی درۆسیا بێت داوای ئەوە لە ئەلینا دەکەم چاودێریی بکات. ئەلینا وەک ئەوەی لە خەونێکی ترسناک بەئاگا بێتەوە لە جێگەی خۆی بە ترسێکەوە ڕائەچەنێ. وەکئەوەی گوێبیستی قسەکانم نەبووبێت:

«چیت وت ئاریا؟!».

بە هێمنی لە ژێر لێوە کانمەوە بەدەنگێکی نەرم دووبارە ئەوەی پێدەڵێمەوە:

«ئەلێم چاوێکت لە درۆسییا بێت، بزانە باری دەروونیی چۆنە؟!».

ئەلینا بە هێمنی دەچێتەوە سەر ئەو کورسیەی کە بەرامبەری دابینابوو، کەمێک لە نێو چەوانی دەڕوانێ و بە نیگایەک لەوە دڵنیام دەکاتەوە کە هیچ شتێکی نامۆ لە گۆڕێدا نییە. ئامێرەکە بەردەوام شەپۆلی بیرەکانی مێشکی درۆسیا بە خێرایی دەهێنێ و دەبات. لە ناخمدا هەست بە ترسێک دەکەم، دڵم زۆر بەپەلە لێ ئەدا، هەموو جەستەم تەواو شەلاڵی ئارەق بووە، دەستەکانم کەمێک دەلەرزن، بۆ خۆیشم نازانم چیم بەسەر هاتووە، زۆرجار بۆ ئەوەی باری دەروونیم هێمن بکەمەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەمژم، تێبینی درۆسیا دەکەم لە جێگەی خۆی نابزوێ. چەند بیرگەلێکی خراپ بە مێشکمدا دێن و دەچن، ترسی ئەوەم هەیە، لەهیکڕا ئامێرەکە تووشی نارێکییەک بێت، یان بە تەواوی لەکار بوەستێت.

بەردەوام لەسەر ئەو شاشەیەی کە بە ئامێرەکەوە پەیوەستە، شەپۆلی بیرەکانی مێشکی درۆسیا دێن و دەچن. تەواو لە تێپەڕبوونی کات بێئاگام، نازانم ماوەی چەندە درۆسیا لەژێر ئامێرەکەدا ماوەتەوە، بیر لە تاقیکردنەوەکە دەکەمەوە و توانای بەرهەڵستیی درۆسیا هەڵدەسەنگێنم و بەخۆم دەڵێم ئەو کەسێکی ئاسایی نییە لەوانەیە نەتوانێت بەئاسانی بەرگەی ئەو هەموو شەپۆلانە بگرێ کە لە ئامێرەکەوە ئاراستەی مێشکە بچکۆلەکەی دەکەم. بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە کە ئامێرەکە ئەنجامێکی دڵخۆشکەرم پێ بدات.

ئەلینا بە پسکە گازم دەکات و منیش بە ترسێکەوە لێی دەڕوانم. بە چاوەکانی ئاماژەی بۆ دەستەکانی درۆسیا دەکا، پەنجەکانی بەهێمنی دەبزوێن، پاشان هەر دوو دەستەکانی لێک نزیکتر دەکاتەوە و پەنجەکانی لەسەر کۆشی تێک دەئاڵێنێ و هەناسەیەکی قووڵی پڕ حەسرەت هەڵدەکێشێ، وەکئەوەی لە خەمێکی گەورە دەربازی بووبێت. کەمێک ملە باریکەکەی بە لای ڕاست و چەپی خۆیدا دەجووڵێنێ. لەبەر خۆیەوە گازی ئارۆن دەکات: «ئارۆۆن...ئارۆن لە کوووێی ئارۆۆن؟!»، بەهۆی قورسیی لێوەکانیەوە بەتەواوی لە قسەکانی حاڵی نابم.

ئامێرەکە بە زەنگێکی هێمن سەرنجی هەردووکمانی بۆ لای خۆی کێش دەکا. لەسەر شاشەی ئامێرەکە ئەوە نووسراوە:

((ڕێکخستنەوەی فایلەکان بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات)).

ئەلینا بە بینینی نووسینەکە خەندەیەک لەسەر لێوەکانی دروست دەبێت و بە نیگایەکی پڕ لە پرسیارەوە لێم دەڕوانێ. تا ئەو کاتەش گومانم لە کاری ئامێرەکە هەبوو کە شەپۆلەکانی بیری درۆسیای

پێ ڕێک بخرێتەوە. کڵاوە ئەلەکترۆدییەکە لە سەری دەکەمەوە. درۆسیا بەردەوام بێئاگایە، تەنیا دەستەکانی دەبزوێ، ئامێرەکە لە درۆسیا دوور دەخەمەوە، دێمە نزیکی ئەلیناوە و پێکەوە بە تاسەوە لە سیما چرچ و ڕەقەکەی ڕادەمێنین، ئەلینا دەپەیڤێت:

«لەوانەیە خەوی لێ کەوتبێت».

بە گومانێکەوە لێی دەڕوانم و دەستەکانی دەگرم و بە هێمنی گازی دەکەم:

«بەڕێز درۆسیا.. ئایا تۆ گوێت لێمە؟!».

وەک ئەوەی لە خەوێکی زۆر قووڵ بەئاگا بێتەوە، پێڵووەکانی بە ئاستەم دەبزوێ، لەگەڵ کردنەوەی پێڵووی چاوەکانی، هەستێکی پڕ شادمانی بە دەرونمان دەبەخشێتەوە. درۆسیا وەک دوو کەسی نامۆ لێمان دەڕوانێ، بێئەوەی هیچ بڵێت، سەری بەئەملاو ئەولای خۆیدا ئەگێڕێ، وەک ئەوەی بۆ کەسێک بگەڕێت. چاوەکانی لەسەرم وێستە دەکات بە دەنگێکی نەرم و هێمن پێم دەڵێت: «ئارۆن لە کوێیە؟»، ئەوە دەڵێت و لە جێگەکەی خۆی بە ئاستەم خۆی بڵند دەکا، گرانییەکی زۆر بە جەستە لاوازەیەوە دیارە. کەمێک بەناو تاقیگەکەدا دێت و دەچێت، لەو ئامێر و کەرەستانە دەڕوانێ کە لەسەر ئەو مێزە گەورەیە دانراون و نێوەی تاقیگەکەی داگیر کردووە. هەردوکمان بە گومانەوە لێی دەڕوانین و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین، درۆسیا بپەیڤێت. بەناو تاقیگەکەدا دەسوڕێتەوەو لە هەموو شتێک ورد دەبێتەوە، وەکئەوەی یەکەمجاری بێت ئەو شوێنە ببینێ، دوای کەمێک ئاوڕێک بۆ هەردوکمان ئەداتەوە و بە پێکەنینێکەوە دەڵێت:

ئەزانن ئێرە بەتەواوی لە تاقیگەی قوتابخانەکەم دەچێت؟».

بـــەردەوام چـاودێـریـی ڕەفـتـارەکـانـی ئـەو دەکـەیـن، بە سـەرسـوڕمـانـەوە لـەو ڕەفـتـارە جـیـاوازانـەی دەڕوانـیـن کە لە دوای تاقیکردنەوەکە ئەنجامی ئەدا، هەست دەکەم درۆسیا بە تەواوی گۆڕاوە، گۆڕانێکی تەواو و سەرسوڕهێنەر، بە شێوەیەک ڕەفتاردەکا و قسە دەکات، بە چاوەکانی خۆم متمانە بەوە ناکەم ئەوە درۆسیا بێت، قسە و ڕەفتارەکانی زۆر هێمن و لەسەرخۆن، پرسیارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەکات، تـەواو وەک ژنێکی ڕۆشنبیر و پلەدار خۆی ئەنوێنێ. ئەو ڕەفتارانەی ئەو دەیانکات، تەواو ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆیەتی، کە پێشتر هەیبووە، ئـازارە بـەردەوامـەکـەی سـەری بە تـەواوی نەماوە، بـەردەوام پرسیاری ‹ئـارۆن› دەکات، بەهۆی هاتنەوەی هۆشی بۆ دۆخی جارانی گومانی لەناو تاقیگەکە هەیە، پرسیاری ئەوە دەکا بۆچی منتان هێناوە بۆ ئێرە، دواجار بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە دەڵێت:

«با سەردانێکی ئارۆن بکەین.. بزانم خەریکی چییە!»

ئەوە دەڵێت و بە چەند شەقاوێک خۆی دەگەیەنێتە لای دەرگای تاقیگەکە.

ئەلینا بە چاوە پڕلە پرسیارەکانی لێم دەڕوانێ، تەواو سەراسیمە دیارە. درۆسیا ئەوەندەی نەماوە لە نێو دەرگاکە بزر بێت، بە ئەلینا دەڵێم:

«وا باشترە خاتوو درۆسیا بگەیەنیتە ماڵەوە، دواتر یەکتری دەبینینەوە».

بێئەوەی هیچ بڵێت تەنیا سەرێکی ڕەزامەندیم بۆ ئەلەقێنێ و بەدووی درۆسیا دەکەوێت.

بیر لەوە دەکەمەوە چۆن پێکهاتەکە بشارمەوە، بۆ خۆیشم نازانم چۆن ئەوە بە مێشکمدا گوزەر دەکات! هەست دەکەم کەسێک لە نادیارەوە پێم دەڵێت  بیر لە هۆکاری شاردنەوەی دۆزینەوەکەم دەکەمەوە و پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم ئایا ئەگەر دۆزینەوەکەم لای ڕایمۆن و لیژنەکەی مانگ ئاشکرابکەم، ئایا چی دەبێت! ئەو پرسیارە ڕەفتارە تۆقێنەرەکانی ‹ڕایمۆن›م بیر دێنێتەوە. دڵنیام دۆزینەوەکەم وەک کارەکانی ‹راجا›ی بەسەر دێت بە چەند بیانوویەکی بێماناوە دەستی بەسەردا دەگرێ و دواجار خوا دەزانێت بە چ ئاقارێکدا دەمبات، ئێستا بە تەواوی هەست بە دڕندەیی ڕەفتارەکانی ڕایمۆن دەکەم. ئارۆن ڕاست دەبێژێت کە دەڵێت:

«ڕایمۆن شەیتانێکی نووستووە تا بەئاگا نەیەتەوە نازانیت تا چەند بێبەزەییانە ڕەفتاردەکا!».

دەمەوێت بیر لە چارەسەرێکی گونجاو بکەمەوە، مێشکم تەواو ئاڵۆز بووە، دواجار بڕیاری ئەوە ئەدەم شوێنێکی ئارام بۆ شاردنەوەی پێکهاتەکە بدۆزمەوە. هەر وا دەکەم و پێکهاتەکە و ئایپادە سلیکۆنیەکە لەنێو ئەو سندوقە بچووکەدا دادەنێم کە ماددەکانی تیادا دەپارێزران، سندوقەکە هەڵدەگرم و بەرەو ماڵەوە ڕێ دەکەم. جێنیفەر لە چێشتخانەکە خەریکی ئامادەکردنی خوانی ئێوارەیە، بە دەنگە ناسکەکەی بەخێرهاتنەوەم دەکات و منیش وەڵامی ئەدەمەوە. دەچمە ژووری نووستنەکەم. جێنیفەر چاوی لەسەرم نییە، سندوقەکە دەخەمە سەر ئەو دۆڵابەی کە جێنیفەر بۆ پاکژکردنەوەش دەستی پێ ناگا.

کات نزیکی دووی بەیانییە، هێشتا خەو لە چاوەکانم نەکەوتووە، مێشکم تەواو ئاڵۆز بووە بیر لە شتگەلێکی نامۆ دەکەمەوە، ئێستا ئەو پێکهاتەیەی نزیکەی دوو ساڵێک دەبێت کاری بۆ دەکەم، لەنێو دەستەکانمدایە، ئەوەی دیڤد و راجا نەیانتوانی بەدەستی بهێنن، من دۆزیومەتەوە. دەمەوێت بیر لە پاراستنی بکەمەوە و بەئاسانی ڕادەستی ‹ڕایمۆن›ی نەکەم، ئێستا ئەو پارچە شووشەیە بووەتە هەموو هیوا و ئامانجەکانم. دەتوانێت بمکاتە مرۆڤێکی جیاواز، زۆر جیاوازتر لە هەموو ئەو زانایانەی کە خۆیان بە کەسێکی جیاواز لە مرۆڤایەتی دەزانن لە خۆیان بایی بوون. ئێستا بەتەواوی هەست بە مرۆڤبوونی خۆم دەکەم، بیری کلارک دەکەم بۆن و بەرامەی گوڵەکانی وام لێ دەکات لە ژوورەکەمدا هەست بە بوونی کلارک بکەم. بەردەوام لەگەڵ ناخمدا دەپەیڤم و بیر لە پێکهاتەکە دەکەمەوە و لەگەڵیدا ئەو ترسەی لە ناخمدا خۆی مەڵاس داوە گەورەتر دەبێت.

# 16

هەسارەی زەوەی زۆر بە جوانی دەبینم، بەسەر ئاسمانی گومەزەکەوە وەستاوە، هێندە گەورە دیارە ئاسمانی گومەزەکەی بە تـەواوی پڕ کـردووەتـەوە، دیمەنی کیشوەرەکان و ناوچە سەوزەکانی بە ڕوونی دەبینم، زەریاکان تەواو شین دەچنەوە، شینێکی وەها تا دڵت حەز بکا تامەزرۆی بینینی بکەیت. ماوەیەکی زۆرە زەویـم بەو شێوەیە نەبینیوە، وا هەست دەکـەم ئەویش تـامـەزرۆی گـەڕانـەوەم دەکـا. ئـەو دیمەنە هەستێکی نامۆی لە دەروونمدا دروست کردووە. هەستێک کە بۆنی نامۆیی لێ دێت، ئارەزووی گەڕانەوە دەکەم، گەڕانەوە بۆ یادگارییەکانی منداڵیم، لە مانگەوە وێنای ئەو شەقامانە دەکەم دایکم لە بۆنەکاندا بەرگێکی تایبەتی لەبەر دەکردم و لەتەک خۆیدا بەناو شەقامەکانی شاری نیویۆرکدا دەیگەڕاندم. بەنێو بازاڕەکاندا دەسوڕاینەوە بێئەوەی

هەست بەماندووبوون بکەین. لە کۆتاییدا لەو دوکانەی نێزیکی ئەپارتمانەکەمان بوو لەگەڵ پشوویەکی درێژخایەندا پێکەوە ئەو شەربەتە تێکەڵەمان دەخواردەوە کە لە هەموو جۆرە میوە تازەکان دروست دەکران.

دایکم ئەو ژنە خۆنەویستە بوو، کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبووم، هیچ کاتێک بواری بەوە نەدابوو تەنانەت بۆ تەنیا ساتێکیش هەست بە نائارامی و دڵتەنگی و تەنیایی بکەم. بیری دایکم دەکەم، وا هەست دەکەم ئەمرۆ دیمەنی زەوی بە تەواوی بە وێنەی سیما ڕوون و جوانەکەی ئەو دەچێت، دڵنیام ئێستا ئەو هەست بە هەموو شتێکم دەکات، هەست بە سەرکەوتنەکانم، بە هەموو ئازار و ناخۆشی و خۆشییەکانم، لە زەویدا دیمەنی ئەو بە خۆشحاڵی دەبینم. وەک زەوی بە سیمایەکی جوانەوە لێم دەڕوانێ، دڵنیام لەوەتەی سەردانی ئێرەم کردووە، لە کوردوستانەوە بە درێژایی هەموو ئەو شەوانەی مانگ بە ڕوونی دیارە لێم دەڕوانێ، ماوەیەکی زۆرە غەریبیی دەکەم، بە تایبەت ئەوە بۆ چوار ڕۆژ دەبێت سەرکەوتنم لە داهێنانەکەمدا بەدەست هێناوە.

هەستێکی نامۆ، هەستێک کە بۆنی دایکمی لێ دێت لە ناخمدا دەبزوێت. وای لێ کردووم ئارەزووی بینینی هیچ کەسێکم ناکەم، تەنانەت ‹ئەلینا›ش. لە دوای ئەو شەوەی درۆسیام بە تەواوی چاک کردەوە بۆ چەند جارێک پەیوەندیی پێوە کردووم، ئارەزووی وەڵامدانەوەو بینینی ناکەم. دواجار بەناچاری بە داوای لێبوردنەوە پێی دەڵێم:

«ئازیزەکەم.. ئەم ماوەیە پێم خۆشە بەتەنیا بم، دواتر خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەم».

ئیتر ئەلینا لەو ڕۆژە بەدواوە پەیوەندی پێوە نەکردوومەتەوە، ئەو شەوەی تاقیکردنەوەکەم لەسەر درۆسیا کرد، بۆ بەیانی ئارۆن بۆ چەندین جار هەوڵی ئەوەی دابوو پەیوەندیم پێوە بکا، بەڵام من وەڵامم نەدایەوە، دواجار لە ڕێگەی دەنگە نامەیەکەوە داوای لێکردبووم لە شوێنێک چاوی پێم بکەوێت. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە ئارۆن بۆ چ مەبەستێک دەیەوێت بمبینێت، بەتەواوی هەموویانم فەرامۆش کردووە، دووریی دایکم هەموو هەستەکانی داگیر کردووم. ئارەزووی ئەوە دەکەم لە کەمترین ماوەدا بگەڕێیمەوە، لە نێزیکەوە مژدەی سەرکەوتنەکانمی پێ بدەم، مژدەی ئەو خەونانەی بدەمێ کە بە درێژایی شەوەکان بۆم دەگێڕایەوە. ئەو لە پێناوی هێنانەدیی خەونەکانمدا زۆر ئازاری تەنیایی چەشت، ئێستاش لەبیرمە ئەو ڕۆژەی هاتمە سەر مانگ لەدوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک بۆ کوردستان گەڕایەوە. ئەو دایکێکی زۆر جیاوازە، هەرگیز لەو دایکانەی ئێرە ناچێ، بەردەوام بیری لام بوو، تەنانەت لە شەویشدا کاتێک لە قووڵایی خەودا بووم چەندین جار بۆ ئەوەی دڵی ئارام بێت سەردانی ژوورەکەمی دەکرد. لە دوای مردنی باوکم زیاتر هۆگرم ببوو، ئەو دەیگوت:

«کوڕەکەم.. تۆ هەموو هیوایەکی منی.. لەم دنیایەدا لەتۆ زیاتر، هیچ کەسێک شک نابەم.. ئاگاداری خۆت بە.. لەگەڵ هەموو کەسێکدا مەگەڕێ.. ئێرە وڵاتێکی پڕ کارەسات و پڕ مەترسییە».

ئەو قسانەی دایکم بەتەواوی گوشەگیری کردبووم، بەتەواوی لە هەموو هاوڕێکانم دوورەپەرێز بووم، تەنانەت لەناو زانکۆدا لە سووچێکدا دائەنیشتم و وەک چاودێرێک لە هاوڕێکانم دەڕوانی، بۆ

خۆیشم لەوە تێنەئەگەیشتم، قسەکانی دایکم بوون یان خەونەکانی خۆم کە گەیاندمیانە ئەم گومەزە.

***

ڕایمۆن زۆر شڵەژاوە.. لەوەتەی مقۆمقۆی مرۆڤە باڵدارەکان لەناو گەشتیارەکاندا دەبیسترێ بە تەواوی خۆی بزر کردووە. بـەردەوام بەناو گومەزەکانی دەوری گومەزە سەرەکییەکەدا دەسوڕێتەوە، بڕیاری داخستنی هەموو ئەو چوار شەقامەی داوە کە دەچنەوە سەر گومەزەکانی دەرەوە، هەموو پەیوەندییەکانی نێوان مانگ و ئەمەریکای بڕیوە. تەنانەت گەشتی ئەو فڕۆکانە و باڵە فڕیوەکانیشی ڕاگرتووە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت لە ئاسمانی گومەزەکەوە درک بەبوونی مرۆڤە باڵدارەکان بکا. گەشتیارەکان هەستیان بە شتێکی نامۆ کردبوو لە ئاسمانی یەکێک لە گومەزەکانی دەرەوە، لەناو باڕ و یانەکان و قاوەخانەکاندا، تەنانەت لەنێو شەقام بازاڕەکانیشدا، باسی ئەو مرۆڤانە دەکەن کە لەناو یەکێک لە گومەزەکانی دەرەوەدا بینیویانە.

گوێبیستی پیاوێکی تەمەن شەست ساڵە دەبم لە ناو یەکێک لە باڕەکاندا دانیشتووە و کۆمەڵێک کچ و کوڕی لاو گرمۆڵەیان داوە، ئەویش بە دەم خـواردنـەوەی کهولەوە باسی ئەوەیان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێک لە نهۆمی سێهەمی ئەپارتمانەکەیدا لە باڵکۆنەکەی خۆیدا دانیشتووە لەو دیمەنی گەشتیارانەی دەڕوانی کە لە خوارەوە هاموشۆیان دەکرد، کاتێک سەری بڵند دەکاتەوە لە ئاسمانی یەکێک لە گومەزەکانی دەرەوەدا بە چاوەکانی خۆی چەند مرۆڤێکی بچوکی باڵدار دەبینێ. بە باڵەکانی خۆیان بە ئاسماندا دەفڕن، بەردەوام لە شەقەی باڵ ئەدەن و بەرزو نزم

دەبنەوە. هەندێکجار لە ناوەڕاستی گومەزەکەدا بەدەم فڕینەوە دەوەستن و دوو دوو پێکەوە وەک ئەوەی قسە بکەن لێک نێزیک دەبنەوە، باسی ئەوەشی دەکرد بە چاوەکانی خۆی بینیبووی لەناو باڵدارەکاندا هەستی بە دوو ڕەگەزەکە کردبوو، هەندێکیان بە کچ دەچوون پرچەکانیان هێندە درێژ بوون هێندەی باڵای خۆیان دەبوو لەگەڵ فڕیندا لە دواوەیانەوە درێژ ببوونەوە و شەپۆلیان ئەدا.

ئەوانەی لە دەوری کۆبوونەوە بە تاسەوە گوێیان بۆ هەڵخستبوو، هەندێکیان بە گومانەوە لێی دەڕوانــن. لەناو گەشتیارەکاندا دەنگۆی بوونی مرۆڤە باڵدارەکان بەتەواوی بڵاوە. هەر کەسە و بە شێوەیەک بینیبوونی و دەیگێڕایەوە. ئەوانەی نەیانبیون، لە سەربانی ئەپارتمانەکاندا کورسیان داناوە، هەندێکیان بە دوور بینەوە لە چوار گومەزەکە دەڕوانن کە لە دەرەوەی گومەزەکەوە دیاربوون. چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەوەی باسی لێوە دەکرێ بە چاوەکانی خۆیان بیبینن.

کـاتـێـک ڕایـمـۆن گـەشـتـیـارەکـان دەبـیـنـێ لـە سـەربـانـی ئەپارتمانەکانەوە چاودێری گومەزەکانی دەرەوە دەکەن، زیاتر تووڕە دەبێ، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری. بەردەوام لە هەوڵی ئـەوەدایـە ئـەو گەشتیارانە دڵنیا بکاتەوە لـەوەی شتێکی وەها بوونی نییە کە باسی لێوە دەکرێ. بینینی ئەو مرۆڤە باڵدارانە بۆ ئەوان شتێکی نامۆیە، گەشتیارەکان بۆچوونیان جیاوازە لەسەر باڵدارەکان. هەندێکیان پێیان وایە، ئەو باڵدارانە لە هەسارەیەکی ترەوە هێنراونەتە سەر مانگ، هەندێکی تریان وای بۆ دەچوون ئەوەی باسی لێوە دەکرێ دوورە لە ڕاستییەوە. لەوانەیە تەنیا

پڕوپاگەندەیەک بێت بۆ ئەوەی گەشتیارێکی زیاتر ڕوو لە مانگ بکەن.

زۆر کەس باڵدارەکانیان بە چاوی خۆیان بینیبوو. بۆ خۆم دەمزانی ئەوانەی بینیویانە ڕاست دەبێژن، لەوانەیە یەکەم کەس بم کە باڵدارێکی ساوای تازە لەدایکبووم لە ناو نەخۆشخانەکەی کریستینا بینی. دیارە ڕایمۆن ئەو کارانەی بە نهێنی ئەنجام ئەدا، تەنانەت جگە لە کریستینا و راجا هیچ کەسێکی تر لە ئەندامانی گومەزەکە ئاگاداری دروستکردنی مرۆڤە باڵدارەکان نییە.

لە چاوەکانی ڕایمۆندا ترسێکی گەورە دەبینم، هەر ئەو ترسەشە وای لێ کردووم لە ئاشکراکردنی دۆزینەوەکەم بەگومان بم. هەست دەکەم سەرقاڵیی ڕایمۆن بە ئاشکرابوونی باڵدارەکانەوە دەرفەتێکی باش بێت بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەرێک بکەمەوە. بەڵام چلۆن؟ ئایا دەبێت چی بکەم؟ بۆ خۆیشم هیچ بیرۆکەیەک بە مێشکمدا نایەت. زۆرجار ئەو قسانەی ئارۆنم بیر دێتەوە کە پێی دەگوتم:

«ڕایمۆن تاوانبارێکی گەرەیە ئەو لە شەیتان دەچێت».

بۆ خۆیشم نازانم بۆچی هەستێکی یاخی لە دەرونمدا بوونی هەیە، ئارەزووی بینینی هیچ کەسێک ناکەم، لە نێوان هەستێکی پڕ لە هیوا و ترسێکی گەورەدا ڕاماوم. توانای بڕیاردانی ئەوەم نییە ڕاشکاوانە بچمە بەردەم ڕایمۆن و لە ڕاستیەکان ئاگاداری بکەمەوە. دەبێت هەر وا بکەم، خۆ نابێت هەر وا بەئاسانی بۆی دەرچم و ئەو کارە مەزنە لە ڕایمۆن بشارمەوە. دڵنیام کە عاقیبەتی باش نابێت، ئەو کەسێک نییە بتوانم بە ئاسانی گەمەی لەگەڵدا بکەم.

بەردەوام بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە هەموو سپێدەیەک دێمە دەرەوە و بەناو شەقام و کۆڵانەکاندا وەک گەشتیارێکی نامۆ دەسووڕێمەوە. بە تەواوی خۆم بزر کردووە، مێشکم توانای ئەوەی نەماوە چیتر بەرگەی ئەو ڕاڕاییەی نەماوە. دواجار بڕیاری ئەوە ئەدەم سەردانی ڕایمۆن دەکەم و مژدەی دۆزینەوەکەمی ئەدەمێ. ئیتر ئەوە دوا بڕیاری خۆمە و هەر وا دەکەم.

لە بەردەم قاوەخانەیەکدا خۆم دەبینمەوە، لەسەر کورسیەک دائەنیشم و داوای قاوەیەک ئەکەم، بیرم هێندە ئاڵۆز بووە، تەواو لە دەوروبەم بێئاگا بووم، دەنگێکی ناسراو لە دوورەوە بە هۆشم دێنێتەوە:

«ئاریا، ئەوە لێرە چی ئەکەی؟!».

ئەو دەنگە نامۆ نییە، دەنگی ئارۆنە لە شەقامەکەی بەرامبەرمەوە بە چەند شەقاوێک بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە لام. لە دوورەوە هەردوو دەستی بڵاو دەکاتەوە و بەتوندی لە ئامێزم دەگرێ، وەک ئەوەی چەندساڵێکە یەکترمان نەبینیبێ. بە هەستێکی پڕ لە خۆشیەوە ئەملاو ئەولام بەتوندی ڕادەموسێ و بەرامبەرم دائەنیشێت. ئارۆن چاوەکانی لە جاران گەشتر دیارە. لێوەکانی بەردەوام زەردەخەنەی لەسەرە، بەو ئارۆنەی جاران ناچێت. زۆر بە کەیفو دڵخۆشە، بەتاسەوە لە چاوەکانم دەڕوانێ. بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە دەستە لاوازەکانی دەخاتە سەردەستم و دەڵێت:

«تۆ کەسێکی زۆر مەزنیت! ئاریا تا مردن من قەرزدارتم، ئەزانی تۆ چیت بۆمن کرد! ها؟! تۆ درۆسیات چاک کردەوە! تۆ منت قوتار کرد! ئاریا دڵنیا بە ئەوەندەی نەمابوو لە درۆسیا

خراپترم بەسەر بێت. ئەوەی تۆ کردت کارێکی کەم نییە ئاریا».

بە نیگایەکی شەرمنانەوە دەڕوانم و زەردەیەکی سوپاسگوزاری بۆ دەکەم. ئارۆن وەک ئەوەی ئاگری لە ژێردا بێت خۆی لەسەر کورسییەکە بۆ ڕاناگیرێ، بەردەوام دەبزوێ، کەمێک لێم دەڕوانێ و دیارە لە نیگاکانمدا هەست بە نائارامییەکەم دەکا و دەڵێت:

«ئەوە چیتە؟! بۆچی بێدەنگیت؟! هیچ بووە؟!».

بە بینینی ئارۆن خۆشحاڵم، دەمەوێت ناخی خۆمی بۆ هەڵڕێژم و پێی بڵێم ئەوەی تۆ لە بارەی ڕایمۆنەوە دەتگوت، ئێستا وا بووەتە مۆتەکەیەک و بەسەر سنگمەوەیە. بەڵام چۆن ئەوە بڵێم کە خۆی بووەتە کۆیلەی دەستی ئەو. ئایا ئەو هیچی پێ دەکرێ! دەمەوێت بۆ خۆی قسە بکا، هەربۆیە بەو شێوەیە وەڵامی ئەدەمەوە:

«هیچ نییە، تەنیا کەمێک بیری دایکم ئەکەم».

ئارۆن وەک ئەوەی تووشی گەشکە هاتبێت لە خۆشیدا نازانێت چی دەکات، بەردەوام دەستەکانمی توند لەنێو دەستی خۆی ناوە، بە هەستێکی باوەڕ بەخۆبوونەوە دەڵێت:

«گوێ بگرە ئاریا.. لەو شەوەوەی درۆسیات چاک کردووەتەوە، من بە دووی تۆدا دەگەڕێم.. چەند جارێک پەیوەندیم پێوە کردوویت، وەڵامت نەبوو، دڵنیا بە زۆر ترسام لەوەی ئەو ڕایمۆنە شەیتانە کارێکی بەسەر هێنابیت.. ئاریا، گوێم لێ بگرە.. بەقسەم بکە کوڕەکەم.. ئەو پیاوە جێگەی متمانە نییە، خۆزگە ئەو کارەت لای ئەلینا باس نەکردبا. من دەزانم تۆ ئەوت زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئەوەش بزانە ئەلینا کچی ئەو شەیتانەیە. لەوانەیە لای ڕایمۆن باسی کردبێت».

من متمانه به ئەلینا دەکەم. ئەو بەڵێنی ئەوەی پێ داوم لای هیچ کەسێک نەیدرکێنێ، تەنانەت لای ڕایمۆنی باوکیشی. ئایا ئەلینا ئەوە دەکا؟! نەستیانە ڕەفتار دەکەم، ئارۆنیش هەست بە شێواوی ناخم دەکا. کەمێک لێم دەڕوانێ و پاشان دەپەیڤێت:

«پێت ناخۆش نەبێت ئاریا.. من بەرژەوەندیی تۆم دەوێت، ئەمەویت هەواڵێکی خۆشت پێ بدەم، دڵنیام پێت خۆش دەبێت، بەڵام تۆ ئەوەم پێ بڵی هیچ شتێکت دەربارەی دۆزینەوەکەت لای ڕایمۆن باس کردووە؟! ها پێم بڵێ».

بە بێزارییەکەوە لە چاوە بچکۆلەکانی دەڕوانم کە بە تاسەوە چاوەڕێی وەڵام دەکا تەنیا ئەوەی پێ دەڵێم:

«نا.. هیچم بۆ ئەو باس نەکردووە. پێم بڵێ بەڕێز ئارۆن ئەو هەواڵە خۆشە چییە؟!».

بە خۆشحاڵییەکەوە سەرە بچکۆلانەکە نێزیکتر دەکاتەوە و ملێک بۆ ڕاست و چەپی خۆی ئەسوڕێنێ تا دڵنیا بێت لەوەی هیچ کەسێک گوێبیستمان نییە. بە دەنگێکی پسکەوە دەپەیڤێ:

«لەو ماوەیەی لەناو تاقیگەکاندا کارم دەکرد، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووم ئامێرێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی کۆدی ڕۆبۆتەکان هەڵ بوەشێنمەوە».

سەیرێکی ڕاست و چەپی خۆی دەکاتەوە و بە سەری ئاماژەی ئەوەم بۆ دەکات زیاتر خۆمی لێ نزیکتر بکەمەوە. هەردووکمان سەرمان پێکەوەناوە، ئارۆن ئەوەندە بە نزمی قسە دەکات زۆر بە ئاستەم لە قسەکانی حاڵی دەبم.

«ئامێرەکە تەنیا بۆ ماوەیەکی چەند خولەکێک ڕۆبۆتەکان کۆنترۆڵ دەکا، ئەو ڕایمۆنە شەیتانە کۆدێکی زۆر زیرەکانەی

داناوە، لەماوەی پێنج خولەکدا کۆدەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دیسان دەگۆڕرێن، بەڵام دڵنیا بە کۆدە سەرەکییەکان ئەدۆزمەوە، گرنگ ئەوەیە ئامێرەکەم دروست کردووە».

کەمێک بە بەر خۆی دێتەوە و دەستەکانم ئازاد دەکات، سەری بۆ دواوە ئەکێشێتەوە و بە دەنگێکی گڕەوە دەست بەقسان دەکاتەوە:

«تکات لێ دەکەم ئاریا.. ئەوەی کردووتە لای ڕایمۆن باسی مەکە.. با نەزانێت.. دڵنیا بە کارێکی باش ناکەیت.. بەڵێنم پێ بدە باسی نەکەیت، من چارەیەکم هەیە.. ئاریا چارەسەرێکی زۆر گرنگم هەیە».

کاتێک ئارۆن باسی چارەسەرم بۆ دەکا، ئاهێک بە دەرونمدا دێتەوە بە پەلە ئەوەی پێ دەڵێم:

«چارەی چی؟! بەڕێز ئارۆن.. ئەتەوێت چی بکەم؟!».

ئارۆن هەست بەوە دەکات دەمەوێت لە بارەی بیرۆکەکەیەوە شتێک بزانم، بە خۆشحاڵییەکەوە دەڵێت:

«خۆت ئامادە بکە ئەمشەو پێکەوە لێرە هەڵدێین، با کەس نەزانێت باشە؟!».

ئەو قسەیەی ئارۆن ئاهێکی بە دەروونە شەکەتەکەم دایەوە، ئارامیی جەستەم ئەتەنێتەوە. بێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە هەڵهاتنم لەسەر مانگ چۆن دەکەوێتەوە، بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە ڕەزامەندیی خۆمی بۆ نیشان ئەدەم، ئەویش بەوە زۆر دڵخۆش دەبێ، پێکانی بەر عەرد ناکەون.

ئەو ئێوارەیە تا درەنگ پێکەوە بەناو گومەزەکەدا دەسوڕێینەوە، وەک دوو هاوڕێی هاوتەمەن ڕەفتار دەکەین ئارۆن باسی درۆسیام

بۆ دەکات کە چۆن ئەو ئێوارەیە لەگەڵ ئەلینا هاتوونەتەوە، ئەلینا بێئەوەی هیچ بڵێت لە دەم دەرگای ئەپارتمانەکە درۆسیا بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات، کاتێک درۆسیا ئارۆن دەبینێ بە توندی لە ئامێزی دەگرێ و بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە دەڵێت:

«ئارۆن.. خۆشەویستەکەم.. ئەوە بۆ دیار نیت لە کوێ بویت؟!».

بەو هەڵوێستەی درۆسیا تەواو سەراسیمە دەبێت، دەبینێت هەڵسوکەوتەکانی زۆر گۆڕاون، زۆر جیاواز لەو ڕۆژانەی پێشتر کە بە شێوەیەکی هەڵەشە و منداڵانە ڕەفتاری دەکرد. هەست بەوە دەکات درۆسیا زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ قسان دەکات. تەواو وەک ئەو کاتانە ڕەفتار دەکا کە چۆن هاتبوونە سەر مانگ، درۆسیا بەهۆی ئەو تاقیکردنەوەیەی دایڤید لەسەری کردبوو بە تەواوی مێشکی تێک چووبوو، توانای بیرهاتنەوەی هیچ شتێکی نەمابوو. یادەوەریەکانی بە تێکەڵ و پێکەڵ دەهاتەوە یادی. بەتایبەت کاتێک باسی شتێکی دەکرد بابەتەکانی تێکەڵ دەکرد زۆر ئاستەم بوو بتتوانیبا بەئاسانی لە مەبەستەکانی بگەی. کاتێک بەهۆی ئامێرەکەوە شەپۆلی بیرەکانیم ڕێک خستەوە، هەموو ئەو ڕوداوانەی لە دوای نەخۆشییەکەوە بینیبوونی زۆربەیانی لەیاد کردبوو. هەربۆیە وەک ئارۆن باسی دەکات، درۆسیا وا هەست دەکات هێشتا ئەو کاتەیە کە تازە هاتوونەتە ناو گومەزەکەوە و بەردەوام باسی ئەوکاتانە دەکا. بەو گۆڕانکاریانەی ناو گومەزەکە سەرسامە کە ڕوویان داوە. بەتایبەت زۆربوونی ئەو دارو گوڵانەی کە ڕۆبۆتەکان ڕواندوویانن. سەیری لەو گوڵانەی راجا دێت کە بەردەوام ڕەنگەکانیان دەگۆڕرێن. بەردەوام پرسیاری من و ئەلینا لە ئارۆن دەکات و دەڵێت:

«ئارۆن.. ئەو کوڕ و کچە لە لام نامۆ نین.. وا هەست دەکەم دەیانناسم.. بەڵام نازانم لە کوێ و کەی بینیومن».

ئارۆن زۆر شتی نامۆ لە بارەی درۆسیا دەگێڕێتەوە. درۆسیا ئەو شەوە تا درەنگ خەوی لێ نەکەوتوبوو، بەردەوام وا هەستی دەکرد شتێکی لێ ون بووە، بەردەوام بیر دەکاتەوە و پرسیار لە ئارۆن دەکا، بەهۆی دوستبوونی ئەو جیاوازیی کاتەوە کە لە مێشکیدا ڕووی داوە. بەڵام لە دوای ئەو چەند ڕۆژە لەگەڵ ڕوداوەکاندا ئاسایی دەبێتەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەلاوە ئاسایی دەبێتەوە.

ئارۆن باسی مرۆڤە باڵدارەکانی لە دەمی گەشتیارەکانەوە بیستبوو، بەتەواوی ئاگاداری ڕایمۆن بوو کە چۆن بە هۆی ئاشکرابوونی باڵدارەکانەوە چۆن توشی شڵەژان بووە. ئارۆن ئەوە بە دەرفەتێکی گونجاو دەزانێ بۆ هەڵهاتنمان، بۆچەندجارێک ئەوە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت:

«لەم کاتە باشترمان بۆ ڕێک ناکەوێت، ئێستا ڕایمۆن زۆر سەرقاڵە، ئەو بەتەواوی بێئاگایە لێمان».

لەو ماوەیەی کە پێکەوەین، ئارۆن باسی شێوازی هەڵهاتنەکەم بۆ دەکات، چەندین جار قسەکانی دووبارە و سێبارە دەکاتەوە، بێئەوەی هەست بەوە بکا کە چەند جارێک باسی کردووە. ئەو ئێوارەیە ئەوەندە بەناو کووچە و کۆڵان و شەقامەکانی ناو گومەزەکەدا سوڕاینەوە پێکانم ژان دەکات. توانای ئەوەم نییە خۆم بە پێوە بگرم، دواجار بە ناچاری ئەوە بە ئارۆن دەڵێم:

«بەڕێز ئارۆن.. ئێستا زۆر ماندووم، دەمەوێت بڕۆمەوە ماڵەوە.. شەو چاوەڕێتم».

ئـارۆن داواكـــەم بـەئـاسـایـی وەردەگـــرێ و بـە هـەسـتێكی خۆشحاڵیەوە بەجێم دەهێڵێت و لە ماوەی چركەیەكدا لە نێو قەرەباڵخیی گەشتیارەكاندا بزر دەبێت.

ماڵەكەم بەلاوە نامۆیە، لەوانەیە تاوێكی تر بۆ تاهەتایە بەجێی بهێڵم. ئەو ماڵەی نزیكەی دوو ساڵێك دەبێت لەم ئەپارتمانەدا ژیانی تیا دەگوزەرێنم. ئێستا هەستێكی جیاوازم بۆی هەیە، بە درێژایی ئەو دوو ساڵە بە تەنێ لەگەڵ ئەو ڕۆبۆتە كارگوزارەی كە بۆیان دانابووم، ژیانم بەسەر بردووە. جنیفەر بۆ من وەك مرۆڤێكی ئاسایی وایە. بەردەوام خواردن و خواردەمەنییەكانم بۆ ئامادەدەكا. هەموو ڕۆژێك ژوورەكان خاوێن دەكاتەوە، بێئەوەی هەست بە ماندووبوون بكا. لـەدوای چـوونـەدەرەوەم، بەناو ژوورەكاندا دەگەڕێت و جێگەی خەوەكەم بۆ ڕێك دەخاتەوە. ئەو قاپو قاچاخانە كۆ دەكاتەوە كە ڕۆژانە لەدوای نانخواردن فەرامۆشیان دەكەم. ئەو خواردنانەم بۆ ئامادە دەكات كە خۆم ئارەزوویان دەكەم. هەر كاتێك ئارەزووی خواردنەوەی قاوە یان چا یان هەر شتێكی ترم هەبێت، لە ماوەیەكی زۆر كەمدا بە شێوازێكی تایبەتی پێشكەشم دەكات. ئەو وەك مرۆڤ ڕەفتار دەكا، تەنیا جیاوازی لەگەڵ مرۆڤەكاندا ئەوەیە، توانای بیركردنەوە و داهێنانی نییە. ئەو تەنیا مێشكی بەو شێوەیە بەرنامە كراوە كە داواكانم مەیسەر بكا.

جگە لەوانە زۆر كاری ترم بۆ ئەنجام ئەدا، بە تایبەت ئەو ساتانەی هەست بە گرژبوونی ماسولكەكانی جەستەم دەكەم، تـەواو بە وێنەی كیژێكی شۆخ و شەنگ پەنجە نەرمەكانی بە هەموو جەستەمدا دەهێنا و مەساجێكی بۆ دەكردم مەگەر ئەو

کیژانە بیانکردبا، کە زۆر شـارەزا بـوون. لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا ناتوانم وەک مرۆڤێک حسێبی بۆ بکەم و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ بکەم و سوپاسی ئەو کارانەی بکەم کە بە درێژایی ئـەو ماوەیە بـۆی کـردبـووم. ئـەو تەنیا لە چەند پارچە کانزاو گەیەنەرێک زیاتر هیچی تر نییە، بەڵام کارەکانی زۆر لە مرۆڤەکان بەنرختر بوون بۆ من، لە هەڵوێستەکانیدا هەست بە نەرمی و نیانی دەکەم. زۆر بە ڕێزەوە وەڵامم ئەداتەوە بەردەوام بە ‹بەڕێز ئاریا› گازم دەکات، ئەوەی ئەو بۆمی کردووە دڵنیام هیچ کیژێکی بنیادەم توانا و ئارەزووی ئەوەی نییە.

هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەم، ئەوەندە گەڕاوم بنی پێکانم خوێنیان تێ زاوە، توانای خۆبەپێوەگرتنم نەماوە، تەنانەت ئـارەزووی ئـەوەم نییە جلکەکانیشم بگـۆڕم، بە نـاچـاری داوا لە جێنیفەر دەکەم هاوکاریم بکا، ئەویش بە هێمنی فەرمانەکەم جێبەجێ دەکا و دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە لێی وەستاوە، لەسەر سیسەمەکە بە پشتا پاڵدەکەوم. مێشکم زۆر ئاڵۆز و ماندووە. توانای بیرکردنەوەم لە هیچ شتێک نەماوە، چاوەکانم تەواو قورس بـوون، کاتێک هەست دەکـەم ماوەیەکی کـەم خـەوێکی سووک بووەتە میوانی چاوەکانم، لە هیکڕا دەنگێکی نامۆ بەئاگام دێنێتەوە:

«ئـاریـا.. خێرا خـۆت ئـامـادە بکـە.. بـەڕێز ڕایـمـۆن دەیـەوێ بتبینێت».

چاوەکانم بە ئاستەم دەکـەمـەوە و جێنیفەر دەبینم بەسەر سـەرمـەوە وەسـتـاوە، چـاوە خـەواڵـووەکـانـم هـەڵ ئەگلۆفم و لەکاتژمێری دیوارەکە ئەڕوانم 2.12 ی شەو نیشان ئەدا. لەجنیفەر دەڕوانم و پرسیار دەکەم:

«وتت بەڕێز ڕایمۆن داوام دەکا؟!».

جێنیفەر بە دەنگێکی ترسناک قسە دەکا، تەواو بە پۆلیسێک دەچێت. کە بەندکراوێکی لەبەر دەستدا بێت، بە دەنگێکی گڕ کە بەتەواوی بە دەنگی ڕایمۆن خۆی دەچێت، پێم دەڵێت:

«خێرا خۆت ئامادە کە.. با پێکەوە بچین بۆ لای سەرۆک ڕایمۆن».

ئەو ڕەفتارەی جێنیفەر ترسێکی گەورەی لە ناخمدا دروست کرد، هەست دەکەم شتێکی نامۆ لە گۆڕێدایە، بەپەلە جلکەکانم لەبەر دەکەم و بەرەو ئەپارتمانەکەی سەرۆک ڕایمۆن بەڕێ دەکەوین. شەقامەکان چۆڵن لە چەند گەشتیارێک کە تاک و تەرا بەناو شەقامەکاندا دەسوڕانەوە هیچ کەسێکی تر لە دەرەوە نابینم. تەنیا ئەو ڕۆبۆتانە نەبێت کە بە ئامێرە پاککەرەوەکانیان پاشماوەی ئەو شەقامانە پاک دەکەنەوە کە گەشتیارەکان بە درێژایی ئەو ڕۆژە لەپاش خۆیان تووڕیان داوە. جێنیفەر وەک پۆلیسێک لە تەنیشمەوە ڕێ دەکا. دەگەینە ناو ئەپارتمانەکەی ڕایمۆن و ئەو ڕۆبۆتانەی بە درێژای شەو ڕۆژ پاسەوانی بەردەم دەرگاکەی ڕایمۆن بوون، دەرگای ئەپارتمانەکە دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ تا ژوورەکەی ڕایمۆن بەڕێمان دەکەن. ئینجا جێنیفەر لەگەڵ دوو ڕۆبۆتە پاسەوانەکاندا دەچنەوە دەرەوە.

ڕایمۆن لە پشت ئەو مێزەی کە نەخشەی پرۆژەکانی لەسەر بڵاو کردووەتەوە دانیشتووە، چاوەکانی هێندە سوور بوون بە دوو بڵێسەی ئاگر دەچن. سیمای بەتەواوی گرژ بووە، لەو ڕایمۆنەی جاران ناچێت کە بە پێکەنینەوە پێشوازی لێ دەکردم و قسەی خۆشی بۆ دەکردم. ئەو ئێستا لە شتێکی تر دەچێت، تەنیا

له مرۆڤ ناچێت، وەک دەرندەیەکی برسی دێتە پێش چاوم. بە هێمنی لە مێزەکەی بەردەمی نزیک دەبمەوە. ڕایمۆن وەک جاران پێشوازیم لێ ناکات، دڵنیام وەک تاوانبارێک لێم دەڕوانێ. چاوە پڕ لە ئاگرەکانی لە چاوانم ناوە، بە تەوسێکەوە دەڵێت:

«بەخێر بێیت».

هەموو جەستەم دەلـەرزێ، قاچەکانم توانای ڕاگرتنی ئەو جەستە سووکەڵەیەمی نەماوە، بە شەرمێکی ترسنۆکانەوە وەڵامی ئەدەمەوە:

«سوپاس سەرۆک ڕایمۆن، خێرە بەم شەوە ناردووتانە بە دووومدا؟!».

توانای ئەوەم نییە لە چاوە گڕکانەکانی بڕوانم، بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە دەڵێت:

«هـا کـوڕی بـاش.. چیت کـرد؟! هیچ ئەنجامێکت بەدەست هێناوە؟!».

ئەو پرسیارەی ڕایمۆن، گومانی ئەوەی لا دروست کردم کە کەسێک هەواڵی داهێنانەکەمی پێ گەیاندووە، بیر دەکەمەوە و گومان لە ئارۆن دەکەم. لەو زیاتر کەسێکی تر ئەو کارە ناکات، دڵنیام لەوەی ئەلینا بەڵێنی ئەوەی پێداوم، لای هیچ کەسێک تەنانەت لای ڕایمۆنی باوکیشی نەیدرکێنێ، ئەو کارە هەر لە ئارۆنە شێت ئەوەشێتەوە ئەو ئێستا هیچ کارێکی پێم نەماوە. درۆسیای خێزانی چاک بووەتەوە، بۆ ئەوەی خۆی لە لای ڕایمۆن خۆشەویست بکا و مۆڵەتی گەڕانەوەی بداتێ. دڵنیام قسەکانی ئەم ئێوارەیەی بۆ ئەوە بوو تاوانێک بخاتە پاڵم، تاوانی هەڵهاتن، ئەگەر نا ڕایمۆن بەو شێوەیە ڕەفتار ناکات، بیر دەکەمەوە و بۆ خۆم دەپەیڤم:

«ئای ئارۆنی خوێڕی.. من چاکەم لەگەڵ کردیت و تۆش بەو شێوەیە پاداشتت دامەوە؟!».

چارم نەماوە دەبێت خۆم ڕادەستی ئەو قەدەرە بکەم کە ڕایمۆن بۆمی دیاری کردووە، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی ئەدەمەوە:

«با گەورەم.. توانیم ئەو پێکهاتەیە بدۆزمەوە کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە شەپۆلەکانی مێشکەوە دەکریێ».

ڕایمۆن لە جێگەی خۆی بڵند دەبێتەوە و بە خۆشحاڵیەوە دەڵێت:

«بەڕاستتە ئاریا؟! پێکهاتەکە لەکوێیە؟! بیهێنە با تاقی بکەینەوە».

بە هێمنی دێتە تەنیشتمەوە دەستێک دەخاتە سەر شانم و دەڵێت:

«هەر لە سەرەتاوە ئەوەم دەزانی تۆ لاوێکی زۆر زرنگیت، ئەگەر لەوە دڵنیا نەبوومایە بانگهێشتی ئێرەم نەئەکردیت، ئادەی بڕۆ پێکهاتەکە بێنە با بیبینم، پاشان پێکەوە تاقی دەکەینەوە، باشە کوڕم؟!».

هەرچەندە ڕایمۆن ڕەفتارەکانی ئاسایی بوونەوە بەڵام ترسێکی توقێنەر لە چاوەکانیدا دەبینم. هەر وا بەئاسانی دانامرکێتەوە. ترسێک کە بۆنی مەرگی لێ دێت. ڕایمۆن دوو ڕۆبۆتەکەی بەردەم دەرگاکە و جێنیفەر لە تەکما دەنێرێ بۆ ئەپارتمانەکە، کاتێک دەچینەوە بۆ ماڵەوە، ڕاستەوخۆ دەچمە ژووری نووستنەکەم و دەست بۆ سەر کەنتۆری جلکەکانم درێژدەکەم کە سندوقی پێکهاتەکەم لێ دانابوو. چەند جارێک دەستەکانم بە هەموو لایەکیدا ئەگێڕم، هیچ شتێک بەدەستمەوە نایەت. لەگەڵ خۆم ئەدوێم و بیر دەکەمەوە: «ئاخر چۆن دەبێ دیار نەمابێ، خۆ بە دەستەکانی

خۆم لەو شوێنە دامناوە. ئێ خۆ ڕۆبۆتە کارگوزارەکەش بە هیچ شێوەیەک نە دەستی دەگاتە ئەو شوێنە و نە ئەویش خاوێن دەکاتەوە، پاشان ئەو دەست بۆ هیچ کەرەستەیەکی ئەو ماڵە نابات ئەگەر خۆم فەرمانی پێ نەکەم».

دەچمە ژووری میوانەکە و کورسیەک لەگەڵ خۆمدا دەهێنم و دەچمە سەری بۆ ئەوەی بە چاوەکانی خۆم سەر کەنتۆرەکە بپشکنم، لەسەر کەنتۆرەکە هیچ شتێکی لێ نییە. لەوە دڵنیا دەبم کەسێک بەبێ ئاگاداریم هاتووەتە ژوورەکەم و بردوویەتی.. بۆ نابێت.. لە خۆم و جنیفەر زیاتر هیچ کەسێکی تر لێرە ناژی. ڕوو دەکەمە جێنیفەر و پرسیاری لێ دەکەم و پێی دەڵێم:

«تۆ دەستکاریی ئێرەت نەکردووە؟!».

ئەویش بەدەنگێکی گڕەوە پێم دەڵێت:

«نەخێر.. من ئاگاداری هیچ نیم».

هەموو گیانم دەلەرزێ، دڵم بە تەواوی گیراوە، توانای خۆبەپێوەگرتنم نەماوە، لەسەر سیسەمەکە دائەنیشم و بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت لە چ جێگەیەک دامنابێت! ئێستا بە بیرم نایەتەوە، بۆ ماوەیەک بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە کە پێکهاتەکەم هێنایەوە بۆ چەند جارێک ئەوە دێنمەوە یادم لە کوێدا حەشارم داوە؟ تەواو لە خۆم دڵنیا دەبم، خەریکە دڵم لەسەر خۆی دەچێت. گومانی ئەوە دەکەم ڕایمۆن لە ڕێگەی جێنیفەرەوە ئەو کارەی کردبێت، ئەگەرنا، چۆن دەکرێ کەسێک بە ئاسانی بێتە ژوورەکەمەوە، بە بەر چاوی جێنیفەرەوە پێکهاتەکە بەرێت و ئاگادارم نەکات یان بەشی فریاگوزاری لێ ئاگادار نەکاتەوە.

لەگەڵ ڕۆبۆتەکان هەموو ژوورەکان بەوردی دەپشکنم، هیچ ئاسەوارێکی پێکهاتەکە نابینمەوە، کات زۆر درەنگی کردووە، هێندەی نەماوە، ئاسمانی گومەزەکە بەتەواوی ڕۆشن بێتەوە، بە ناچاری و بەدەستی سپی دەگەڕێمەوە بۆ لای ڕایمۆن، کاتێک دەچمە ژوورەوە، ڕایمۆن لە نەخشەی پڕۆژەکەی دەڕوانیٚ کە لەسەر مێزەکەیەتی، سەری بڵند دەکا و دەڵێت:

«ها ئاریا.. پێکهاتەکەت هێنا؟!».

لەبەر دەمیدا هەموو گیانم بەتەواوی شەلاڵی ئارەقە بووە، هەموو جەستەم، زمانم بووەتە پارچەیەک پەلاس و توانای قسەم نەماوە، ڕایمۆن بەردەوام لە چاوەکانم دەڕوانیٚ چاوەڕوانی ئەوەیە شتێک بڵێم، زۆر لە خۆم دەکەم دەمەوێت شتێک بڵێم، زمانم بۆ ناگەڕێت، چاوەکانی ڕایمۆن ئاگریان لیٚ دەباری، لە بەردەمیدا هێندەی نەماوە بەناو عەردەکەدا ڕۆ بچم، کەمێک لێم دێتە پێشەوە و بە دەنگێکی نەرم دەپەیڤێت:

«کوڕم ئەوە چیتە؟! بۆ قسە ناکەیت، پێکهاتەکەت لە کویٚ داناوە؟! پێم بڵیٚ.. بۆچی بەو شێوەیە وەستاویت؟! هیچ بووە؟!».

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە لەبەر خۆمەوە ئەوەی پیٚ دەڵێم:

«سەرۆک ڕایمۆن.. پێکهاتەکە... دیار نەماوە».

کە گوێی لەو قسەیە دەبیٚ بەتەواوی شێتگیر دەبێت، کەللەی سەری پڕ لە خوێن دەبیٚ. چاوەکانی کە بە هۆی نەخەوتنی ئەو ماوەیەوە سوور هەڵگەڕابوون، ئەوەندەی تر سوورتر دەبنەوە. تەواو بە وێنەی گورگێکی برسی دەچیٚ، دەمووچاوی سوور هەڵگەڕاوە، وەک دڕندەیەیەک لێم دێتە پێشەوە، بەدەنگێک کە هەرگیز بەو شێوەیە نەمبینیوە، بە سەرمدا ئەنەڕێنیٚ:

«چی دیار نەماوە؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ چیت لێ کردووە؟ ها؟ پێم بڵێ.. هەر ئێستا ئەو پێکهاتەیەم دەوێت، تێگەیشتی؟! هەر ئێستا».

لە بەردەم ڕایمۆندا هێندە بچوک بوومەتەوە هێندەی تۆزێکم ماوەتەوە، هەمووگیانم دەلەرزێ، بیر لەوە دەکەمەوە کە لە ڕایمۆن ناترسم، بەڵکو ئەو ترسەی کە جەستەمی تەنیوە لەدەستدانی پێکهاتەکەمە. کەسێک خۆی دەکاتە خاوەنی و خەونەکانمی دزیوە. قیروسیاش لە پێکهاتەکە دەکەم کە دیار نەماوە. بەدبەختیم لەوەدایە، لەگەڵ پێکهاتەکەشدا ئەو ئایپادە سلیکۆنیەش براوە، کە شێوەی هەموو پێکهاتەکانم تیادا تۆمار کردووە. ئەستەمە بتوانم بە ئاسانی، ئەو مادانەی لێم دروست کردوون، بەبیری خۆمیان بهێنمەوە.

دەمەوێت ئەو ئاگرەی لە چاوەکانی ڕایمۆندا بڵێسەی سەندووە، دایمرکێنیمەوە، تازە کار لە کار ترازاوە و هیچ ڕێگەیەکم بۆ ڕزگاربوون لە دەستی ڕایمۆن نییە. بۆئەوەی دۆخەکە ئارام کەمەوە، پێی دەڵێم:

«بەڕێز ڕایمۆن، دڵنیام لەوەی کەسێک بردوویەتی، بەڵام نازانم کێیە، من چی بکەم؟! دەسەڵاتم چییە کەسێک هاتبێتە ماڵەکەم و ئەو کارەی کردبێت».

ڕایمۆن بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە ئەوەندە لێم نزیک دەبێتەوە ئەوەندەی نامێنێ بێتە ناو چاوەکانمەوە، بە هێمنی دەپەیڤێت:

«بڕوا ناکەم کەس بتوانێت لێرە کاری وا بکا. لەکوێ حەشارت داوە؟! ئەگەر نەیهێنیت هەتا ماویت چاوت بە زەوی ناکەوێتەوە.. تەنانەت لەناو گومەزەکەشدا نابیت، تێگەیشتی ئاریا؟!»

بیر لە قسەکانی دەکەمەوە و هەست دەکەم قسەکردن لەگەڵ دڕندەیەکی وەک ڕایمۆن بێ هودیە، ئیتر بۆخۆم دەزانم چارەنووسم لە ئارۆن باشتر نابێت، چی دەبێت با ببێت، دڵنیام لەوەی ئەوە کاری خۆیەتی، ئەگەر نا، ئەی بۆچی بەو شێوەیە دەیەوێت سزام بدا؟! لەوانەیە پێکهاتەکە لای خۆی بێت. بێباکانە ڕووی تێدەکەم بێئەوەی گوێ بدەمە ئەو سیما ترسناکەی کە ناویەتی بە ڕوومەوە پێی دەڵێم:

«بەڕێز ڕایمۆن.. من هیچ هەڵەیەکەم نەکردووە، ئەوە پەیوەندی بە ئاسایشی ناو گومەزەکەوە هەیە.. بەڕێزتان دەتوانن ئەو کەسە بدۆزنەوە کە ئەو کارەی کردووە، ئیتر پێویست بەوە ناکات خۆتان ماندوو بکەن پاشان ئەوەی ئەو کارەی کردووە داهێنانەکەی منی بردووە نەک هی ئێوە».

چەند شەقاوێک لێم دوور دەکەوێتەوە، بەهێمنی دەچێتەوە لای مێزەکەی و ئێخەی چاکەتەکەی کەمێک ڕێک دەخاتەوە و ئارام دەبێتەوە، وەک ئەوەی وتار پێشکەش بکا دەست بە قسان دەکاتەوە:

«گوێ بگرە تۆ وادەزانیت ئاگاداری هیچ نیم. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، ئاگاداری ئەوەم کە لەگەڵ ئەلینای کچم ئەو شەوە درۆسیات لە ڕێگەی پێکهاتەکەوە چاک کردووەتەوە، کاتێک ئەلینا درۆسیای هێناوەتەوە بۆماڵەوە تۆ لەناو تاقیگەکەدا بەتەنێ ماویتەتەوە، لە کامێراکانی چاودێری تاقیگەگاندا دیارە، کە پێکهاتەکە لەناو سندوقێک دەکەیت و لە تەک خۆتدا دەیبەیتە دەرەوە. پاشان ئەگەر مەبەستێکت نەبێت، چ پێویست دەکا ئەو پێکهاتەیە لەناو تاقیگەکە بەریتە دەرەوە.. ها؟! ئێستا لە قسەکانم تێگەیشتی؟!».

ڕایمۆن هەموو شتێک دەزانێت، دڵنیام لەوەی ئاگاداری ئەوەش بووە کە چۆن پێکهاتەکەم لە ژوورەکەی خۆمدا حەشار داوە، ئەو لە ڕێگەی کامێراکان و ڕۆبۆتەکانەوە دەتوانێت ئاگای لە هەموو جووڵە و کردارێکی ناو گومەزەکە بێت، بەتایبەت تاقیگەکان کە لە ڕێگەی کامێراکانەوە چاودێری کارەکانی دەکات، هەر چییەک بێت تازە کارەکان بەو شێوەیە ڕووی داوە کە بە ویستی خۆم نەبوو، داوا لە ڕایمۆن دەکەم بواری ئەوەم بداتێ دووبارە هەوڵی دروستکرنەوەی پێکهاتەکە بدەمەوە. بەڵام ئەو داواکەم بە توندی ڕەتی دەکاتەوە. بە ڕەتکردنەوەی داواکـەم، لەوە دڵنیا دەبم کە پێکهاتەکە لای خۆیەتی. هەر بۆیە بێباکانە ئەوە دەڵێت:

«ئێستا دەتنێرم بۆ جێگەیەک.. دڵنیا بە هەر لەوێ دەمێنێتەوە تـا ئـەو کـاتـەی بیـرت دەکـەوێـتـەوە کـە پێکهاتەکەت لـە کوێ شاردووەتەوە. کەی بیرت هاتەوە دەتوانیت ئاگادرام بکەیتەوە».

ڕایمۆن ئەوە دەڵێت و ڕۆبۆتەکانی بەردەم دەرگاکە، لەگەڵ جێنیفەر پێکەوە دێنە ژوورەوە و تاو ئەدەنە دەستەکانم و دەمخەنە ناو یەکێک لەو ئۆتۆمبێلە تایبەتیانەی کە دەرەوەم لێ دیار نییەو نازانم بەرەو کوێم دەبەن.

# 17

ڕاڕەوی ژێرزەمینەکە تا چاو بڕ بکا تاریکە، گڵۆپەکان هەستیارن، لەو کاتانەدا دائەگیرسێن کە ڕۆبۆتەکان خواردن دەهێنن، یان کاریگەریان بە ژێرزەمەینەکە هەبێت، دەنگی ئامێری بادەرکێشەکانی هەوای گومەزەکە لە دوورەوە هاژەهاژی دێ، بەدرێژایی شەو و ڕۆژ کار دەکەن، تەنانەت بۆ ساتێکیش چییە ناوەستن، ئارۆن بەشێوەیەک پەرەی پێ داون، توانای ئەوەیان هەیە بەردەوام لە کارکردندا بن بێئەوەی ماتۆڕەکانیان گەرم دابێن، خۆئەگەر بادەرکێشەکان بە هەر هۆیەک بێت لەکار کەوتبان ئەوا لە ماوەیەکی کەمدا هەرچی بوونەوەری ناو گومەزەکە هەیە دەخنکێن.

پلەی گەرمای ژوورەکان لە ڕێگەی ئامێرێکی ڕێکخەری گەرمییەوە ڕێک خراوە، لە دیواری ژوورەکاندا چەند کونێکی

گەورە بە تیرەی 50سم هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی هەوای ژوورەکان، هەندێکیان هەوای ناو گومەزەکە دەهێنێتە ناوەوە، هەندێکی تریان هەوا ڕا دەکێشێتە دەرەوە. ئەو کونانەی هەوای لێوە دێتە دەرەوە، بۆن و بەرامەی گوڵەکانی کلارک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ژوورەوە، هەر کاتێک بۆنی گوڵەکانی دەکەم هەست بە بوونی دەکەم.

پێنج ڕۆژە لەم ژێرزەمینە نەعلەتیەدا بەردەوام چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. لەو ڕۆژەوە ڕایمۆن لێی نەپرسیومەتەوە. بیری ئەلینا دەکەم، داوام لە ڕۆبۆتەکان کرد هەواڵی منی پێ ڕابگەیەنن، هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە. تۆبلێی ئاگاداری ئەم دۆخەم بێت، دڵنیام ڕایمۆن ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێت و ئەویش بەو کردارەی باوکی ناڕازییە و هەوڵی بینینم ئەدا و فشارێک دەخاتە سەر ڕایمۆن بۆ ئازادکردنم و پێی دەڵێت کە ناکرێ ئەوە لەگەڵ کەسێکدا بکات کە خۆشەویستی کچەکەیەتی و ئایندەی پێوە بەستراوە. ئەو هەمیشە ئەوەی دەگوت، دڵنیام هەر وا دەکا. چاوەڕوانی دەکەم، دڵنیام بە هەر کلوجێک بێت سەردانێکم هەر دەکا، دڵم بەرگەی ئەم دۆخە ناگرێ، تەواو بێئومێدم و چاوەڕوانی فریادڕەسێکم. بەردەوام بیر دەکەمەوە و پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم ئایا ماوەیەکی زۆر لێرە دەمێنمەوە یان شتەکان بە شێوەیەکی تر دەگۆڕدرێن کە من چاوەڕێیان لێ ناکەم، بڕیاری ئەوە ئەدەم خۆڕاگر بم و خۆم لەگەڵ دۆخەکەدا ئەگونجێنم.

ئەو ژوورەی منی لێم، کەوتووەتە لایەکی ناوەڕاستی ڕاڕەوەکەوە، ئەو دیوارەی دەکەوتە سەر ڕاڕەوەکە لە ماددەیەکی پلاستیکی ڕوونی وەک شوشە دروست کراوە، تەنانەت دەرگاکەشی بەهەمان شێوەیە، دەتوانم بە دووری چەند مەترێک ڕاست و چەپی

ڕاڕەوەکە ببینم، ڕووناکیی گڵۆپەکانی ژوورەکە ئەوەندە بەهێزە، دیواری ڕاڕەوەکەی ڕۆشن کردووەتەوە، لەنێوان ژوورەکەمو ئەوژوورەی لەتەنیشمەوەیە، تەنیا دیوارێکی پلاستیکی ڕوون هاوشێوەی دیوارەکەی پێشەوە لەنێوانماندایە، لەو دیوارەدا پێنج کونی بازنەیی هەیە کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی خڕ دروستکراوە، کونەکان تیرەیان نێزیکی 10سم دەبێ، ژوورەکەی تەنیشتم، سێ سیسەمی تیایە لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی قەبارە گەورە کە لەناو دیوارەکەی بەرامبەرمەوە دیارە، ئەو کەناڵانە نیشان ئەدا کە لەناو گومەزەکەدا دەمبینی، لە گۆشەیەکی  لای دیوارەکەی بنەوەدا ئاودەستێک  و دووشێکی خۆشتنی لێیە، تەنیا بەدوو دیواری پلاستیکیی تەڵخ لە ژوورەکە جیا کراوەتەوە، یەکێک لە دیوارەکان وەک دەرگایەک دەکرێتەوە بۆ چوونە ژوورەوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا مێزێکی بازنەیی دانراوە، لە دەوری مێزەکە چوار کورسی هەیە کە لە پلاستێک دروست کراون، لە ژوورەکەمدا هەمان ئاودەست و دووش هەیە، تەنیا یەک سیسەمی لێیە کە بە دیوارەکەی دواوە نووساوە. لە ناوەڕاستدا هەمان مێز و دوو کورسی هاو شێوەی ژوورەکەی تەنیشتم هەیە. لە ژوورەکەی مندا تەلەفزیۆنی لێ نییە، مەگەر لە نێوان دیوارە پلاستیکیەکەی نێوانمانەوە سەیری بکەم.

ئەو شەوەی هێنامیانە ئێرە، لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە دوو ژنم بینی. یەکێکیان  خەوتبوو، ئەوی تریان دیاربوو بەهۆی هێنانی منەوە بەئاگا هاتبووەوە، هیچیان جلیان لەبەردا نەبوو، کاتێک ڕۆبۆتەکان لە نێو دەرگاکەوە فڕێیان دامە ژوورەوە، ئەوەی لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشتووە، بێئەوەی جووڵە بکا

لێمی دەڕوانی، ترسێکی گەورە لە چاوە شینەکانیدا دەبینرا، ژنێکی باڵابەرزی ئێسک ئەستوورە، پێستی ورگی وەک تورەکەیەک بۆ بەرموسوڵدانی شۆڕ بووەتەوە، لەگەڵ پرچە ڕەنگ خورماییە ژاکاوەکەیدا دیمەنێکی ترسناکی پێ بەخشیوە. تەواو بە مرۆڤێکی سەرەتایی دەچێ. کاتێک ڕۆبۆتەکان لەناو تاریکی ڕاڕەوەکە ون دەبن، بەپەلە تاو ئەداتە ئەو ژنەی نووستووە، لە ڕێگەی کونەکانەوە گوێبیستی دەبم، دەڵێت:

«ئەنجێلا.. هەستە.. پیاوێکیان هێناوە بۆ ئێرە».

کاتێک گوێم لە ناوی ئەنجێلا دەبێ، وەک ئەوەی کارەبایەک لە جەستەم بدەن ڕادەچەنم و بە تاسەوە لە هەردوکیان دەڕوانم، دەمەوێت زیاتر دڵنیا بم، چاوەکانم دەخەمە سەر ئەو ژنەی لەسەر سیسەمەکە نووستووە جەستەیەکی ئێسک باریکی گۆشتنی هەیە، پرچە ئاڵۆزەکەی دەموچاوە خڕەکەی داپۆشیوە، بە لەشێکی گرانەوە لە جێگەکەی خۆی بڵند دەبێتەوە و لەسەر سیسەمەکە دائەنیشێت. بە دەستەکانی پرچە ئاڵۆزکاوەکەی سەر دەموچاوی لائەدا کە بۆ سەر سنگ و مەمکە تورتەکانی شۆڕ بووبووەوە، قەڵەوییەکەی شێوەی دەموچاوی گۆڕیوە، زۆر دڵنیا نیم لەوەی ئەو ژنە ئەنجێلا بێت.

کاتێک ئەنجێلا چاوی پێم دەکەوێت، بە تاسەوە لە جێگەکەی خۆی قوت دەبێتەوە و کەمێک لێم دەڕوانێ، وەک ئەوەی بیەوێت زیاتر دڵنیا بێت، بەپەلە دێتە بەردەم ئەو دیوارە پلاستیکییەی کە لە نێوانماندایە. دەستە گۆشتنەکانی دەنێ بە دیوارەکەوە، ئەو چاوانەی بەهۆی قەڵەویی دەموچاویەوە کەمێک بچوک بوونەتەوە، هێندەی تر گەورەتر دەبن، بە دەنێگی گوماناویەوە دەپەیڤێ:

«بەڕێز ئاریا.. ئەوە لێرە چی دەکەیت؟».

شێوەی ئەنجێلا زۆر گۆڕراوە ئەگەر گوێبیستی دەنگی نەبوومایە ئەستەم بوو هەر وا بەئاسانی ناسیبامایەتەوە، بەپەلە دەچمە بەردەم ئەو کونانەی کە لە نێوان دیوارە پلاستیکییەکەدایە. ئەنجێلا وەک خەون دەبینم، متمانە بە چاوەکانی خۆم ناکەم کە ئەو لێرە بێت. بینینی ئەو لە بەندیخانەکەدا هیوایەک بە ژیانم دەبەخشێت. ئەوە بۆ چەند ڕۆژە بەردەوام لە ڕێگەی ئەو کونانەوە دەپەیڤین. ئەنجێلا بە بینینم زۆر خۆشحاڵە، بەردەوام پرسیاری گومەزەکەو هاوڕێ سۆزانییەکانیم لێ دەکا. یەک بەیەک ناوەکانیان دەهێنێ و پرسیاری ئەوەم لێ دەکات لێرە چی دەکەم؟! منیش هەموو شتەکانی لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕمەوە، ئەویش بەو کارە زۆر نیگەران دەبێت و بەدڵێکی پڕ لە گریانەوە باسی دڕندەیی ڕایمۆن و کریستینام بۆ دەکات. هەست دەکەم دڵی لە ئازاردا قوڵپ ئەدا. ئەوەم بۆ ئەگێڕێتەوە کاتێک دەیهێنن بۆ ئەم بەندیخانەیە، کارۆلین بە دووگیانی دەبینێت، ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەکەی کلارک دەبێت لەسەر گەشەی خێرای مرۆڤەکان، ڕایمۆن بە بیانووی ئەوەی کارۆلین نهێنیی کارەکانی کریستینای لای ئەو پیاوانە درکاندووە کە شەوانە لە تەکیا دەخەوتن، بڕیاری بەندکردنی ئەدا، بەڵام وەک کارۆلین دەیگێڕایەوە هیچ شتێکی لەو بارەیەوە نەدرکاندبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕایمۆن بۆئەوەی کارەکانی کلارک بە ئەنجام بگەیەنێت ئەو بڕیارە ئەدا.

ئەنجێلا لە سەرەتادا هەست بەوە دەکا سکی کارۆلین نزیکەی پێنج مانگێک دەبێت، لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەی کە ئەنجێلا هاتبووە بەندیخانەکە، هەست بە گەشەیەکی نامۆی کۆرپەلەکەی

سکی کارۆلین دەکا، ڕۆژبەڕۆژ قەبارەی سکی زیاتر دەکا و بەخێرایی گەورە دەبێ، کارۆلین بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە هەست بە ئازارێکی زۆری ناو سکی دەکا. لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا قەبارەی سکی  بە هێندەیەک گەورە دەبێ،  توانای ئەوەی نامێنێ بەهۆی قورسیی سکییەوە خۆی بە پێوە ڕابگرێ، بەردەوام لەسەر گازی پشت  دەکەوێت و بەهۆی ژانی زۆری ناو سکیەوە هاوار دەکا و دەناڵێنێ، بێئەوەی تەنیا کەسێک لێی بپرسێتەوە، ئەنجێلا چەند جارێک داوا لەو ڕۆبۆتانە دەکات کە ڕۆژانە ژەمە خۆراکەکانیان بۆ دەهێننە بەندیخانەکەوە، بەڵام ئەوان زۆر بێباکانە ڕەفتار دەکەن، وەکئەوەی هیچ شتێکیان نەبیستبێ خواردنەکان توورِ دەدەنە ژوورەوە و بە بێدەنگی دەچنەوە دەرەوە. بۆ ڕۆژی حەوتەم سکی کارۆلین هێندە گەورە دەبێت، ئەوەندەی نامێنێت لە گەورەبوونیدا وەک تۆپێک بتەقێت، قریشکەو هاواری کارۆلین لەژێر زەمینەکەدا دەنگ ئەداتەوە، ئەنجێلا پڕ بە گەرووی هاوار دەکا بۆ ئەوەی بە فریادڕەسیەوە بێن.

ئەو شەوە کارۆلین لەتاو ئازاری سکی تا سپێدە هاوار دەکاو دەناڵێنێ، تاسپێدە هیچ کەسێک لێیان ناپرسێتەوە، منداڵەکەی ناوسکی بە هێندەیەک گەورە دەبێت دەست و مەچەکی لە پێستی ورگیەوە بە ئاسانی دەبینرێ، ترسێکی گەورە دڵی ئەنجێلا داگیر دەکا، هەست بەوە دەکا ئێستا نا تاوێکی تر منداڵەکە بەهۆی گەورەبوونی قەبارەیەوە پێستی سکی ئەدڕێت و دێتە دەرەوە، ئەو شەوە تا نزیکی سپێدە شێوەی منداڵەکە لەگەڵ گەورەبوونیدا زیاتر لە پێستی سکیەوە بەدەر دەکەوت، لەگەڵ جوڵانی پەلەکانیدا کارۆلین زیاتر هاواری دەکرد و دەیناڵاند.

ئەنجێلا بە بینینی ئەو دیمەنە نامۆیە، تەواو سەراسیمە دەبێ، متمانە بەوە ناکات ئەوەی لەناو سکی کارۆلینندایە بنیادەم بێت، ئەگەرنا چۆن لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بەو شێوەیە قەبارەی بەو خێراییە گەشە دەکاو گەورە دەبێت. ئەو ڕۆژەی ئەنجێلایان هێنایە بەندیخانەکەوە لە دوای چەند سەعاتێک پرسیاری ئەوەی لە کارۆلین کردبوو، کە سکی چەند مانگە، ئەویش بە گومانێکەوە وتبووی:

«تەنیا دوو حەفتەیەکە هێلکەیەکی پیتێنراویان لەناو منداڵانم چاندووە، نازانم بۆ لەو ماوەیەدا هێندە بە خێرایی گەشە دەکا؟!».

ئەنجێلا لە سەرەتاوە متمانەی بەوە نەبوو ئەوەی لە ناو سکیدایە منداڵ بێت، بیری بۆ ئەوە چووبوو، کارۆلین بیەوێت ئەو قەبارەی زلەی ورگی بەو قسانە بشارێتەوە.

بۆ سپێدە ڕۆبۆتەکان کارۆلین بەو حاڵەوە دەبینن، لە ڕێگە چاوەکانیانەوە وێنەی ئەو دیمەنەی سکی دەگوازنەوە بۆ کریستینا، کاتێک کریستینا وێنەکە دەبینێ، لەڕێگەی ئۆتۆمبێلێکەوە کارۆلین دەگەیەنێتە، نەخۆشخانەکەی خۆی، بەڵام بەهۆی گەورەیی قەبارەی سکەکەی. ناتوانرێ بە سروشتی لەدایک بێت، کریستینا بە ناچاری نەشتەرێک لە ورگی کارۆلین ئەدات و منداڵەکە بە مردوویی دەهێنێتە دەرەوە.

کریستینا تێبینیی ئەوەی نەکردبوو ئەو گۆڕانکارییەی کلارک کردبووی لە خێرایی گەشەی منداڵەکەدا بەو هێندەیە خێرا بێت، هەر بۆیە بێباکانە فەرامۆشی کردبوو. کاتێک ئەنجێلا ڕووداوەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، کارۆلین ئەو ئازارەی دێتەوە یاد کە چەشتبووی، چاوەکانی وەک باران فرمێسکیان پیا دێتە خوارەوە، بەدەم هەنسکی گریانەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

«تا ئەو ڕۆژەی دەمرم دڕندەیی کریستینا و ڕایمۆنم لەبیر ناچێتەوە».

ئەو کاتانەی ئەنجێلا باسی ئەو ژیانە تاڵەی خۆیانم بۆ دەکا، هەست بەو ئازارانە دەکەنەوە کە چەشتوویانە، گەروویان دەگیرێ و توانای ئەوەیان نییە بەردەوامی بە قسەکانیان بدەن.

کارۆلین ژنێکی تابلێی هێمن و مەنگە، وەک ئەنجێلا باسی دەکات، تەنانەت ئەو ساتانەی لە بارەکاندا پێکەوە کاریان دەکرد، ئەوەندە لەگەڵ پیاوەکاندا نەئەدوا، وەک سۆزانییە لاوەکانی تر ئارەزووی ئەوەی نەبوو جەستە تۆکمەو کەڵەگەتەکەی خۆی بۆ کڕیارەکان نمایش بکا، لەگەڵ ئەو کەمتەرخەمییەی بۆ کارەکەی، زۆر لەو پیاوانەی تەمەنیان لە سەروو پەنجاکانەوە بوون، زیاتر ئارەزووی ئەو جەستە سپی و پڕەی کارۆلینیان دەکرد. زۆر لەو شەوانەی یانەکان جمەی دەهات، کڕیارەکان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون، کارۆلین لە باوەشی کڕیارەکەی پێشتریان قوتاری بێ.

لە دوای تێپەڕبوونی تەنیا مانگێک بەسەر نەشتەرگەریەکەی کارۆلیندا، کریستینا دوو هێلکەی پیتێنراو بە ناوی کلارک و سۆفیا دەخزێنێتە ناو جەستەی هەردووکیانەوە، لەماوەی ئەو سی ڕۆژەدا کۆرپەلەکان بە تـەواوی گەشە دەکـەن، هەموو ڕۆژێک بەدەم ئازاری خێرای گەورەبوونی ورگیانەوە لەناو ئەو زیندانەدا دەناڵێنن، بێئەوەی کەسێک بە هانای هاوارەکانیانەوە بچێ، بەتایبەت ئەنجێلا، کە بۆ یەکەم جارە بەو شێوە خێرایە سکی گەورە دەبێ. لەدوای ئەو دوو منداڵە کریستینا هێلکەیەکی تر دەخزێنێتە ناو جەستەی ئەنجێلاوە، وەک خۆی باسی دەکات، ئەوەندە گوێی لە کریستینا دەبێ کە بە ڕایمۆن دەڵێت: ئەم منداڵە

ناوی ئەنجلە. دیارە مەبەستی منداڵە باڵدارەکەیە، کە بۆیەکەم جار لە ژوورەکەی کریستینا بینیبووم، بەڵام ئەنجێلا تا ئەو کاتەی قسەکانی بۆ دەکردم نەیدەزانی، ئەو منداڵەی لە سکیدا بوو یەکەمین تاقیکردنەوەی مرۆڤە باڵدارەکان بوو، بەو کارەی سەرسام دەبوو دەیگوت:

«بۆچی کریستینا، لەگەڵ دانانی هێلکەکاندا ناوی لە منداڵەکان دەنا؟!».

منیش باسی مرۆڤە باڵدارەکانی بۆ دەگێڕمەوە کە چۆن گەشتیارەکان بینیویانەو ڕایمۆن هەوڵی شاردنەوەی ئەدان. هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم، تەنانەت باسی ڕاجا-شی بۆ دەکەم، ئەویش بە هەستێکی پڕ لە ئازارەوە دەڵێت:

«هاتنمان بۆ ئێرە لە پێناوی بەدەستهێنانی بڕێک پارەیە، تەنیا بۆ ئەوە جەستەی خۆمان دەفرۆشین بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەو ژیانە قێزەونە بدەین».

دەنگی ماتۆڕی ئۆتۆمبێلی ڕۆبۆتەکان نزیکتر دەبێتەوە، کاتێک ئەنجێلاو کارۆلین، گوێبستی دەبن، بە ترسێکەوە خۆیان دەخزێنە گۆشەی دیوارەکەی پشتەوە، هەموو جەستەیان دەلەرزێ، ورتەیان لێوە نایەت، کاتێک ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم دەرگای ژوورەکەیان وێستە دەکا، هەردووکیان باوەش بە یەکدا دەکەن، ئەوان دەزانن هاتنی ڕۆبۆتەکان لەو کاتە نەگونجاوەدا بێ مەرام نییە، یەکێک لە ڕۆبۆتەکان لە ڕێگەی ئەو شاشە بچوکەی بە دەرگاکەوەیە و کۆدی نهێنی دەرگاکە دەنووسێ و دەرگاکە دەکرێتەوە، ئەو ڕۆبۆتەی کۆدەکەی نووسی بەدەنگێکی بەرز دەڵێت:

«کارۆلین.. کریستسنا کاری پێتە».

ئەوەندە دەڵێت و هیکرا کارۆلین پڕ بە گەرووی هاوار دەکا و دەڵێت:

«توخوا لێم گەڕێن، چیتر توانای منداڵبوونم نەماوە.. توخوا وازم لێ بهێنن.. ناتوانم ئەو کارە بکەم..».

ڕۆبۆتەکان بێدەنگ وەستاون، هیچ ورتەیەک لە دەمیانەوە نایەت، چاوەڕوانی کارۆلین دەکەن بۆ خۆی وەک هەموو جارێک بێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە. دەستەکانم لە دیوارە پلاستیکیەکە توند کردووە، کاتێک کارۆلین دەبینم هێندە بە لاوازی لە بەردەم ئەو پارچە کانزا بێگیانانەدا هاوار دەکا و دەپاڕێتەوە، دڵم قوڵپ ئەداو ناخم گڕ دەگرێ.. دەمەوێت شتێک بکەم بۆ ئەوەی ڕێگری ئەو کارە نامرۆڤانەیە بکەم بەڵام هەست بە لاوازیی خۆم دەکەم. ئەگەر لە توانامدا با، بە مستەکۆڵەیەک ئەو دیوارە دەڕمێنم و ڕێگە بەو کارە نادەم و بەرامبەر ڕۆبۆتەکان دەوەستمەوە و لەگەڵیان ئەجەنگم، بەڵام چی بکەم! تەنیا بەبێ ویستی خۆم بە دەنگێکی بەرز لە ژوورەکەی خۆمەوە هاواردەکەم:

«لێیان گەڕێن دڕندەکان.. سەد نەعلەت لە ئارۆنی خوێڕی کە ئێوەی بەو شێوەیە دروست کردووە.. لێیان گەڕێن.. ئەوەندە ئازاریان مەدەن نامرۆڤینە..».

ئەو ڕۆبۆتەی لەناو دەرگاکە چاوەڕوانی دەکرد بە چاوە شینە ترسناکەکان کەمێک لێم دەڕوانێ و پاشان نیگاکانی بۆ سەر کارۆلین دەگوازێتەوە، بە وەستانەکەی لەوە ئەچێ چاوەڕوانی فەرمانی کەسێک بێت، کارۆلین ئەوەندە گریا و هاواری کرد هێزی لێ بڕابوو، لە ترسا چووبووە باوەشی ئەنجێلاوە و هێندەی تۆزێکی مابووەوە، لەبەر خۆیەوە نووزەی دێ، ئەنجێلا بە چاوێکی

پڕ لە نائومێدییەوە لێم دەڕوانێ، چاوەڕێی شتێکم لێ دەکاو منیش لە بێدەسەڵاتیمدا ناخی خۆم دەکرۆژم.

ماوەیەک بەو شێوەیە مانەوە لەهیکرا ئەو ڕۆبۆتەی لەناو دەرگاکە وەستابوو، وەک ئەوەی فرمانێکی بەپەلەی لە کەسێکەوە وەرگرتبێت، بەپەلە لە کارۆلین نزیک دەبێتەوە و بە دەستە ئاسنینەکانی پڕی پیا دەکا ئەو ژنە زلەی کە بە کێویێک دەچوو، وەک پووشێک لە جێگەی خۆی بڵندی دەکا. کارۆلین وەک باڵندەیەکی سەربڕراو بەدەست ڕۆبۆتەکەوە قاچەکانی بە ئاسمانەوە پەلەقاژە دەکەن. لە هیکرا هەموو جەستەی وەک شەق شەقە دەلەرزی، ددانەکانی وەک چەسپ بەیەکەوە جووت دەبن و چاوەکانی بەهێندی هێلکەیەکی گەورە دەردەپەڕێنە دەرەوە، زمانی بەتەواوی شکاوە و نوزە لە دەمیەوە نایەت، ئەنجێلا بە بینینی ئەو دیمەنە ترسناکە هێندەی نەماوە بەتەواوی لە هۆشی خۆی بچێ. بیر لەوە دەکەمەو ئەو ژنەی بە کێویێک دەچوو چۆن بەدەست ئەو ڕۆبۆتەوە زمانی دەشکێت و جەستەی دەلەرزێ!

قسەکانی ئارۆنم بیر دێتەوە و لەوە تێدەگەم، ڕۆبۆتەکە لە ڕێگەی ئەو بارگە کارەبا تایبەتەی لە سەری پەنجەکانی دەستیاندا دانراوە، جەستەی کارۆلین کۆنترۆڵ دەکەن، تەنانەت توانای قسەکردن و هاواری نەمابوو، ئارۆن پێشتر ئەوەی بۆ باس کردبووم، کە ڕۆبۆتەکانی بە شێوەیەک دروست کردبوو، کە توانای ئەوەیان هەیە، لە هەموو بارودۆخێکی ناهەمواردا توانای بەرگریکردن لەخۆیان هەبێت، یان وەک پۆلیسێک بتوانن ئەو کەسانەی پێ دەستگیر بکەن، کە لە یاساکانی ناو گومەزەکە دەردەچن.

کارۆلین بەتەواوی لە هۆش خۆی چووە، هەموو جەستەی وەک ئەوەی لە سێدارە درابێت بەدەست ڕۆبۆتەکەوە شۆڕبووەتەوە، ڕۆبۆتەکە کارۆلین بەو شێوەیە دەخاتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە و بەرەو تاریکیی ناو ڕاڕەوەکە بەڕێ دەکەون.

ئەنجێلا وەک پەیکەرێک لە جێگەی خۆیدا قەتیس ماوە، لە چاوەکانیا ئەو ترسە ئەبینم، لە دوای کارۆلین ئەویش بەو نمایشە ترسناکە پەلکێشی لای کریستینا بکەن. ئەو دیمەنەی کارۆلین هەستی هەموو مرۆڤێکی بەویژدان ئەبزوێنێ، خوێن لە جەستەما نەماوە تکا لە خوا دەکەم هێزێکم پێ بەخشێ تا بتوانم بەرەنگاری ئەوە ببمەوە، دەرونم ئازار ئەچێژێ، بیر لەوە دەکەمەوە، کە باسی ئەو ساتانەیان بۆ دەگێرامەوە کە چۆن بەدەست ئازاری گەشەی خێرای منداڵەکەی ناو سکیانەوە دەیاننالاندو بەردەوام ئازاریان ئەچەشت، چما ئەو دیمەنانە بە چاوەکانی خۆم ببینم، ئایا دەتوانم لە بەردەم ئەو کارە دڕندانەیەی کریستیناو ڕایمۆندا هەست بە مرۆڤبوونی خۆم بکەم!

ئەو دیمەنە هەموو ئەو کارە نامرۆڤانانەم بەبیر دێنێتەوە کە لە ڕێگەی زانستەوە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کراوە. وێنەی ئەو پێنج هەزار مرۆڤەی هەڵەبجەم بیر دێتەوە.. ئاخۆ بۆ بەخشینی گیانیان چەند ئازاریان چەشتبێت! کاتێک هەست بە ئازاریان دەکەم قێز لە زانست دەکەمەوە لە هەموو ئەوانەی لە پێناو وشەی مرۆڤبوون و خەونە ئەهریمەنەکانیان، مرۆڤایەتی ئەسڕنەوە.. قێز لە هەموویان دەکەمەوە.. لە ڕایمۆن و کریستینا.. لە ئارۆن و تەنانەت لە پرۆفیسۆر کلارکیش ئەکەمەوە و پێی دەڵێم ئایا مرۆڤبوون ئەوەیە؟!

ئەو ماوەیە هەستێکی ترسناک باڵی بەناو بەندیخانەکەدا کێشاوە، جووڵەمان لێوە نایەت، ئەو دیمەنەی کارۆلین بە تەواوی هەموو بیرمانی داگیر کردووە. ئەوەندەی نیو کاژێرێک بەسەر بردنی کارۆلیندا تێپەر بووە، ڕۆبۆتەکان دەگەڕێنەوە بەردەم دەرگای بەندیخانەکە. بە هەردووکیان کارۆلین بە چواردەستە لەناو ئۆتۆمبێلەوە وەک لاشەیەکی مردوو دەهێننە دەرەوە، ئەنجێلا بە چاوە پڕ لە ترسەکانی لێیان دەڕوانێ، بە قونگە خشکێ زیاتر خۆی بە دیوارەکەی پشتەوە توند دەکا، کارۆلین تەواو لە هۆش خۆی چووە، لە جەستەیەکی بێگیان زیاتر هیچی تر نییە، لەسەر سیسەمەکەی خۆی بە هێمنی ڕای دەکێشن و فەرامۆشی دەکەن.

ئەو ئێوارەیە تا درەنگانی شەو ئاراممان لێ بڕابوو ترس هەموو ناو زیندانەکەی تەنیوە، بۆ خۆشمان نازانین چارەنووسمان لەناو ئەو زیندانەی بە درێژایی هەزارەها میل لە هەسارەی مرۆڤایەتیەوە دوورە، بەرەو کوێ دەچێ؟ دەنگمان بە کێ دەگاو چ هێزێک فریاد ڕەسمانە؟ هەستێکی نامۆ دڵی هەموومانی گوشیوە.. هیچمان ئارەزووی قسەکردنمان نییە، لە جێگەکەی خۆم تەواو دۆش داماوم، بەردەوام پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم، ئایا لە کرۆکی ئەم هەسارە دوورە دەستەدا ڕێگایەک بۆ دەربازبوون بوونی هەیە! جا ئەگەر هەشبێت، چۆن دەتوانین لەناو ئەو گومەزە گەمارۆدراوە بە چەندین ڕۆبۆتی جەستە ئاسنین، دەرباز بین؟! یان چۆن دەتوانم هەموو ئەو کۆدانە بشکێنم تا پێکانمان بگاتە ناو ئەو کەشتییە شوومەی ئێمەی هێناوەتە ناو ئەم گومەزە ترسناکەوە؟!

«ئاریا.. کارۆلین هۆشی هاتەوە بەر خۆی».

دەنگی ئەنجێلا بە هۆشم دێنێتەوە، کارۆلین لەسەر سیسەمەکە وەک مارێک خۆی گرمۆڵە کردووە، لەبەر خۆیەوە ئەوە دەڵێت:

«توخوا وا مەکەن، بەخوا هێزی ئەوەم نەماوە..».

بەردەوام ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە.

کاتژمێرەکە سێ و چارەکی سپێدە نیشان ئەدا، ئەنجێلا سەری کارۆلینی لە باوەشی خۆی ناوە، وەک ئەوەی منداڵێک بلاوێنێتەوە، دەستە گۆشتنەکانی بە سەریدا دەهێنێ، ئەوەندە نابات کارۆلین بە ئاستەم پێڵووەکانی هەڵدەهێنێ و بە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی لە ئەنجێلا دەڕوانێ، بە دەنگێکی خەمگینەوە دەڵێ:

«کۆرپەلەیەکی تریان خستە ناو سکمەوە».

ئەوە ئەڵێ و ئەداتە پڕمەی گریان، دیمەنی ئەو دوو ژنە هێندە کاریگەرن تەواو هەموو هەستم دەبزوێنێ. هەستێک زۆر جیاواز لە هەموو ئەوانەی بە درێژایی شەوان بە هۆی کەم دەرامەتییانەوە خەونیان بە گەشتێکەوە دەبینی بۆ سەر هەسارەی مانگ.. ئەو هەسارە وشک و مردووەی کە بە درێژایی دروستبوونی گەردوون، کپ و بێدەنگ بوو، ئێستا لە سایەی دڕندەیی مرۆڤەکانەوە بووەتە دۆزەخێکی پڕ لە هاوار، ئەو دۆزەخەی کە بە درێژایی ژیان لێی ڕادەکەین. ئەو دیمەنەی ناو بەندیخانەکە هەستێکی نوێی لە ناو دەروونمدا دروست کردووە، هەستێک پڕ لە نائومێدی و پەشیمانی لەوەی تەمەنێکی پڕ لە خۆشبەختی و سادەیی خۆم کردووەتە قوربانی خەونێکی پووچ، ئەوەی لە چاوەڕوانیدا شەونخونیم بۆ دەکێشا، بۆ ئەوەی ئاسودەیی و بەختەوەری بە مرۆڤایەتی ببەخشم، دوور نییە ئێستا ڕایمۆن، بەو ئامێرەی دۆزیومەتەوە، هەموو مرۆڤەکانی پێ کۆیلە بکا، کۆیلەیەک بە درێژایی تەمەنی بیر لە کۆیلەبوونی خۆیشی نەکاتەوە.

ئەوەی کردوومە، ئێستا تەواو پێچەوانە کەوتووەتەوە، لەوانەیە تاوێکی تر، ئەو ڕۆبۆتە نەعلەتیانەی کە وەک خۆی و کریستینای خێزانی  هیچ هەستێکی مرۆڤایەتیان تیا نییە، بێنە وێزەم و بەو ئامێرەی خۆم، ئا ئەوەی کە خۆم دروستم کردووە، هەموو بیر و هۆش و کەسایەتیم بگۆڕن، ئەو ئێستا دەتوانێت لە ڕێگەیەوە چۆنی بوێت ئاوام لێ بکا، لەوانەیە بیەوێت بمکاتە مرۆڤێکی تەواو گێل و نەزان، وەک ئەوەی هەرگیز لەناو مرۆڤایەتیدا نەژیابم، یان بمکاتە دڕندەیەک، بمکا بە گژ ناخی خۆمدا، ئەو دەتوانێت بە ویستی خۆی بمگۆڕێت و لەوانەیە تەنیا بۆ گاڵتەجاڕی خۆی بمکاتە ئاژەڵێک و لەبەر دەمی خۆیدا گەمەم پێ بکا، ئەو هێزێکی گەورەی لەدەستدایە، بەهێزتر لە هەموو ئەو چەک و ئامێرانەی کە ئێستا هەیە کە بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی دروست کراون.

بەندیخانەکە تەواو کش و ماتە، جگە لە دەنگی ماتۆڕی بادەرکێشەکان هیچ دەنگێکی تر نابیسترێ، ئەنجێلا و کارۆلین  لە گۆشەکەی دواوە  یەکدیان لە ئامێز گرتووە. ڕۆچوونەتە خەونێکی پڕ لە ترسەوە، خەو زۆری بۆ هێناوم و پێڵوەکانمی قورس کردووە، دەچمە سەر جێگەکەم و ئەوەندەی دوو خولەکێک دەبێت چاوەکانم لێک ناوە، دەنگێکی تۆقێنەر لەگوێکانمدا دەبیستم، ئەو دەنگەی کاتێک گوێبیستی دەبین، هەموو جەستەمان دەهێنێتە لەرزین. ئەو دەنگەی لە مەرگ زیاتر، هیچی تری پێ نییە. بەئاستەم پێڵووی چاوەکانم هەڵدەهێنم و بە ترسێکەوە لە دەرگای بەندیخانەکە دەڕوانم، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو دەنگە، زیاتر جەستەم نغرۆی ترس دەبێ. لێدانی دڵم لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا زیاتردەبێ، ئەو ترسەی دەنگی ئۆتۆمبێلەکان لە ناخمدا ڕواندبووی، بە بیستنی،

دڵم ئەلەرزێ.. ترسی دووبارەبوونەوەی دیمەنی ئێوارە دەکەم. بەدڵنیاییەوە ئەم جارە ئەنجێلا دەبێتە قوربانیی خەونەکانی کریستینا و ڕایمۆن.

ئەوەندە نابات ئۆتۆمبێلی ڕۆبۆتەکان لە بەردەم دەرگای ژوورەکەمدا ویستە دەکا، کەمێک ئەو ترسە لە ناخمدا دەڕەوێنێتەوە. چاوەڕوانی ئەوە دەکەم ڕۆبۆتەکان، بەرەو شوێنێکی نادیارم بەرن، بۆ هەتاهەتایە کەس نەمبینێتەوە، یان دەمکوژن بۆئەوەی ڕایمۆن، داهێنانەکەم بۆ خۆی داگیر بکا، ئیتر لەم هەسارە دوورەدەستە کێ دەتوانێت تەنانەت لاشەکەشم بدۆزێتەوە؟!

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکە، ئارۆن بەپەلە دائەبەزێت، بەو ئامێرەی کە بۆ شکاندنی کۆدی ڕۆبۆتەکان دروستی کردووە، بەو ئامێرە بچوکەوە چەسپی دەکا کە لە ڕێگەیەوە دەرگاکەی پێ دەکرێتەوە. هاتنی ئارۆن وەک خەونێک دەبینم، بە چاوەکانم متمانە ناکەم، چەند جارێک پێڵوەکانم هەڵدەگڵۆفم تا لە ڕاستی هاتنی ئارۆن دڵنیا ببمەوە. ئارۆن بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە دەڵێت:

«ئاریا.. خێرا کە.. خۆت ئامادە کە.. کاتێکی زۆر کەممان لەدەستدایە..».

کە ئەوە لە ئارۆن دەبیستم، لە خۆشیا ئەوەندەی نامێنێ لە جەستەم بێمە دەرەوە، بە تەواوی وەک شێتێک ڕەفتار ئەکەم، بە دەستەکانم چەند جارێک بە هێزەوە دەکێشم بەو دیوارەی کە لەنێوان من و ئەنجێلا دایە، ئەوان بەتەواوی بێئاگان، پڕ بە گەرووم هاواردەکەم:

«ئەنجێلا.... ئەنجێلا.... هەستن.. خێرا کەن.. با ڕاکەین».

کاتێک بەو شێوەیە دەمبینن، بێئەوەی هیچ وشەیەک لە دەمیان بێتە دەرەوە بە پەلە دێنە بەردەم دەرگاکەی خۆیان و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکە دەکەن. ئارۆن لە ماوەی نیو خولەکدا دەرگاکە دەکاتەوە، بە پەلە تاو دەداتە ئامێری دەرگاکەی ئەوان، ئارۆن ئەوەندە بە پەلە دەبزوێت، لە ماوەی دوو خولەکدا کۆدی هەردوو دەرگاکە دەشکێنێت و بە پەلە خۆی تورِ ئەداتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەردەوام دەڵێت:

«خێرا کەن.. کاتمان نەماوە.. با خێرا خۆمان بگەیەنینە ناو کەشتییەکان».

کاتێک گوێم لە وشـەی کەشتییەکان بـوو، هەستێکی پڕ لە خۆشی جەستەی هەموومانی تەنییەوە، درۆسیا لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتووە، هەمان ئەو کراسـەی لەبەردایە، کە ئەو شەوە تاقیکرنەوەکەم لەسەر کردبوو، هەرسێکمان بەپەلە خۆمان گەیاندە ناو ئۆتۆمبێلەکە، کورسییەکەی دواوە تەنیا بۆ دوو کەس دروست کرابوو، درۆسیا لە پێشەوە لەگەڵ ئارۆن دانیشتووە، جانتایەکی ڕەشی لە باوەشدایە. ئەوەندە بەپەلە خۆمان خزاندە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، هەرسێکمان بەسەر یەکدیدا کەوتووین. ئەنجێلا سمتە گۆشتنەکەی کەوتووەتە نێو باوەشمەوە، سەریشی کەوتووەتە نێو باوەشی کارۆلینەوە. ئۆتۆمبێلەکە ئەوەندە بەخێرایی ڕێ دەکا، نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچین، بە ئارۆن دەڵێم:

«بەڕێز ئارۆن.. ئێستا بەرەو کوێ دەچین؟!»

ئـارۆن بـەردەوام چاوە بچکۆلەکانی بە هەموو لایەکی ناو ڕاڕەوەکەی ژێر زەمینەکەدا ئەگێڕێ، بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی نەکا ڕۆبۆتێک پێمان بزانێت، لەو ماوەیەدا ئۆتۆمبێلەکە بەلای

هیچ لەو کۆڵانانەدا پێچی نەکردەوە کە دەهاتنەوە سەر ڕێگە سەرەکییەکە. ئارۆن بە دەنگێکی پڕ لە خۆشبەختییەوە وەڵام ئەداتەوە:

«ئاریا.. ئەم ڕێگەیە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە ژێر بنکەی کەشتییەکان!».

ئەنجێلا و کارۆلین جووڵە ناکەن. لەو ماوەیەدا هیچ وشەیەک لە دەمیان نەدەهاتە دەرەوە، چاویان لەو ڕێگا باریکە بڕیوە، کە ئۆتۆمبێلەی پیا ڕێ دەکا. ئۆتۆمبێلەکە لە بەردەم دەرگای ئەسانسۆرێکدا دەوەستێ، ئارۆن هێندە بەپەلە جووڵە دەکا، دەتگوت لاوێکی تازە پێگەیشتووە، بە هەمان شێوەی پێشتر ئامێرەکەی دەستی دەنێ بە دەرگای ئەسانسۆرەکەوە، لەگەڵ کردنەوەیدا، هاوار دەکا:

«خێرا کەن... خێرا وەرنە ژوورەوە...».

ئەنجێلا لە پێشمەوەیە، بەدەم ڕاکردنەوە گۆشتی هەموو سمتی یاری دەکا، بە پەلە دەچینە ناو ئەسانسۆرەکەوە. بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر ڕایمۆن بەم کارە بزانێت، دەبێت چیمان بەسەر بهێنێت، دوور نییە ئێستا لە پشت یەکێک لەم دەرگایانەوە، چەندین ڕۆبۆتی جەستە ئاسنینی ئامادە کردبێت و بە تەنیا دەستێکیان بۆ جارێکی تر تورمان بداتەوە ناو ئەو زیندانەی بەردەوام لە مەرگ زیاتر بۆنی هیچی تری لێ نەدەهات.

ئەنجێلاو کارۆلین لە گۆشەیەکی ناو ئەسانسۆرەکەدا خۆیان قەتیس داوە، ئارۆن چاوە بچکۆلەکانی بۆ ئاسمان بڵند کردووەتەوە، تا دڵنیا بێت لە گەیشتنی ئەسانسۆرەکە بۆ شوێنی مەبەست،

درۆسیا جانتاکەی بە توندی بە سنگیەوە ناوە، لەبەر خۆیەوە لێوەکانی دەبزوێ، لەوە دەچێ نزا بکا بۆ ئەوەی بە سەلامەتی قوتار بین. بە دەنگێکی نزم بە ئارۆن دەڵێم:

«زۆرمان ماوە بۆ ناو کەشتیەکە؟».

بێئەوەی لێم بڕوانێت، بەردەوام نیگاکانی لە ئاسمانە و وەڵامم ئەداتەوە:

«خەمت نەبێت.. ئەوەندەمان نەماوە.. ئەم ئەسانسۆرە ڕاستەوخۆ دەمانباتە بەردەم دەرگای کەشتییەکە».

سەیرێکی ئامێرەکەی دەستی دەکا و چەند ژمارە و پیتێکی تێکەڵاو تۆمار دەکا. پاشان پەنجە دەنێ بەو دوگمە سوورەی کە لە دامێنی خوارەوەی ئامێرەکەدایە. ئەسانسۆرەکە دەوەستێت، ئارۆن لە بەردەم دەرگاکە وەک سەرکردەیەکی جەنگ خۆی دەنوێنێ. هەستێکی خۆبەگەورەزانی لە سیماو ڕەفتارەکانیدا دەبینم، کاتێک دەرگای ئەسانسۆرەکە دەکرێتەوە، ئارۆن خۆی قیت دەکاتەوە و سنگە توکنە سپیەکەی دێنێتە پێشەوە، بە شەقاوێک خۆی دەگەیەنێتە ناو ڕاڕەوێک، لەلای ڕاست و چەپی ڕاڕەوەکەدا چەند ڕۆبۆتێک وەک سەرباز تا ئەو سەری ڕاڕەوەکە بە ڕیز وەستاون، لەگەڵ چوونە ناو ڕاڕەوەکەدا، هەموویان دەستی ڕاستیان بڵند دەکەنەوە و سڵاوێکی سەربازی بۆ ئارۆن دەکەن. ئارۆن بە فیزێکەوە بەناویاندا تێدەپەڕێت، ئێمەش بە ترسێکەوە بە دوای ئارۆندا ڕێ دەکەین، ئەنجێلا و کارۆلین توانای ئەوەیان نییە لە دیمەنی ترسناکی ڕۆبۆتەکان بڕوانن، هەردوکیان ڕاست و چەپیان گرتووم و باسکە سپی و گۆشتنەکانیان وەک مار لە کەمەرم ئاڵاندووە.

ئەو ڕاڕەوەی بەرەو دەرگای کەشتییەکە دەچێ، درێژییەکەی تەنیا دە مەترێک دەبێ، کاتێک ئارۆن لە کەشتییەکە نزیک دەبێتەوە، دەرگاکە بە هێمنی بە هەردوو لادا دەچێتە ناو دیوارەکەوە، هەمووومان بە پڕتاو خۆمان بەناو کەشتییەکەدا دەکەین، ئارۆن دەرگای ئەسانسۆرەکە لە ڕێگەی ئامێرەکەی دەستییەوە کڵۆم ئەداتەوە و لەسەر ئەو کورسیە دائەنیشێت کە ڕۆبۆتەکان بۆ لێخوڕینی کەشتیەکە بەکاری دەهێنن.

لەناو کەشتییەکەدا هیچ ڕۆبۆتێکی لێ نییە، هەموو ئەو کەشتییانەی بەردەوام هاموشۆی نێوان هەسارەی زەوی و مانگ دەکەن، بەردەوام چەند ڕۆبۆتێک لەناو کەشتییەکەدا دێن و دەچن، بەناو گەشتیارەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە بەستنی ئەو پشتێنەی بە کورسییەکانەوە چەسپ کراوە، بۆ ئەوەی لەکاتی فڕین و نیشتنەوەدا سەرنشینەکان بەهۆی نەمانی کێشی لەشیانەوە تووشی پێکان نەبن. ئارۆن لە ڕێگەی ئەو دوگمەیەی لەسەر کیبۆردەکەی بەردەمی بوو، دەرگای کەشتییەکە کڵۆم ئەدا. بە دەنگێکی کەمێک تووڕە و بەرزەوە هاواردەکا:

«خێرا کەن لەسەر کورسیەکان دانیشن و پشتێنەکانتان ببەستن».

لە دوای قسەکەی ئارۆن هەموو ئەوە دەکەن کە ئارۆن دەیخوازێت، بە دەنگێکی گڕەوە بە منیش دەڵێت:

«ئاریا ئەو جانتایە لە درۆسیا وەرگرە و وەرە لامەوە دانیشە».

درۆسیا زۆر ئاسایی ڕەفتار دەکا، زۆر جیاواز لەو ساتانەی کە لەناو گومەزەکەدا ناسیبووم، لێی نزیک دەبمەوە، لە دەم و چاوی درۆسیادا هەستێکی پڕ لە خۆشبەختی ئەبینم، ئەنجێلا و کارۆلین

لە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون، خەندە بە لێوەکانیانەوە دەبینم. جانتاکە لە درۆسیا وەردەگرم و لەسەر ئەو کورسییە دائەنیشم کە بە تەنیشت کورسییەکەی ئارۆنەوەیە. ئارۆن ئەو کیبۆردەی بۆ لێخوڕینی کەشتییەکە بەکاری دەهێنێت لە خۆی نزیکتر دەکاتەوە، کەمێک چاو بەناو ئەو دوگمانەدا ئەگێڕێ کە ڕووی کیبۆردەکەیان داگیر کردووە، پاشان دەست دەکات بە تۆمارکردنی چەند پیتێک، کە دواتر لەسەر شاشەکەی بەردەمی ئەوە ئەبینم نووسراوە: «لێخوڕینی ئۆتۆماتیکی کار دەکا بە ئاراستەی بنکەی 2 لەسەر هەسارەی زەوی».

دواتر ئارۆن کرتە لەسەر دوگمەیەک دەکا کە قەبارەی لە هەموو دوگمەکانی تری سەر کیبۆردەکە گەورەترە، ئەو دوگمەیە ڕەنگێکی سووری هەیە. ئەوەندەی چەند چرکەیەکی پێ دەچێت، لەگەڵ بیستنی گیزە گیزی کەشتییەکە کێشی جەستەمان بەتەواوی کەم دەبێتەوە. وا هەست دەکەم لەناو ئاوێکی قووڵدا مەلە دەکەم. بەهۆی نەمانی کێشی جەستەمانەوە هەست بە بەرزبوونەوەی کەشتییەکە ناکەین، کاتێک لە ئارۆن دەپرسم:

«بەڕێز ئارۆن لە مەترسی دەرباز بووین؟!».

ئارۆن بە پێکەنینێکەوە دەڵێت:

«دڵنیا بە.. پێشبینیی هەموو شتێکم کردووە، بۆ زانیاریت لە شاشەکەی بەردەمت بڕوانە.. ئەها.. ئەوە بیست هەزار میل زیاتر دەبێت لە هەسارەی مانگ دورکەوتینەتەوە».

ئارۆن تەنیا نەخشەی ڕۆبۆتەکانی نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو بەشانەی کە پەیوەستن بە کاری ئەلەکترۆنییەوە خۆی نەخشەی بۆ کێشاون و دروستی کردوون. ئەو بە هەموو کون و قوژبنێکی

ناو گومەزەکە ئاشنایە، تەنانەت ئەو چوار تاوەرەی لە دەوری گومەزە گەورەکە بوون و چەکی لەیزەریان پێوە پەیوەست کرابوو بۆ شکاندن و وردکردنی ئەو بەردە ئاسمانییانەی کە لە نزیکی گومەزەکەوە دەکەوتنە خوارەوە، ئەوانیشی لە کار خستووە، بۆ ئەوەی ڕایمۆن نەتوانێت لە ڕێگەیانەوە کەشتیەکەی پێ بپێکێت.

ئارۆن کەشتییەکەی ڕادەستی لێخوڕی ئۆتۆماتیکی کردووە، بە کورسییەکەیەوە خۆی بە لامدا ئەسوڕێنێ و بە پێکەنینێکەوە کە پڕە لە خۆشبەختی و سەرکەوتن، دەپەیڤێ:

«شتێکی لەناکاوم هەیە بۆت، دەزانیت چییە؟».

بە سەرسوڕمانێکەوە لێی دەڕوانم، پێکەنینەکەی چرچی ڕومەتەکانی زیاتر کردووە، بە گومانێکەوە دەڵێم:

«نا... چییە؟ بەڕێز ئارۆن پێم بڵێ».

دەست بۆ جانتایەک درێژ دەکات، لە نیگای چاوەکانی تێدەگەم و بە هێمنی جانتاکەی ڕادەست دەکەم، ئارۆن جانتاکە لەسەر ڕانە لاوازەکانی دائەنێ و پاشان دەیکاتەوە، لەناویدا ئەو سندوقە دەرئەهێنێ کە شوشەی پێکهاتەکە و ئایپادە سلیکۆنییەکەمی تیادایە، بە زەردەخەنەیەکەوە سندوقەکەم ڕادەست ئەکات و ئەڵێت:

«فەرموو بەڕێز ئاریا.. ئەوە داهێنانە مەزنەکەتە».

لە چاوەکانی خۆم بە گومانم، کاتێک سندوقەکە دەکەمەوە، لەوە دڵنیا ئەبم ئەو پێکهاتەیەی لە ناویدایە هەمان ئەو پێکهاتەیەیە کە لە ڕێگەیەوە درۆسیام چاک کردەوە، بە تەواوی لەو کارەی ئارۆن سەراسیمە بووم، هەستێکی پڕ لە خۆشی هەموو جەستەمی تەنیوە. نەمدەزانی چۆن سوپاسی بکەم! هەموو ئەوانەی ئارۆن کردبووی وەک خەونێک دەبینم، هەر لە ڕزگارکردنمانەوە لە بەندیخانەکە و

هەڵاتنمان لە هەسارەی مانگ و دۆزینەوەی ئەو پێکهاتەیەی کە خەونی سەرەکی ڕایمۆن بوو. ئەوەی تووشی گومانی کردووم ئەوەیە، چۆن ئەو پێکهاتەیە، کەوتووەتە لای ئارۆن.

بەردەوام بە هەستێکی خۆ بە گەورە زانییەوە لێم دەڕوانێ، ئەو زەردەخەنەیەی لەسەر لێوەکانیەتی هێشتا ون نەبووە. لەنێوان دوو هەستی پڕ لە خۆشی و گوماندا نازانم چۆن ڕەفتار دەکەم، ئارۆن وەک تەلیسم بازێک دێتە پێش چاوەکانم. ئەوەی مێشکی زیاتر ئاڵۆز کردوم، ئەوەیە چۆن ئەو پێکهاتەیە کەوتووەتە دەستی ئارۆن، ئەوەی من بەتەمای نەبووم و بێهیوا بووم لێی ئەوە بوو، هەربۆیە بە گومانێکەوە لە ئارۆنم دەپرسم:

«بەڕێز ئارۆن.. ئەو پێکهاتەیە چۆن گەیشتە لای بەڕێزتان؟!.. دەتوانیت پێمی بڵێیت؟!».

ئارۆن وەک ئەوەی گەمەم لەگەڵدا بکا، لەناو جانتاکە ئایپادە سلیکۆنیەکە دەرئەهێنێ کە زانیاری هەموو ئەو پێکهاتانەم تیا تۆمار کردبوو کە ڕۆژانە تاقیکردنەوەم لەسەر دەکردن، پاشان هاردێکی گەورە لەناو جانتاکە دەرئەهێنێ کە نیوەی زیاتری جانتاکەی داگیر کردووە، هاردەکە ڕەنگی ڕەشە، گەیەنەرێکی پێوەیە کە جەمسەرێکی بە هاردەکەوە چەسپ کراوە.

بێئەوەی هیچ قسەیەک بکا، هاردەکەی لەژێر کیبۆردەکەی بەردەمی داناو جەمسەرەکەی تری گەیەنەرەکەی بە یەکێک لەو کونانەوە پەیوەستکرد کە لە بەشی پێشەوەی کیبۆردەکەدا هەبوون. هەمووومان لەو کردارە سەرسوڕهێنەرانەی ئارۆنمان دەڕوانی ئەوەی بەتەواوی سەرسامی کردووم، ئەو ڕەفتارە جیاوازانەی بوو، ئەو لە جاران ناچێت، ئەگەر پرسیارێکم لێ

کردبا، بێئەوەی مۆڵەتم پێ بدا بەردەوام قسەی دەکرد و شتەکانی بەوردی بۆ باس دەکردم، زۆرجار ئەوەندە باسەکەی دووبارە دەکردەوە، بێزار دەبووم لە گوێگرتنی. ئارۆن ڕووی لە هەموومان دەکاو بەدەنگێکی گڕوە دەڵێت:

«ئەزانن ئەم هاردە چییە؟!».

کەسمان نتوق لە دەممانەوە نایەت. چاوەڕوانی ئەوەین، بۆ خۆی شتێک بڵێت، بە فیزێکەوە ئەڵێت:

«ئەوە ئەو هاردەیە کە پێی دەڵێن هاردی دایک.. هەر چی ڕوداوەکانی ناو گومەزەکە هەیە لە ڕێگەی کامێراکانی چاودێریەوە تیایدا تۆمارکراوە. تەنانەت ڕوداوەکانی ناو ئەپارتمانەکانی ڕایمۆن و کریستینا. ئەو ژێر زەمینەی کە ئێوەشی تیادا بەند کرابوون، شەقامەکان و کۆڵانەکان و ناوی هەرسێ شەپۆلەکانی دەوری گومەزەکە، هەموو شتێکی تیایە ئاریا.. ئێستا بە چاوەکانی خۆتان ببینن، بزانن ئەو ڕایمۆنە چ دڕندەیەک بووە! من پێشتر ئەوەم دەزانی ئاریا.. بەڵام تۆ بڕوات بە قسەکانم نەبوو، ئەو هاردە پێشکەشی داواکاری گشتی ئەمەریکا دەکەم.. دڵنیا بن، دەبێت ئەو ڕایمۆنە و هەموو ئەوانەی وەک ڕایمۆن تاوانبارن، بە گەورەترین سزایان بگەیەنم.. ئەو دڕندەیە نەیدەزانی لە سەرەتای دامەزراندنی گومەزەکەوە، بەدەستی خۆم ئەم هاردەم لە شوێنێکی نهێنیدا جێگیر کردبوو.. ئەو وا دەزانێ زانیاری کامێراکانی چاودێری تەنیا لای خۆیەوە تۆمار دەکرێ، نازانێت ئارۆنی دانا زۆر لەو زرنگترە. فەرموون بە چاوەکانی خۆتان هەموو ئەو تاوانانە ببینن کە ڕایمۆن ئەنجامی داوە».

کاتێک ئەو قسانە دەکا خوێنبەرەکانی ملی زیاتر ئەستورتر دەبن، چاوەکانی ئاویان تێزاوە، وا دەیبینم خەریکە دەگری. لە ڕێگەی دوگمەکانی کیبۆردەکەوە هاردەکە پێ دەکاو لەسەر ئەوشاشە گەورەیەی بە دیوارێکی کەشتییەکەوە هەڵواسراوە، وێنەی ئەو گەشتیارانە دەبینم بەناو شەقامەکانی ناو گومەزەکەدا دەسوڕێنەوە، ئارۆن لە ڕێگەی دوگمەکانی سەر کیبۆردەکەی بەردەمیەوە، ئەو ڤیدۆیانە جیا دەکاتەوە کە شەوی پێشووتر لە ڕێگەی ئامێری شکاندنی کۆدەکانەوە لە هاردەکەوە دەری هێنابوو.

یەکەم ڤیدۆ دێتە سەر ئەو ساتەی کریستینا لەگەڵ ڕایمۆن پێکەوە پلانی ئەوە دائەڕێژن کە چۆن پرۆفیسۆر کلارک لە ڕێگەی دەرزییەکی کوشندەوە لەناو بەرن، ڕۆژێک پێش ئەوەی ئاهەنگی ڕێزلینان بۆ کلارک ئامادەبکەن، لە ڕێگەی ڕۆبۆتی کارگوزاری ژوورەکەیەوە دەرمانێکی تایبەت دەکرێتە خواردنەوەکانی کلارکەوە، دوای چەند خولەکێک کلارک هەست بە خراپی تەندورستی خۆی دەکات، دواتر لە ڕێگەی ئامێری گوێکانیەوە پەیوەندی بە کریستیناوە دەکا. بۆئەوەی پشکنینی بۆ بکا، کریستینا لە ناو ئەپارتمانەکەی خۆیدا بە نهێنی دەرزییەکی تایبەتیی ئامادە کردووە بە مەبەستی چارەسەر لە جەستەی کلارکی ئەدا.

ئەو دیمەنە ئەبینین کە کریستینا لەگەڵ ڕایمۆن پێکەوە باسی ئەوە دەکەن، کە لە ماوەی بیستوچوار کاژێردا کلارک کۆتایی بە ژیانی دێت و هەموو ئەو بیرۆکەی داهێنانەی لە بارەی درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤەکان و هێشتنەوەیان بەگەنجی بۆ خۆیان دەمێنێتەوە، بەبێئەوەی لیژنەی باڵای زانستی زەوی ئاگادار بێت.

کاتێک ئەو دیمەنانە دەبینم، هەست دەکەم چاوەکانم تەڕ بوون، دڵم بەرامبەر ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیە دەگوشرێ کە بەسەر پرۆفیسۆر کلارکیان هێناوە، بیر لەو ڕەفتارانەیان ئەکەمەوە و ئازار ئەچێژم.

چاوەکانمان بڕیوەتە شاشەکە بێئەوەی ئاگاداری یەکتر بین، هەست دەکەم ئارۆن خەمگین دیارە چاوەکانی بە تەواوی تەڕ بوون. بە هەناسەیەک تەڕی لووتی بۆ ناوەوە هەڵئەلوشێ و بەردەوام چاوی لەسەر شاشەکەیە، شاشەکە وێنەی ئەو ساتانە نیشان ئەدا کە چۆن ڕایمۆن، داوا لە ئەلینا دەکا لێم نزیک بێتەوە و ئاگاداری چۆنیەتی دۆزینەوەکەم بێت، دواجار ئەو وێنانە ئەبینم، کە ئەلینا بە بێئاگاداریم لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتی زۆر بچوکەوە کە لەژێر کراسەکەیەوە لە ملی کردووە، وێنەی هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێ کە کلارک بۆی ئامادەکردبووم، پاشان ئەوە دەبینم ڕایمۆن وێنەی ئەو پێکهاتانە ڕادەستی راجا دەکا بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە تاقیکردنەوە لەسەر شەپۆلەکانی مێشک بکا.

کاتێک ئەو دیمەنانەی ئەلینا دەبینم هەستێکی نامۆ هەموو مێشکم داگیر ئەکا، هەستێک هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەئەکرد ئەلینا وەک شەیتانێک لە بەرگی فریشتەدا خۆی مەڵاس دابێت، ئەوە بۆ من هەستێکی تەواو ئازار بەخشە. لە نیگاکانی ئارۆندا هەست بە گێلیی خۆم دەکەم، ئێستا مەرگ بە ئاوات دەخوازم، ئەو دیمەنەی ئەلینا وام لێدەکا هەموو ئەو ساتە خۆشانەی کە پێکەوە بوین لە یادەکانما بیانسڕمەوە بۆ هەتاهەتایە بیری لێ نەکەمەوە.

ئارۆن بە چاوەکانی سەرنجەکانم بۆ لای شاشەکە ڕادەکێشێتەوە. ئەو دیمەنانە دەبینم، کە کریستینا داوا لە ڕایمۆن

دەکا ئارۆن بە دەستبەسەری بهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی کەسێکی وەک خۆی بەتوانا ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی پڕۆژەکەی سەر مانگ بە کۆتا بگا، پاشان بەهەر شێوەیەکی نهێنی بێت پلانی ئەوە دارێژن کۆتایی بە ژیانی ئارۆن بهێنن بەبێئەوەی لیژنەی باڵای زانستی زەوەی هەستی پێ بکا.

لە دیمەنێکی تردا ڕایمۆن لەگەڵ کریستینا باس لەوە دەکەن چۆن راجا لە دوای تەواوبوونی کارەکانی بەهەمان دەردی کلارک بەرن، ڕایمۆن لەناو شاشەکەدا ئەوەندە ترسناک دەبینرێ، هەموومان هەست بەوە دەکەین، ڕایمۆن وەک تەلیسم بازێک لەناو کەشتییەکەدا خۆی مەلاس دابێت و بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دۆزەخەی لە ڕواڵەتدا بە بەهەشت دەچوو.

لە شاشەکەدا وێنەگەلێکی زیاتر دەبینم، ئەو پلانە نوێیەی ڕایمۆن و کریستینا دەبینین کە ڕایمۆن بۆ کریستینا دەپەیڤێ، چۆن داهێنانەکەم  بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بیری هەموو ئەو گەشتیار و کەسانەی پێ بگۆڕێت کە سەردانی گومەزەکە دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانێت هەموویان بکاتە کۆیلەی خواستو خەونەکانی خۆیان. تەنانەت دیمەنی ئەو ساتانە ئەبینم کە دوێنێ شەو راجا و کریستینا و ڕایمۆن پێکەوە ئەو هێلکە پیتێنراوەی منداڵە باڵدارەکان لەناو جەستەی کارۆلیندا جێگیر دەکەن، بۆ ئەوەی باڵدارەکان هێندە زۆر بن وەک دوو ڕەگەزی جیاواز لە ڕێگەی جوتبوونیانەوە لەناو گومەزەکانی دەرەوە گەشە بکەن و پاشان لە ڕێگەی داهێنانەکەمەوە لەماوەیەکی کەمدا هەموو زانیارییەکی تەواوی بیری مرۆڤێکی بەتەمەن لە مێشکیان بچەسپێنن.

پاشان دیمەنی ئەو شەوە دەبینم کە ڕایمۆن ڕۆبۆتەکانی بە دوومدا دەنێری، لەدوای ئەوان ئارۆن لەسەر ئەو بەڵێنەی پێمی دابوو کە پێکەوە لە گومەزەکە هەڵبێین، ئارۆن لە دوای ئێمە دێتە ژوورەکەمەوە و هەموو شوێنێک دەپشکنێت تا ئەو سندوقە ئەدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات.

کەسمان ورتە لە دەممان نایەتە دەرەوە.. لە نێوان هەستێکی پڕ لە ترس و خۆشیدا هەست بە نامۆیی دەکەین، ئارۆن بە بێدەنگییەکانمان سەرسام بووە، بە نەرمە کۆکەیەک هەستی هەمووومان بۆ لای خۆی کێش دەکاتەوە، بەدەنگێکی گڕەوە پێم دەڵێت:

«ئاریا.. کە چووینەوە بۆ زەوی پێکەوە هەموو ئەمانە دەخەینە بەردەم لیژنەی باڵای زانستی.. باشە؟».

دیمەنەکانی ئەلینا هەموو هەستمی داگیر کردووە، تەنانەت توانای ئەوەم نییە، وەڵامی ئارۆنیش بدەمەوە. ئارۆن هەست بەو ئازارەی ناخم ئەکا.. بۆ ئەوەی هۆشم بێنێتەوە بەگاڵتەئامێزێکەوە ئەڵێت:

«بیر لە ئێستا بکەرەوە ئاریا.. پێم بڵێ، کە گەیشتینەوە چی دەکەیت؟ ها؟! بەرنامەت چییە؟ پێم بڵێ».

بە نیگایەکی خەمگینەوە، لە هەموویان دەڕوانم و پاشان نیگاکانم لەسەر ئارۆن جێگیر دەکەم و ئەوەی پێ دەڵێم:

«دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان.. بەڵێ بۆ کوردستان.. بۆ شاری هەڵەبجە.. بۆ ئەو شارەی کە دایکم لەوێ چاوەڕێمە، ئەوە دوا بڕیارمە.. بە تەواوی لەوێ دەژیم».

لە چاوەکانی ئەنجێلا، ئەو خۆشەویستییە دەبینم کە بۆ

یەکەمجار لە یانەکەی ناو گومەزەکە هەستم پێی کرد، ئەنجێلا بە دەنگێکی پڕ لە خۆشەویستسەوە دەڵێت:

«دەتوانم لەگەڵت بێم؟!».

منیش بە هەمان هەستی ئەو وەڵامی ئەدەمەوە:

«بە دڵنیاییەوە».

درۆسیا بە خەندەیەکەوە لە هەردووکمان دەڕوانێ، کارۆلین هیچ قسەیەک ناکات، تەنیا خەندەیک لەسەر لێوەکانی دەبینم.

لە نیگاکانی ئارۆندا هەست بە بێزاری دەکەم، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە ئەویش ئەڵێت:

«هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم، بەڵام دڵنیا بە چاوەڕێی گەڕانەوەت دەکەم».

بە خەمباریەکەوە لێم دەڕوانێ و هەناسەیەکی پڕ لە ناچاری هەڵدەکێشێ.

***

کەشتییەکە دەلەنگێ، زیاتر دەلەنگێ.. وا هەست دەکەین لەناو جۆلانەداین و ڕامان دەژەنن، کێشی جەستەمان زیاتر سووک دەبێت، گیزە گیزی کەشتیەکە بەرەو هەڵکشان دەچێت:

«لە دوای پانزە خولەک کەشتیەکە بەتەواوی لەسەر هەسارەی زەوی جێگیر دەبێت، تکایە ئاگادرا بن، بەخێر بێنەوە بۆ هەسارەی دایک»

ئەو دەنگە لە کۆمپیوتەری کەشتییەکەوە دێتە گوێکانمان، ئەوەندە نابا، بەهۆی گۆڕانی ئاراستەی هێزی کێشکردنەوە، جەستەمان هەست بە سوڕانی کەشتییەکە دەکەین، کە سەرەو

ژێر دەبێتەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کەشتییەکە لە زەوی زیاتر و زیاتر گیزەگیزەکەی بەهێزتر دەبێ، هەستێکی خۆشحاڵی بە ڕووی هەموومانەوە دیارە، بۆ یەکەمجار ئەو پێکەنینە لەسەر لێوەکانی ئەنجێلا دەبینمەوە، کە لە یەکەمین شەوی یەکتر ناسینماندا سەرنجەکانی ڕاکێشام.

دەنگێک کە بەو دەنگە دەچێ لە قوڵایی تاریکیەوە بێت دێتەگوێکانمەوە گازم دەکا:

ئاریا.. ئاریا..

لە چاوەکانما هەست بە تاریکیەکی ئەنگوستەچاو دەکەم، هەست بە ونبوونی خۆم دەکەمەوە، بۆ خۆیشم نازانم لە کام پنتی ئەم گەردوونەدا جێگیر بووم، هەستێکی نامۆ، هەموو مێشکمی داگیر کردووە، توانای بیرکردنەوەم بەتەواوی لەدەست داوە، هەست بە گرانی و سڕبوونی هەموو جەستەم دەکەم، دەمەوێت پرسیاری ئەوە لە خۆم بکەم: ئەوە من لە کوێم؟! بۆچی توانای هیچ جووڵەیەکم نەماوە، تۆ بڵێی مردبێتم و لەناو گۆڕیان نابم، بڕوا ناکەم».

دووبارە هەمان دەنگ، وەک ئەوەی لە گەردوونەوە بێت، تەواو بە دەنگێکی تەلیسماوی دەچێت، ئەو دەنگە وەک ئەوەی لە هێزێکی گەورەوە بێت فەرمانم پێ دەکا و ناتوانم بەرهەڵستی بکەم، ئەو دەنگە کار لە هەموو بیر و هۆش و تەنانەت جەستەشم دەکا، ئەو چی بڵێت، بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەم.. ئەو پێم دەڵێت:

«هەست دەکەیت هێدی هێدی هەموو جەستەت سووک دەبێت، پێڵوی چاوەکانت زیاتر سووکتر دەبن، هەست بە ئارامی هەموو

جەستەت دەکەیت، هەستێکی خۆش هەموو جەستەتی تەنیوە، هەست دەکەیت، خەوت سووکتر دەبێت، دەتوانیت بە ئاسانی چاوەکانت هەڵبێنی.. دەتوانیت پەلەکانت بجوولێنیت و لەخەو هەڵسیت، ئاریا هەستە لەخەو.. ئاریا هەستە لە خەو..».

هەست دەکەم ئەو دەنگە ئاشنایە بە گوێکانم، دەنگێکی نامۆ نییە، کە پێڵوەکانم دەکەمەوە، سیمای کارزان-ی هاوڕێم بە تەڵخی دەبینم، بە دەستە سڕەکانم کەمێک چاوەکانم هەڵئەگلۆفم و لەگەڵ ڕوون بوونەوەیدا، دایکم ئەبینم لەلای سەرمەوە دانیشتووە، بە پێکەنینەوە لە دیمەنە خەواڵووەکەم دەڕوانێ، ئەوسا هەست بەوە دەکەم هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بینیبووم، هەمووی خەون بوون. خەونێکی تەواو پووچ. لەژێر کاریگەریی ئەو خەواندنە موگناتیسیەدا بووم کە کارزانی هاوڕێم ئەنجامی دابوو بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ترس و شەرمەی لە منداڵیمەوە لە ناخمدایە.

کاتێک چاو بە ژورەکەمدا ئەگێڕم ئەو کاتە لەوە دڵنیا ئەبمەوە کە لە ماڵی خۆمانم. بە هێمنی لە جێگەکەی خۆم بڵند دەبم، بێئەوەی بە ویستی خۆم بێت، دایکم بە توندی لەئامێز ئەگرم، ئەو خەونە ئەوەندە کاریگەری لە مێشکمدا بەجێ هێشتووە، وا هەستدەکەم زۆر لە مێژە دایکم نەبینیوە، کاتێک لە کاژێری دیوارەکەی بەرامبەرم دەڕوانم، 12:23ی شەوی نیشان ئەدا.. ئەو کاتە هەست دەکەم ماوەی دوو کاژێرێک دەبێت خەوێنراوم.

کۆتایی 2015/4/14

## واتای ووشەکان

1. پلەکان: بەو بەشەی مێشک دەوترێت کە لە ڕووی زانستیەوە کراوە بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەیان بە پل ناو دەبرێت.

2. پێکهاتە: مەبەست لە تێکەڵکردنی جەند ماددەیەکی جیاوازە بۆ دروستکردنی ماددەیەکی نوێ.

3. بێتا: ناوی یەکێکە لە شەپۆلەکانی مێشک بەڵام لێرەدا وەک پێوەرێکی شەپۆلی مێشک بەکار هاتووە.

4. Iq: پێوەرێکی جیهانیە بۆ دیاریکردنی ڕێژی زیرەکی لە مرۆڤدا.

5. بۆهێڵ: بەو پێکهاتانە دەوترێت کە زانیارییە بۆماوەییەکانی کەسێتیی تیادا تۆمار کراوە.

6. پێکهاتەی کیمیاویی ئاڵۆز: مەبەست لە پێکهاتەیەکی کیمیاوییە کە چەند ماددەیەکی جیاوازی تیایە بە چەند شێوەی جیاواز تێکەڵ بووبن.

7. پێکهاتەی زیندوو: ئەو ماددە ئۆرگانیانەن کەلە پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤدا بونیان هەیە.

8. دەنکۆڵەی نیسڵ: یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناو خانەکانی مێشک.

9. فسیۆلۆجی: ئەو زانستەیە کە لە زانستی کۆئەندامی دەمار دەکۆڵێتەوە.

10. باڕ br: پێوەرێکە بۆ هێزو خێرایی هەوا یان ئاو.

11. بادەرکێشراو: بەتاڵکردنەوەی سندوقێک یان شوشە لە هەوا.

12. ئایۆن: ئەو پێکهاتانەن کە بارگاوین بە بارگەی کارەبایی.

13. بایۆ ئەلەکترۆنیک: بوارێکی زانستییە کە لە هەردوو بواری ئەلەکترۆنی و زیندەوەرزانی دەکۆڵێتەوە.